
# بێگانەیەك لە مندا

شکۆوەم میرزادەگی

و: سیامەند شاسواری

سیانەی جەنگەن 2






# سیانەی جەگەن | نۆڤێلای دووەم

# بێگانەیەک لە مندا

## سیانەی جەگەن


ناوی پەرتووک: **بێگانەیەک لە منِدا**

نووسینی: **شکووهِ میرزادەگی**

وەرگێڕانی: **سیامەند شاسواری**

نۆرەی چاپ: **چاپی یەکەم،**

چاپ: the A King

بۆ ئیسماعیلی نووری عەلا

لەگەڵ هەموو ڕێز و ئەوینمردا



پێنجشەممە ٩ی ئاگوستی ١٩٧٩ی زاینی بەرامبەر بە ١٨ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی، کاتژمێری سێ و نیوی پاش نیوەڕۆ، من و دۆستان و خزمانی ئەمین دڵنیا بووین کە ئەمین ون بووە.

هەر ئەو ڕۆژە، سەعید و عەبە و ئەحمەد، پاش ئەوەی یەکە یەکەی تەرمە بێناو و نیشانەکانی ساردخانەی پزیشکی قانوونیان بینی و پشکنی، ڕوویان کردە من و نێرگز کە لە دالانی تەمکردوو و ئاخنراوی بۆنی دەرمانی گەماربەری[1] پشت ساردخانەدا ڕاوەستابووین، وتیان:

ـ لێرەش نییە!

من ئەو ڕۆژە و، تەنانەت ڕۆژان و مانگانی پاش ئەویش نەم ئەزانی کە ونبوونی ئەمین چۆناوچۆن ژیانی من، لووبا؛ کچی «پیتەر لێبی» یار و هاوڕێی دوبچێک[2]، هەلاتووی چیکۆسلۆڤاکیا، دەرچووی بەشی

---

١ ـ گەماربەری: disinfection بەهداشت خاوێنکردنەوە بە دەرمان بۆ لەناوبردنی باکتریا. د ضدعفونی کردن N desinfeksjon ع طهر.

٢ ـ دوبچێک: Alexander Dubek رامیار ئەلێکساندەر (١٩٢١ـ١٩٩٢) ڕامیاری دیاری چیکۆسلۆڤاکیا بوو. لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٦٩ وەک سکرتێری یەکەمی سەرۆکایەتی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چیکۆسلۆڤاکیا کاری کرد. لە بەهاری پراگدا هەوڵی چاکسازی لە حکومەتی کۆمۆنیستی دا، بەڵام ناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە و بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر کرا. ساڵی ١٩٨٩ گەڕایەوە بۆ کایەی ڕامیاری و هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکی پارلمانی فیدرالی چیکۆسلۆڤاکیا، کە ساڵی ١٩٩٢ بوویەوە بە دوو وڵاتی سەربەخۆی کۆماری چیک و کۆماری سلۆڤاکیا.

کۆنینەناسی زانکۆی لەندەن، فەرمانبەری "مۆزەخانەی ئێرانی باستان"ی شاری تاران و، هاوسەری دکتۆر ئەمینی جەلالی، بە ڕاپەڕینی ئێرانەوە گرێ ئەدات؟!

کاتێکە سەعید، پوورزای ئەمین وتی: «لێرەش نییە.» چاوم لە دەمی نیوە ئاواڵەی عەبە بوو کە چەند پیتی «بە ـــ دا ـــ خە ـــ وە»ی تیا قەتیس ببوو. ویستبووی بڵێ: «بەداخەوە لێرەش نییە!» و پێی خۆش بوو کە سەعید پێش ئەو دوابوو. عەبە نەی ئەزانی ئێمە هەموومان سەرەڕای ئەو هەموو ئەوین و خۆشەویستیەی بەرامبەر بە ئەمین هەمان بوو، نیگەرانی ئەوە بووین کە ئەمین لەوێش نەبوو؛ چونکە ئەگەر لەوێ بوایە لانیکەم واتای ئەوە بوو کە دۆزیومانەتەوە.

هیچکامیان نەیان ئەزانی کردەوە نائاساییەکانی بەردیا لە ونبوونی خودی ئەمین دژوارتر بوو. لە ڕۆژی هەینیەوە کە ئەمین دیاری نەمابوو و هەواڵمان لێی نەمابوو، بەردیا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر و بێدەنگتر ببوو. هەر جارەی ماندووی گەڕان و پشکنین بەدوای ئەمین‌دا ئەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، ئەو بە پەلە ئەهات بۆ لام، سەیرێکی ئەکردم و پاشان وەکوو پێم وتبێت «هێشتا باوکتمان نەدۆزیوەتەوە.» سەری دائەخست و ئەچووە سووچێکەوە و، بەبێ هەرا، کز ئەبوو و بە بێدەنگ دائەنیشت.

لە هەمان ئەو ماوە کورتەدا ئەمبینی وازی گەش و جموجۆڵی هەمیشەیی خۆی لەدەست داوە و بووە بە جەستەیەکی بێگیان، کە بە دوای گیانی ونبووی خۆی‌دا ئەگەڕێ!

لە نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕابوردووەوە کە ئەمین لە نۆرینگەکەی لە شەقامی «زانکۆی ئەفسەری» هاتبوویە دەرەوە و سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی ببوو، هیچکەس نەی ئەزانی چی بەسەر هاتووە. چما... جگە لە سودابە، سکرتێری نۆرینگە، کە ئەمین تا شەقامێکی ئەولاتر بە ناوی ئەلبورز بردبووی و لە جەمسەری ئەو شەقامەدا دابیەزاندبوو. ئەمین تەنانەت نەچووبووە ناو شەقامی ئەلبورزەوە و هەر لەوێوە بەرەو ماڵی باوکی لە

گەڕەکێک بە ناوی پردی ئەمیر بەهادور هاتبوو، تا بێت بۆ لای من و منداڵەکانمان، کە لەوێ چاوەڕێمان ئەکرد.

من، لەگەڵ هەموو دۆستان و کەسانی بنەماڵەی ئەمین کەموزۆر نێوانی شەقامی ئەلبورز تا ماڵی خەزوورم، حاجی هیدایەتوڵڵای جەلالی، هەنگاو بە هەنگاو گەڕابووین و لە یەکە یەکەی دووکانداران، ڕێبواران و ئەو منداڵانەی هەمیشە لە بەردەم ماڵەکاندا خولەیان ئەهات، پرسیبوومان: ــ

ــ ئایە ڕۆژی هەینی کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ ئۆتۆمۆبیلێکی مەرسیدسی خۆڵەمێشیتان نەدیوە کە لێرەوە تێبپەڕێ؟

پاشانیش وێنەیەکی ٨ بە ٢١ی ئەمین‌مان، بە جاکەت و پانتۆڵێکی سورمەیی و کراڤاتی شینی ڕێرێ، چاو لە کامیرا و دەم بە پێکەنین پیشانی هەموو ڕێبوار و کۆگادار و تەنانەت منداڵانی دە دوانزە ساڵانیش دابوو:

ــ رۆژی هەینی کاتژمێری دوانزە ئەم کابرایەتان نەدیوە؟

لە سەرانسەری ئەو کاتەدا تەنها پیرێژنێک، کە بەزۆر بەرپێی خۆی ئەبینی، پاش سەیرکردنی وێنەکە وتبووی:

ــ بۆ نا، پێموابێ دیومە. لەوێ، لە دووکانی مەش تەقی میوەی ئەکڕی.

عەبە بە پێخۆشحاڵیەوە، لە سەر شۆستەکەوە دەستی بۆ من و نێرگز، کە لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا دانیشتبووین، ڕاوەشاندبوو و ئێمەش بە هەڵات هەڵات خۆمان گەیاندبوویە لای.

ــ ئەم پیرێژنە ئەمینی دیوە. ئەڵێ ڕۆژی هەینی ئەوی بینیوە خەریکی میوەکڕین بووە.

ــ دایە، لە کوێ؟ لە کوێ ئەوت بینی؟

نێرگز ئەمەی پرسیبوو، هەرچەند پێی وانەبوو براکەی لەو کاتەدا میوەی کڕیبێ، بەتایبەت کاتێکە بەڕێوەیە بۆ ماڵی باوکی.

ئەنگوستە لەڕ و لاوازەکەی ژنە، کە ئاماژەی بە کۆگای میوەفرۆشە

بچووکەکەی ئەوبەری شەقام ئەکرد، ماوەیەکی زۆر بە حەواوە مابوویەوە. بەڵام «مەش تەقی» میوەفرۆش شتی وای لە بیر نەبوو و بە پێکەنینەوە وتبووی:

ــ رەنگە ساڵێک ئەبێ کڕیارێکی وەها پاک و خاوێنم نەدیوە... بەڵێ... دڵنیام، مەگەر ئەبێ ئەم جەنابە لێرە بووبێت و من لە بیرم بچێ؟

منیش بە پەلە وتبووم:

ــ بەڵام مێردەکەم ئەو ڕۆژە جاکەت و پانتۆڵی لەبەر نەبوو. بلووزێکی ڕێڕێی شینکی لەبەردا بوو. پانتۆڵەکەشی بۆر بوو.

میوەفرۆش کە لە شێوەی قسەکردنی من کەوتبوویە پێکەنین ــ و من ئەمزانی وەکوو زۆربەی ئێرانیەکان کە بۆ یەکەمجار گوێی لە قسەکردنی من بوو، وای ئەزانی ئەبێ لە ئەرمەنیەکانی ئەسفەهان بم ــ وتبووی:

ــ بەڵێ... خانم... بەڵێ. ئاوەڕم پێی ئەشکێ ئەم وێنەیە هیی ئەو ڕۆژە نییە. بەڵام ئەم بیچمە خۆ لەبیر ناچێتەوە. من مەبەستم سەر و سیمای ئەم جەنابە بوو کە ماشەڵڵا پاک و خاوێنە!

لانیکەم دە مناڵیش وتبوویان ڕۆژی هەینی کاتژمێری دوانزە مەرسیدسێکی زیوەییان بینیوە لە شەقامەکەی ئەوانەوە تێپەڕیوە. یەکیشیان وتبووی مەرسیدسێکی زیوەیی لەگەڵ پیرۆزەییەکی سەوز لەیەکیان داوە.

بەڵام لەو حەفتەیەدا، سەرەڕای ئەوەی لە تاران سەد و سی و دوو ڕووداوی بچووک و یانزە پێکادانی گەورە هەبوو کە ببوو بە هۆی برینداربوونی حەوت پیاو و دوو ژن و مردنی دوو پیاو، بەڵام هیچ مەرسیدسێکی زیوەیی لەناو ئەو ڕووداوانەدا نەبوو. عەبە و ژنەکەی سورەییا، چووبوون بۆ بینینی دوو پیاوی بێهۆش و نەناسراو، بەڵام هیچکامیان ئەمین نەبوون. پۆلیس، پێشتر ئەمانەی بە ئێمە گوتبوو. نە وەکوو برینداری ئوتۆمۆبیل، نە وەکوو نەخۆشی ئاسایی، کەسێک بە

ناوی ئەمینی جەلالی، یان تەنانەت لە شێوە و قەڵافەتی ئەو لە هیچ نەخۆشخانەیەک نەکەوتووە.

ڕۆژی سێیەمی ونبوونی ئەمین و، لە دوای بیستنی ئەم قسەیە، سەعید بۆ دووەمین جار وتبووی:

ــ نەکا خۆیان گرتبێتیان؟!

جاری یەکەم حاجی جەلالی بە تووڕەییەوە قسەکەی ڕەت کردبوویەوە و کەسی تریش شوێن قسەکەی نەگرتبوو. ئەمجارەش من، لە نێوان پێڵوە ئاوساو و قورسەکانم بە هۆی گریانەوە، زۆر بە دژواری نیگایەکی ڕەخنەئامێزی سەعیدم کردبوو و وتبووم:

ــ پۆلیس بۆ ئەبێ بیگرێ؟ ئەو خۆ هیچی نەکردووە. دژی شۆڕشیش نەبوو.

ــ بەڵێ ئەزانم. بەڵام ئەگەر پۆلیس کەسێک بگرێ لەبەر ئەوە نییە کە کارێکی کردبێ. ئەم ڕۆژانە گومان لە هەرکەس بکەن ئەیگرن.

عەبەش ڕووی لە سەعید کردبوو و وتبووی:

ــ بۆ قسەی بێواتا ئەکەی؟ کێ کەسی گرتووە تەنها لەبەر ئەوەی گومانی لێکردووە؟

وەکوو هەمیشەش وەڵامی وەرگرتبوویەوە:

ــ خەریکن کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک ئەگرن بەڵام تۆ ئەڵێی لەم دنیایەدا نیت و گوێی خۆت بەرامبەر بە هومموو شتێک ئاخنیوە.

عەبە پێکەنینێکی باوکانەی کردبوو و ڕوونی کردبوویەوە:

ــ بەڵام ئەوانە دژی شۆڕشن. ئەمین ساڵەهایە چالاکی ڕامیاریشی نەبووە. لەخۆوە خۆ کەس ناگرن.

لە کاتێکا بەرەوڕووی من ئەهات، بە تووڕەییەوە سەیری سەعیدی کردبوو و بە منی وتبوو:

ــ لەخۆوە ئەڵێ لووبا گیان... کێ کاری بە ئەمین داوە!

بە ڕاستیش کێ ئەیتوانی کاری بە کوڕی حاجی هیدایەتوڵڵای جەلالی، واتە ئەو کابرایەی کە هەمیشە پشتیوانی شۆڕش بووە و

ملیۆنەها تمەنی[٣] بۆ خەرج کردووە، هەبێت؟ سەرەڕای ئەمەش عیسمەت خانمی خەسووم و نێرگزی کچیان خستبوویە ڕێ. پیرەمێردیش، کە بە ونبوونی ئەمین بە تەواوەتی سەری لێشێوابوو، بە زۆر خۆی بۆ کۆ ئەکرایەوە و هەرکەس کە ئەیناسی تەلەفۆنی بۆ کردبوون یان چووبوو بۆ لایان: ئەوانەی لە سەرۆک وەزیری کاریان ئەکرد، ئەندامانی دادگای شۆڕش، بەڕێوەبەرانی پۆلیس و بگێڕەکانی کومیتەکانی شۆڕش کە دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەستی ئەوانەوە بوو. بەڵام هەموویان وتبوویان لە لایەن ئەوانەوە هیچ کارێک دژی دکتۆر ئەمینی جەلالی ڕووی نەداوە و ڕوو نادا. تەنانەت خودی سەرۆکی پۆلیسی تاران وێنەیەکی ئەمینی لە ئێمە وەرگرتبوو و دابووی بە ڕۆژنامەکان.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٦ی ئاگوست، لە تەنیشت تیترە درشتەکانی ڕۆژنامەکانەوە ــ کە لە زمانی دکتۆر یەزدی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، پەردەی لە سەر پەیوەندی بەختیار، دوا سەرۆک وەزیری شا، لەگەڵ ئەمریکا هەڵئەدایەوە ــ وێنەی شەش لە چواری ئەمینیش چاپ کرابوو کە ئەمەیان نە جاکەت و نە کراڤاتی هەبوو و نە بزە لە سەر لێوی بوو. لە ژێر وێنەکەشەوە ژمارە تەلەفۆنەکانی پۆلیس نووسرابوو، بەڵام بە قسەی پۆلیس، هیچکەس تەلەفۆنی نەکردبوو کە تەنانەت بۆ یەکجاریش مرۆڤێکی وای بینیبێ.

دۆستان و ئاشنایانی ماڵی حاجیش کاتێکە تەلەفۆنیان ئەکرد، لەگەڵ هاودەردی دەربڕین، زیاتر داوای زانیارییان لە سەر ونبوونی ئەمین ئەکرد.

لە ڕاستیدا، چوون بۆ ساردخانەی پزیشکی قانوونی لە لایەن یەکێک لەم ناسراوانەوە کە دۆستی ئەحمەد و فەرمانبەری پزیشکی قانوونی پێشنیاز کرا:

٣ـ تمەن: یەکەی داروی ئێرانی، بەرامبەرە بە دە قەران یان دە ڕیاڵ. ⇐ قەران، کرۆنە بە واتای تاج و ڕیاڵ، یەکەیەکی دراوی ئیسپانیاییە. ☜ ڕیاڵ

ــ باشترە سەرێکیش لەوێ بدەن. خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێ، زمانم لاڵ، بەڵام هەرچی چۆن بێ، دڵت ئاسوودە ئەبێ.. ڕۆژانە دەیان تەرم ئەبرێ بۆ ساردخانە و لەوێ بە بێناو و نیشان ئەمێنێتەوە، هەتا خزمێک، دۆستێک ڕۆژێ بێت و بیانناسێتەوە.

لە هەمان ڕۆژی سێیەمەوە کە پۆلیس وتبووی: «هیچکەس بە ناوی ئەمین و شێوە و قەڵافەتی ئەوەوە، چ وەکوو بریندارێ ڕووداو و چ وەکوو نەخۆشی ئاسایی لە هیچ نەخۆشخانەیەک نییە.» منیش بیری ساردخانەی پزیشکی قانوونی هاتبوو بە مێشکمدا، بەڵام نەم ئەوێرا بیڵێم. خۆشم ڕقم لەم بیرە بوو و نەمئەویست لە مێشکمدا پاتەی بکەمەمە. سەرەڕای ئەمەش کاتێکە ئەحمەد بە پارێزەوە وتبووی: «خۆ خراپ نییە سەرێک لەوێش بدەین.» من پێشتر لە هەموان وتبووم:

ــ ئەبێ بچین. هەر شوێنێک کە دێ بە بیرماندا ئەبێ بچین.

سەعید و عەبە، زیاتر لە ئەحمەد، ڕووپۆشی سەر تەرمەکانیان لادابوو. ئەحمەد لە هەمان سەرەتای کاردا، پاش بینینی هەژدەمین تەرم کە گەنجێکی بیست و حەوت هەشتساڵە بوو، ئیتر نەیتوانیبوو لە جێی خۆی بجووڵێ. ماوەیەک هەر لەوێ بەسەر سەری گەنجەکەوە وەستابوو و نەیتوانیبوو دەستی ببزێوێ کە سووچی ڕووپۆشە سەوزەکەی گرتبوو و ئەیگووشی. گەنجەکە بە لووتێکی هاڕدراوەوە کە دوو کونی لار و لەوێری پێوە بوو، بە ئارامی ڕاکشابوو و جگە لە ڕەنگی سپی شین هەڵگەڕاوی هیچ نیشانەیەکی مردنی پێوە دیار نەبوو. ڕوخساری خاوێنی خاوێن بوو. تەنانەت یەک دڵۆپ خوێنیش بە دەوروبەری لووت و لێوە هەڵدڕاوەکەیەوە نەئەبینرا. ئەتوت لووتی هەمیشە بە هەمان شێوە بووە و لێوی لە سەرەتای ژیانەوە تا بنی گوێی چەپی درێژەی هەبووە.

ئەحمەد هەرچی چۆن بێ، ڕووپۆشە سەوزەکەی بەردابوو و خۆی گەیاندبوویە نزیکترین دیوار کە بە کاشی سپی داپۆشرابوو و ڕوو بە دیوارەکە وەستابوو:

ــ نامەوێ ببینم. ئیتر نامەوێ ببینم.

عەبە دیبووی ڕەنگی ڕوومەتی ئەحمەد شین هەڵگەڕاوە. پێی وتبوو:
ـ تۆ باشتر وایە بچیتە دەرەوە.
ئەحمەد سەری نابوو بە دیوارەکەوە و بە هەستکردنی سەرمای کاشیەکە لە سەر تەوێڵی بە ترسەوە خۆی کێشابوویەوە و بە شانی لەرزۆکەوە دیسانەوە وتبوی:
ـ ئیتر نامەوێ ببینم.
ـ باشە، باشە. مەی بینە. وەرە با بچینە دەرەوە.
سەعید و ئەو فەرمانبەرەی ساردخانە، خۆیان گەیاندبوو و ئەحمەدیان بردبوو بۆ ژوورێکی تەنیشتەوە کە پزیشکێک لەوێ دانیشتبوو.

پاش ئەوەی سەعید و عەبە زیاتر لە سەد و چل تەرمی ڕچاوی تریشیان دیبوو؛ مردووی سەر قەڵەشاو، ڕوخساری تێکشکێنراو، چاوی لە کالانە درپەڕیو، دەمی هەڵدڕاو و گوێی هەڵکەندراو... بەڵام خوشبەختانە یان بەدبەختانە ئەمین لەناو ئەوانەدا نەبوو. نەشی ئەتوانێ لەوێ بێ. چونکە زۆربەی ئەو تەرمانە یان ساواکی بوون یان دژی شۆڕش.
فەرمانبەری پزیشکی قانوونی، لە کاتێکا ڕووپۆشی سەر تەرمەکانیان بە خێرایی هەڵئەدایەوە، ئەمەی پێیان گوتبوو ـــ بە دەنگێک کە نە ڕقی تیا بوو، نە پەژارە و نە تەنانەت شادمانیەکی تایبەت. خەمسارد، بە ڕووپۆشە سپیەکەیەوە کە وادیار بوو زۆر بۆی گەورەیە و بەو سۆلانەوە کە کاتی ڕێکردن خشە خشیان ئەکرد، شان بە شانی ئەوان ڕۆیشتبوو و هەرچەند خولەک جارێک کە ڕووپۆشی سەر مردوویەکیان هەڵئەدایەوە و هەناسەیەکی ئاسوودەییان هەڵئەکێشا، وتبووی:
ـ ئەمەش ئەبێ ساواکی بێ. خەڵکی جگە لە ساواکییەکان کەس بەوجۆرە ناکوژن.
ـ هەرگیز نەمدیبوو پیرەمێردێکی بەو تەمەنە بەو شێوەیە بکوژن.

ئەبێ دژی شۆڕش بووبێ.

ـ سەیرکەن، دەستێکی ئەمەیان بڕیوەتەوە.

لە سەر سینگی پارچە کاغەزێک دانرابوو و لە سەری نووسرابوو «دژی شۆڕش».

ـ ئەمەشیان زمانی نییە. مسۆگەر دەریان کێشاوە. ئەبێ زمانگێڕ بووبێ.



به درێژایی ڕێگە، لە پزیشکی قانوونیەوە تا مەیدانی فیردەوسی ــ کە لەوێ عەبەمان لە بەردەمی نۆرینگەی ژنەکەی، سورەییا ــ دابەزاند بە بێدەنگی تێپەڕیبوو. من لە کورسی پشتەوەی ئوتۆمۆبیلەکە و لای پەنجەرە کراوەکەوە دانیشتبووم. بایەکی گەرم و هەناسەبڕ کە ئەدا بەسەر داوی نیوەڕوانی هاوینی تاراندا، ئەیدا لە ڕوومەتم. چاوم ئەسووتایەوە. تەنانەت کاتێکە پێڵوەکانیشم داخستبوو، با بە پشتیانا تێ ئەپەڕی و چاوەکانمی ئەڕووشاند کە خۆی بە هۆی گریانەوە ناسۆر ببوو.

شاری تاران بەم بایە دائەگیرسا و بە ئاواتی سروەیەکی فێنکەوە کە لەگەڵ ئێوارە ئەهات، دەمی داچەقاندبوو. زیاتر لە شەش مانگ لە سەرکەوتنی ڕاپەڕین و گۆڕانی ڕژیم تێ نەپەڕیبوو. باڵەخانەکان سووتاو و نیوە داڕووخاو، دارەکان داوەریبوون و، شووشە شکاوەکانی دامەزراوە حکوومیەکان، بیرخەرەوەی ئەو جەماوەرە فراوانە بوو کە کەفچەرێن و بە بەرد و خشت و مەشخەڵی ئاگر بە دەستەوە ئەو شۆڕشەیان بە سەرکەوتن گەیاندبوو. بەڵام هەمان جەماوەر ئەمڕۆ وەکوو خەڵکێکی بڵاوەکردوو بە شەقامەکاندا تێئەپەڕین، ئارام و سەرداخستوو و ماندوو، بە دست و پێی شل و داشۆڕاوەوە و، وەکوو ئەو ڕاکەرانەی لە هێڵی کۆتایی پێشبڕکێ تێئەپەڕن و بۆیان گرنگ نییە

بزانن کێ خەڵاتی وەرگرتووە؛ ئەچن بۆ ئەوەی سووچێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ماندوو بحەسێنەوە و هەناسەیان بێتەوە بەر.

مێشکم کاری نەئەکرد. تا نیو کاتژمێر پێش ئەوە، پێش ئەوەی سەعید بڵێ «لێرەش نییە.» سەدان بیر بە مێشکمدا تێپەڕیبوو. بیرم لە مناڵەکانم کردبوویەوە. بیرم لەوە کردبوویەوە ئەگەر ئەمین لە پشت ئەو دیوارە سپیانەوە بێ. چۆناوچۆن هەواڵەکەی بە بەردیا بدەم؟ ئەبێ چی بکەم؟ بچم بۆ کوێ؟ بیرم لەوە کردبوویەوە ئەبێ بگەڕێمەوە بۆ لەندەن. لەوەی کە بەبێ ئەمین بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ؛ یەکەم دیداری خۆمم لەگەڵ ئەمین لەو نەخۆشخانەی لەندەن هاتەوە بیر. کەوتمەوە یادی ڕۆژانی دڵڕفێنی پیاسەکردنمان لە کۆڵانە تەماوییەکانی ئێوارانی نۆڤەمبری لەندەن. بیری ئەو لاڕێ دڵپەسەندە ناوقەدبڕانەی لە پارکی «هەمستید» دۆزیبوومانەوە. بیری ئەو دارە پیرەی هەموو ڕیشەکانی لە عەرز هاتبوویە دەرەوە و، ئەمین ئەیوت: «هەر جارەی بەم دارە ئەگەم ڕیشەکانی چەند سانیمەتر زیاتر لە خاک کەوتۆتە دەرەوە؛ ئەڵێی ئەوەندە لە بن خاک ماوەتەوە، ماندوو بووە و ئێستە ئەیەوێ بێتە سەر خاک و نەک لە عەرز بەڵکو لە ئاسمان ئاو وەربگرێ.» پاشان بیرم کردبوویەوە توانای ئەوەم نییە بەبێ ئەمین بگەڕێمەوە بۆ لەندەن و لەوێ بمێنمەوە. بیرم کردبوویەوە: «بەڵام ئەی بەبێ ئەو ئەتوانم لە تاران بمێنمەوە؟» و لە خۆم پرسیبوو: «ئەی لە کوێ؟ ئەی بچم بۆ کوێ؟ ئەمتوانی بچم بۆ کوێ؟»

ئێستە بەڵام مێشکم کاری نەئەکرد. سەرانسەری ڕۆژانی ڕابوردوو، هەر جارەی کە شیمانەی مەرگی ئەمین ئەهاتە پێشەوە، هزرم بە خێرایی ئەکەوتە کار؛ دڵم ئەخێورایەوە؛ ئازارم لە هەموو شانەکانی لەشمدا هەست پێ ئەکرد و؛ فرمێسکم دائەباراند. تەنانەت ئەوسا کە تەنهایش بووم بە دەنگی بەرز ئەگریام. بەڵام لە هەمان کاتیشدا مێشکم هەر کاری کردبوو. وەکوو گیانەوەرێک کە جووتە مردووەکەی ئەبینێ، ئەبۆڕێنێ، بەدەور خۆیا ئەخولێتەوە و لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی

خۆڕسک و لە پێناوی مانەوەدا بەجێی ئەهێڵێ و ئەڕوا. لە گریمانی مردنی ئەمین‌دا بیرم لە خۆم و منداڵەکانمان ئەکردەوە. بەڵام ئەوسا کە نەم ئەزانی ئەمین مردووە یان زیندووە، مێشکم دائەخرا و هەرچیم ئەکرد نەم ئەتوانی بیخەمە کار. لە بۆشاییەکی ڕەهادا دائەنیشتم و سڕ و مات چاوم ئەبڕییە سووچێک.

نێرگز، لە لامەوە دانیشتبوو. پاڵی دابوویەوە و قژی درێژی بە گیرەیەکی کرێمی ڕەنگ لەلای سەرەوە کۆ کردبوویەوە و درێژەی بسکی ڕژابوو بەسەر کورسی ئۆتۆمۆبیلەکەدا. ئەمزانی مێشکی ئەو پێچەوانەی مێشکی من، لەمکاتەدا بە خێرایی کاری ئەکرد. مێشکی کارزانی ئەو بۆ ساتێکیش ئوقرەی نەئەگرت. لەو ڕۆژەوە کە ئەمین ون ببوو، ئەو بەردەوام بە دوای هێمایەکدا ئەگەڕا. پەیشوێنی ئەو نیشانەیەی ئەگرت و تا کۆتایی بە دوای‌دا ئەڕۆیشت و ئەوسا کە ئەگەیشتە کەوشەنێکی داخراو، بەبێ ماندوێتی ئەگەڕایەوە و ئەکەوتە شوێن سەرەداوێکی تر. لەو کاتەش‌دا بۆ چەندەمین جار، کەوتبوویە بیری ئەوەی کە: «نابێ ئەو نەخۆشەی کە ئەمین ڕۆژی هەینی ڕابوردوو لەبەر ئەو چووبوو بۆ نۆرینگە بە سادە سەیر بکرێ. ئەبێ بیدۆزینەوە. ئەو ژنە هەرکەس بێت لە ونبوونی ئەمین‌دا ڕۆڵێکی هەبووە.» ئینجا بە دەنگی بەرز ئەندێشەی خۆی دەرئەبڕی:

ـ من هێشتاش پێموایە ئەگەر بتوانین ئەو ژنە بدۆزینەوە، ڕەنگە زۆر شتمان دەسبکەوێ!

هیچکەس وەڵامی نەدایەوە. هەموومان ئەمانزانی نیشانەیەکی ئەوتۆی ئەو ژنە بە دەستەوە نییە. تەنانەت سودابەش، واتە تەنها کەسێکە ئەو ژنەی بینیبوو، هیچی دەربارەی نەئەزانی؛ جگە لەوەی کە ئەو ژنە ڕۆژی هەینی کاتژمێری نۆ و نیو چووە بۆ نۆرینگەکەی ئەمین و پاش وتووێژێکی کورت لەگەڵی، کورتاژی کردووە و پاش تۆزێ حەسانەوە، کاتژمێری یانزە و نیو، لە نۆرینگە چووەتە دەرەوە و ڕۆیشتووە. سودابە جارێکیش هاتبوویەوە بیری، لە پشت پەنجەرەی

ژووری چاوەڕوانیەوە کابرایەکی بینیوە لە بەردەرگای نۆرینگە لە ئۆتۆمۆبیلێکدا دانیشتوە. وای دانابوو ڕەنگە چاوەڕێی ئەو ژنە بووبێ. ئەم کابرا ڕەنگە هەمان بووبێ کە ژنەکەی بە ئەمین ناساندبوو. هەمان ئەو کەسەی سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی، کاتێک کە ئەمین خەریک بوو بلووزە ڕێرێ شینکیەکەی لەبەر ئەکرد و من لە سەر تەختەکە ڕاکشابووم و سەیرم ئەکرد، بە ناوی «دۆستێک» ناوی هێنابوو و وتبووی «دۆستێک ڕایسپاردووە. کچێکی بە کەسوکارە و ئەگەر بنەماڵەکەی پێ بزانن، ژیانی لێ ئەشەوێنن.»

ئەحمەد لای دەستی سەعیدەوە بە ئارامی لێی پرسی:

ــ بۆ کوێ ئەچین؟

نیوڕوخیم ئەبینی ماندوو و شەکەت بوو. گلێنە خۆڵەمێشیەکانی، وەکوو ئەوکاتەی لە ساردخانەی پزیشکی قانوونی هاتینە دەرەوە خولە خولی بوو. سەعید بۆ ساتێک ئاوڕی دایەوە و سەیرێکی کرد:

ــ بۆ ماڵی حاجی. ئەتەوێ لەبەر ماڵی خۆتان داتبەزێنم؟

ئەحمەد زۆر بە خێرایی سەری ڕاوەشاند:

ــ نا، نا. منیش لەگەڵتان دێم.

ئەوەندە بەپەلە ئەو قسەیەی کرد، لێکم دایەوە ڕەنگە نایەوێ بە تەنها لە ماڵی خۆیان بێت. بەڵام من حەزم ئەکرد لە پاش شەش ڕۆژی دژوار بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خۆمان. پێویستم بەوە بوو تەنها بم. ئیتر نەم ئەتوانی ڕوخساری پەژاراوی خەسوو و خەزوورم ببینم. وتم:

ــ ئەکرێ من ببەیتەوە بۆ ماڵی خۆمان؟

پێش ئەوەی سەعید وەڵامێک بداتەوە، نێرگز وتی:

ــ بابە گیان و دایکم ئەگەر تۆمان لەگەڵ نەبێ هەزار بیری خراپ ئەکەنەوە. وەرە بۆ ئەوێ، پاشان من یان سەعید ئەتبەینەوە.

پێموت:

ــ ڕاست ئەکەی، ئەبێ لەگەڵتان بێم. باشتر وایە مناڵەکانیش هەڵگرم.

ئینجا چاوم لە ئاوێنەی ئۆتۆمۆبیلەکەدا لە چاوی سەعید گیرا کە خەریک بوو سەیری ئەکردم. سەرنجی بە خێرایی گواستەوە و زیاتر پێی نا بە بەنزیندا. شێوەی، خستمیە بیری ئەو شەوەی لەندەن لە مەیخانەی «بلەک هۆرس» لە بەرامبەرمدا دانیشتبوو و منیش بۆ یەکەمجار باسی ژیانی خۆمم بۆ کردبوو. باسی نیشتمانەکەم، دایکم کە بەناوبانگترین گۆرانیبێژی چیکۆسلۆڤاکیا بوو و، بە کوشتنی خۆی منی حەڤدە ساڵانی بێپەنا کرد. باسی ئەوین و شووکردنی کورتخایەنم بە میلان و، باسی باوکم کە بە ڕاستی شەیدای بووم و، ڕاست ئەو ڕۆژەی کە تەڵاقم وەرگرت، تەرمە خوێناوییەکەیم لە باخچەی ماڵەکەیدا دۆزییەوە و، پاش گریانێکی درێژ و بێدەنگ، لەو کاتەدا کە ڕوومەتم ئەسڕییەوە، نیگام خزابوویە ناو نیگای سەعیدەوە و، ئەوی گەنجە شەرمنەکەی ئەو ڕۆژانە، کە بە پەلە ڕووی وەرگێڕابوو و پەرداخی بیرەکەی وەها خولاندبوویەوە کە دەنگی لێ بەرزەوە ببوو.

ئەحمەد بە دەنگێکی لەرزۆک وتی:

ــ بۆ ئەوەندە توند لێ ئەخوڕی؟

ــ خەریک بوو بیرم ئەکردەوە... نازانم... نازانم لەوە زیاتر بچین بۆ کوێ؟ ئەبێ چووبێ بۆ کوێ؟

بە سەعیدم وتبوو: «پەرداخەکەت ئەکەوێتە خوارەوە.» و ئەویش دەستی لە پەرداخەکە بەردابوو و خستبوویەوە بن باخەڵی و وتبووی: «خەریک بوو بیرم ئەکردەوە. مرۆڤ باوەڕ ناکا کومۆنیستەکانیش ئەوەندە دڕندە بن. بەڕاستی جێی باوەڕ نییە.»

نێرگز هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و سەری نایە سەر شانی من و وتی:

ــ من دیسانەوەش ئەڵێم ئێمە ئەبێ ئەو ژنە بدۆزینەوە.

هەر بەوجۆرەی کە شانم بۆ نێرگز شل کردبوو، سەرم نا بە دیواری ئۆتۆمۆبیلەکەوە و وتم:

ــ بەڵام چۆن؟

نە پۆلیس و نە هیچکەسی تر، جگە لەم چەند کەسە، نەی ئەزانی ئەمین ڕۆژی هەینی ژنێکی کورتاژ کردووە. قەدەغەبوونی کورتاژ، لەپاش ڕاپەڕین ــ بەبێ ئەوەی ڕێسایەکی بۆ نووسرابێ ــ زووتر و خێراتر لە هەموو قانوونێک گرنگی پەیدا کرد و ئەو پزیشکانەی کورتاژیان ئەکرد، بانگ ئەکران بۆ دادگای شۆڕش. چۆن ئەمانتوانی ئەو ژنە بدۆزینەوە بەبێ ئەوەی بڵێین بە چ مەبەستێک چووە بۆ نۆرینگەکەی ئەمین. نێرگز سەری لە سەر شانم بەرزکردەوە و قنج دانیشت و لە کاتێکا هەموو لەشی بۆ لای من وەرئەگێڕا وتی:

ــ مەگەر ئەمین چەند دۆستی نزیکی هەیە؟ ئەتوانین لەوانە بپرسین. یان ئەتوانین لەو دکتۆرانە پرسیار بکەین کە ئەمین هاوکاری پیشەیی لەگەڵیان هەبووە. لێیان بپرسین کامیان کەسێکی بۆ کورتاژ ناردووە بۆ لای ئەمین. وەکوو دکتۆر جەهانگیری.

وتم:

ــ دکتۆر جەهانگیری دوو حەفتەیە چووە بۆ دەرەوە.

ــ ئەتوانین ناوی هەموو ئەو دکتۆرانەی پەیوەندییان لەگەڵی هەبووە و نەخۆشیان بۆ ناردووە لە سودابە وەربگرین. ئەمە کارێکی ئاسانە.

سەعید وتی:

ــ پێت وایە ئەو دکتۆرەی ئەو ژنەی ناردووە بۆ لای ئەمین پێمان ئەڵێ؟ ئەگەر بشیەوێ پێمان بڵێ ناتوانێ. ئەوە ژنەکەیە ئەبێ ڕازی ببێ لەگەڵمان بدوێ. کچێک کە لەم هەلومەرجەدا بەبێ هەراوهوریا کورتاژی کردبێ، بە ئاسانی ئامادە نییە ڕازەکەی ئاشکرا بکات.

ماوەیەک بە بێدەنگی تێپەڕی. بینیم لە بەرامبەر تەلاری مۆزەخانەوە تێ ئەپەڕین. هاتەوە بیرم کە شەش ڕۆژە نەچوومەتە سەر کار. هەستم کرد دڵم بۆ کەلوپەلەکانی ناو مۆزەخانە تەنگ بووە. لەو دارەتەی خۆم تەریق بوومەوە. نێرگز کەوتە گۆ و وتی:

ــ ئێمە ئەبێ ئەمکارە بکەین. هەر ئەمڕۆ، کاتێکە گەیشتینەوەماڵەوە ئەبێ تەلەفۆن بۆ سودابە بکەین.

هێشتاش پاش تێپەڕینی ساڵەها، نەمتوانیوە تێبگەم ئەگەر نێرگز ئەو ڕۆژە نەهاتایەت بە مێشکیدا کە ئەو ژنە بدۆزێتەوە و ئەگەر ئەو پێی لێ نەچەقاندایەت، ئایە ڕۆژی پاشتریش هەر حەزی ئەکرد بەدوای ئەو ژنەدا بگەڕێ؟ بەڵام ئەزانم بیری دۆزینەوەی ئەو ژنە لە هەمان ڕۆژەوە لە مێشکی مندا چەکەرەی کرد و ئەوەندە باڵای کێشا، بوو بە دارێکی گەڵەگەت؛ دارێک کە دۆزینەوەی ئەو ژنەش نەی ئەتوانی لەبنی بهێنێ. هێشتاش، لەپاش تێپەڕینی ساڵەها، لە خەونەکانمدا بە دوای نەناسراوێکدا ئەگەڕێم؛ نەناسراوێک کە ئەیتوانی پەردە لە سەر ڕازێک هەڵداتەوە: ڕەنگە لە ڕازی خۆکوشتنی دایکم، ڕەنگە لە مەتەڵی کوژرانی باوکم و ڕەنگە لە ڕازی ڕۆیشتنی کتوپڕی میلان. هەندێجار ئەتوانێ کارێک بکات کە ئەمین لە سەر گردەکەی پارکی «هەمستد» بەرامبەر تابلۆ ئاسنە زیوینەکە، کە ئاراستەی سەرنج بۆ دوورنماکانی دەوروبەر تێبینی ئەکات، دەربکەوێ و هەندێجار ئەتوانێ بۆ هەمیشە ئەمین لە جێهانی ونبووەکاندا ڕابگرێ؛ نەناسراوێک کە ئەتوانێ مناڵەکانم لە من بسێنێ و پێمی بداتەوە؛ ئەتوانێ بمگەڕێنێتەوە بۆ نیشتمانەکەم یان بۆ هەمیشە ڕێگەی گەڕانەوەم لێبگرێ؛ نەناسراوێک کە ئەتوانێ پەیکەرە گەورەکەی ستالین لە مەیدانی «ڤەنسس لاس» بتەقێنێتەوە و دوبچک بکات بە خاوەن دەسەڵات یان هەزاران پەیکەری مرومۆچی تر لە سەرانسەری جیهاندا بەرپا بکات؛ ئەتوانێ...



پێویست نەبوو هیچکاممان هیچ بڵێین. عیسمەت خانم بە بینینی ڕواڵەتەکانی ئێمە بە ئاسانی ئەیتوانی تێبگات هیچ هەواڵێکی نوێ لە ئارادا نییە. بوغزەکەی قوت دایەوە و بە کارەکەری ماڵەکە، کە وەستابوو و چاوەڕوانی نووچە و هەواڵێک بوو لە لایەن ئێمەوە، وتی:

ـ سدیقە گیان برۆ چەند پەرداخ ڕینگاڵ بهێنە. سەرێک لە مناڵەکانیش بدە.

ئینجا جەستە قەڵەو و قورسەکەی لە سەر موبلە جگەرییەکە جووڵاند:

ـ مناڵەکان ئەمڕۆ زۆر شادمانن. تەنها جارێکیش نەهاتوون بۆ لای من. مناڵەکانی سورەییا و حومەیراش هاتوون بۆ ئێرە و پێکەوە خەریکی یاری کردنن... باشە بۆ وەستاون؟ دانیشن، دانیشن شتێک بخۆنەوە و فێنک ببنەوە... ئەمڕۆ ئیتر گرەیە![٤]

من ئەمزانی ئەو لە هەمووومان زیاتر تینوویەتی و ئارەزووی خواردنەوەی شتێکی فێنکی هەیە، بەڵام ترسی خوا ڕێگەی پێ نادا. مانگ مانگی ڕەمەزان بوو؛ مانگێک کە موسڵمانەکان لە خۆر هەڵاتنەوە هەتا خۆر داچوون، بەڕۆژوون و دەم لە نان و ئاو نادەن.

هەمووومان جگە لە نێرگز دانیشتین. ئەو بەو باڵا بەرز و ڕێکوپێکەیەوە، کە هیچ شێوەیەکی عیسمەت خانمی پێوە دیار نەبوو، لە

٤ ـ گرە: دارەت ناو هالاوی گەرما، بایەکی ناسازی گەرمە، لە وەرزی هاوین پەیدا دەبێ، پەنجا و چوار ڕۆژ دەوام دەکات، میوە و مەرەز وشک دەکات، بای گەرمی کوشندە.

بەرامبەر دایکی ڕاوەستابوو، وتی:

ــ بابە گیان لە کوێیە؟

ــ چوو سەرێک لە نووسینگە بدات. جاڕز ببوو و وتی ئەگەر سەری خۆی قاڵ بکات، کەمتر بیر ئەکاتەوە.

ئەحمەد کە وەکوو هەمیشە چاوی بڕیبووە نێرگز، وتی:

ــ تەلەفۆن ناکەی بۆ سودابە؟

عیسمەت خانم بە نیگەرانیەوە سەیری منی کرد:

ــ هیچ بووە؟

نێرگز لەبری من وەڵامی دایەوە:

ــ نەء. ئەمانەوێ ناوی هاوکارەکانی ئەمین بدۆزینەوە و تەلەفۆنیان بۆ بکەین.


هات بەرەو تەلەفۆنی سەرمێزەکەی تەنیشت من و عیسمەت خانم، کە لەلای گوڵدانێکی چینی گەورەوە دانرابوو. ویستم هەڵسم و جێگەکەی خۆم بدەم بە ئەو. دەستی نایە سەر شانم و وتی:

ــ من ئەچم لەو دیو تەلەفۆن ئەکەم، تۆ ئاسوودە بە.

بەڵام من ئاسوودە نەبووم. وەک هەمیشە لەو ژوورەدا ئاسوودە نەبووم. لەو ژوورە نیوە تاریکەدا هەمیشە هەستم ئەکرد هەوا خەفەیە و پەستراوە. چاوم بڕییە ئەو پەنجەرە بچووکەی لە نێوان پەردە قەدیفە سەوز و تۆڕە بژەکانەوە تەنها دەرووی ڕووناکی ژوورەکە بوو. چەندە ڕقم لەو ژوورە بوو. ئەوەندە کەلوپەلی ناهەماهەنگی جۆراوجۆری تیا ڕێزکرابوو وەکوو کۆگا کۆنەفرۆشەکانی شەقامی «پۆرتۆ بێللۆ»ی[٥] لەندنی لێهاتبوو. موبلی گەورەی قورس بە ڕووپۆشی سەوز و جگەری، ڕفەی تەختەی پڕ لە قاپ و قاچاخی زیو و چینی، کورسی کۆنینەی جۆراوجۆر، مێزی بچووک و گەورە بە گوڵدانی بلوورەوە کە منی ئەخستەوە بیری شوێنی لەدایک بوونم. ڕۆژی یەکەم کە پێم نابوویە ئەو ژوورەوە

---

٥ـ بازاڕی پۆرتۆبێللۆ: ortobello market بازاڕی کۆنەفرۆشانی شەقامی پۆرتۆبێللۆ، لە ڕۆژئاوای شاری لەندەن.





ئەمین وتبووی: «ئەم گوڵدانانە فابریکی چیکۆسلۆڤاکیایە.» و من وتبووم:

ـ وەو... بەڵام ئەم ژوورە چەندە سەیر و سەمەرەیە!

ـ پێموابوو ئەم ژوورەت پێ خۆش ئەبێت. تێکڕای ئەم کەلوپەلانە هەموو کۆنینەن.

من وتبووم:

ـ ئەگەر کۆنەفرۆش بوایەتم مسۆگەر حەزم لێ ئەکرد.

دەسبەجێ لە وتنی ئەم قسەیە ژێوان بوومەوە. خۆشم نەمزانی بۆچی ئەوەندە بە ڕووتاڵی قسەم کردبوو و ئەوەیش شتێکی سروشتی بوو کە ئەمین قسەکەی منی پێخۆش نەبووبێت. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕۆژە هیچی نەوت، بەڵام لەوە پاش هەرکات پێکەوە ئەچووین بۆ ماڵی حاجی بە بیانوویەک هەموومانی ئەبرد بۆ دیواخان و یان بۆ ئەو ژوورەی بۆ سەیرکردنی تەلەڤیزیۆن لەوێ خڕئەبووینەوە. ئەم دوو هۆدەیە بە حەزی نێرگز و بە کەلوپەلی نوێتر ڕازێنرابوونەوە. هەرچەند پێموابوو کە ئەو شتانەش لەگەڵ ئەو بنمیچە بەرز و ئەو گەچ بڕییە کۆنانە و ئەو دەرگا تەختە قورسانەوە هیچ هارموونیەکیان پێکەوە نییە، بەڵام کراوەیی و ڕووناکی ژوورەکانم بەدڵ بوو.

هێشتا پەرداخی ڕینگاڵەکەم هەڵنەگرتبوو، بەردیا و بارام، یەکیان بێدەنگ و ئارام و ئەویتریان هاروهاج و بە ڕاکەڕاکە هاتنە ژورەوە. بارام خۆی هاویشتە باوەشم و بەردیا، بە لارەملی لە لامەوە لە سەر دەسکی موبلەکە دانیشت و بە چاوە گەورە هەنگوینیەکانیەوە سەیری ئەکردم. بەدەست قژە ساف و قاوەییەکەی، کە لە منەوە پێی گەیشتبوو، پەرێشان کرد. هەمیشە حەزی لەو کارە ئەکرد. بەڵام ئەو ڕۆژە خۆی کشانەوە و سەری داخست. بارام کە لە باوەشمدا هەڵی ئەخستەوە،

پرسیاری ڕۆژانەی خۆی دووپات کردەوە:
ــ بابە ئەمڕۆ دێتەوە؟
ــ نە گیانەکەم. خۆ پێموتی چووە بۆ گەشت.
ــ کەی دێتەوە؟ بەیانی؟
ــ ڕەنگە بەیانی، ڕەنگیشە ڕۆژێکی تر.
عیسمەت خانم بە پشتی دەست ئەو فرمێسکەی لە سیلەی چاویەوە خزابوو، سڕییەوە و باوەشی بۆ بارام کردەوە و وتی:
ــ وەرە ئێرە... وەرە باوەشی خۆم... با دایکت ڕینگاڵەکەی بخواتەوە.
بەڵام بارام خۆی لکاندبوو بە قاچمەوە. سەعید هەڵسا و بە نەرمی بارامی لە من جیاکردەوە:
ــ وەرە لای مامە. وەرە بزانم ئەمڕۆ چیت کردووە؟ ئەبێ بۆم بگێڕیتەوە.
نێرگز هاتەوە ئەم دیو و لە کاتێکا گۆنای بارامی ماچ ئەکرد وتی:
ــ سودابە وتی کاری نییە و ئەتوانێ لەگەڵمان بێت بۆ نۆرینگە.
چوو بۆ لای بەردیا، کە خەریک بوو بە ئارامی لە ژوورەکە ئەچووە دەرەوە و، گرتیە باوەش:
ــ بەردیای گوڵی خۆم چۆنە؟
بەردیا کە بزەیەک خزابوویە سەر لێوی، لە کاتێکا گۆنای ئەدا بە ماچەکەی نێرگز، وتی:
ــ باشم مەتی گیان[٦].
ئینجا بە ئارامی لێی جیابوویەوە و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. عیسمەت خانم بەچاو بەڕێی کرد. نیگای پڕ بوو لە ئەوین.
ــ هەموو شتێکی چووەتەوە سەر باوکی. ئەمینیش کاتێکە چواردە ساڵان بوو، قەد و باڵای هەر ئەوەندە ئەبوو. هەموو پێیان وابوو شانزە حەڤدە ساڵانە. هەرواش ئارام و بێدەنگ بوو. لەبیرمە ڕۆژێک...

٦ـ مەتی: **فاو** مەت، پلک، خوشکی باوک.

بۆ ساتێک چاوم گێرایە چاوی سەعید و بە شەرمەوە سەرم داخست. هەر جارەی یەکێک لە کەسانی بنەماڵەی ئەمین لە بەردەمی سەعیددا باسی بەردیای ئەکرد و باسی شێوە و وێکچوونی ئەوی لەگەڵ ئەمین ئەکرد، تەرێق ئەبوومەوە. جگە لە من و ئەمین، ئەو تەنها کەس بوو کە ئەیزانی بەردیا هیچ پەیوەندییەکی بەم بنەماڵەوە نییە. هەرچی چۆن بوو ئەمینم بە شەریکی ئەم درۆکردنە ئەزانی، بەڵام سەعید چی؟ ئەمزانی سەعید ئەوەندە شیانست و ڕازدارە، هەر بەو جۆرەی هەتا ئێستا ئەم ڕازەی لە ناخیدا ڕاگرتووە، لەمەو بەدواش ئەیپارێزێ. بەڵام ئەو بیرەش لە کۆڵم نەئەبوویەوە کە ئەو یەکێکە لەو سێ کەسەی ئەم ڕازە ئەزانێ؛ ئەو ڕازەی کە ئاشکرا بوونی ئەیتوانی بە چاوترووکانێک بەردیای جەلالی، کوڕی دکتۆر ئەمینی جەلالی، نەوەی یەکەمی حاجی هیدایەتوڵڵای جەلالی، وەجاخی تێکڕای خزم و بنەماڵە، بکات بە بەردیایەک کە باوکی خەڵکی چیکۆسلۆڤاکییە و ناوی میلانە و لە نێوان ئەو و ئەم بنەماڵەیەدا هیچ خزمایەتیەکی خوێنی لە ئارادا نییە؛ ئەو شتەی لە وڵاتێکی وەکوو ئێران و بەتایبەت لە ناو بنەماڵە دەوڵەمەند و کۆنەکاندا بە هیچ شێوەیەک شیاو و پەسند نەبوو.

هێشتا حەفتەیەک لە لەدایکبوونی بەردیا تێ نەپەڕیبوو ئەمین پێشنیاری پێکردم شووی پێ بکەم و وتی لێبڕاوە بە بنەماڵە و دۆستانی بڵێ پێش ساڵێک زەماوەندمان کردووە و بەردیاش کۆڕی خۆمانە. من لەوەی کە بەمجۆرە کوڕەکەم ئەبێ بە خاوەنی باوک و بنەماڵە زۆر شادمان بووم، بەڵام هێشتاش نەم ئەتوانی لەوە تێبگەم ئەگەر بنەماڵەکەی بەوە بزانن کە بەردیا کوڕی مێردەکەی پێشوومە، چ کاردانەوەیەکی نەشیاو پیشان ئەدەن. بەڵام پاش هەڵسووکەوت لەگەڵ ئێرانیەکان و لە سەر بناغەی ئەو ناسینەی لە بۆچوونەکانی ئەوان بەدەستم هێنا و، بەتایبەت پاش نیشتەجێ بوونم لە ئێران، بۆم ڕوون بوویەوە ئەگەر ئەمین جگە لەوەی بکردایەت، خزمان لەگەڵ بەردیا نەک وەکوو یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە، بەڵکوو وەکوو میوانێک ئەجووڵانەوە

و هەڵسوکەوتیان ئەکرد؛ میوانێک کە لە میوانپەروەری و میهرەبانی تایبەت بە ئێرانیەکان بەشدارە، بەڵام هیچکات نرخ و بایەخی خزمی خوێنی بەدەست ناهێنێ. جارێکیان کاتێکە لەگەڵ ئەمین سەبارەت بەم دۆخە ئاڵۆزە قسەم ئەکرد، ئەو بە قەڵسیەوە وتبووی: «من نازانم تۆ بۆچی ئەوەندە بیر لەم بابەتە ئەکەیتەوە؟ من زۆر بە دەگمەن بیرم ئەکەوێتەوە کە بەردیا کوڕی ڕاستەقینەی من نییە. لە ڕاستیدا ئەبێ بڵێم ئەو هاوخوێنی من نییە، ئەگینا مەگەر ئەو هیچی لە کوڕی ڕاستەقینەی من کەمترە؟ مەگەر پێتوایە ئەوەندەی ئەوم خۆش ئەوێ، کەمترە لەو خۆشەویستیەی بەرامبەر بە بارام هەمە؟ یان هەڵسوکەوتی من لەگەڵ ئەو جیاوازە؟» وەڵامی من نەی ئەتوانی جگە لە «نەء» بێت. پێش ئەوەی بارام لەدایک ببێت، هەندێجار بیرم ئەکردەوە ئەگەر ئەمین منداڵێکی خۆی هەبێ، دڵنیا هەست و کرداری بەرامبەر بە بەردیا ئەگۆڕێ. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بوو کە حەوت ساڵ لەگەڵ داواکەی ئەو بۆ منداڵی تازە، دژ وەستام. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی من، پاش لەدایکبوونی بارام هیچ هەڵوێستێک نەگۆڕا. ئەمین هەروا باوکانە لەگەڵ بەردیا ئەجووڵایەوە یان باشتر وایە بڵێم ڕەفتاری ئەویندارانەی باوکێکی ڕاستەقینەی بەرامبەر بەو هەبوو. لە ڕاستیدا ئەوینی بەردیا بە ئەمین تاودانەوەی ئەو کردارە جوانانەی ئەمین بوو. ئەمین نموونەیەک بوو خۆشەویست، کە بەردیا لە هەموو کار و کردارێکیدا پەیڕەوی لێ ئەکرد و هەرچی لەوەوە فێر ئەبوو پێی ئەمەگدار ئەمایەوە. ئەم ڕستەیە کە «بەردیا هەموو شتێکی چووەتەوە سەر ئەمین.» بەردەوام و لە هەموو بۆنەیەکدا لە لایەن هەموو ئەندامانی بنەماڵەوە پاتە ئەکرایەوە. بەبێ ئەوەی کەس سەرنجی ئەوە بدات کە چاو و ڕەنگی بەردیا لە ڕەنگی چاو و قژی منە و کەسیش نەی ئەزانی لووتە کورت و گۆنا بەرجەستەکانی چۆتەوە سەر باوکی ڕاستەقینەی. باسی قەد و باڵایان ئەکرد، کە بەرز بوو و لە ئەمین ئەچوو. ڕێکردنی ئارام و لە سەرخۆیە و، لە ڕەفتاری ئەمین ئەچێ. باسی ئارامی و خۆگری ئەویان ئەکرد

کە لە ئەمین ئەچێ. باسی دەنگیان ئەکرد کە گەرم و بەم بوو و تاودانەوەی دەنگی ئەمین بوو.

ئەو ڕۆژە عیسمەت خانم دیسانەوە باسی شێوەکانی بەردیا و ئەمینی ئەکرد؛ ئەو شتەی کە من چەندین و چەند جار لێم بیستبوو و، وەکوو هەمیشە نەم ئەزانی ئەو چیرۆکەی کە سەبارەت بە چواردە ساڵانی ئەمین دەستی پێکردووە، کەی تەواوی ئەکات. بەڵام زەنگی تەلەفۆنەکە بێدەنگی کرد. ترسێک ڕژایە نیگای. دەستە سپیلکە و قەڵەوەکانی، کە بە چەند ئەنگوستیلە و بازنە ڕازابوویەوە، بە ئەسپایی بیستۆکەکەی بەرز کردەوە:

ـ فەرموو، بەڵێ،ماڵی حاجی جەلالیە. نەخێر... لە ماڵەوە نییە... جەنابت؟

ئیجا لە کاتێکا بیستۆکەکەی لە گوێی دوور ئەکردەوە ڕەنگی پەڕی و وڕ و کاس بە سەعیدی وت:

ـ ئەڵێ... ئەیەوێ لەگەڵ پیاوێک قسە بکات.

پێش ئەوەی سەعید ببزوێ، نێرگز چوو بۆ لای دایکی و بیستۆکەکەی لێوەرگرت:

ـ بەڵێ، بفەرموون... من کچی حاجی ئاغام. نەخێر خۆی لە ماڵەوە نییە. ئەتوانی لەگەڵ من قسە بکەی. ئەویش لەماڵەوە بێ جیاوازی نییە. ئەگەر قسەیەکت هەیە بیڵێ.

شێوەی قسەکردنی نێرگز توند و فەرماندەرانە بوو و وا دیار بوو بەسەر بیسەرەکەدا زاڵ بووە. چونکە لە پاش ئەوە تەنها گوێی ڕاگرتبوو. سەرەتا ڕوخساری تێکچرژا، پاشان سوور و سپی هەڵگەڕا. عیسمەت خانم دانەویبوویەوە و بە دەمی داچەقاوەوە سەیری ئەکرد. ئەتوت هەر ساتە و ئامادەیە هاوار بکات. ڕستەی «ئەیەوێ لەگەڵ پیاوێک قسە بکات!» بۆ هەموان بەس بوو خرپترین بیر بێ. بە مێشکیدانا. لە ئێران هەواڵە ناخۆشەکان هەمیشە ئەدەن بە پیاوان، چونکە پێیان وایە ئەوان توانایان زیاترە. منیش، سەبارەت بەوەی ئەم دیاردەیەم

ئەزانی نیگەران ببووم. دڵم وەکوو پزدانێک کە بەردەوام خەریکە گەورە ئەبێتەوە، هەرساتە و ئەستوورتر ئەبوو. هەستم ئەکرد خەریکە لە سینگمەوە سەر ئەکەوێ و ئەیەوێ لە گەروومەوە بێتە دەرەوە. چاوم هەندێجار ئەیڕوانیە نێرگز و هەندێجار لە عیسمەت خانم کە لە نزیکی نێرگزەوە دانیشتبوو. بیرم کردەوە ئەگەر هەواڵێکی ناخۆش ببیسێ لە ڕوخسارییەوە ئەیخوێنمەوە. لە هەمان کاتدا گوێم بۆ قسەکانی نێرگز شل کردبوو.

ـ چ کاتێک؟ بەڵێ... دڵنیایت؟ من ئەتوانم بتبینم؟ تکایە... من...

دەنگی چکی بڕانی هێڵەکەم بیست. نێرگز ساتێک سەیری بیستۆکی تەلەفۆنەکەی کرد کە هێشتا بە دەستیەوە بوو. عیسمەت خانم بە دەنگێکی گیراوەوە پرسی:

ـ چی بووە نێرگز گیان؟ چی بووە؟

نێرگز بیستۆکەکەی دانا، بە شێوەیەک کە هەستت ئەکرد هەواڵی ئاسایی ئەدات، وتی:

ـ هیچ دایە گیان!

ـ ڕاستیم پێ بڵێ نێرگز، چی بووە؟

ـ بە گیانی تۆ، بە گیانی بابە گیان هیچ نەبووە. ئەیوت ڕۆژی هەینی ئەمینی بینیوە. پێموابێ درۆی ئەکرد. ڕەنگیشە ئەیویست دڵمان بخاتە نیگەرانیەوە.

عیسمەت خانم بە ئاسوودەیی پاڵی دایەوە و دەنگی هەناسە قورس و خشاوییەکەی ژوورەکەی داگرت:

ـ خوا خۆی مەردمئازار بەنەفرەت کات.

وا دیار بوو بڕوای کردووە. بەڵام من پێموابوو، تەلەفۆنکەر هەرکەس بووە و هەرچی وتووە، بە مسۆگەری نێرگزی دڕدۆنگ و نیگەران کردووە. ئەمتوانی لەوەش تێبگەم کە هەواڵی مردنی ئەمینی پێ نەبووە. ڕەفتاری نێرگز بەرداشتەکەی منی سەلماند. ئەو بەبێ ئەوەی دابنیشێ، ڕووی کردە سەعید و وتی:

ـ باشترە بڕۆین. سودابە چاوەڕێیە. نابێ کات بە فیڕۆ بدەین.
کلیلی ئۆتۆمۆبیلەکەی لە گیرفانی دەرهێنا، دای بە ئەحمەد و وتی:
ـ تکایە تۆ لووبا و منالّەکان ببەوە بۆ مالّەوە. ئێمە پاشتر ئەتانبینین.
سەعید کە پاش کۆتایی تەلەفۆنەکە بۆ ساتێکیش چاوی لە نێرگز هەلّنەگرتبوو، دەسبەجێ بارامی هەلّگرت و ئامادەی ڕۆیشتن ڕاوەستا.

سەعید و نێرگز بە پەلە دەرکەوتن و منیان بە دەیان پرسیارەوە بەجێهێشت. من مامەوە و ئەحمەد، کە لە دنیای خۆی‌دا بوو و، عیسمەت خانم کە خۆی بۆ قسەکردن ئامادە ئەکرد. ئەمزانی تا ئەو کاتەی ڕێگە بدات من و منالّەکان بڕۆین دوو سێ کاتژمێری پێ ئەچێ و وزەی ئەو دوو سێ کاتژمێرەم تیانەمابوو.

ئێستە کاتێکە بیر لە ڕابوردوو ئەکەمەوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر خۆشم ئەویست، بەلّام هەندێجار تا سنووری شێت بوون تووڕەی ئەکردم. ئەو یەکێک بوو لە ژنانی خوێندەواری پاش شۆڕشی دەستووری[٧] ئێران لە سەرەتای سەدەی بیستەم‌دا. شۆڕشێک کە بە هۆیەوە ئێران بۆ یەکەمجار بوو بە خاوەنی پەرلەمان و قانوونی ئورووپایی. عیسمەت خانم زادەی تەورێز بوو. شارێک لە باکووری ڕۆژاوای ئێران. پیاوەکانی بنەمالّەکەی لە پڕۆسەی شۆڕشی دەستووری چەندین سالّ دژ بە ئایینیە توندڕەوەکان وەستابوون، کە ئەیانوت پەرلەمان و قانوون ئەبێ لە ژێر چاودێری مەلاکان‌دا بێت. ئەو خۆشی لە تافی لاوێتی‌دا لە کۆمەلّە و گرووپەکانی کچان و ژنانی پێشکەوتنخوازدا بەشداریی کردبوو؛ کارێک کە لەو سەردەمەدا جەربەزەیەکی زۆری ئەویست. لە سەردەمی پاشایەتی ڕەزا شا لە ڕیزی یەکەمین ژنان بوو کە چارشێویان لە سەر هەلّگرت. لە بیست سالّی‌دا بوو بە مامۆستای

٧ـ شۆڕشی دەستووری ئێران: Persian Constitutional Revolution ڕووداوێکی کۆمەلّایەتی ـ ڕامیاری بوو لە مێژووی ئێراندا و بەشێکە لە بزووتنەوەی دەستووری ئێران. سالّانی ١٩٠٥ تا ١٩١١ لە سەردەمی قاجارەکان ڕووی دا، سیستەمی دەسەلّاتی ئێرانی گۆڕی لە سەرەڕۆ بۆ دەستووری، پەلەمان دانرا و یەکەمین دەستوور پەسەند کرا.

فێرگەی ئامادەیی کچان. هەر لەو ساڵانەدا لەگەڵ حاجی جەلالی ــ کە ئەو کاتە نە ئایینی بوو و نە حاجی، ئەو ناوبانگەی کە موسڵمانان پاش زیارەتی مەککە لە عەرەبستان وەری ئەگرن ــ زەماوەندی کرد. خۆشی نەی ئەزانی لە کەیەوە بڕوای ئایینی پەرەی سەندووە. ئەیوت کاتێکە شووەکەی چوو بۆ مەککە و نازناوی «حاجی» کەوتە شوێن ناوەکەی، بۆ ڕێزگرتن لەو، سەرپۆشی دا بەسەریا. لە چل و یەک ساڵی‌دا لە سەر داوای خۆی کارکەنار بوو و پاشان چوو بۆ مەککە و لەوە بەدوا چارشێویشی کردەوە سەری. زۆر جار باسی ئەو سەردەمەی ئەکرد کە هەموو دەرگایەکی تەقاندبوو تا بتوانێ خۆی خانەنشین بکا. بە جۆرێک باسی ئەو ژنەی ئەکرد کە لە چل و یەک ساڵی‌دا چوو بۆ لای وەزیری پەروەردە و بارهێنانی ئەو کاتە و دڵکاوی کردبوو تا خانەنشینی بکات، ئەتوت باسی بێگانەیەک ئەکات. ئەیوت: «ڕاستەکەی خۆشم نەمئەویست خانەنشین ببم. نەخۆشیەکەی نێرگز تۆقاندمی. گرانەتای گرتبوو و خەریک بوو ئەمرد. لەو پێنج منداڵەی کە ببووم، سیانیان بەسەر سکەوە چوون و تەنها ئەمین و نێرگزم بۆ مایەوە. هەردووکیان بەسترابوون بە گیانمەوە و ئەگەر لەبەر ئەوان نەبوایەت لە بەرامبەر حاجی‌دا، کە پاش لەدایکبوونی نێرگز ئەیوت کارەکەت بەجێ بهێڵە، ئەمتوانی خۆم ڕابگرم.»

لە هەمان مانگەکانی سەرەتای گەشتی من و ئەمین و منداڵەکان بۆ ئێران، هەر جارەی کە ئەچووین بۆ سەردانیان، چەندین کاتژمێر دائەنیشت و قسەی بۆ ئەکردم. تێکڕای بنەماڵەکەم لە ڕێگەی ئەوەوە ناسی. لە ڕابوردووی تێکڕای یانەساکەیان(٨) لە ڕێگەی ئەوەوە تێگەیشتم و هەر لە ڕێگەی ئەم قسانەوە هەموو هەست و نەستی ئەوم ناسی. زۆر حەزی ئەکرد منیش دەردەدڵی بۆ بکەم. باسی باوکم، دایکم، نیشتمانم. بەڵام من هەمیشە خۆم لەوە ئەپاراست بەسەرهاتی خۆمی بۆ بگێڕمەوە.

٨ـ یانەسا: family ناو خێزان، بنەماڵە، خانەدان، دانیشتوانی ماڵێک، خانەوار ع اسرة N familie د خانوادە.

کارێکی ئاسان نەبوو. بەردەوام لە بەرامبەر هەستی ئەودا کە ئەیویست دەربارەی من بزانێ، پرسیارێکم لێئەکرد و ئەو دووبارە ئەگەڕایەوە سەر خۆی و چەندین کاتژمێر دەربارەی خۆی ئەدوا. ئەیزانی من لە قسەکردن خۆم ئەپارێزم. سەرەتا پێی وابوو کێشەی من دژواری زمانە. بەڵام پاشتر کەزانی هەموو شت تێ ئەگەم و بە ئاسانی ئەتوانم بە فارسی قسە بکەم، گەیشتبویە ئەو ئەنجامەی نامەوێ سەربردەی خۆم بۆ ئەو بڵێم. زۆر جار بێدەنگیە دووروودرێژەکانی منی لە بەرامبەر فرەوێژییەکانی خۆیدا دابوویەوە بە ڕوومدا: «هەر من قسە ئەکەم و تۆ گوێ ئەگری. ڕاست وەکوو حاجی. ئارەزووم ئەوەیە لەگەڵم بدوێ. یان لانیکەم هەموو ڕۆژێک کە لە نووسینگە ئەگەڕێتەوە، پێم بڵێ چی بووە و چی کردووە. بەڵام درێخ بۆ تاقە وشەیەک و تاقە ڕستەیەک!» سەرەڕای ئەوەش منی خۆش ئەویست. ژیانی ئارامی من و ئەمین زۆر شادمانی ئەکرد. بە شێوەیەک کە ژیانی ئێمەی وەکوو ژیانی خۆی و مێردەکەی ئەبینی. ئەیوت: «تۆ و ئەمین وەکوو گەنجێتی من و حاجین.» پاشان پێ ئەکەنی و درێژەی ئەدا: «هەڵبەت ئەو کاتە من ئەوەندە قسەم نەئەکرد. خۆیشم نازانم بۆچی ئەوەندە گۆڕاوم. لەو کاتەوە خانەنشین بووم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە بێدەنگی هاتوومەتە دەرەوە. نازانم بۆچی حەز ئەکەم ئەوەندە قسە بکەم! حەز ئەکەم پەژارەی هەموو شتێک بخۆم. تەنانەت هەندێجار حەز ئەکەم هەر لە خۆوە ببۆڵێنم!» بیری ئەکردەوە ڕەنگە نزیک بوونەوە لە خوا چاوی کردۆتەوە و ڕادەی داخوازی لە هەموو شتێک بردۆتە سەرەوە. پێی وابوو نەخۆشیەکەی نێرگز بۆ ئەوە بووە کە ئەو زیاتر بیر لە خوا بکاتەوە و خانەنشین بوونیش زۆرتر یارمەتی داوە تا زیاتر نوێژ و گازەی[۹] خوا بکات. سەرەڕای ئەمانەش لەلای من ژنێکی سەرنجڕاکێش بوو. نموونەیەک بوو لە زۆربەی ژنانی ساماندار ئێرانی. ژنێکی میهرەبان و دایکێکی

۹ـ گازە: psalm ناو پاڕانەوە لە دەرگای خودا، سەڵا، ڕازونیاز، کەبار ع مناجات N psalm د مناجات.

لەخۆبردوو و، سەرەڕای ئەمانە فرەویست و فرەوێژ بوو؛ ژنێک کە هیچ پێچ و پەنایەک لە ڕەفتار و کرداری‌دا نییە و لەوە ناپرینگێتەوە خۆی لە تێکڕای کاروباری هاوسەر و منداڵەکانی‌دا هەڵقورتێنێ و ڕای خۆی سەبارەت بەوان دەرببڕێ؛ ئەو ڕایەی کە زۆر کەم گوێی لێ ئەگیرا، بەڵام ئەو زۆر بە کەمی دەس لە شێلگیری خۆی هەڵئەگرت!



مناڵەکانم خەواند و شووشەی ڤۆدکاکەم دەرهێنا، کە ڕۆژی پێش ونبوونی ئەمین لە قاچاخفرۆشەکانی ئەلکول ــکە پاش ڕاپەڕین و قەدەغە بوونی عارەق و شەراب بازاڕێکی گەرمیان هەبووــ کڕیبوو. لە سەر مێزەکە دامنا و داوام لە ئەحمەد کرد، کە لەناو هۆڵەکەدا پیاسەی ئەکرد و چەند ساتە و جارێک بە بەردەم ئەو دەرگا گەورەیەدا تێ ئەپەڕی کە ژووری نانخواردنی لە چێشتخانە جیا ئەکردەوە، تا بۆ خواردنەوەی عارەق بێت بۆ ئەوێ. ئەحمەد بە هەمان شێوە کە ئەڕۆیی بەڕێدا هات بۆ چێشتخانە، لە بەرامبەر مندا دانیشت و لە کاتێکا سەیری کاتژمێرەکەی ئەکرد وتی:

ـ زۆریان پێ نەچووە؟

منیش پێموابوو سەعید و نێرگز زۆریان پێچووە و نیگەران بووم. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم دڵەخورپەیە بوو کە پێموابوو هەوای ژوورەکە قورسە، هەرچەند نزیکەی کاتژمێرێک ئەبوو سپلێتەکان کەوتبوونە کار. سەرەڕای ئەوەش هەستم ئەکرد لە ماڵی خۆم زیاتر هەست بە هێمنی ئەکەم. هەرچەند بە بینینی ئەمین لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ماڵەکە زیاتر پەژارەمەند ئەبووم، بەڵام ئاسوودەتر بووم. ئەمزانی بەسووربوون لە سەر گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە حاجی و حاجی و عیسمەت خانمم زیز کردووە، بەڵام دڵنیا بووم پاش شەش ڕۆژ مانەوە لەلای

ئەوان، نەم ئەتوانی لەوە زیاتر لە ماڵی خۆم نەبم. هەموو شتێکی ئەو ماڵەم خۆش ئەویست. لە هەمان پاشنیوەڕۆی درەوشاوەی پاییزییەوە کە بۆ یەکەم جار پێم نابوویە ئەو ماڵە هەستێکی لەبار و ئاشنام بەرامبەری هەبوو. ئەویش بە تەواوەتی لەگەڵ زۆربەی ماڵە ئێرانیەکان جیاواز بوو؛ ئاپارتمانێکی گەورە، لە بلۆکە بینایەکی مودێرن و نوێساز، لە ناوجەرگەی گەڕەکی ئەمیرییە، یەکێک لە گەڕەکە کۆنەکانی تاران؛ بە ژووری هەراو و پەنجەرەی گەورە و ڕووناکەوە. زیاتر لە هەموو حەزم لە چێشتخانە بوو. دەرگایەکی گەورەی هەبوو بەرەو باڵکۆن، کە ئەیڕوانی بەسەر پیرە چنارەکانی شەقامی ئەمیریەدا. دیمەنی دوورنمای باڵکۆن نیوەی باکووری تاران و لوتکەی تووچاڵ بوو و نیوەکەی تری ئەو ڕۆژاوایە بوو کە هەمیشە و هەموو کات لەناو دووکەڵ و تۆز و خاکدا ون بوو. یەکەم شەو کە گواستمانەوە بۆ ئەو شوێنە، داوام لە ئەمین کرد لە باڵکۆن شێو بکەین. سەرەڕای ئەوەی هەوا فێنک بوو، چەندین کاتژمێر لەوێ دانیشتین و سەیری دوورنمای تارانمان کرد کە بەو هەموو چرایەوە لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە ئەچوو، قڵپ کرابێتەوە.

هەڵسام و دەرگاکانی باڵکۆنم کردەوە. فێنکی شەوانی هاوینی تاران، سووک و بە ئەسپایی دای لە ڕوخسارم. گەڕامەوە و بەرامبەر ئەحمەد، کە خەریک بوو جگەرەکەی دائەگیرساند، لەمبەر مێزەکە دانیشتم و داوای جگەرەم لێکرد؛ داوایەک کە بۆ چرکە ساتێک بە مێشکمدا هاتبوو و بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە، هات بە زمانمدا. ئەحمەد، بە حەپەساوی، پاکەتی جگەرەکەی بۆ ڕاگرتم. لەو سێ ساڵ و نیوەدا کە ئەوم ئەناسی، نەیدیبوو جگەرە بکێشم. دووکەڵی جگەرەکەم هەڵمژی بۆ ناو سیەکانم و بۆم ڕوون کردەوە:

ـ پێش دووگیان بوون بە بارام جگەرەم ئەکێشا. پاشان وازم لێهێنا.

ئەحمەد هیچی نەوت، بەڵام ئەمبینی لە پشت پەردەی مێڵمێڵی دووکەڵەوە، چاوی تێبڕیوم. لە نیگایدا هیچ نەبوو. ئەمزانی دیسانەوەش

لە دنیای خۆیدا مەلە ئەکا. سێ مانگ پاشتر تابلۆیەکی پیشان دام کە لە ئەندێشەکانی ئەو چرکە ساتە کێشابووی: ماسیەکی سپی لە قەراخێکی لمیندا کەوتبوو؛ بە چاوێکی درشت و مۆڵەقەوە کە لەناو گلێنەیدا وێنەی ئاسمان و زەریا تێکەڵ و ناڕێک ببوو؛ لە ژێر چاوی ماسی دوو کونی لارولەوێر و لە خوار کونەکانیشەوە لێوێک کە هەتا لای گوێی هەڵدڕابوو و دڵۆپە خوێنێکی لێ ئەتکا.

کاتێکە گڵاسی دووەمم لە بەردەم ئەحمەد دانا، هاتەوە بە خۆیا و بە شەرمە هەمیشەییەکەیەوە وتی:

ـ من... کاتم لێ نەگرتوون؟

ـ نەء. زۆرم پێخۆشە لێرەی. شادم لەوەی کە ئەمین و من دۆستان باشی وەکوو تۆمان هەیە. ئەم ڕۆژانە ئەگەر تەنها بوایەتم شێت ئەبووم.

ئینجا بیرم کردبوویەوە بە ڕاستی ئەگەر تەنها بوایەتم شێت ئەبووم؟ یان ئەگەر ئەمین بمرێ، ئەگەر مردبێ، دین ئەبم؟ ئەمجارەیان من بووم کە ئەحمەدم ون ئەکرد و ئەچووم بۆ شوێنێکی دوور، ئەو شوێنەی کە لەشی خوێناوی باوکمم لە سەر بەردچنەکانی باخچە بچووکەکە دۆزییەوە، بەبێ ئەوەی باشارم بەسەر خۆمدا هەبێ، بۆ ماوەیەک هاوارم کرد. هاوارێک کە لە ناخی ترسەوە ئەهات. بەڵام کاتێکە سەرەکانی پشت پەنجەرەکان و سەروو پەرژینەکانم بینی کە بە دزییەوە سەیرم ئەکەن، بێدەنگ بووم. ئەمزانی نابێ هیوای یارمەتیم لەم سەرانە هەبێ، کە ئێمەیان بە گیرۆدەی لاڕەشەی[١٠] گیرۆ ئەزانی و هەمیشەی ئازگار خۆیان لێ دوور ئەخستینەوە.

ڕاکێش ڕاکێش باوکمم برد بۆ چێشتخانە، کە دەرگایەکی هەبوو بۆ حەوشە. خوێنی دەموچاوم شۆرد کە لە دوو کونی بچکۆلەی سەرووی برۆی چەپ و تەوێڵیەوە ڕژابوو، باڵنجێکم خستە ژێر سەری و بەتانیەکم

---

١٠ ـ لاڕەشە: plague نەخۆشی گیرۆ ناو تاعوون، نەخۆشییەکی گیرۆی باکتریاییە کە یاو و دڵەڕاوکەی لەگەڵە، لاڕەشە سێ جۆرە: ١. لاڕەشەی ئاوسانی لووەکان یان لاڕەشەی ئالگ ٢. لاڕەشەی سی ٣. لاڕەشەی ژەهراویبوونی خوێن. N Pest ع د طاعون.

پیادا و، لە کاتێکا بە بێدەنگ ئەگریام، وتم: «بمبوورە بابە، بەڵام ناتوانم لەوە زیاتر لێرە بمێنمەوە. ئیتر لەم دۆزەخەدا نامێنمەوە.» و لە تێکڕای ئەو ماوەیەدا بەردەوام بە خۆمم وتبوو: «ئەگەر شێت نەبم و بیر و هۆشم کۆ بکەمەوە، ڕەنگە بتوانم لە چیکۆسلۆڤاکیاش هەڵێم...» و شێت نەبووم، بەڵام هەمیشە بیرم کردبوویەوە خۆزگە لەو کاتانەدا کەسێکم هەبوایە. بیرم کردبوویەوە: «ئەگەر کەسێکم هەبوایە، ئەگەر دۆست و کەسوکارێکم لەگەڵ با، بە دڵنیایی ئاسانتر ئەمتوانی خۆم لە بەرامبەر ئەو هەموو پەژارەیەدا ڕابگرم.»

بە بێئەڤان[11] وتم:

ـ کاتێکە باوکمیان کوشت. من زۆر تەنها بووم. ماوەیەک بوو هیچکەس لە ترسی سیخوڕە نهێنیەکانی دەسەڵات نەی ئەویرا لێمان نزیک ببێتەوە.

ئەحمەد لە قسەکەم هێدمە بوو و هەولی دا تا هەڵوێستێک پیشان بدات. هەرچی چۆن بوو وتی:

ـ ڕاستی... باوکی تۆ لە دژی کۆمۆنیستەکان بوو؟

لە ماوەی ئەو سێ ساڵ و نیوەی ئەحمەد دۆست و دراوسێمان بوو، زۆر جار بە هۆی جۆراوجۆرەوە داوای لێکردبووم تا دەربارەی چیکۆسلۆڤاکیا و ڕووداوەکانی ئەوێ قسەی بۆ بکەم. نزیکەی حەفتەیەک پاش ئەوەی ئاپارتمانە دیوار بە دیوارەکەی خۆمان دا بە کرێ بە ئەحمەد، ئەمین بانگهێشتنی کرد بۆماڵی خۆمان. هەمان ئەو شەوە بوو کە هەم من و هەم ئەمین بۆمان دەرکەوت ئەو لایەنگری سووسیالیستەکانە؛ ئەو لایەنگرییەی کە هەتا پەرەگرتنی خەباتی خەڵک دژی شا بە نهێنی ڕاگیرا. سەرەڕای ئەمەش من لەو کاتەوە شووم

ـ١١ ئەڤان: volition, will ناو ویست، بڕیار، لێبڕان ⇦ ئێتیمۆلۆژی: [ئە + ڤان] (ئە) بە واتای من و (ڤان) بە واتای ویست و نیازکردن، واتە ویست و خواستی مرۆڤ، ئەڤان ویستە و ئەڤین کەڵکەڵەی ویستن و گەرەکبوونە، خۆش+ویستنە ع ارادة N vilje د اراده ⇦ بە بێئەڤان: ناوی لێکدراو ناخودئاگا ⇦ بێئەڤان: ئاوەڵناو بێئیرادە.

کردبوو بە ئەمین و، بەتایبەت پاش چوونم بۆ ئێران، هەمیشە لە گێڕانەوەی کێشەکانی وڵاتەکەم، خۆم و بنەماڵەکەم ــکە لە کۆتایی‌دا ئەبوو بە هۆی گێڕانەوەی بیروڕای ڕامیاری خۆم و یانەسا ــ هەڵئەهاتم و خۆم ئەپاراست. ئەمین پێی وتبووم «جگە لە ژمارەیەک ئورووپا دیتوو کە بە گەنجێتی ڕائەکێشرێن بۆ لای مارکسیستەکان، زۆربەی ئێرانیەکان ڕقیان لە چەپەکانە و زۆر هەستیارن بەرامبەر بەو کەسانەی بۆچوونی چەپیان هەبێت. ئەم هەستیارییە لەلای خودی ئەمینیش هەبوو. ئەو هەمیشە بەبێ ئەوەی تووڕە ببێ، باسی خەباتی خەڵکی ئێران بۆ خۆماڵی کردنی پەترۆڵی ئەکرد، لە سەردەمی دکتۆر موسەدیق‌دا و بە ئاماژەکردن بە دوخمانی توودەییەکان ــئەو ناوەی کە لە ئێران بۆ حیزبی کومۆنیستی سەر بە سۆڤیەت بەکار ئەبرا ــ هەوڵی ئەدا هەر چەشنە بۆچوونێکی سووسیالیستی ڕەت بکاتەوە. هەمیشەش جەختی لە سەر ئەوە ئەکرد کە «من کارم بەوە نییە ئەم تیۆرییە لە وڵاتی تردا چی کردووە و چی ئەکات، بەڵام بۆ ئێران بە مسۆگەری بە مەرگهێنەر و نابووتکەری ئەزانم.» من ڕاهاتبووم هیچکات لە مشتومڕی ڕامیاری‌دا بەشداریی نەکەم. کۆڵم دابوو کە وەکوو هەڵاتوویەکی چیکۆسلۆڤاکیا ــکە بەرامبەر بوو بە هەڵاتوو لە سووسیالیزم ــ بمناسن. هەر جارەی یەکێک پرسیاری ئەوەی لێ ئەکردم کە خەڵکی چ وڵاتێکم، پێش ئەوەی من وەڵام بدەمەوە، ئەمین ئەیوت: «لووبا خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیایە. لەوێ هەڵاتووە!» پاش ڕۆیشتنی شا لە ئێران و چالاکی ئاشکرای چەپەکانیش بارودۆخی من نەگۆڕا. من بە ئاشکرا ئەمبینی کە زۆربەی توێژەکانی خوێندەوار، خوێندکار، تەنانەت فەرمانبەران و کرێکاران و خەڵکی ئاسایی ڕێزێکی زۆریان بۆ چەپە سەربەخۆکان هەیە. تەنانەت ئەوانەش کە دژی ڕژیمێکی چەپ بوون لە ئێران‌دا، بە وشەی ئەمەگدارانە باسی لەخۆبردویی ئەوانیان لە پێناوی ئازادی‌دا ئەکرد. بەڵام، بەرامبەر بەوە، ڕق و تووڕەیی ئەمین و دۆستانی هاوبیری ئەو، وەکوو دکتۆر جەهانگیر و دکتۆر دەوڵەتیان، سەبارەت بە چەپەکان ئاشکراتر ببوو، من حەزم

نەئەکرد دژی ببمەوە. زۆر جار کاتێکە ئەمین و دۆستانی لە لایەکەوە و نێرگز و سەعید و عەبە و ئەحمەد لە لایەکی ترەوە لە سەر ئەم جۆرە بابەتانە مشتومڕیان ئەکرد، من وام بە باش ئەزانی بێدەنگ بم. هەندێ جاریش بە بیانوویەک دانیشتنەکەم بەجێ ئەهێشت. لەو ناوەدا تەنها سەعید ئەیزانی من لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەمین‌دا نیم. بەڵام وا دیار بوو ئەویش لەوە گەیشتبوو کە من نامەوێ خۆم تێکەڵی بابەتە ڕامیارییەکان بکەم. لە ڕاستی‌دا، جگە لە مانگەکانی سەرەتای چوونم بۆ ئینگلیز، کە چەندین و چەند کاتژمێر دەربارەی چالاکی و بۆچوونە ڕامیارییەکانی خۆم قسەم بۆ سەعید ئەکرد، لەوە بەدوا ئیتر هیچ قسەیەکم لەم بارەیەوە نەکردبوو.

ـ نەء، باوکم دژی کومۆنیستەکان نەبوو. بەڵام دژی ڕژیمی دەسکەلای سۆڤیەت بوو. ئەو چەندین ساڵ پێش بە دەسەڵات گەیشتنی دوبچێک چالاکی هەبوو.

ئەحمەد، بەو چاوە خۆڵەمێشیەیەوە، کە سەرسووڕمان تۆختری کردبوو، چاوی بڕییە من و وتی:

ـ تۆیش لایەنگری بۆچوونەکانی دوبچێک بووی؟

پەرداخێکی ترم بۆ خۆم تێکرد. پاش چەندین ساڵ هەستم ئەکرد مەستم کردووە. سەرەڕای ئەوەش وردە وردە لەو قسانەی کە کردبووم ژێوان ئەبوومەوە. جگەرەیەکی ترم هەڵگرت و ئەحمەد، ئاگری دا و دیار بوو چاوەڕێی وەڵامە. پێش ئەوەی جگەرەکە داگیرێت، وەکوو ئەرێ سەرم ڕاوەشاند و وتم:

ـ بەڵام ساڵەها لەو ڕۆژانە تێپەڕیوە. ئەوسا کە من هەڵاتم، تەمەنم تەنها نۆزدە ساڵ بوو. پاش ئەوە زۆر شت ڕووی داوە کە من هیچ ئاگایەکم لێی نییە. حەز ناکەم ئاگام لێ بێ.

درۆم ئەکرد. هێشتاش هەموو هەواڵێکی نیشتمانەکەم ئەیتوانی ڕامژەنێ و بم هەژێنێ. سەرەڕای ئەوەش نەم ئەزانی ئەو وتووێژەی کە خۆم دەستم پیکردووە، چۆن کۆتایی پێ بهێنم. خۆشبەختانە پێش

ئەوەی ئەحمەد قسە بکات، دەنگی زەنگی دەرگاکە بەرز بوویەوە. ئەو لە بیستنی زەنگەکە شادمان نەبوو؛ هەرچەند پێش ئەم وتووێژە ـــ سات بە ساتی ئەو ماوەی کە لێرە بوو، ئەو ساتانەی لەگەڵ بەردیا و بارام یاری ئەکرد، ئەو ساتانەی لە ژوورەکەدا پیاسەی ئەکرد و، ئەو کاتەی کە عارەقەکەی ئەخواردەوە ـــ بەردەوام سەیری کاتژمێرەکەی ئەکرد و من باش ئەمزانی چاوەڕوانی گەڕانەوەی نێرگز و گوێڕایەڵی زەنگی دەرگاکەیە. سەرەڕای ئەمەش لەو کاتەدا زەنگی دەرگاکە دای نەچڵەکاند. زۆر بە خاوی هەڵسا و، هەروا کە بەرەو ئایفۆنەکە ئەچوو، وتی:

ــ من هەمیشە حەزم کردووە لە سەر دوبچێک و بۆچوونەکانی دەربارەی سووسیالیزم بزانم. پێم خۆشە کاتێکی تر لەمبارەیەوە زۆر شتت لێ بپرسم.

نێرگز و سەعید بەدەم قسە کردنەوە هاتنە ژوورەوە. بە بینینی نێرگز بۆم دەرکەوت ئەبێ شتێک ڕووی دابێ. ئەمەم لە ڕوویی ئەو دوو هێڵە لارەوە زانی کە لە قەراخ پەڕەکانی لووتیەوە هەتا سووچی لێوی ڕاکشابوو؛ ئەو دوو هێڵە لارەی کە هەموو کاتێک بە منیان ئەوت نێرگز لە چ دارەتێک دایە. کاتێکە شادمان بوو ئەم دوو هێڵە ون ئەبوو و پەڕەکانی لووتە خۆش فۆرمەکەی زیاتر ئاشکرا ئەبوو و، کاتێکە غەمگین بوو هێڵەکان دەرئەکەوتن. بەڵام تا ئەو ڕۆژە نەم بینیبوو ئەو هێڵانە ئەوەندە بە قووڵا چووبن.

نێرگز دەرفەتی پێنەدام لەوە زیاتر بیر بکەمەوە. هێشتا دانەنیشتبوو وتی توانیویانە ناوی چەند پزیشک بدۆزنەوە کە لەگەڵ ئەمین پەیوەندییان هەبووە و نەخۆشیان بۆ ناردووە. بڕیار درا سەعید بڕوات و لەگەڵ یەکە یەکەی ئەوانە قسە بکات. ماوەیەک هەموومان بێدەنگ بووین. نێرگز وەکوو شتێکی هاتبێتەوە بیر و بیەوێ بە جۆرێک ئەو بێدەنگیە بشکێنێ، هەڵسا و لە جانتاکەی سێ نامەی دەرهێنا و لە سەر مێزەکە

داینا:

ـ ئەم نامانە لە پشت دەرگای نۆرینگە کەوتبوو.

سەیرێکی نامەکانم کرد. دوو نامە لە ئینگلیز و نامەیەکیش لە فەڕانسەوە و هەر سێکیان بۆ ئەمین نێردرابوون. نامەکانم لە لایەکەوە دانا و وتم:

ـ پرسگری تەلەفۆنەکەی ئەمڕۆ چی بوو؟

نێرگز سەری ڕاوەشاند و داوای چای لێکردم و؛ کاتێکە من پشتم لەوان بوو و خەریکی چا لێنان بووم بە دەنگێک کە لە دەنگی ئاسایی ئەو نەئەچوو، وتی:

ـ نەم ئەتوانی لەلای دایکم بیڵێم. ئەو کابرایەی کە ئەمڕۆ تەلەفۆنی کرد ئەیوت بە چاوی خۆی دیوێتی کاتژمێری دوانزە و نیوی ڕۆژی هەینی پاسدارەکان ئەمینیان گرتووە. ناونیشانەکانیشی هەمووی ڕاست بوون.

دەستم لەرزا. نەم ئەزانی کاتێکە ڕوویان تێ ئەکەم ڕوومەتم ئەبێ چ بیچمێک بنوێنێ. ئەلکول دەسەڵاتێکی زۆری بۆ نەهێشتبوومەوە، بیستم ئەحمەد وتی:

ـ نیشانەی وەکوو چی؟

ـ بۆ وێنە ئەوەی کە ئەمین چی لەبەردا بووە، لە کوێ سودابەی دابەزاند، یان سودابە چی لەبەردا بوو و، لەم بابەتانە...

رووم تێکردن و لە کاتێکا سینی فنجانەکانم لە سەر مێزەکە دائەنا وتم:

ـ ئایە نابێ هەموو ئەو شتانەی دیبێ کە ڕاستن، بەڵام بە درۆ وتبێتی پاسدارەکان ئەمینیان گرتووە؟

ـ ئەحمەد وەکوو منداڵێک سەری ڕاوەشاند:

ـ وایە. زۆر ڕاستە.

دیسانەوە بێدەنگی خۆی سەپاند. بێدەنگی سەعید و نێرگز زۆر بە توندی نیگەرانی کردم. بیرم کردەوە ڕەنگە بەڵگەی تریان بۆ گرتنی

ئەمین هەبووبێ. بە وردی سەیرم کردن. سەعید سەری داخستبوو و پەنجەی بەسەر هێڵی مێزەکەدا ئەهێنا. نێرگز ڕووی وەرگێڕا و شانی ڕاوەشاند و وتی:

ـ نازانم، ڕاستەکەی مێشکم ئیتر کار ناکات.

ئەمە یەکەمجار بوو ڕستەیەکی وەها لە نێرگز ببیسم. قەت نەم دیبوو بەو جۆرە نائومێدانە قسە بکات. نزیکەی پێنج مانگ پاشتر بەو شتەم زانی کە بەسەر نێرگز، یان لە ڕاستیدا بەسەر من هاتبوو. من هەرگیز ئەوانم نەبەخشی بەرامبەر بەو پێنج مانگەی ڕاستییان لێ شاردبوومەوە. بەڵام هەگیز نەشم زانی ئەگەر هەمان کات هەموو شتیان بۆ بگێڕایەتمەوە، چیم ئەکرد.

بێدەنگی کە هەموو جارێک قورستر خۆی دائەسەپاند، لە کۆتاییدا دانیشتنەکەی شکاند. ئەحمەد و سەعید هەڵسان، چونکە نێرگز وتبوی سەری ژان ئەکا و خەوی دێ و ئەیەوێ لەلای من بمێنێتەوە و زووتر بخەوێ.

ئەحمەد و سەعیدم هەتا بەردەرگا ڕەوانە کرد. ئەحمەد دەرگای ئاپارتمانەکەی خۆی کردەوە، «شەوباش»ی وت و دەرگاکەی بەست. بەڵام سەعید لەوێ وەستابوو. ئەتوت حەز ناکا بڕوات. بە نیگەرانیەوە سەیری منی ئەکرد. پاشان دەستی گرتم و وتی:

ـ لووبا، خۆت ئازار مەدە. هەموو شت چاک ئەبێت...

سەرم ڕاوەشاند و ئەو دەستی بەردام و بە نابەدڵییەوە بەرەو پلیکانەکان چوو. چەند مانگ بوو کاتی ڕۆیشتن بۆ ماڵی خۆیان بەمجۆرە ئەم بینی. جارێکیان بە من و ئەمینی وتبوو: «ڕوخساری ساردی مەگی لە چوونەوە بۆ ماڵەوە بێزارم ئەکات.» گۆڕانی ڕواڵەتی مارگریتیشم بینیبوو. ساڵێک ئەبوو کە هاتبوون بۆ ئێران و، پاش مانگێک مانەوە لە تاران ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەژارەمەندتر ئەبوو و ئەژاکا. ئیتر ئەو ژنە گورجوگۆڵ و بە قسەیە نەبوو کە لە ئینگلیز ئەمناسی. بە ڕۆژ لە ماڵەوە ئەمایەوە و خۆی لەگەڵ کچەکەیان لیلی، ئەخلافاند.

زۆر کەم لە ماڵ دەرئەکەوت. زۆر کەم ئەچوو بۆ میوانی و، هەر جارەش کە سەعید میوانێکی بانگ ئەکرد بۆ ماڵی خۆیان، مارگریت لە پاش شێو و هەندێجاریش پێش نانخواردن داوای لێبوردنی ئەکرد و ئەچوو بۆ ژوورەکەی خۆی. جارێکیان بە بەرچاوی من و ئەمینەوە بە سەعیدی وت نابێ لەوە زیاتر چاوەڕوانیت لە من هەبێ؛ ئەوەندەی هاتووم بۆ ئێران واتای ئەوەیە لە خۆم بوردووم و، سەعیدیش ئەو مەرجەی هێنایەوە بیری کە پێش زەماوەند کردن لەگەڵی دابنابوو: «ئەگەر ئەتەوێ شوو بە من بکەی ئەبێ ئەوە بزانی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگەڕێمەوە بۆ ئێران. مانگێک، ساڵێک، ڕەنگە دە ساڵ پاشتر... بەڵام ژیانی داهاتووی من مسۆگەر لە ئێران ئەبێت. چوار ساڵ پاش ئەو ڕێکەوتنە، لە یەکەم دەرفەتی ئازادبوونی خوێندکارە ڕامیارییەکان بۆ گەڕانەوەیان، سەعیدیش گەڕایەوە بۆ تاران. ناڕەزایی خەڵک لە دیکتاتۆری شا، کە وردە وردە ببوو بە تەقینەوەیەکی گەورە، ئەمریکای ترساندبوو؛ کارتر هاتبوو بۆ ئێران و شای خستبوویە ژێر گوشارەوە هەندێ ئازادی بە خەڵک بدات؛ ئەوەش یەکێک لەو ئازادییانە بوو. دوو مانگ پاش گەڕانەوەی سەعید بۆ ئێران، مارگریت و کچە دوو ساڵەکەشیان هاتن بۆ لای. بەڵام مارگریت هەمان ڕۆژی هاتنی بۆ تاران بە دەم پێکەنینەوە وتی کاتێکە زەماوەندیان ئەکرد، هەرگیز باوەڕی نەئەکرد کە سەعید پاش ئەو هەموو چالاکیەی دژی شا کردوویەتی، بتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەو ماڵەی کە سەعید بۆ ژیانی خۆیانی ئامادە کردبوو، خانوویەکی خۆش بوو، لای مەیدانی وەنەک، ناوچەیەک لە باکووری شاری تاران کە پارەی پەترۆڵ لە چەند ساڵی پێش شوۆڕشدا کردبووی بە گەڕەکێکی دەوڵەمەند نشین. سەعید کە لە لەندەن ئارشیتێکتێکی سەرکەوتوو بوو، دەسبەجێ پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لە کومپانیایەکی گەورەی خانووبەرە دامەزرا و داهاتی لە تێکڕای داهاتی خۆی و مارگریت، لە لەندەن زیاتر بوو.

ئەوان لە کۆبوونەوەی نێونەتەوەیی ترۆتسکیستەکان پێکەوە ئاشنا

ببوون. هەردووکیان لە زۆر بەرنامەی ئەم کۆمەڵەیەدا بەشدارییان کردبوو و لە پەیوەند لەگەڵ کارەکانی کۆمەڵەدا سەردانی زۆر وڵاتی جۆراوجۆریان کردبوو. سەعید پێی وابوو مارگریت حەز ئەکا ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی شۆڕشی وڵاتێکی جیهانی سێیەمدا بەشداریی بکات؛ وڵاتێک کە ماڵ و نیشتمانی هاوسەرەکەیشی بوو. مارگریت لە مانگی یەکەمی هاتنی بۆ ئێران بەو جۆرە بیری ئەکردەوە. شان بە شانی سەعید بۆ هەموو شوێن ئەچوو و ئەیویست ئاگای لە هەموو شتێک هەبێ. نێرگز پەرتووکی جۆراوجۆری فێربوونی زمانی فارسی بۆ پەیدا کردبوو و ئەیویست لە فێربوونی زمانی فارسیدا یارمەتی بدات. من خۆم، هەرچەند لە ئینگلیز فێری فارسی ببووم، بەڵام دوو ساڵی سەرەتای هاتنم بۆ ئێران، تەنها بە یارمەتی نێرگز بوو کە توانیم لە زمانی فارسیدا دیپلۆم وەربگرم. مارگریتیش سەرەتا پێشنیازەکەی نێرگزی پێخۆش بوو. تەنانەت لە فێرگەیەکی دوو زمانە وەکوو مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرا و بڕیار وابوو لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە کارەکەی دەست پێ بکات. بەڵام لەپڕ هەموو بەرنامەکانی واز لێهێنا و لە ماڵەوە دانیشت. هەڵسوکەوتی وەکوو کەسێک وابوو مانی گرتبێ. من پێم وابوو، بەمکارەی خۆی ڕەنگە ئەیەوێ سەعید ناچار بکات لەگەڵی بگەڕێتەوە بۆ ئینگلیز. بەڵام ئەو هیچکات ڕاستەوخۆ داوای هیچ شتێکی لە سەعید نەکرد. مارگریت تەنانەت ناڕەزاییشی دەرنەئەبڕی. ئەو زۆر نەرم، بەڵام بە ڕاشکاوی هەموو ئەو کارانەی ڕەت ئەکردەوە کە نەی ئەویست ئەنجامیان بدات: «ببوورە خۆشەویستم، من وازم نییە بێم بۆ ماڵی دۆستەکەت، تۆ خۆت بچۆ.» «ببوورە ئازیزەکەم، من ماندووم و ناتوانم میوانداری میوانەکان بکەم.» «من حەز ئەکەم لە باخچە کار بکەم، تۆ ئەتوانی لیلی ببەی بۆ لای دایکت.»

سەعید هەستی ئەکرد سێبەرێک پەڵەی خستۆتە سەر شانیان و، هەر ئەم سێبەرە ئەوی لە چوونەوە بۆ ماڵەوە بێزار ئەکرد. هەستی ئەکرد مارگریت ژیانی ئێرانی پێخۆش نییە و تەنها لەبەر خۆشەویستی

ئەو، درێژە بەو ژیانە ئەدا. بەڵام هەر جارەی ئەم بابەتەی بە ئەو ئەوت، مارگرێت نەیاریی دەرئەبڕی و ئەیوت: «نەخێر، وانییە. من بە ژیانی ئێران ڕاهاتووم. ئەوەش ڕاستە کە لەبەر تۆ خۆم ڕاهێناوە. مەگەر ئەوە شتێکی خراپە؟» و سەعید نەی ئەزانی چی بکات!

سەعید لە پێچی پلیکانەکان تێپەڕی و ون بوو. دەرگاکەم داخست و، بەتاڵ لە هەموو هەست و بیرێک پشتم نا بە دەرگا داخراوەکەوە.

ئەو شەوە، بە یارمەتی ئەلکول بە خێرایی خەوم لێکەوت. نێرگز بەڵام، چەندین کاتژمێر لە سەر جێگاکەی تلایەوە. پاشتر زانیم کە ئەو، بێزار و تێکشکێنراو، بیر لەو ڕووداوە ئەکاتەوە کە ئێوارەی ئەو ڕۆژە ژیانی ئەوی بۆ جیهانێکی تازە پەلکێش کردبوو؛ جیهانێک کە سەرەڕای هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانی، ئەوی ئامادە ئەکرد تا لەگەڵ ئەو ڕەهاتەی[١٢] کە نزیک بوو ڕوو بدات، ئاسانتر ڕووبەڕوو ببێتەوە.

١٢ـ : event بوویەر ڕووداو، کارەسات، قەومان، مەرسەلا. ع حدث N begivenhet د حادثە، واقعە.



بەیانی زوو، کاتژمێری حەوت و نیوی ڕۆژی هەینی دەی ئاگوست زەنگی تەلەفۆنی سورەییا، هاوسەری عەبە، کە لە نزیکی ماڵی حاجیەوە ئەژیان، خەبەری کردینەوە، بەو هەواڵەوە کە ئەمینیان بە برینداری و بە بێهۆشی هێناوەتەوە بۆ ماڵی حاجی و وا باشترە بە زووترین کات خۆمان بگەیەنینە ئەوێ.

دەنگی سورەییا شادمانی تیا نەبوو. بەڵام من لە شادیا هاوارم کرد. ئەمین زیندوو بوو، مۆتەکەی شەوەزەنگ کۆتایی پێهاتبوو و هەموو شتێک ئەگەڕایەوە سەر دۆخی ڕابوردوو. بە هەڵاتن خۆم گەیاندە ئاپارتمانەکەی ئەحمەد، بە زەنگێکی درێژ و بەردەوام لە خەو ڕام پەڕاند و داوام لێکرد بێت بۆ ماڵی ئێمە و تا فاتمە خانم ئەگات، ئەو ئاگای لە منداڵەکان بێ. پاشان لەگەڵ نێرگز چووم بۆ ماڵی خەزوورم. بە درێژایی ڕێگە، نێرگز بێدەنگ بوو و قسەی نەکرد.

پێش ئەوەی لە ئۆتۆمۆبیلەکە دابەزین، گوێمان لە دەنگی کەسێک بوو کە بە سۆزەوە قورئانی ئەخوێند و ئاوازە دڵشکێنەکەی لە دەرگا نیوە بەتاکەکانی ماڵی حاجیەوە ئەڕژایە دەرەوە و، کاتژمێری هەشتی بەیانی ڕۆژی هەینی قورستر و پەراراویتر ئەکرد. ماڵەکە لەو کاتەی سەرلەبەیانیدا قەرەباڵغ بوو و لەو ماڵانە ئەچوو کە پرسەی تیایە و زۆر جار لە ئێران بینیبووم. چەند پیاو و ژنی چارشێو بەسەر لە داڵانەکەدا

وەستابوون و بە ئەسپایی قسەیان ئەکرد. دەرگای نێوان داڵان و دیوەخان، کە ژمارەیەک پیاو لە سەر موبل و کورسیەکان دانیشتبوون، کراوە بوو و دەنگی قورئانخوێن لەوێوە ئەهات. لە ناو پیاوەکاندا چاوم بە خەزوورم کەوت کە بە سەری داچەماوەوە دانیشتبوو و دەسرێکی سپی لە ناو دەستیا ئەدرەوشایەوە. بەبێ ئەوەی بزانم چی ڕووی داوە کە ئەو سەرە هەمیشە سەربەرزە، ئاوا دانەویوە، ئەو بیرەم بە مێشکدا هات: «ئەی ئەمین لە کوێیە؟»

کاتژمێری سێ و نیوی بەیانی هەمان ڕۆژ، حاجی پاش چەندین کاتژمێر بێخەوی و هەوڵدان، سەری لە سەر سەرینەکەی هەڵگرتبوو و لە سەر جێگەکەی دانیشتبوو. ئەو کاتە بوو کە خەڵکی ماڵ بۆ نان خواردنی پێش ڕۆژوو، کە پێی ئەوترێ «پارشێو»[١٣] لە خەو هەڵئەسان. جگە لە مانگی ڕەمەزانیش حاجی هەمیشە چوار و نیوی سەرلەبەیانی لەخەو هەڵئەسا، ڕاست پێش ئەوەی دەنگی بانگ لە مزگەوتی «محەمەد»، کە دوو کۆڵان لە ماڵەکەی ئەوان دوور بوو، بەرز بێتەوە و خەڵکی بانگ بکات بۆ نوێژی بەیانی. ئەتوت لە کاتی نوێژی بەیانیدا زەنگی کاتژمێرێکی نەبینراو لە قووڵایی خەو خەبەری ئەکردەوە. عیسمەت خانم هەمیشە ئەیوت: «نەبووە ڕۆژێکیش نوێژی دوابکەوێ. زستان و هاوین، ڕاست کاتی نوێژی بەیانی، وەک بڵێی یەکێک بانگی بکات، هەڵئەسێ و لە سەر جێگاکەی دائەنیشێ.» حاجی دائەنیشت و چاوەڕوانی دەنگی بانگی ئەکرد و پاشان بە ئارامی و بە میهرەوە عیسمەت خانمی لەخەو هەڵئەساند: «عیسمەت خانم... عیسمەت. هەستە، هەستە گیانم، هەستە. کاتی نوێژە.» و عیسمەت خانم، تەنانەت ئەگەر بە ڕێکەوت پێش ئەویش لە خەو هەڵسایەت، ئەوەندە چاوەڕێی ئەکرد، هەتا حاجی خەبەری ببێتەوە و بانگی بکات.

---

١٣ـ پارشێو: predawn meal [E]ژەم[E] [ناو] خواردنی بەر لە کازیوە. [ع] سحري، وجبة ما قبل الفجر [N] måltid før daggry [د] سحری، وعده قبل از سحر.

ئەیوت: «حەز ئەکەم حاجی خەبەرم کاتەوە...» بەڵام ئەو ڕۆژە حاجی دڵی نەهاتبوو عیسمەت خانم ەئاگا بهێنێت. ئەیزانی ئەویش تا بەیانی لەگەڵ بیر و ئەندێشەدا تلاوەتەوە و خەو نەچووەتە چاوی. لەو یەک حەفتەیەدا شەوێک نەبوو زیاتر لە یەک دوو کاتژمێر خەوتبێتن. ونبوونی ئەمین ژیانی تێک دابوون بە مل یەکا.

چلوچوار ساڵ، ژیانێکی ئارام و بێهەرایان هەبوو. تەنانەت مردنی سێ کۆرپەیان بە لەدایکبوونی ئەمین و ئەوینی ئەوەوە زۆر زوو لەبیر کردبوو. پانزە ساڵ دووری ئەمینیش ئەم ئارامییەی تێک نەدابوو. دڵیان بۆی تەنگ ببوو، بەڵام دڵیان ئاسوودە بوو. هەرکات عیسمەت خانم بە هۆی دڵتەنگیەوە فرمێسکێکی ڕژاندبوو، حاجی دڵی دابوویەوە و وتبووی: «بۆچی ئەگری ژن؟ کوڕەکەمان ساخ و تەندروستە و خەریکە ئەخوێنێ. هەر ئەگەڕێتەوە.» و هەر جارە کە عیسمەت خانم زیاتر گڕووی ئەگرت، حاجی بەڵێنی گەشتی دەرەوەی پێ ئەدا، عیسمەت خانم ئارام ئەبوو، هەرچەند ئەشیزانی بۆ ئەو گەشتە ناچێ. جگە لە سەرەتای زەماوەند کردن و ساڵانی منالی ئەمین، کە دوو سێ جار لەگەڵ حاجی چووبوو بۆ ئورووپا، لەوە و پاش هیچ تامەزرۆیی[١٤] بۆ ڕۆیشتنی ئورووپا پیشان نەدابوو. حاجیش زۆر سوور نەبوو لە سەر ڕۆیشتن. زیاتر ئەچوون بۆ گەشتی ئایینی و بۆ بینین و زیارەتی شوێنە پیرۆزەکان؛ وەکوو جێبەجێکردنی ئەرکی ئایینی و یان بە وتەی سەعید، بۆ بەدەسهێنانی ڕێز و ناوبانگی زیاتر لە ناو بازرگانەکانی تردا. لە ڕاستیدا، لە بازاڕی تاران ــ کە ناوەندی چڕبوونەوەی زۆربەی بازرگانیە نەریت باوەکانی ئێرانە ــ کەم بازرگان هەیە بە بێ‌ڕۆیشتن بۆ مەککە و یان ئەو زیارەتگایانەی تر لە عیراق و سووریە پەڕاگەندەن، بتوانێ نرخ و متمانە بەدەست بهێنێ.

حاجی ئەو ڕۆژەش، وەکوو ڕۆژەکانی تر، چوو بەرەو دالان و

---

١٤ ـ تامەزرۆیی: Desire, thirst ئاوەڵناو تاسوخ، حەزی دیدار و ئارەزووی فراوان، کەڵکەڵە، دڵبژۆکی، عەزرەت، گیرۆدەیی، هەستی سۆز و خۆشەویستی ع رغبة د اشتیاق.

چراکەی هەڵکرد. وەکوو هەمیشە ئارام ئارام لە داڵان تێپەڕی و چووە ناو هۆڵەکە و چرای ئەوێشی هەڵکرد. داڵان، لەبەر تیشکی ئاوێزە چلچراکەدا هەمیشە درەوشانەوەیەکی زیاتری هەبوو و تیشکدانەوەی ڕووناکی لە سەر قاپ و قاچاخی زیوینی ناو دۆڵاب و وەنەدییە شووشەکان چاوی بە شەوارە ئەخست. جگە لە میوەخۆرییەک و دوو شەمدان و سینیەک کە جیازی عیسمەت خانم بوون، هەموو دەفر و ئامان و کەلوپەلی ڕازاندنەوە لە ماوەی ساڵانی ژیانی هاوبەش‌دا کڕدرابوون و؛ هێشتاش تامەزرۆیی عیسمەت خانم بۆ کڕینی کەرەسەی زیوین لەبن نەئەهات. حاجی، وەک هەمیشە، بە بەردەم شمەکە زیوینە هەمیشە زیندانی کراوەکان‌دا تێپەڕی و دەرگای گەرماوەکەی کردەوە. بەڵام هێشتا نەچووبووە ژوورەوە کە دەنگی زەنگی دەرگای حەوشە ئەبیسێ: تەک زەنگێکی کورت. بیری کردەوە ڕەنگە دەنگی سووڕانی دەرگاکە بوو لە سەر لاولاوەکە. سەرەڕای ئەمەش گەڕایەوە بۆ ناوداڵان و چوو بۆ کەوشکەنی پشت دەرگاکە. لە پشت شووشە بچووک و ڕەنگیەکانەوە، سێبەری یەکێک لەو دیو دەرگاکەوە ئەبینرا: «تۆ بڵێی کێ بێت ئەمکاتەی بەرەبەیان کاری پێمان هەبێت. دڵی داخورپا. پاشتر هەر جارەی باسی ئەو سەرلەبەیانیەی ئەکرد، ئەیوت: «بەبێ ئەوەی بزانم کێیە و کاری چییە، دڵم خەریک بوو ئەهاتە دەرەوە. ئەتوت ئەزانم چ نەگبەتیەک چاوەڕێم ئەکات.»

حاجی بە پەلە قفڵەکانی دەرگاکەی کردەوە؛ قفڵی یەکەم، قفڵی دووەم و، پاشان قفڵی سێیەم کە بە زنجیرێکەوە بەسترابوو. کەڵکەڵەی قفڵوبەستکردنی دەرگا و پەنجەرە لە سەرەتای گەنجێتیەوە لەگەڵی بوو. لە پشت دەرگاکە مجێوری مزگەوتی «محەمەد» وەستابوو و بە چاوی تۆقاو و داچەقاوەوە سەیری ئەکرد. حاجی ماوەیەک لێی مۆڕەوە ببوو. پیرەمێرد چاوەکانی داخستبوو و سڵاوی کردبوو.

ــ سەلاموعەلەیکوم مەش ئەکبەر، کارێکت هەبوو؟

پیرەمێرد لەبری وەڵامدانەوە دەستی گردتبوو بە بەر دەموچاویەوە

و سەری داخستبوو و شانەکانی کەوتبوونە لەرزین کە نیشانەی گریانێکی دژوار و بێدەنگ بوو. پاشتر سوێندی ئەخوارد کە جگە لە شەوانی پرسەداری مانگی محەڕڕەم، ئەو مانگەی کە داستانی کوژرانی ڕۆڵەکانی پێغەمبەری ئیسلام تیایدا ڕووی داوە و، ئێرانیەکان سەرانسەری ئەو مانگە عەزادارییی ئەکەن، هیچکەس گریانی ئەوێ هەتا ئەو ڕۆژە نەدیبوو.

ــ چی بووە مەش ئەکبەر؟ بۆ قسە ناکەی بابە گیان؟

لە نێوان دەستەکانی مەش ئەکبەرەوە دەنگێکی بیست، شتێک وەکوو «ئەمین ئاغە» یان «ئاغەم ئەمین». حاجی پاڵی دا بە دەرگاکەوە. هەستی کرد سەنگێکی قورسیان خستۆتە سەر شانی چەپی. سەنگەکە وەها گوشاری بۆ شان و سینگی ئەهێنا کە هەناسەی نەئەهاتە دەرەوە. مەش ئەکبەر ڕەنگە چاوەڕوانی بێدەنگی حاجی نەکردبوو. دەستەکانی لە سەر ڕوومەتی هەڵگرت و لە نێوان پێڵوەکانیەوە کە بۆ باراندنی فرمێسکێک هاتبوونەوە یەک، سەیری حاجی کرد. لە ڕوخساری سپیهەڵگەڕاوی حاجی ترسا. بە بێئاگان پێڵوەکانی کردەوە. لە کاتێکا بە پشتی دەستی فرمێسکەکانی ئەسڕییەوە، بن باڵی حاجی گرت و بردییە ناو داڵانەکە و لە هەمان کاتدا ناڵاندی:

ــ خوایە پەنامان بە تۆیە.

حاجی لە سەر موبلێک کە لە بەر پەنجەرەکەی ڕوو بە کۆڵان دانرابوو، دانا. بە دوای پەرداخی ئاودا گەڕا و نەیدۆزییەوە. چوو بۆ مووبەق و بە پەرداخێکی ئاوەوە گەڕایەوە. حاجی هەر بەو جۆرە بە ڕوخساری وەک گەچەوە لە سەر موبلەکە دانیشیبوو و سەیری ئەوی ئەکرد. پەرداخەکەی برد بۆ لێوی حاجی:

ــ بیخۆرەوە حاجیاغا، بیخۆرەوە!

حاجی نە پەرداخی وەرگرت و نە ئاوی خواردەوە. بە دەنگێک کە بە وشکی لە گەرووی هاتە دەرەوە وتی:

ــ بڵێ ئەمین چی بەسەر هاتووە؟

مەش ئەکبەر بە داماوی لە بەردەمی‌دا چۆکی دادا و دیسانەوە دەستی گرت بە ڕوومەتیەوە. نەی ئەتوانی بەرامبەر بە حاجی قسە بکات.

ــ خوا سەبرتان پێ بدا ئاغە... خوا سەبرتان پێ بدا.

ــ بڵێ چی بەسەر ئەمین هاتووە. قسە بکە پیرەمێرد، قسە بکە.

ــ خوا سەبرتان بدا ئاغە. ویستی خوا بووە. ئەمین ئاغە عومری خۆی دا بە ئێوە ئاغە. خوا بەندە باشەکانی زووتر ئەباتەوە...

روخساری گەچباوی حاجی بۆ ساتێک تێکچوو و لە نێوان چینەکانیەوە سوورییەکی توند دایە دەرەوە. ناڵەیەک لە گەرووی هاتە دەرەوە هەر وەکوو دەنگی ئەو بانگبێژەی هەموو بەیانیەک لە مزگەوتی «محەمەد»ەوە بەرز ئەبوویەوە: اللەاکبر... اللەاکبر.

مەش ئەکبەر خەریک بوو لە ژێر لێوەوە وتەکەی ئەوی دووپاتە ئەکردەوە کە دەنگی عیسمەت خانم لەوسەری دالانەکەوە هات. حاجی بانگ کرد. حاجی بە کزییەوە ڕوانییە مەش ئەکبەر. ئەتوت تازە بیری عیسمەت خانم کەوتۆتەوە. بە دەست دای بە ناوچاوی خۆی‌دا. مەش ئەکبەر هەڵسا و بەرەو ئەو دەرگایە چوو کە دالانەکەی ئەبەستەوە بە باخەکەوە. بیری کردبوویەوە ئەبێ بچێ بە دوای سدیقە خانم‌دا و داوای لێ بکا هەتا نێرگز خانم یان ژنەکانی تر، ئەگەر لە ماڵەوە بن، لە خەو هەڵسێنێ.

کاتێکە لەگەڵ سدیقە خانم، کە ئەیکێشا بە سەر و سینگی خۆی‌دا، گەڕایەوە قەڵافەتی زەلامی عیسمەت خانمی بینی لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا کەوتووە و حاجی، بە ملی داشۆڕاوەوە، دانەویبوویەوە و ئەیدا بە گۆنا و چاوە بەسراوەکانی ژنەکەی‌دا و لە بەر خۆیەوە هەندێ شتی ئەوت کە لە نزا و گازە ئەچوو، بەڵام مەش ئەکبەر لە واتاکەی تێ نەئەگەیشت.



نێرگز، بە دەنگێکی لەرزۆک، وەک قیژاندن، قیژاندی:

ـ ئەمین لە کوێیە؟

هیچکەس وەڵامی نەدایەوە. بەڵام ژنانی چارشێو بە سەر، بە پەلە بەرەو ڕووومان هاتن و نێرگز و منیان، کە گەیشتبووینە ناو داڵانەکە، برد بۆ ژووری میوان. دەرگا نیوە ئاوەڵە بوو. لە میوانخانە چەند ژنی ڕەشپۆش لە لای عیسمەت خانم و نەسرەت خانمی خوشکیەوە دانیشتبوون و لەگەڵ سەردۆلکە گێڕانی ئەوان ئەگریان. عیسمەت خانم بە بینینی من و نێرگز قیژەیەکی گورچووبڕی کرد و لە سەرخۆ چوو. لە سەرلەبەیانی کاتژمێری چوارەوە کە لە حاجی بیستبوو: «خوا تابشتمان بداتێ، کوڕەکەمان لە دەس چوو.» ئەمە جاری سێیەم بوو لەسەر خۆی ئەچوو ئەبوو. لەپڕ دەنگی شیوەنی ژنانی ڕەشپۆش بەرز بوویەوە. نێرگز هەر لەوێ لەبەر دەرگای ژوورەکەدا چۆکی دادا. ماوەیەک سەیری ڕوخساری دایکی کرد کە ئەتوت لە سەر ڕانی خوشکەکەی خەوی لێکەوتووە و پاشان وەکوو لقە دارێکی وشک و پووکاو، کە ئەشکێ، بەر بوویەوە سەر عەرزەکە.

لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە کە سورەییا تەلەفۆنی کرد. دڵی پێی وتبوو ئەم تەلەفۆنە هەواڵێکی زیاتر لە بێهۆشی یان برینداربوونی ئەمینی تێدایە. ئەو وەکوو هەموو ئێرانیەکان واتای ئەمجۆرە ئاگادار کردنانەی

زۆر باش ئەزانی. بەڵام من باوەڕم بە قسەکانی سورەییا کردبوو. لە فەرهەنگی من‌دا واتای نییە هەواڵی مردنی یەکێک تۆزە تۆزە ڕابگەیەنن و، جگە لەوەش سورەییا بۆچی ئەبێ مردنی ئەمین لە من بشارێتەوە؟ لەو ساتەیش‌دا، سەرەڕای ئەوەی هەموو نیشانەکان پێیان ئەوتم کە ئەمین مردووە، دیسانەوە نەم ئەتوانی باوەڕ بکەم. سورەییا لە دۆخی دەروونیم گەیشت؛ قۆڵی گرتم و، لە کاتێکا هەوڵی ئەدا دام بنیشێنێ، بە ئارامی و بە ئینگلیزی لە بن گوێم وتی:

ـ زۆر بە داخەوە لووبا... عەبە وتبووی بە تەلەفۆن هەواڵەکەت پێ نەڵێم. ئەمین مردووە. بەداخەوەم.

هەستم بە ئازاری سووتانێکی توند کرد لە سەرم‌دا. ئەتوت شتێکی ناسک و ئاگراوییان لەمبەری تەوێڵمەوە کردبێ بە سەرم‌دا و لەو بەرەوە هاتبێتە دەرەوە. چاوەکانم بە هۆی زۆری ئێش و سووتانەوە سات بە سات زیاتر دائەچەقا. ئارەزووم ئەکرد بتوانم بۆ ساتێک بیان قونجێنم، بەڵام نەم ئەتوانی. بیبیلەکانم، بەبێ ئەوەی لە ژێر دەسەلاتی من‌دا بن، بە سەر عیسمەت خانم و کۆمەڵەی ژنانی دەم بە گریان‌دا ئەگەڕا. عیسمەت خانم هاتبوویەوە بە خۆیا و ڕووی کردبوویە من و بە بێبڕانەوە هاواری ئەکرد:

ـ بینیت لووبا گیان؟ بینیت ئەمینەکەمان لەدەس چوو؟ بینیت چۆن گوڵە ئازیزەکەمان هەڵوەرا؟

ژنەکانیش سەریان ڕائەوەشاند و ئەیان دا بە ڕانی خۆیان‌دا. جگە لە دوان سیانێک کەسیانم نەئەناسی. زۆربەیان پیرێژن بوون و چاوە زەقەکانیان لە نێوان ڕوخسارە چرچ و لۆچ و بێ.ڕەنگەکانیان و لە نێوان چارشێوە ڕەشەکانیانەوە، کە سەرتاپای داپۆشیبوون، بڕیبووە من. بەبێ ئەوەی چاو بترووکێنن، چاویان بڕیبووە هەموو ڕەفتارێکی و کردارێکی من. حەزیان نەئەکرد هیچ بزوتنێکی منیان لەدەس بچێ. بۆ گێڕانەوەی ئەو شتەی کە ئەیان بینی، پێویستیان بە هەموو وردەکارییەک بوو.

پاشتر، یەکێک لەو ژنانە بۆ کچەکەی، کە دۆستی سورەییا بوو، گێڕابوویەوە: «من هەرگیز نەمدیبوو، لە هەموو ژیانی خومدا نەمدیبوو. ئەم ژنە فەرەنگیانە زۆر سەیرن. نە ئەگریا و نە قسەی ئەکرد. ڕوخساری وەکوو مردوو سپی هەڵگەڕابوو. بەردەوام سەیری یەکە یەکەی ئێمەی ئەکرد. سەرەتا پێمان وابوو حەپەساوە و زمان و فرمێسکی قەتیس بووە. چوومە لایەوە دانیشتم و پێموت: «لووبا خانم بگری. گریان باشە، بگری.» ئەترسام ئەگەر فرمێسک نەڕژێنێ بدا لە دڵی و لە سەری: دڵی بتۆقێنێ یان شێتی بکات. بەڵام نەگریا و نەگریا! یەک کاتژمێر هەروا دانیشتبوو و زەق زەق سەیری ئێمەی ئەکرد. هەموومان ئەمینی بێچارەمان لەبیر بردبوویەوە و نیگەرانی ئەو بووین. نێرگز چووە لایەوە دانیشت. دەستی کردە ملی و گریا. عیسمەت خانم خۆی کرد بە قوربان و سەدەقەی، بەڵام ئەو بەس دانیشتبوو و سەیری هەموومانی ئەکرد. پاشانیش لەپڕ هەڵسا و چوو بۆ داڵان و وەک بڵێی هیچ ڕووی نەدابێ، بە پیاوەکانی وت: بمبەن تەرمی مێردەکەم ببینم!»

سەعید و سورەییا و عەبە بردمیان بۆ ژوورەکەی نێرگز کە لە ژوورەکانی تر دوور بوو و دەرگایەکی هەبوو بەرەو بانەکە ئەکرایەوە. ویستیان بۆینم بکەن لە بینینی ئەمین چاوپۆشی بکەم. وتیان: «لێرە باو نییە ژنان تەرمی مێردەکەیان ببینن.» درۆیان ئەکرد. نەیان ئەویست و پێشتر ڕێکەوتبوون نەهێڵن من تەرمەکەی ئەمین بەو شێوەیە ببینم؛ ئەو بیچم و شێوەیەی سەعید و عەبە چەن کاتژمێر پێشتر دیبوویان، ئەو کاتەی کە بە زۆری حاجی ئەویان بردبوو بۆ ئەو مزگەوتەی تەرمەکەی ئەمینی لێ بوو.

عەبە پێی وابوو پێویست ناکا حاجی کوڕەکەی ببینێ. بەو جۆرەی کە مەش ئەکبەر بۆی گێڕابوونەوە ــ لەو ماوەیەدا کە سەعید چووبوو هەتا پووری ببینێ، کە لە نێوان دوو سێ ژنی دراوسێدا دانیشتبوو و تازە لە زەبری بیستنی هەواڵی مەرگی ئەمین هاتبوویەوە بە خۆیا ــ

ئەیتوانی هەست بەوە بکا کە حاجی تاوی دیتنی تەرمی کوڕەکەی نابێ بەو بیچم و شێوەوە.

مەش ئەکبەر، بەیانی کوڕەکەی خەبەر کردبوویەوە تا خواردنی پارشێو ئامادە بکا. خۆیشی چووبوو دەرگای مزگەوت بکاتەوە و بەردەمەکەی ئاوپرژێن بکات و گسکی بدات. ماوەی بیست و یەکساڵ بوو، لەو ڕۆژەوە کە حاجی مزگەوتی «محەمەد»ی دروست کردبوو و ئەوی کردبوو بە مجێور، ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی بوو.

لە بەر ڕووناکی کزی سەر دەرگای مزگەوتەکەوە، کە ئەیدا لە شەقامەکە، یەکێکی بینیبوو لە بەر دەرگای مزگەوت خەوتووە. بیری کردبوویەوە هەژارێکە یان غەوارەیەکی تازە گەیشتووە. لەم غەوارانە زۆر ئەهاتن بۆ مزگەوت. حاجی، دوو ژووری تەرخان کردبوو بۆ ئەم جۆرە میوانانە. ئەوان ئەهاتن و تا ئەو کاتەی کار و جێگەیەکیان پەیدا ئەکرد، لەوێ ئەمانەوە. میوانی حاجی بوون یان بە وتەی حاجی میوانی خوا.

مەش ئەکبەر چووبووە سەر سەری کابرا و بانگی کردبوو و لەپڕ «بینیم ئەوە خۆ کوڕی حاجیە!» ئەمینی بە قەد و باڵای‌دا ناسیبووەوە، نە بە ڕوخساری‌دا. بە عەبەی وتبوو بە شێوەیەکی زۆر خراپ ئەمینیان کوشتووە. ئەوەندە خراپ کە ئەو نەیتوانیبوو سەیری دەموچاوی بکات.

حاجی ئامادە نەبوو لە دیتنی ئەمین چاو بپۆشێ. بە کۆمەڵ بردبوویان بۆ مزگەوت؛ بۆ ئەو ژوورەی کە تا ڕۆژبوونەوە مردووەکان بە شێوەی کاتی لەوێ دائەنێن. کوڕەکەی مەش ئەکبەر و دوو پۆلیس لە بەر دەرگای ژوورەکەدا وەستابوون. هەر سێکیان بە بینینی حاجی و هاوڕێکانی بەر دەرگایان بەردا. حاجی پێشتر لە هەموان چووە ژوورەوە و بە ئارامی و بە بێدەنگ چوو بۆ لای تەرمەکە، کە قوماشێکی خامی سپی درابوو بە سەریا. تیرێژێکی ناسک لە پەنجەرەکەوە هاتبوو و دابووی لە قوماشە سپیەکە. حاجی لە تەنیشت تەرمەکەوە چۆکی دادا

و بە ئەسپایی ڕووپۆشی سەر تەرمەکەی لادا. سەعید و عەبە بە سەر سەری حاجیەوە وەستابوون. سەعید بە بینینی ئەمین بە خۆی وتبوو: «ئەمە ئەمین نییە!» بەڵام ئەم بیرە تەنها ساتێکیش بەردەوام نەببوو: «ئەمینە.» ئەمین بوو بە ڕوخسارێکی هەڵاوساو و شین هەڵگەڕاوەوە، بە هەڵتۆقاوییەکی شینتر کە لە پشت چاوی چەپیەوە تا لای قژی، تەوێڵی داپۆشیبوو و، بە لووتێکی شکاو و لێوێکی هەڵدڕاوەوە کە خوێنێکی تازە وشکەوەبووی لێ ڕژابوو و چەناکە و ملی ئاڵ کردبوو.

سەعید ڕووی وەرگێڕا و عەبە کە چۆکی ئەلەرزا، بەرەو پەنجەرەکە چوو. ساتێک وەستا و پاشان گەڕایەوە بۆ لای حاجی. دانەوییەوە تا دەست بداتە بن باڵی و بەرزی بکاتەوە. ئەو فرمێسکەی لە سەرلەبەیانیەوە لە چاویا قەتیسمابوو، بە پەلە فیشقەی کرد و ڕژایە سەر شانی حاجی. حاجی بەبێ ئەوەی بەرگری بکات خۆی دا بە دەست عەبەوە. عەبە بەرزی کردەوە و هەتا بەر دەرگای هۆدەکە بردی. لەوێ مەجید، شوفێرەکەی حاجی ژێر باڵی گرت. بەڵام سەعید پاش ڕۆیشتنی حاجی لە لای ئەمینەوە چۆکی دادابوو و بە بێدەنگ ئەگریا. عەبە لە کاتێکا حاجی ئەبرد بۆ دەرەوە، ئاوڕی دایەوە و لە سەر شانیەوە سەیرێکی تری ئەمینی کرد. تیرێژەکە ڕاست دابووی لەو درزەی کە لێوی تا ژێر نەرمەی گوێی هەڵدڕیبوو. ئەمە دواین دیداری عەبە بوو لەگەڵ هەڤاڵی یاریکردنی منداڵی و دۆستی ساڵانی دوور و درێژی.

سەیری چاوە سوورەکانی عەبەم کرد؛ ئەو چاوە قەڵەو و ڕەشانەی کە ئەمین هەمیشە ئەیوت: «لە چاوەکانی گوێرەکەیەکی ڕەمیو ئەچێ!» وتم:

ــ هیچ باو و نەریتێک ناتوانێ ڕێگەی ئەوەم لێ بگرێ کە مێردەکەم ببینم!

ئەوسا بوو کە ئەو بەڵێنی دا، پاش شۆردنی تەرمەکە و، پێش

بە خاک سپاردن، پیشانی منی بدا. لە پاش ئەو بەڵێنە بوو کە ئارام بوومەوە و ویستم بزانم چۆن و لە کوێ مردووە؟

سورەییا بە ئارامی وتی:

ـ وا دیارە کوشتوویانە.

ـ کێ؟ پاسدارەکان؟

عەبە زووتر لە هاوسەرەکەی وەڵامی دایەوە:

ـ نەء. هەر ئێستە دادیاری شۆڕش و دوو کەس لە وەزیرەکان لە لای حاجی دانیشتوون. ئەڵێن ساواکییەکان ئەمینیان کوشتووە.

سەیری سەعیدم کرد کە شانی دابوو بە دیوارەکەوە و لە پەنجەرەوە سەیری باخەکەی ئەکرد و بیرم کردەوە فەرمانبەرانی ئاسایشی ڕژیمی ڕابوردوو چییان لە ئەمین داوە؟ هەر ئەمەشم پرسی:

ـ ئەوان چییان لە ئەمین داوە؟

دیسانەوە عەبە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەڵێن لە تۆڵەی ئەو یارمەتیانەی کە حاجی داویەتی بە شۆڕش. هەندێ شتی تریش هەبووە.

ـ پێم وایە ئەبێ لەگەڵ دادیار قسە بکەم.

ئێستەش نازانم ئەمویست چی بە دادیار بڵێم. بەس ئەوەندە ئەزانم ئەمویست لەوێ بڕۆم و لەگەڵ هەر کەس کە شتێک لە سەر مردنی ئەمین ئەزانێ قسە بکەم. لەو کاتەدا ڕەنگە ئاساییترین کارێک کە ئەبوا بیکەم، ئەوە بوو دابنیشم و بۆ ئەمین بگریم. بەڵام منێک کە لەو حەفتەیەدا چەندین و چەند جار بۆ شیمانەی مردنی ئەمین گریابووم، لەو کاتەدا گریانم نەئەهات. تەنانەت خەمباریش نەبووم. هەر هیچ هەستێکم نەبوو. وەکوو غەوارەیەک وابووم کە ئەیەوێ لە چۆنێتی مردنی بە بێهۆی کەسێک ئاگادار ببێت، خەریکە لەگەڵ کەسوکارەکەی لێکۆڵینەوە ئەکات. سورەییا پاشتر پێی وتم: «لەو کەسانە نەئەچووی کە حەپەسابێت. وەکوو یەکێکیش نەبووی کە خۆشەویستێکی لەدەست چووبێت. تەنانەت لە خۆشت نەئەچوویت. نیگات ئارام و بێهەست بوو

و ساردییەکی بێبەزەییانە لە ئاخاوتن و هەڵسوکەوتتدا بەرامبەر بە هەمووومان هەبوو.»

سورەییا داوای لە عەبە کرد هەتا جانتاکەی لە ژووری عیسمەت خانم بهێنێ و، داوای لە منیش کرد ساتێک ئارام بگرم و پاشان هەرچیم پێخۆشە، بیکەم. بۆ یەک سات هەستم کرد بە جۆرێک لەگەڵم ئەجووڵێتەوە کە لەگەڵ شێتێک. کاتێکە لە ئینگلیز بووین قسەکردنی ئەوم لەگەڵ یەکێک لە نەخۆشەکانی دیبوو. کوڕێکی گەنج کە پێی وابوو خوا قسەی لەگەڵ ئەکا و شتی وای پێ ئەڵێ کە زۆر گرنگە؛ بەڵام لە بەر ئەوەی نەی ئەزانی خوا چ کاتێک دێ بۆ لای و قسەی لەگەڵ ئەکات، ئامادە نەبوو بخەوێ. لە گومانی ئەوەی کە ڕەنگە شێت بووبێتم، ترسام. وتم:

ـ من زۆر باشم. لەگەڵ من وەکوو نەخۆشەکانت قسە مەکە.

پێکەنی و وتی:

ـ تۆ نەخۆش نیت. دارەتێکی زۆر سروشتیت هەیە. بۆچی ئەبێ وەکوو نەخۆشەکانم قسەت لەگەڵ بکەم؟

عەبە بە جانتاکەی سورەییاوە هاتە ژوورەوە. سەعید هات بۆ لام و دەستی خستە سەر شانم:

ـ تۆزێ بحەسێوە لووبا. پاشان دەربارەی هەموو شتێک قسە ئەکەین.



بەو جۆرەی کە لە سەر لێواری قەرەوێڵەکەی نێرگز دانیشتبووم، سەیرێکم کرد. تیشک دابووی لە ڕوخساری و لە وێنەی ئەو دراخما زێڕزنە ئەچوو کە سەردەمی هەخامەنشی لێدرابوون. وتم:

ـ ماندوو نیم. هیچ ماندوو نیم.

ئەویش بە گوشارێکی ئارام پاڵی

خستم، لە قەراخ قەرەوێڵەکە وەستا و سەیری کردم. پاشان سورەییا هات. سورەنگێکی بە دەستەوە بوو. بە منی وت:

ــ بۆ ئەوەی بخەوی لووبا.

پێم خۆش بوو. هەستم کرد حەز ئەکەم بخەوم. سورەییا دەستی گرتم، قۆڵی کراسەکەمی هەڵدایەوە و من دەسبەجێ هەستم بە چزووی دەرزییەکە کرد. پێش ئەوەی خەوم لێبکەوێ کەوتمە بیری بەردیا و بارام. ڕووم کردە سەعید کە ڕوخساری وەکوو دراخمایەکی گەورە بە بنمیچەکەوە لکابوو و پێموت:

ــ ئەمەوێ منداڵەکان ببینم.

ئەزانم سەعید چ وەڵامێکی دایەوە، بەڵام من نەمبیست.



بەرنامەی بە خاک سپاردنی ئەمین، ڕۆژی دوانزەی ئاگوستی زۆر بە شکۆ و ڕێزەوە بەڕێوە برا. بە دوای لێکۆڵینەوەی دادیاری شۆڕش کە خۆی ڕاستەوخۆ ئەنجامی دابوو و، پاش ئەوەی سەرلەبەیانی ڕۆژی پێشوو مەرسیدسەکەیان بە شەق و شڕی و لە کاتێکدا هەموو کەرەسە بە کەڵکەکانی لێکرابوویەوە، لە بیابانێکی نزیک یەکێک لە گەڕەکەکانی باکووری تاران بە ناوی ئێڤین دۆزییەوە. کومیەتەی شۆڕش، بە بەیاننامەیەکی فەرمی ئەمینی لە ڕیزی شەهیدەکاندا ناوبویر کرد و فەرمانی بە خاک سپاردنی فەرمی ئەوی نووسیبوو.

ئاڵای ئێرانیان دابوو بە سەر تەرمەکەی ئەمیندا. نیشانەی شێر و خۆر کە پێش شۆڕش لە بەشی سپی ئاڵای ئێراندا بوو، ئیتر نەئەبینرا. نیشانەکە لە ناوەڕاستی ئاڵاکە هەڵگیرابوو، بەڵام جێگرێکی بۆ دیاری نەکرابوو. وەزیرانی دەوڵەتی کاتی و کومیتەی شۆڕش و سەرکردەکانی پاسداران، بە سەبەتەی گوڵ و تاجە گوڵینەوە، هەتا گۆڕستانی ئێمامزادە عەبدوڵڵا، کە گۆڕستانی بنەماڵەی حاجی لێبوو، لەگەڵ تەرمەکەی ئەمین ڕۆیشتن. لە پێش هەموانەوە حاجی و بەردیا، شان بە شانی وەزیران و دادیاری شۆڕش ڕێیان ئەکرد. بەردیا، لەو جاکەت و پانتۆڵە ڕەشەی، کە نازانم کێ و کەی بۆی دابین کردبوو، لە پیاوێکی گەنج ئەچوو. کاتێکە لە ڕووبەڕوو بەردیام بینی حەپەسام. ئەتوت بە یەک شەو

دەساڵ گەورە بووە. خەریک بوو تاجە گوڵینەیەکی لە سەر خاکە تازەکەی سەر گڵکۆی ئەمین دائەنا. دوو پاسداری شۆڕش، بە ڕیشی تۆپی زەردەوە دوو لای تاجە گوڵینەکەیان گرتبوو.

لەو چل و هەشت کاتژمێرەدا یەک جار هاتبوو بۆ لای من. نیوەی ئەو چل و هەشت کاتژمێرە نووستبووم و نیوەکەی تری، هەندێجار لە ژوورەکەی نێرگز و هەندێجار لە لای نێرگز و عیسمەت خانم و لە نێوان ئاپۆرەی ئەو ژنانەی سات بە سات ژمارەیان زیادی ئەکرد، تێم پەڕاندبوو. سەرانسەری ئەو کاتانە ئارەزووم ئەکرد بتوانم لەو شوێنە هەڵێم. شیوەنی بە کۆمەڵی ژنان و قریشکەی مێشک پژێنی عیسمەت خانم و نەسرەت خانم و ناڵینە ناو بە ناوەکەی نێرگز وەکوو مۆتەکە وابوو و بۆ ساتێک نەئەپچڕا. بۆچی نا. تەنها کاتی بەربانگ ــکاتی ڕۆژوو شکاندنــ و کاتی شێو، کە چەن ژن ئەهاتن و بە پەلە سفرەیەکیان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕائەخست و هەموو جۆرە خواردنێکیان لە سەر دائەنا. ژنەکان بە پەلە و هەڵپەهەڵپ نانیان ئەخوارد و بە زۆر یان بە تکا چەند پاروویەکیشیان ئەکرد بە دەم عیسمەت خانم و خوشکەکەی و نێرگزەوە و دیسانەوە بە هەمان خێرایی سفرەیان کۆ ئەکردەوە تا دیسانەوە شیوەنی بە کۆمەڵیان وەکوو مووسقایەکی ناکۆک و گوێ پڕووکێن، دەست پێ بکەنەوە. لە تێکڕای ئەو کاتانەدا سەرنجەکان هەموو سەیری منیان ئەکرد، بەڵام ئیتر کەس کاری پێم نەبوو. بەو جل و سەرپۆشە ڕەشەوە کە کردبوویانە بەرم و دابوویان بە سەرمدا، دائەنیشتم و چاوەکانم کە بە هۆی فرمێسک و بێخەوییەوە قورس ببوو ئەبڕییە گوڵە سوور و سوورمەییەکانی قاڵییەکە و سەرەڕای ئەوەش قورسایی نیگا مۆڕ و پرسێنەرەکانم لە سەر پێستی خۆم هەست پێ ئەکرد.

مارگریت و سورەییا بە زۆری لە لای منەوە بوون. سورەییا وشیار بوو و زاڵ بوو بە سەر فەراگەردی خویدا، بەڵام مارگریت حەپەساو و تۆقاو و، هەندێجار سەیری منی ئەکرد و هەندێجار ئەیڕوانیە کۆمەڵەی

ژنان کە ئەگریان. کاتێکە ئەچووم بۆ ژوورەکەی نێرگز، ئەویش ئەهات بە دوامدا. لەوێ ئیتر حەپەساو نەبوو. ئەیتوانی بە زمانی خۆی لەگەڵ سورەییا قسە بکات. لەوێ پرسی کە نەریتی پرسەداریی ئێرانیەکان چۆنە و ئەم پرسەیە تا کەی و بە چ شێوەیەک درێژە پەیدا ئەکات. سورەییا، بە پێکەنینە میهرەبان و هەمیشەییەکەی و بەبێ ماندوێتی وەڵامی پرسیارەکانی ئەدایەوە و لە هەمان کاتدا ئاگای لە منیش بوو.

لە هەمان ژوور بوو کە بەردیا جارێک هات بۆ بینیبم. بە ڕەنگی پەڕیوەوە، بە ئارامی باوەشی پیاکردم و لە بن گوێمدا زەمزەمەی کرد: «دایە!» وەکوو شتێک ئەیویست قسەیەکی تریش بکات، بەڵام نەیکرد. پێشتر هەر کات لە دالانەوە تێ ئەپەڕیم، ئەمبینی لە ناو پیاوەکاندا دانیشتووە. بێدەنگ و ملبەکوێن. دڵشاد بووم کە ئەو کوڕە و ئەتوانێ لە لای پیاوەکان دابنیشێ. ئەو ژوورە شیوەن و هاواری لێ نەبوو. پیاوەکان بە ئارامی پێکەوە قسەیان ئەکرد. کاریان بە دەوروبەری خۆیان و تەنانەت بە قورئان خوێنیش نەبو، کە بە بێپسانەوە و ماندوو بوون قورئانی ئەخوێند و دەنگی لە بڵێنگۆکانەوە گەردی خەمی بە سەر هەموو ماڵکەدا بڵاو ئەکردەوە.

بارام، بەڵام زیاتر لە ناو باخەکە بوو. خەریکی هەڵات هەڵات و یاریکردن بوو لەگەڵ مناڵەکانی هاوتەمەنی خۆیدا. نە ئەچوو بۆ ژووری پیاوان و بە ئەهات بۆ هۆدەی ژنان. هەندێجار لە بەردەم ئەو ژوورەوە تێ ئەپەڕی کە من لەوێ بووم و، ئەگەر یەکێک بانگی بکردایە بوغزی ئەکرد و پاشەوپاش هەڵئەهات. جارێک کە بۆ بینینی چووم بۆ ناو باخەکە، خۆی هەڵاواسی بە ملمدا و وتی:

ــ دایە حەزم لە گریان نییە، مەگری.

ــ خۆ من ناگریم بە قوربان.

ــ حەزم لە گریان نییە.

ــ باشە گیانەکەم، ئا، ئەوا ناگریم.

ئینجا لەپڕ پرسیبووی؛

ــ باوکم ئیتر نایەتەوە؟
ــ نا کوڕم، نایەتەوە.
سدیقە خانم کە لەوێوە تێ ئەپەڕی، لێی زیاد کردبوو:
ــ باوکت چوو بۆ لای خوا. باوکت چوو بۆ ئاسمان!
ــ خوا دوورە؟ ئاسمان دوورە دایە؟
ــ ئەرێ گیانەکەم، زۆر دوورە.
ــ سەهەند وتی باوکم مردووە.
ــ ئەرێ گیانەکەم مردووە.
ــ مردوو خوایە؟
جارێکی تریش سدیقە خانم قسەکەی بۆ ڕاست کردبوویەوە:
ــ نا بە قوربانی چاوەکانت بم، مردووە باشەکان ئەچن بۆ لای خوا.



ڕەوتی پرسەداری ئەمین حەوت ڕۆژ درێژەی هەبوو. پاش ئەوە من گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆم. بۆ ئەو ماڵەی کە ئەمڕانی ئیتر ئەمینی تیا نابینم. سورەییا و نێرگز پێشنیازیان کردبوو لەگەڵم بێن. بەڵام من وام بە باش زانی تەنها بم. تەنانەت پێشوازیم لە داواکاریی منداڵەکان کرد کە پێیان خۆش بوو لە ماڵی باوەگەورەیان بمێننەوە. پێویستم بە بێدەنگی هەبوو. هەشت ڕۆژ دەنگی شیوەن و ڕۆڕۆی ژنان و دەنگی خەفەتباری قورئانخوێن، سەرمی لە دەنگێکی نەناسراو ئاخنیبوو. پێم وابوو میشکم بۆ هەمیشە توانای بیرکردنەوەی نەماوە.

لە ئارامی و بێدەنگی ماڵەوەدا، وردە وردە، ڕوخساری ئەمین، لە دواین دیداردا، لە مێشکمدا نەخش ئەبوو. ئەمینیان لە مردووشۆر خانە هێنابووە دەرەوە، لە تابووتێکدا کە سندوقێکی تەختەی سارد بوو، دایان نابوو. تابووتەکەیان بە قوماشێک، کە گوڵی زەڕبەفتی هەبوو و پێیان ئەوت تاق شاڵ، داپۆشیبوو. سەعید و سورەییا لە لای منەوە وەستابوون. تابووتەکەیان لە سەر سەکۆیەک لە دالانێکدا کە بەرەو گۆڕستان ئەکرایەوە، دانا. سەعید بە ئارامی تاق شاڵەکەی لادا. ئەمین لە کیسەیەکی سپیدا کە پێی ئەوترێ کفن خەوێنرابوو. کفن قوماشێکی خامی سپیە کە موسڵمانەکان لە مردووەکانیان بە ڕووتی ئەئاڵێنن و بە بێ تابووت، بە خاکیان ئەسپێرن. سەعید سووچێکی کفنەکەی ئەمینی

لادا و من ڕوخساری ئەمینم بینی، ڕوومەتی ئەمین نەبوو. لووتێکی هاڕدراو و لێوێکی هەڵدڕاو کە لە سەر پێستێکی سپی شین هەڵگەڕاو نەخش ببوو. وەکوو دەمامکێکی سپی کە بیخەنە سەر ڕوخسارێک کە تەنها لووتێکی شکاو و لێوێکی هەڵدڕاوی هەیە. من تەنانەت پێڵوە شینە داخراوەکان و تەوێڵە هەڵاوساوە ڕەشەکەشم نەبینی کە ئەوانی دی بینیبوویان.

لە سەر ئەو موبلە دانیشتم کە ئەو، هەموو شەوێک لە سەری دائەنیشت و یادەکانی ئەو، زیندوو و ڕووناک، پەردەی کێشا بە سەر هەموو ئەو شتا نەدا کە ڕۆژانی ڕابوردوو تێپەڕیبوو. ئەمین لە نێوان وێنەکەی ڕۆژی زەماندمان، بەرامبەرم لە سەر مێزی تەنیشت ئاباژۆرەکەوە سەیری ئەکردم. چاوە قەڵەوە ڕەشەکانی ئەدرەوشانەوە و لێوی، کە خەریک بوو وتەیەکی قاش ئەکرد، شێوەیەکی ماچکردنی هەبوو. دەستی نابووە سەر شانی من و منی لووبای چواردە ساڵ لەمەوبەر، سەرم خستبوویە سەر قۆڵی و تارایەکی تۆڕی گەورە و سپی، کە تەنها بۆ گرتنی ئەو وێنەیە دابووم بە سەرمدا ـــ بۆ ئەوەی ماڵی ئەمین وا بزانن ساڵێک پێشتر زەماوەندمان کردووە ـــ نیوەی شان و ملی داپۆشیبووم.

لە ناو ژوورەکەدا کەوتمە پیاسەکردن. لە هەر سووچێک‌دا نیشانەیەکی ئەمین ئەبینرا. سەرپاییەکانی هێشتا لە بەردەم چرپاکەدا دانرابوو و بیجامەکەی هەر وەکوو خۆی بە سەر دەسکی کورسی بەر چرپاکەوە بوو. دڵم نەهاتبوو یان نەموێرابوو هەڵیانگرم. جانتا چەرمە ڕەشەکە، کە ڕۆژی پێش ونبوونی ئەمین لە هەمار دەرم هێنابوو، تا بۆ گەشتی سێ ڕۆژەی خۆم و مناڵەکان بۆ باکووری ئێران ئامادەی بکەم، هێشتا لە بەردەم کەنتۆری جلەکان‌دا دانرابوو. نزیکەی هەشت ساڵ لەمەوبەر ئەم جانتایەمان کڕی. ئەمین کاتێکە پارەی جانتاکەی ئەدا وتی: «ئەمە سەرەتای مێژوویەکی نوێیە لە ژیانی ئێمەدا.» و لەوەوپاش هەندێجار بە گاڵتە ئەو جانتایەی بە «سەرەتای مێژوو»





ناو ئەبرد. وردە وردە ئەو ناوە بڕا بە سەر جانتا چەرمە ڕەشەکەدا: «سەرەتای مێژوو لەگەڵ خۆمان بەرین، سووکترە.» «سەرەتای مێژووم بۆ بێنە.»«جانتا سەوزەکە بەسە، پێویستمان بە سەرەتای مێژوو نییە.»... مسواکەکەی لە ناو قاپەکەیدا بوو و ڕیشتاشەکەی لە سەر مێزەکەی گەرماو دانرابوو. مێژووی شۆڕشی فەڕانسە، دواین پەرتووک کە بۆ خوێندنەوە بە دەستیەوە بوو، لە سەر کورسیە لەیلوکەکەی[١٥] دانرابوو. پەرتووکەکەم هەڵگرت. نیشانەیەکی چەرمین، کە وێنەی کاتژمێری «بیگ بن»ی لە سەر بوو، لە نێوان لاپەڕەکانی ١١٤ و ١١٥دا دانرابوو. پەرتووکەکەم لە سەر جێی خۆی دانایەوە. لە سەر مێزی کارەکەی چەند دانە پەرتووک بە ڕێکوپێکی دانرابوون و ئەو سێ نامە نەکراوەی نێرگز شەوی پێش مردنی ئەمین لە نۆرینگە هێنابووی، هیچی تری لێ نەبوو. نامەکانم کردەوە. یەکەم، نامەیەک بوو لە لایەن یەکێتی پزیشکانی لەندەنەوە، ئەمینیان بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرەنسێکدا بانگهێشتن کردبوو. بیرم کردەوە ئەبێ نامەیەکیان بۆ بنووسم و بڵێم ئیتر چاوەڕێی نەکەن. نامەکەی تر کارتێکی سپاس بوو لە لایەن یەکێک بە ناوی «جان ترێلر» و وەڵامی کارتێکی لەدایکبوونی دابوویەوە کە ئەمین بۆی ناردبوو. جانم ئەناسی. لە هاوکارە کۆنەکانی ئەمین بوو لە لەندەن. نامەی سێیەم هەندێ بێسەروبەر بوو: «ئازیزەکەم هەواڵەکان و دیارییەکان لە کاتی خۆی گەیشتە دەست دۆستان. هەمووان سپاست ئەکەین. دکتۆر سڵاوی تایبەتی هەیە بۆت. ڕەخشان.» نامەکە نە ڕێکەوتی هەبوو نە ناونیشانی نێنەر. بەڵام بە پوولی پشت پاکەتەکەدا دەرئەکەوت لە فەڕانسەوە هاتووە. وام دانا ئەمین، بە پێی خووی هەمیشەی، دیسانەوە

١٥ـ لەیلوک: hammock لەلو، دەرگوش، شوێنخەوی لە قایش یان پەت تەنراوی هەڵواسراو. ع الارجوحة الشبكية N hengekøye د ننو، نانوچ.

دیارییەکی بۆ یەکێک ناردووە. بەڵام بۆچی بۆ «دۆستان»؟ نامەکانم لەوێ دانا و چووم بۆ چێشتخانە.

بەرەو دوورنمای تاران، کە لە ژێر هەتاوی پاش نیوەڕۆ و لە ناو ئەو گەرد و تۆزەی بە حەواوە ئەخولایەوە لێڵ و ون بوو، دانیشتم. ئایە دیسانەوەش لەو شارەدا ئەمامەوە؟ ئایە دیسانەوەش ئەمتوانی ئەو شارەم خۆش بوێ؟

لە هەمان حەفتەکانی سەرەتای هاتنم بۆ تاران، حەزم لەم شارە کرد. تاران شارێک بوو دزێو و بێناسنامە لە داوێنی جوانی کوێستانێک کە ناوی ئەلبورزە؛ بە کۆمەڵێک بینای جۆراوجۆر و ناکۆک، کورت و بڵیند، مودێڕن و کۆن، کەرپووچ و چیمەنتۆ؛ بە شەقامی پان و کۆڵانی باریکەوە. شەقامەکان، بە تەلاری نوێساز و تابلۆی نیۆنەوە لە شەقامەکانی ئورووپا ئەچوون. بەڵام کۆڵانەکان باریک و زۆر جار خۆڵاوی لە ناخی سەدەکانی ناونجیەوە سەریان هەڵهێنابوو. تاران شارێک بوو ئاخنراوی دانیشتوان، ئۆتۆمۆبیل و دەنگ و هەرا؛ شارێک کە هەرچەن لە ڕۆژانی سەرەتادا ئەتوانێ هەر غەوارەیەک شێت بکات، بەڵام زۆری پێ ناچێ، بە میهر و گەرمای باوەشێکی دایکانە، ئەیگرێتە ئامێزی خۆی و ڕامی ئەکات. ئەو دەسفرۆشە هەژارە گەڕۆکانەی لە بەرە بەیانەوە هەتا ماوەیەک لە شەو تێ ئەپەڕێ، بە بێ‌ماندوو بوون و بە دەم بانگکردنەوە کەلوپەلەکانیان بە ڕێبوارەکان ئەفرۆشن، ئەو دەوڵەمەندە خەنازیلانەی[١٦] لە ئۆتۆمۆبیلە دوامودێلەکانی خۆیاندا دانیشتوون و بە تابشت و بێنفرەهی چاوەڕوانی کرانەوەی ئەو ڕێگایانەن کە هەمیشە بەستراون. ئەو کۆگادارانەی لە کۆگاکانی خۆیاندا نان و سەوزی و پەڕاو و پێنووس و نەفت پێکەوە ئەفرۆشن. فرۆشەرانی ئەو بووتیکانەی نوێترین جلوبەرگە فەڕانسی و ئیتالیایی و ئینگلیزی

١٦ ـ خەنازیل: ناو کوانی زل کە لە مل دێت. هێمایر ناونیشکە کەسانی ملئەستوور کە ملیان هێند ئەستوورە ئەڵێی خەنزیلیان گرتووە.

ئەفرۆشن، ئەو ڕێبوارە بێئەندێشە و ئارامانەی کاتژمێری نۆی بەیانی ئەلێی هاتوون بۆ گەردش و پیادەڕەوی لە پارکێکدا، فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرییەکان کە زۆربەی کات خەریکی وتوویژ و پێکەنینن پێکەوە، هەموو و هەموویان نیگایان ئاشنایە و هەموو بێگانەیەک بەخێر ئەهێنن.

بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی ئەو شارە، لە وڵات و زادگای من بچێ، لە هەمان حەفتەکانی سەرەتای نیشتەجێ بوونم، هەستم بە ئارامشێکی ئاشنا و ناسراو ئەکرد، هەستێک کە زۆر زوو لە جیهانی منالیم ڕفێنرابوو. ڕەنگە بوونی ئەمین و هەڤاڵان و بنەماڵەی ئەو ئەم هەستەی لە مندا بەدی هێنابوو؛ ڕەنگیشە ئەو بارە ئابوورییە لەبارەی کە هیچکات بە خۆمەوە نەدیبوو.

ئەو ڕۆژە هەستم کرد هێشتاش ئەو شارەم خۆش ئەوێ. هەرچەن ئەمین ئیتر نەمابوو، بەڵام هەستم ئەکرد ئێرە شاری خۆمە. ئەو هەستی پەیوەندی و پابەندبوونەم نە لە لەندەن هەبوو کە هەشت ساڵی گەنجێتی منی گرتبوویە خۆی و نە تەنانەت لە زادگامدا هەبوو. لێرە هەم خۆم و هەم منالەکانم بنەماڵەیەکی گەورەمان هەبوو، دۆستانێکمان هەبوو کە ساڵانی دوور و درێژ لەگەڵیان ژیابووین. کارێکی باشم هەبوو کە ئەمزانی لە کەم جێگا نموونەی ئەو کارەم دەس ئەکەوت و؛ لە هەموو گرینگتر ئێرە تەنها وڵاتێک بوو کە هاووڵاتی بووم. تەنانەت ئەگەر بمویستایەت بچم بۆ ئینگلیز جگە لە بەڵگەی نیشتەجێبوون، کە بیرخەرەوەی سەردەمی پەنابەرێتی و ئاوارەییم بوو، هیچی ترم بە دەستەوە نەبوو.

من ئەمتوانی بەیانی ئەو ڕۆژە دارایی ئەمین کە بە ناوی هەر دووکمانەوە بوو، بفرۆشم و چەندین ملیۆن تمەن پارەی نەخت کە لە هەژماری بانکی ئەو و خۆمدا بوو هەڵگرم، دەستی منالەکانم بگرم و بچم بۆ ئینگلیز. لە پاش شۆڕش هەموو کەس و بەتایبەت هەر ژنێک ئەو شانسەی نەبوو. ئەو قانوونە تازانەی کە ئامادە کرابوو هەتا لە پەرلەمان پەسند بکرێ، ژنی لە سەرپەرشتی کردنی منالەکانی بێبەش

ئەکرد. سەرپەرشتی کردنی منداڵ، لە پاش مردنی باوکیان بە باوە گەورە ئەگەیشت. هەموو دارایی ئەمینیش جگە لەم خانووەی کە بە ناوی منەوە کرِدرابوو، ئەکەوتە ژێر دەسەڵاتی حاجی، بەڵام حاجی چەند کاتژمێر پێش ئەوەی لە ماڵی ئەوان بێمە دەرەوە، ڕایگەیاند کە هەموو ماف و دەسەڵاتی منداڵەکان بە من ئەگات. چاوەکانی کە لە ناو کۆمەڵێک هێڵی ورد و درشتدا بچووک خۆیایان ئەکرد، بڕیبووە عەرزەکە و وتبووی: «تۆ وەکوو کچی خۆمانی، تۆ یادگاری ئەمینی. پێت وانەبێ ئەمین ڕۆیشتووە هیچ گۆڕاوە. تۆ هەمیشە جێگەت لە سەر چاوی ئێمەیە. ئەگەر لێرە مایتەوە دڵمان خۆش ئەکەی. ئەو شانسەمان پێ ئەدەی نەوەکانمان ببینین. ئەوان چرای ژیانی ئێمەن. بەڵام ئەگەر بتەوێ لێرە بڕۆی، دەسەڵاتی هەموو شتێک بە خۆتە. ئەتوانی هەموو ئەو شتانەی خۆت و ئەمین هەتانە بفرۆشی و دەستی منداڵەکانت بگری و بڕۆی. هەر یارمەتیەکیش داوا بکەی دڵنیابە درێخی ناکەین.» پاشان ئەو فرمێسکەی لە سووچی چاویەوە سەری دەرهێنابوو و ئەیویست لە نێوان ئەو هەموو هێڵە کورت و درێژەوە ڕێگەی دەربازبوون بدۆزێتەوە، سڕیبوویەوە و درێژەی دابوو: «من هەرگیز خۆم لە ژیانی منداڵەکانمدا هەڵنەقورتاندووە، ئێستەش دەس لە ژیانی تۆ و نەوەکانم وەرنادەم. ئەوە بکەن کە خۆشی ئێوەی تێدایە.»

لەو کاتەیدا کە حاجی ئەو قسانەی ئەکرد و، لەو کاتەدا کە باوەشم پیا کرد و ڕوومەتە فرمێسکاوییەکەیم ماچ کرد، ئەمزانی حەز ناکەم تاران بەجێ بهێڵم؛ بەڵام ئایە ئەمتوانی تەنها بیر لە خۆم بکەمەوە؟ منداڵەکانم چییان بە سەر ئەهات؟ ڕاست بوو کەسوکار و بنەماڵەیەکیان لێرە هەبوو، بەڵام ئایە ژیانی ئەوانیش بە هۆی ئەو بنەماڵەوە وەکوو ئەمین ناکەوێتە مەترسییەوە؟ ئەگەر نەیارەکانی شۆڕش ئەمینیان بۆ تۆڵەسندنەوە کوشتبوو، ئایە ئەو تۆڵە کردنەوە منداڵەکانی منیشی نەئەگرتەوە؟

بەڵام یەکێک لە ناخی دەروونمدا ئەیپرسی ئایە بە ڕاستی نەیارەکانی

شۆڕش ئەمینیان کوشتوە؟ قسەکانی دادیار و دەوڵەت توانیبوویان بۆینم بکات، بەڵام چ کەس یان کەسانێک ئەویان کوشتوە؟ حکوومەت؛ هەر بەو جۆرەی کە ئەو کابرا نەناسە بە تەلەفۆنی وتبووی؟ ئەم بۆچوونە لە هەموو بۆچوونێک نەگونجاوتر بوو. مەگەر، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابوردوودا، یەکە یەکەی نوێنەرانی هەر ئەم ڕژیمە نەهاتبوون بۆ ماڵی حاجی؟ مەگەر خۆیان نازناوی شەهیدی شۆڕشیان پێ نەدابوو؟ ئەی باشە کێ ئەبێ ئەمینی کوشتبێ؟ ئایە کوشتنەکەی لە دوژمنایەتیەکی تایبەتیەوە سەرچاوەی نەگرتبوو؟ ئایە کوشتنەکەی پەیوەندی بەو ژنە نەناسراوەوە نەبوو کە ئەمین کورتاژی کردبوو؟ ئایە ئەوانەی ئەمینیان دزیبوو و یەک حەفتە ڕایانگرتبوو و پاشان بەو شێوە دڵتەزێنە کوشتبوویان خزمایەتیان لەگەڵ ئەو ژنە نەبووە؟ ئەمڕۆش دڵنیام، ئەو ڕۆژە، ئەگەر تەنانەت نەشمویستایەت لە تاران بمێنەوە، دیسانەوەش هەتا دۆزینەوەی ڕازی ونبوون و مەرگی ئەمین، لەوێ نەئەجوولام. من، هەر ئەو ڕۆژە، لە بەردەم دوورنمای تۆزاوی تاراندا، بڕیارم دا: «هەر لێرە ئەمێنمەوە. ئێرە ماڵی ڕاستەقینەی منە.» و کاتێک لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان ــ ڕۆژی کۆتایی مانگی نوێژ و ڕۆژوو ــ ماڵی حاجیم لەو بڕیارەی خۆم یاگادار کرد، ئەوان ئەوەندە شادمان بوون وامزانی نیوەی باری خەمی مەرگی ئەمینیان لە سەر شانم هەڵگرتبوو.

هەر لەوێ سەعید وتی: «ئێستە کە بڕیارت داوە بمێنیتەوە وا باشترە مانگێک لەگەڵ منداڵەکان بچی بۆ ئینگلیز تا تۆزێک پشووت بێتەوە بەر و بحەسیتەوە.» مارگریت ئەو ڕۆژانە خۆی بۆ گەشتێکی یەک مانگە بۆ ئینگلیز ئامادە ئەکرد. ئەیویست چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێ. ئەویش پێی وابوو وا باشترە بۆ مانگێک لەو ناوە دوور بکەومەوە و بانگێشتنی کردم بۆ ماڵی باوکی لە قەراخ شاری لەندەن . بەڵام من هیچ حەزم لەو گەشتە نەبوو. ئەمویست چەندە زووتر سەر و سامانێک بە باری ژیانی تێکچڕژاوی خۆم و منداڵەکان بدەم.



گەڕامەوە سەر کار. مانگی سپتامبر لە تەواو بووندا بوو، بەو گەرمایەی کە ئەیانوت لە سیساڵی ڕابوردوودا بێوێنە بووە؛ ئەو گەرمایەی تەنانەت لە دیوارەکانەوە ئەڕژایە دەرەوە و بۆنی قیری تواوەی ئاسفاڵتەکانی بە هەموو لایەکدا بڵاو ئەکردەوە. شان بە شانی ڕووداوی سەمەرە، کە هەر کامیان سەرەتای ڕۆژە ڕەشیەکی تازە بوو و ئەو خەڵکەی کە تازە لە شۆری[17] شۆڕش هاتبوونە دەرەوە، تووشی ترسێکی نەناسراو و تاقی نەکراوە ئەکرد:

ڕۆژنامە سەربەخۆکان یەکە یەکە دائەخران؛ خۆپیشاندانی مەزنی خەڵک لە شەقامەکانی فەراگەردی زانکۆی تاران، لە ڕۆژی بە خاک سپاردنی ئەمینیدا، دژی داخستنی ڕۆژنامەی «ئایەندەگان» کە پاش شۆڕش کەوتبوویە دەست چەپەکان، هیچ ئەنجامێکی نەبوو؛ ئەرتەش لە دوو شاری سنە و سەردەشت کەوتبوویە کوشتارێکی بێکۆتایی؛ فەرمانبەرانی دەوڵەت دەستە دەستە بە بیانووی هەڵەکردن و دژی شۆڕشبوون دەرئەکران یان ئەبران بۆ دادگا؛ ئەو ڕۆژنامانەی کە مابوونەوە و لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا بەڕێوە ئەچوون، هەموو ڕۆژێک لیستێکی تیرەباران کراوەکانی ڕژیمی پێشوویان بڵاو ئەکردەوە؛ بەرپرسانی دەوڵەتی بە فەرمانبەرانی ژنیان وتبوو بە بێحیجاب نەیەنەوە

---

١٧ـ شۆڕ: passion دەروونناسی ئاوەڵناو سۆزی دەروون، هەست و پەژاری ئەڤین، غایلە و دڵەخورپێ. ع شغف N lidenskap د شور.

بۆ سەر کار؛ قانوونی تازە نووسراو، کە بڕیار بوو پەسند بکرێن، هەر هەموویان نیشانەی نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ئەو ئازادییانە بوون کە لە ڕاستیدا لە بەر ئەو شتانە شۆڕش کرابوو.

من، پاش دوو حەفتە دیار نەبوون، چوومەوە سەر کار. یەدوڵڵای فەرامەرزی، بەڕێوەبەری مۆزەخانە، کە پیرەمێردێکی بەڕێز و لە ئوستادە کۆنەکانی کۆنینەناسی بوو، بە پەژارەوە پێی ڕاگەیاندم کە لەوە بەدوا ناچارم بە ڕووسەرییەوە بچمە سەر کار و بە دوای ئەوەدا فەرمانێکی تری پێ ڕاگەیاندم:

ـ وتوویانە ئەبێ پەیکەرەکانی ژنان و نیشانەکانی ئایینی زەڕدەشتی لە بەشی پیشانگای مۆزەخانە کۆ بکەینەوە و بیبەینە هەمارەکان.

پیرەمێرد، کە لە داخا ئەلەرزی و بەردەوام پێڵووەکانی ئەدا بە یەکا، ماوەیەک بێدەنگ بوو و پاشان وتی:

ـ ڕاستەکەی حەز ئەکەم ئەمکارە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری تۆدا ئەنجام بدرێ. ئەترسم زیانیان پێ بگات. ئەزانم تۆش وەکوو من ئەوینداری ئەو شتانەی.

لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە، بە ڕووسەرییەکی گەورەوە کە بەردەوام لە سەر سەرم ئەخزا و ئەکەوتە دەور ملم و من بە پەلە ئەمدایەوە بە سەرمدا، سێ حەفتەی تەواو، لەگەڵ دوو پسپۆڕی تری مۆزەخانە، خەریکی گواستنەوەی پەیکەرەکان و شتەکانی تر بووین. هەموو ڕۆژێک ژمارەیەک لە نمادەکانی خۆر کە لە سەر بەرد و دراوی زیو و زێڕ هەڵکەنرابوون، لە بەرگی دژی شێ و گەرماوە ئەپێچاوە و ئەمانبردە ژێرزەمیەنەکان. هەموویان شاردرانەوە بەبێ ئەوەی لە ئەنجامی جەنگی چەند هەزار ساڵەی خۆیان لە دژی خراپە و دزێویدا بچووکترین سەرکەوتنیان بەدەس هێنابێت. بەڵام ئەتوت سپای ئاناهیتا، خوای میهر، کۆتایی نەئەهات؛ بە هەر لایەکی مۆزەخانەکەدا ئەچووین، دیسانەوە ژمارەیەکی ترمان ئەبینی.

بڕێ جار هەتا چەند کاتژمێر پاش کاتی کارکردنیش لەوێ

ئەماینەوە و شەو، هیلاک و شەکەت و کەنفت، ئەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە. منداڵەکان بە کردەوە لە ماڵی حاجی ئەژیان. لە پاش مردنی ئەمین جگە لە چەند شەو نەهاتنەوە بۆ ماڵی خۆمان. پشووی هاوینە بوو و وام بیر ئەکردەوە لەوێ هەم ئاسوودەترن و هەم پارێزراوتر. خۆیشم زیاتر هەستم بە ئاسوودەیی ئەکرد. پێم باشتر بوو لە ماڵەوە تەنها بم. عارەقێکم ئەخواردەوە و بە بیرەوەرییەکانی ئەمینەوە سەرگەرم ئەبووم.

هەڵبەت، شەو نە شەوێک، لە کاتی گەڕانەوەدا، ئەچووم بۆ ماڵی حاجی و ماوەیەک لەگەڵ منداڵەکان ئەمامەوە. بارام ئیتر زۆر کەم داوای باوکی ئەکرد؛ زیاتر گیرۆدەی ئەو لەیستۆکانە بوو کە هەر ڕۆژە و یەکێک لە خزمان ژمارەی زیاد ئەکرد. بەردیا، بەڵام لە ناو خۆیا بوو. زیاتر کاتی خۆی لەو ژوورە تێپەڕ ئەکرد کە پێیان دابوو؛ ئەو ژوورەی کە مێرمنداڵی ئەمین لەوێ تێپەڕ ببوو. کاتێکە ئەچووم بۆ ماڵی حاجی، بانگیان ئەکرد. ئەهات، ماوەیەک دائەنیشت و دیسانەوە ئەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. ئەیانوت هەمیشە خەریکی پەرتووک خوێندنەوەیە و هەر جارەی لێم ئەپرسی چی ئەخوێنێتەوە، ئەیوت مێژووی ئیسلام. جارێکیان کە چووم بۆ ژوورەکەی پەرتووکێکی ئاینی بە دەستەوە بوو کە نووسراوی یەکێک بوو بە ناوی مەتەهەری. پاشتر زانیم کە ئەو یەکەم شەهیدی کومیتەی شۆڕش و یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی کۆماری ئیسلامی بووە.

خوێندنەوەی پەرتووکی ئاینی لە تەمەنی بەردیادا هەندێ نائاسایی بوو. بەڵام پێم وابوو بە کردنەوەی فێرگەکان ئەو ئەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئاسایی خۆی. نێرگزیش پێی وابوو. کاتێکە باسی پەرتووکەکانم بۆ کرد، پێکەنی و وتی:

ــ من لە تەمەنی بەردیادا هەستی ئاینی زۆر توند و تیژم هەبوو. لە بیرمە ئەمینیش پێش چوونی بۆ ئینگلیز هەر وابوو. هەم نوێژی ئەخوێند، هەم ڕۆژووی ئەگرت. وەکوو شتێ لەم بنەماڵەیەدا هەموو کەس ئەبێ

خولێکی ئاینی ببینێت و پاشان بەجێی بهێڵێ.

ئەو ڕۆژانە هەموو بیر و هۆشی نێرگز بە شوێن ئەو بڵاوکراوانەوە بوو کە لە لایەن گرووپێکی ترۆتسکیستەوە دەرئەچوو. ئەوانە زۆر چالاکانە کاریان ئەکرد و سەعید یەکێک لە بەرپرسانی ئەم گرووپە بوو و نێرگز دانرابوو بۆ دزاین و ڕێکخستنی بڵاوکراوەکانی گرووپ. هەڵبەت ئەمکارە زۆر بە نهێنی ئەنجام ئەدرا و منیش ماوەیەک پاش ئەو کاتە پێم زانی. لەو سەردەمەدا بڵاوکراوەی چەپەکان باڵاترین تیراژیان هەبوو، چونکە شێوەی هەڵوێست گرتنیان بەرامبەر بە سەرکردایەتی شۆڕش، بۆ ئەو خەڵکەی کە بە تێپەڕینی کات هەر ڕۆژە و جەربەزەیان بۆ نەیاری دەربڕین کەمتر ئەبوویەوە، سەرنجڕاکێش بوو. لە ناو چەپەکاندا، تەنها توودەییەکان بوون کە هیچ دژایەتیەکیان بەرامبەر بە حکوومەت نەبوو و، لە ئەنجامدا، ئازادانە بڵاوکراوەکانی خۆیان دەرئەکرد. هەر بەم هۆیەشەوە بوو بەردەوام مشتومڕی توند لە نێوان چەپە سەربەخۆکان و توودەییەکاندا بەدی ئەهات. ئەم مشتومڕە لە ناو کۆمەڵەی بچووکی دۆستانی ئێمەش بەرپا بوو. عەبە، کە پاش شۆڕش لەپڕ چوو بۆ لای توودەییەکان، بەردەوام لە لایەن سەعید و نێرگزەوە، تەنانەت سورەییای ژنیەوە کە هەوڵی ئەدا خۆی لە ڕامیاری وەرنەدا، هێرشی ئەکرایە سەر. سەعید تەنانەت پەیوەندی خۆی لەگەڵ عەبە، کە لە دۆستانی کۆنی بوو، پچڕاند. لە ڕاستیدا، هەرچەند ونبوون و مەرگی ئەمین تا ڕادەیەک ئەوانی لێک نزیک کردبوویەوە، بەڵام پاش پەرەسەندنی کوشتاری کوردەکان لە شاری سنە، بێدەنگی و تەنانەت لایەنگری کردنی توودەییەکان لە حکوومەت، بووە هۆی ئەوەی تا سەعید و عەبە دیسانەوە بکەونە گیانی یەکتر؛ ڕاست وەکوو کۆتاییهاتنی ئاگربەستی ناچاری. سەعید و نێرگز و هاوبیرەکانیان نەیان ئەتوانی باوەڕ بکەن، کە ئەم بە ناو «ڕۆڵانەی لنین» بتوانن لەگەڵ ڕژیمێکی سەرکوتگەری ئاینی سازش بکەن. لەو خولەدا تەنانەت موجاهیدین، کە بە چەپی ئاینی بە ناوبانگ بوون و حکوومەتی شا لە ساڵانی پێش

شۆڕش پێیانی ئەوت «مارکسیستی ئیسلامی» و تا چەندین مانگ پاش ڕاپەڕین یار و پشتیوانی حکوومەتی تازە بوون، وردە وردە لێی دوور ئەکەوتنەوە. ئەم دوور کەوتنەوە لەو ڕووەوە بەدیهات کە دەوڵەت داوای لێکردن چەکەکانیان دابنێن و، پاشان مردنی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی پەرەی پێدا. تاڵەقانی یەکێک بوو لە گرنگترین و خۆشەوسیتترین کەسانی ئاینی پاش شۆڕش و، پشتگیری لە موجاهیدین ئەکرد. لایەنگرانی موجاهیدین مردنی ئەویان، کە گوایە بە هۆی وەستانی دڵیەوە بوو، بە کوشتن لە لەیەن بەرەی دەستی ڕاستی دەسەڵات ئەزانی، هەرچەند ئەم تاوانەیان بە شێوەی فەرمی نەنووسی و ڕانەگەیاند.



لە شەوی چلەی مەرگی ئەمینیش، کە بە هۆیەوە لە ماڵی حاجی بەرنامەی چلە بەرپاکرابوو، زۆربەی وتووێژەکان دەربارەی ئەم بابەتانە بوو و، هەرچەند هەندێ لە بەشداران ڕووداوی تیرەباران کردنی گرووپێکی بیست و پێنج کەسییان بە تاوانی هاوکاریکردن لەگەڵ بەختیار ئەهێنایە ئاراوە، بەڵام ئەم بابەتە کەوتبوویە ژێر گرنگی باسەکانی ترەوە. لە ڕاستیدا ئەو شەوە، جگە لە دەنگی مەلا و ناڵینە جەخاراوییەکانی عیسمەت خانم، ئەو دانیشتنە هیچ پەیوەندی بە ئەمینەوە نەبوو. تێکڕای میوانەکان بە ئەسپایی لە سەر بابەتە ڕامیارییەکان وتووێژیان ئەکرد. هەر لەوێ بوو کە سورەییا پێی وتم ناوی دکتۆر جەهانگیری لە لیستی سیخوڕەکانی ئەمریکا و هاوکارانی بەختیاردا بینیوە و زۆر شادمان بوو کە: «بەختی یار بووە و لە پاریسە، ئەگینا ئەویشیان تیرەباران ئەکرد.»

دکتۆر جەهانگیری و ژنەکەی مەهشیدم لە ئینگلیزەوە ئەناسی. لە دۆستانی خولی چالاکی ئەمین بوو لە کونفدراسیۆنی خوێندکاراندا. بەڵام کاتێک کە من لەگەڵیان ئاشنا بووم، چەندین ساڵ بوو کاری ڕامیاریان نابوویە لاوە. ئەوان ساڵێک پێش ئێمە گەڕانەوە بۆ ئێران. لە تاران کەمتر ئەم بینین. چەند مانگ جارێک و هەر جارە بە هۆیەکی تایبەتیەوە ڕەنگ بوو یەکتر ببینین. بەڵام ئەمین، بە هۆی ئەوەی کە

لەگەڵ دکتۆر جەهانگیری لە نەخۆشخانەیەک کاری ئەکرد، بەردەوام باسی کار و دۆخی ئەوی بۆ ئەکردم. یەک دوو ڕۆژ پێش ڕۆیشتنیان بۆ گەشت، مەهشید بە تەلەفۆنی ماڵاوایی لێکردم و وتی بۆ گەشتێکی یەک مانگە ئەچن بۆ ئینگلیز.

بە سورەییام وت:

ـ بەڵام مەهشید پێش ڕۆیشتنیان بە منی وت ئەچن بۆ ئینگلیز.

عەبە کە گوێی لە قسەکانی ئێمە بوو، لە بری سورەییا وتی:

ـ مسۆگەر بۆ شوێنەگومکێ وای وتووە. ئەوان دەمێکەیە لە پاریسن و دواین ڕاگەیاندنی گرووپی بەختیاریش بە واژۆی ئەو لە پاریس بڵاو کراوەتەوە.

نازانم چۆن بوو بیری ئەو نامەیە کەوتمەوە، کە لە پاریسەوە بۆ ئەمین هاتبوو. هەوڵم دا وردەکارییەکانیم بیر بکەوێتەوە. شتێکی زۆرم نەهاتەوە بیر، بەڵام لەپڕ هەستم کرد دڵەخورپەیەکی سەیر دەروونمی هەژاندووە. هەر بەو هۆیەوە کاتێکە ئەمویست بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، داوام لە سەعید کرد بمباتەوە. ئەمویست دەربارەی ئەو نامەیە قسەی لەگەڵ بکەم. ئەو نزیکترین و دڵنیاترین مرۆڤێک بوو کە ئەمناسی.

لە مانگی ڕابوردوودا زۆر کەم سەعیدم بینیبوو؛ باری دەروونی باش نەبوو. مارگریت ئەوەندەی گەیشتە ئینگلیز، کۆپی داواکاری جیابوونەوە و سەرپەرشتی لیلی، کە درابوو بە دادگای ئینگلیز، ناردبوو بۆی. لە ڕاستیدا مارگریت کاتێکە لە ئێران ئەڕۆیشت، بڕیاری دابوو نەگەڕێتەوە. چەندین ساڵ پاش ئەوە بۆی گێڕامەوە، کە ئەم بڕیارەی خۆی شاردۆتەوە، چونکە لەوە ترساوە سەعید یان بنەماڵەکەی نەهێڵن لیلی لەگەڵ خۆی ببات. بەڵام سەعید، سەرەڕای پێ ناخۆشبوونی بنەماڵەکەی دەسبەجێ ڕەزامەندی خۆی بەرامبەر بە هەر دوو داواکارییەکەی ناردبوو بۆ مارگریت.

جارێکیان پێی وتم:

ــ دایکم شەو و ڕۆژ فرمێسک بۆ لیلی دائەبارێنێ. گلەییم لێ ئەکا بۆچی لیلیم داوە بە مارگریت. بەڵام من نەم ئەزانی چی بکەم؟ تەنانەت ئەگەر لە ئینگلیزیش بوایەتم دیسانەوە دادگا مناڵەکەی ئەدا بە ئەو. جگە لەوەش من بۆچی ئەبێ ئەو مناڵە لە دایکی بسێنم؟ من کە خۆیشم لام ڕوون نییە چیم بەسەر دێت؟ ژیانم وا بە حەواوە!

هەڵبەت نەسرەت خانمی دایکی سەعید، لەوەی کە مارگریت لە ژیانی سەعید چۆتە دەرەوە زۆر شادمان بوو. ئەو لە هەمان سەرەتاوە مارگریتی خۆش نەویستبوو. هەڵبەت، بە گوتەی نێرگز، سەعید هەر ژنێکی تریشی هەڵبژاردایەت، ئەو نەی ئەتوانی خۆشی بوێت. ئەو، بە پێچەوانەی عیسمەت خانمی دایکی ئەمین کە هەرگیز خۆی نەلکاند بە ئەمینەوە و هیچ کارێکی بە ژیانی تایبەتی ئەمینەوە نەبوو، کوڕەکەی بە بەشێک لە خۆی ئەزانی و وەکوو زۆربەی خەسووە ئێرانیەکان حەزی ئەکرد کوڕەکەی ژنێک بهێنێ کە ئەو خۆشی ئەوێ و هەڵی ئەبژێرێ. لە هەمان کات‌دا پێی وابوو لیلی زیاتر لەوەی کە هیی مارگریت بێ. هینی ئەو و کوڕەکەیەتی و هەر جارەی سەعیدی ئەبینی قڕەیەکی گەورە لە سەر ئەم بابەتە لە نێوانیان‌دا ساز ئەبوو.

ئەو شەوە کاتێک چوومە ناو ئۆتۆمۆبیلەکەی سەعید هەستم کرد، زۆر داگیراوە. کاتێک لێم پرسی، وتی:

ــ شاری پاوەشیان تۆپباران کردووە.

پرسیم:

ــ مەگەر کەسی ئێوەش لەوێ هەیە؟

بە شێوەیەکی ڕەخنەئامێز وتی:

ــ ئەو خەڵکە هەموویان کەسی ئێمەن!

بیرم کردەوە وا باشترە جارێ باسی نامەکەی لەگەڵ نەکەم و دای بنیم بۆ کاتێکە لە دۆخێکی باشتردا بێ. بەڵام ئەو، بە دەنگێک کە ئەتوت نەرمتر بووە، درێژەی دا:

ـ داوای لێبوردن ئەکەم لووبا... هیچ دارەتم باش نییە. چەندە باشت کرد، داوات کرد من بتبەمەوە. پێم بڵێ تۆ چۆنی؟

پاش تۆزێک بێدەنگی وتم:

ـ سەعید ئەمویست لە سەر بابەتێک قسەت لەگەڵ بکەم. نازانم تەقەتیت هەیە یان...

ـ بەڵێ بەڵێ. بۆچی نا! من بۆ تۆ هەمیشە تاقەت و کاتم هەیە.

لەماڵەوە ئارەقم بۆ خۆم و سەعید تێکرد و کاتێکە ئەو یەکەم قومی لێدا وتم:

ـ ئەمشەو سورەییا وتی ناوی دکتۆر جەهانگیری لە ڕۆژنامەکاندا بووە. نووسیویانە سیخوڕی ئەمریکا و هاوکاری بەختیار بووە. ئەم قسەیە ڕاستە؟

سەعید کە وا پێ ئەچوو تۆزێ باشتر بووە، بزەیەکی کرد و وتی:

ـ بەڵێ. منیش ئەزانم کە دکتۆر جەهانگیری لە پاریسە و لەگەڵ بەختیار هاوکاری ئەکات.

چووم نامەکەم هێنا.

ـ ئەمە ئەو نامەیە شەوی پێش مردنی ئەمین تۆ و نێرگز لە نۆرینگەوە بۆتان هێنام. نامەیەکی سەیرە و نێنەرەکەی ناناسم...

سەعید نامەکەی وەرگرت، خوێندیەوە و بەبێ ئەوەی سەیرم بکات وتی:

ـ ڕەخشان ناوی نهێنی دکتۆر جەهانگیرییە. ئەو لە کونفدراسیۆن بەم ناوەوە کاری ئەکرد.

نامەکەم لە سەعید وەرگرتەوە و دیسانەوە خوێندمەوە. هەستم کرد دیسانەوە دڵم ئەخێورێتەوە. وتم:

ـ سەری لێ دەرناکەم. لەم نامەیەدا باسی دیاری و هەواڵەکانی کردووە. ئەمین ئەبێ هەواڵ و دیارییەکی بۆ دۆستانی دکتۆر جەهانگیری ناردبێت؟ ئەی بۆچی دکتۆر جەهانگیری بەم ناوەوە نامەی بۆ ئەمین

نووسیوە؟

سەعید جگەرەیەکی داگیراند و چاوە ڕوونە قاوەییەکانی بڕییە من و وتی:

ـ لووبا... من نەمئەویست بە زووانە ئەم هەواڵەت پێ بدەم، بەڵام من ئەزانم ئەمین پەیوەندی هەبوو بە بەختیار و یارانی ئەوەوە و ئەگەرێکی زۆر هەیە کە هەر لە بەر ئەوەش کوژراوە!

دەرفەتی نەدا قسە بکەم. وەکوو ئەوەی ئەیویست بە پەلە قسەکانی بکات و خۆی ڕزگار بکات. بۆی وتم یەکێک لە هاوڕێکانی کە گیراوە و حەفتەیەک لە زیندان بووە، هەر ئەو ڕۆژەی ئێمە چووبووین بۆ پزیشکی قانوونی، کاتێکە ئەویان بردبوو بۆ لێپرسینەوە، لە درزی یەکێک لە دەرگاکانەوە ئەمینی دیبوو بە سەروچاوی خوێناوییەوە، بەسترابوو بە کورسیەکەوە و چەند پاسدار پرسیاربارانیان ئەکرد. ئەو تەنها چەند وشە لە قسەکانی ئەوانی بیستبوو و لە ناو ئەوانەدا چەند جار ناوی بەختیاری بەر گوێ کەوتبوو.

یەک بە خۆم داچڵەکام. پرسیم:

ـ تۆ دڵنیایت ئەوە ئەمین بووە؟

ـ بەڵێ، بە تەواوەتی دڵنیام. ئەم هاوڕێیە دوو جار ئەمینی لە ماڵی ئێمە دیبوو. جگە لەوە، لە شوێنی تریشەوە هەندێ زانیاریمان پێگەیشتووە و دڵنیام پاسدارەکان بە تاوانی پەیوەندی ئەو لەگەڵ بەختیار کوشتوویانە.

نازانم تووڕەیی لە کوێی مێشکمەوە فیشقەی کرد. هەستم کرد ڕوخسارم سوور هەڵگەڕاوە. گیانم ئەلەرزا و وشەکانم بە دەنگێکی لەرزۆک لە زار ئەهاتە دەرەوە:

ـ تۆ بۆ قسەت نەئەکرد؟ بۆچی ئەم ڕازەت پێ نەوتم؟ بۆچی بە حاجیت نەوت؟ بۆچی لە ڕۆژنامەکانتان نەتاننوسی؟ بۆ؟ چونکە ئەمین ئەندام و هاوڕێی ئێوە نەبوو؟

بە هەر ڕستەیەک کە ئەموت تووڕەیی و ئازارێکی زیاتر ئەڕژایە

دەرونمەوە. هەستم ئەکرد لەشم بە ئاشکرا ئەلەرزێ. سەعید هەڵسا و هاتە لامەوە. هەر دوو دەستی گرتم و ڕایشەکاند:

ــ ئارام بە لوویا، ئارام بە. ئێمە نەمان ئەتوانی ئەو ڕازە ئاشکرا بکەین. هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراومان بە دەستەوە نەبوو و کەس گوێی لە قسەمان نەئەگرت. جگە لەوە ئەگەر خەڵکیش باوەڕیان بکردایەت دیسان باش نەبوو، بە وتنی ئەو قسەیەی کە هیچ ئەنجامێکی نەبوو، گیانی ژمارەیەکی تریش ئەکەوتە مەترسییەوە. جگە لەوەش درکاندنی ئەو نهێنیە نە بە قازانجی تۆ بوو و نە بە سوودی مناڵەکان. تۆ و منداڵەکان ئیتر نەتان ئەتوانی لێرە بمێننەوە. هەموو بە چاوی بنەماڵەی دژی شۆڕش سەیریان ئەکردن. منداڵەکانت ئەکەوتنە مەترسییەوە، خۆت ئەکەوتیتە مەترسییەوە. ئەزانی لەم هەلومەرجەدا تاوانی سیخوڕی ئەمریکا بوون و هاریکاریکردن لەگەڵ بەختیار چ واتایەکی هەیە؟!

سەعید ساتێک بێدەنگ بوو؛ وەکوو ئەوەی بیەوێ ئەو قسەیەی کە ئەیەوێ بیڵێ، هەڵی سەنگێنێ. پاشان سەیری کردم و وتی:

ــ ئێمە بە ڕاوێژکردن لەگەڵ نێرگز ئەو بڕیارەمان دا. ئەوە نێرگز بوو کە ئێمەی لەو مەترسییە ئاگادار کردەوە، کە هەڕەشە لە تۆ و منداڵەکان ئەکات.

ئەو ئەیوت و تووڕەییەکەی من ئەبوو بە ترس. ئەو ترسەی لە ساڵانی زۆر کۆنەوە لە دەروونمدا بوو و، ئێستە دیسانەوە خەریک بوو سەری هەڵئەدایەوە. بیرم ئەکەوتەوە، تێپەڕینی بیست و یەکساڵ پاش گیرانی دایکم و ڕەفتاری خەڵکی دەوروبەرمان، کە وەکوو گول سەیریان ئەکردین و خۆیان لێ ئەشاردینەوە، ترسی تەرە کەوتنەوەی لە ناخمدا کەم نەئەکردبوویەوە.

سەعید دەسرێکی لە قوتووی سەر مێزەکە ڕاکێشا دەرەوە و دای بە دەستمەوە و، من ئەو کاتە بوو بۆم دەرکەوت خەریکم ئەگریم. فرمێسکەکانم سڕییەوە و وتم:

ــ باشە، ئەگەر بە ڕاستی ئەمینیان گرتووە و کوشتووە، بۆچی

ئەیشارنەوە؟

ــ دەسەڵات لێرە یەکدەست نییە. چەند دەستە خەریکن حکوومەت ئەکەن. سپای پاسداران بۆ خۆی حکوومەتێکی هەیە، دەوڵەت بۆ خۆی، مەلاکان بۆ خۆیان، داروودەستەی خومەینی بۆ خۆیان. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە دەوڵەتی بازرگان لە کێشەی ئەمیندا دەوری نەبووە و پاسدارەکان سەربەخۆ گرتوویانە و کوشتوویانە. هەڵبەت دەوڵەت ئەگەر ئاگایشی لێبوایەت هیچ کارێکی لە دەست نەئەهات. خوشبەختانە یان بەدبەختانە هەر ئەم یەکدەست نەبوونەی دەسەڵات بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕازەکە ئاشکرا نەکەن. جگە لەوەش بە قازانجی هیچکامیان نییە حاجی بزانێ و بچێتە بەرەی دژی ئەوانەوە. تێکڕای پارەی شۆڕش حاجی و حاجیەکانی وەکوو ئەو داویانە. ئەم دەسەڵاتە هێشتاش بە هێزی ئابووری و مینەوی ئەوان لە سەر پێ ڕاوەستاوە. ئەگەر حاجی بیزانیبا ئەمانە کوڕەکەیان کوشتووە، نەک ئیتر پشتگیری لە دەسەڵات نەئەکرد، بەڵکوو ژمارەیەک لە بازاڕییەکانیش لەگەڵی ئەکەوتن. هەر ئەم بازاڕی تارانە کە پشتی شای شکاند، ئەتوانێ پشتی ئەمانیش بشکێنێ؛ لە کاتێکا حاجی و خەڵکی وەکوو ئەو خۆیان لکاندووە بە حکوومەتەوە و دژی نەیارەکان ئەجووڵێنەوە. تەنانەت داروودەستەی بەختیاریش لە بەر بەرژەوەندی داهاتووی خۆیان ئەم نهێنیەیان ئاشکرا نەکردووە. هەرچی چۆن بێ، حاجی بە گۆشت و خوێنیەوە لکاوە بە بەرەی نەتەوەییەوە و بە یارمەتی ئەوان، باشتر ئەتوانێ جار جارە یارمەتی بە لایەنگرانی «پشتی پەردەی» ئەوان بکات کە هەر ئێستا لە خودی دەوڵەت و حکوومەتدا ژمارەیان کەم نییە.

دەنگی سەعید وەکوو زەمزەمەیەکی دوور و نەناسراو بە دەوری سەرمدا ئەسووڕایەوە. زۆر بە دژواری توانیم بێمەوە سەر خۆم. وتم:

ــ ئەگەر حاجی و دۆستانی ئەوەندە بە دەسەڵاتن، کە وابوو ئەتوانن لە بەرامبەریاندا ڕابوەستن و پێشیان پێ بگرن.

سەعید پێکەنی و سەری ڕاوەشاند:

ـ ئەوە ڕاستە کە شاردنەوەی کوشتنی ئەمین بە قازانجی حکوومەتە، بەڵام ئەگەر بێت و حاجی بزانێت و قاوی کێشەکە بڵاوبێتەوە، ئەوان بە هەر نرخێک بووە، هەموویان تیائەبەن. سەیری ئەم کێشەی کوردستان بکە. چەند مانگ ویستیان بە لۆکە سەری کوردەکان ببڕن و ئارامیان بکەنەوە، بەڵام کاتێک بۆیان دەرکەوت ناتوانن، ئیمام زۆر بە ئاسانی فەرمانی کوشتوبڕی هەموویانی دەرکرد...

قسەکەی سەعیدم بڕی و وتم:

ـ داوای لێبوردن ئەکەم سەعید، من ناتوانم لە بیری ئەو ڕووداوە بچمە دەرەوە کە ئەمین چۆناوچۆن ئامادە بووە لەگەڵ بەختیار هاوکاری بکات؟ ئەو هەمیشە خۆی بە لایەنگری موسەدیق و بەرەی نەتەوەیی ئەزانی!

ـ بەختیار خۆ دژی شا نەبوو، واتە ئەوان لەگەڵ حکوومەتی پاشایەتی و دەستووری سنورددار(مەشرووتە)ن و، بەرنامەیان ئەوەیە کە شا هەبێ، بەڵام دەسەڵاتی دیاریکراو بێ. شا، پاشایەتی بکات نەک حکوومەت. ئەمە قسەی خودی موسەدیقە. لە ئەنجامدا ئەگەر ئەمین نەیاری شا بوو، لە ڕاستیدا دژی شایەک کاری ئەکرد کە دەستووری پێشێل کردووە، نەک دژی پاشایەتی بووبێت. پاش موسەدیقیش بەرەی نەتەوەیی بوو بە دوو بەشەوە. ناکۆکی گەورە لە نێوان ئاینییەکان و مودێڕنەکاندا بوو. بازرگان و هەندێکی تر چوون بۆ لای ئاخوندەکان و ئێستەش ئەوا لەگەڵ خومەینی هاوکاری ئەکەن، دەستەکەی تر هێشتاش بڕوایان بە دەستووری سنووورداری پاشایەتی هەیە، وەکوو بەختیار و یارانی ئەو. ئەمینیش کاتێکە بینی ئەوانەی لە دەسەڵاتدا بەشدارییان کردووە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشتوون، بە ناچاری چوو بۆ لای ئەوانەی لە دەسەڵاتدا نین و کەوتە یارمەتیدانی بەختیار.

سەعید بە شێوەیەکی بەردەوام و شێلگیر هەوڵی ئەدا زۆر بە وردی هەموو شتێکم بۆ ڕوون بکاتەوە و دڵکاوم بکات. کاتێکە سەبارەت بە ئەمین قسەی ئەکرد، هەستی پوورزایەک لە دەنگیدا نەبوو کە

پوورزایەکی لەدەست چووبێ. ئەو شێوە قسەکردنەی ئەو وای لێکردم زیاتر سوور بم لە سەر درێژەپێدانی ئەو وتووێژە و بە تەیبەت هێشتا وەڵامی پرسیارەکەم وەرنەگرتبوو:

ــ بەڵام ئەمین ئەیتوانی چ یارمەتیەک بەوان بکات؟

سەعید زۆر بە ساردی پێکەنی و دەسبەجێ وتی:

ــ نامەکەی ڕەخشان یان دکتۆر جەهانگیری بە ئاشکرا ئەوە دەرئەخات. یارمەتی زانیاریی؛ کە مسۆگەر ئەو زانیاریانە بوو کە ئەمین توانتوێتی بە ئاسانی لەرێگەی حاجی و دۆستانیەوە کۆی بکاتەوە، بەبێ ئەوەی هیچکەس گومانی لێبکا و هەروەها یارمەتی ئابووری.

بیرم کردەوە یارمەتی زانیاری ڕەنگە، بەڵام سەبەرەت بە یارمەتی ئابووری ئەمین نەی ئەتوانی بەبێ ئاگاداری من هیچیان بۆ بکات. من ئاگام لە هەموو داهات و پارەکانی ئەمین هەبوو. داهاتی نێرگز دیار بوو و بەشی زۆری پارەی نەخت بوو کە ئەدرایە دەس من و ئەوی تریشی شتێکی وا گرنگ نەبوو؛ واتە هەر ئەوەندە بوو بەشی جیرەی گیرفانی منالەکان بکات. پارەی ئەو نەشتەرگەری و منالبوونانەش کە لە نەخۆشخانە ئەنجامی ئەدا، هەمووی ئەچووە ئەو هەژمارەی کە بە ناوی هەر دووکمانەوە بوو. سەیری سەعیدم کرد و زۆر بە دڵنیاییەوە وتم:

ــ من ئاگام لە هەموو داهات و هەژمارەکانی ئەمین هەیە. ئەو نەیتوانیوە پارەیەک بدا بە کەس کە من ئاگام لێ نەبووبێ. ئێمە چیمان پەیدا کردووە، چووەتە هەژماری دوو کەسی هەر دووکمانەوە.

ــ مەگەر نابێ ئەو هەژمارێکی جیاوازی بۆ خۆی کردبێتەوە؟

ــ هەیبوو. بەڵام پارەکانی ئەخستە هەژماری دوو کەسیمان. هەمووی ئێستەش هە لەو هەژمارە دایە. جگە لە پارەی قاتەکانی بن نۆرینگە کە مانگێک پێش ونبوونی ئەوانەی فرۆشت و، لەبەر ئەوەی کە بڕیار وابوو دەسبەجێ خانوویەک لە شەمێران بکڕێ و تاپۆی بکا، پارەکەی خستە هەژمارەکەی خۆیەوە.

سەعید بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ـ کەی قاتەکانی خوارەوەی نۆرینگەی فرۆشت؟

ـ دوو مانگ پێش ونبوونی ئەمین. بۆ کڕینی هەمان خانوو کە باسم کرد.

ـ ئەو پارەیە لە کوێیە؟

لە هەژمارەکەی ئەمین‌دا.

ـ ئەزانی چەندە بوو؟

ـ شەش ملیۆن و هەشتسەد هەزار تمەن.

ـ دڵنیایت ئەو پارەیە هێشتاش لە هەژماری ئەمین دایە؟

ـ بەڵێ کە دڵنیام. ئەگەر ئەمین بیویستایەت دەس لەو پارانە بدات، مسۆگەر بە منی ئەوت. ئەو هیچی لە من نەئەشاردەوە.

خۆم دەنگی خۆم ئەبیست کە دفرەیەکی زۆر ئاشکرا شەپۆپلی تیا ئەدات. بەڵام بینیم بزەیەکی تاڵ و تێپەڕ کەوتە سەر لێوەکانی سەعید. هەستم کرد نیشانەیەکی گاڵتەکردنی تیابوو. وتم:

ـ ئەڵێی باوەڕ بە قسەکانم ناکەی؟

بە دەم گوتنەوە هەڵسام و لە کاتێکا بەرەو پەرتووکخانە ئەچووم وتم:

ئەو تەنانەت هەمیشە دەستەچەکەکەیشی لە ماڵەوە دائەنا.

لە پەرتووکخانە چووم بۆ لای مێزەکەی ئەمین. ئەو بە زۆری بەڵگەنامە گرنگەکانی لەوێ دائەنا. چەکمەجەی یەکەم تاپۆی خانووەکەمان و چەکمەجەی دووەم بەڵگەی هاوسەرێتی، ناسنامەکانی خۆمان و مناڵەکان و؛ لە چەکمەجەی سێیەمیش پەڕگەی پاشەکەوتکردنی مناڵەکان لە بانک و دەستەچەکەکەیشی هەر لەم چەکمەجەیەدا دائەنا. دوایین جاریش کاتێکە پارەی خانووەکەی وەرگرتبوو، خۆم بینیم کە دەستەچەکەکەی لەوێ دانا.

کاتێکە گەڕامەوە بۆ ژووری دانیشتن، سەعید لە بەرامبەر تابلۆ گەورەکەدا کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو و زۆر بە وردی لێی ورد ئەبوویەوە، وەک بڵێی یەکەمجارە ئەو تابلۆ ئەبینێ. تابلۆکە وێنەی

ئەسپێکی پیشان ئەدا کە سەری ژنێک بوو؛ ژنە نیوەی ڕوخساری پێ ئەکەنی و نیوەکەی تری ئەگریا. ئەم تابلۆیە کاری ئەحمەد بوو و من لە یەکەم پیشانگای ئەو کە چووبووم، لێم کڕی. ئارام وتم:

ـ دەستەچەک لێرە نییە. مسۆگەر پاش ئەوەی پارەکانی داوە بە بانک لەبیری چووە بیهێنێتەوە بۆ ماڵەوە. ئەبێ لە چەکمەجەی مێزی نۆرینگە دایینابێ.

خۆیشم باوەڕم بەو شتە نەبوو کە ئەموت. ئەمین مرۆڤێکی کەم هۆش نەبوو و لە گردوکۆکردنەوەی بەڵگەنامەکاندا تا ڕادەی هووک[(١٨)] و گومان ڕێکوپێک بوو. زۆر کەم ڕێکەوتبوو ببینم شتێک هەڵبگرێ و نەیخاتەوە سەر جێگەی خۆی.

سەعید بە دەنگێکی نائاسایی وتی:

ـ بەڵێ مسۆگەر لە نۆرینگەیە.

وا تێگەیشتم کە ئەو شتی تریش ئەزانێ و نایەوێ بیڵێ.

---

١٨ ـ هووک: obsession ناو ڕاڕایی، وازوازی، دوودڵی، بیرەبیریی، دڕدۆنگی، دارەتی هەستیاربوونی لە ڕادەبەدەر بەرامبەر بە کەس یان شت ع وسواس N besettelse د وسواس.



ئەو هیچکات دەربارەی ئەمین قسەی نەئەکرد. لە ڕاستیدا لەو کاتەوە کە شووم بە ئەمین کردبوو، ئیتر هیچ شتێکم دەربارەی ئەمین لەو نەبیستبوو. بەر لەوە، ئەو کاتەی کە من هێشتا ئەمینم نەدیبوو. چەندین جار باسی ئەوی بۆ کردم. ئەوەندەی کە من، بەبێ ئەوەی ئەمین ببینم، هەستم ئەکرد ئەیناسم. ڕەنگە بە هۆی قسەکانی سەعیدەوە بوو کاتێکە ئەمینم بینی وامزانی چەندین ساڵە ئەیناسم؛ بەو جیاوازییەوە کە ئەمین زۆر لەوە زیاتر ئەچووە دڵەوە کە سەعید پێی وابوو. لەو ڕۆژانەدا هەستم ئەکرد سەعید بەرامبەر بە ئەمین هەستێکی ئاوێتەی میهر و ڕقی هەیە.

سەعید پێنج ساڵ لە ئەمین بچووکتر بوو. دایکی، نەسرەت خانم لە سەرەتای منالّیەوە، قسە کردن، شێوازی خوێندن و، کردارەکانی ئەمینی وەکوو سەرمەشق دابوو بە چاوی سەعیددا. سەعید، لە بەرامبەر ئەم گوشارە بەردەوامەدا، پانزەساڵی تەواو هەوڵی دابوو سەرمەشق لە یەکێک وەربگرێ کە هیچ شتی ئەوی خۆش نەئەویست؛ نە جلّ لەبەر کردن، نە نە دوان، نە ئارامی و لەسەرخۆیی و، تەنانەت شێوازی خوێندنی ئەوی بەدڵ نەبوو.

سەعید هەموو ڕەفتارێکی ئەمینی پێ ناڕاست و خۆدەرخستن بوو و بیری ئەکردەوە ئەو تەنها بۆ پێخۆشبوونی خەڵک ئەژی و هیچ

ڕەفتار و دارەتێکی ئاسایی و سروشتی نییە. ئەو تەنانەت خۆشی لە بیچمی ئەمینیش نەئەهات، کە زۆربە پێیان وابوو لە سەعید قۆزتر و تەکووزترە و ئەوەی بە هۆیەک ئەزانی بۆ لەخۆ باییبوون و دفرەی بێ‌واتای ئەمین.

کاتێکە ئەو لە بیست ساڵی‌دا چوو بۆ ئینگلیز، ئەم هەستی کرد ئاسوودە بووە. ئیتر نموونەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی کردارەکانی ئەو نەمابوو. بەڵام ئەو ئارامییە چەند مانگ زیاتری نەخایاند. هەرچەند باری ئابووری ماڵی ئەوان لەگەڵ ماڵی حاجی جەلالی بەراورد نەئەکرا، سەرەڕای ئەوەش، دایکی سەعید لە کاتێکا کە هێشتا فێرگەی ئامادەیی تەواو نەکردبوو، بە زۆر ناردی بۆ ئینگلیز. باوکی هەرچی کرد سوودی نەبوو. ئەمین چووبوو بۆ ئینگلیز تا ببێ بە پزیشک و ئەمیش ئەبوایە هەمان کار بکات.

سەعید کە سەرەتا حەزی لە ئینگلیز نەکردبوو، لەوێ لەپڕ هەستی کرد ئەتوانێ دژی دایکی ڕاپەڕێ. ئەوەندەی پەیمانگای تەواوکرد، ڕایگەیاند لەبری زانکۆی پزیشکی ئەیەوێ بچێ بۆ زانکۆی میهراز[19]. نامە و تەلەفۆن و هەڕەشە و پاڕانەوەی دایکی نەیتوانی بیری سەعید بگۆڕێ. بۆ ماوەی ساڵێک نەسرەت خانم پەیوەندی خۆی لەگەڵی پچڕاند و سەعید بە کارکردن و یارمەتییە نهێنیەکانی باوکی، سەرهەنگ شەمس، کە لە بەرامبەر ژنەکەی‌دا هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو، بەڵام هەست پێ ئەکرا هەمیشە ئامادەی ئەوەیە بتەقێتەوە و ڕاپەڕێ؛ توانی بچێ بۆ زانکۆی نژیارڤانی[20]. لە کۆتایی‌دا دایکی کۆڵی دا و لەگەڵی ئاشتی کردەوە و بە بەخشینی ئەو و سەرهەنگ شەمس، شیمانەی ڕاپەڕینە سەرهەڵ نەداوەکەی سەرهەنگ شەمسی لەبار برد.

بەڵام سەعید، هەرچەند لە ژێر دەسەڵاتی دایکی هاتبوویە دەرەوە،

---

١٩ـ میهراز: architect نژیارڤان، ئارشیتکت [ع] مهندس معماري [N] arkitekt [د] معمار.

٢٠ـ نژیارڤانی: architecture هونەری تەلارسازی، میهرازی [ع] معماری [N] arkitektur [د] معماری.

بەڵام سێبەری ناڕاستەوخۆی ئەمینی هەر وەک تارمایییەک بە سەر ژیانی خۆیەوە ئەبینی. ئەمین لەگەڵی وەکوو برایەکی گەورە ئەجووڵایەوە؛ برایەکی گەورەتر و ژیرتر کە هەرچەند وەکوو سەعید بە جۆش و بەهەست نەبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا بە بێ. وابکە و وامەکەی نەسرەت خانم ئاسا، توانیبووی خۆی بە سەر ژیانی ئەودا بسەپێنێ. ئەمین بەردەوام لێی ئەپرسی، ئەوی بە دۆستانی خۆی ئەناساند، زۆر جار بانگی ئەکرد بۆ ئەو میوانی و دانیشتنانەی لەگەڵ دۆستان بەرپای ئەکرد و بە وشەی شیاو پیایدا هەڵئەدا. هەرگیز لێی نەپرسیبوو کە بۆچی لە بری پزیشکی، نژیارڤانیت هەڵبژارد؛ بەڵام زۆر جار باسی ئەو زانکۆیانەی بۆ کردبوو کە بە بۆچوونی ئەو زۆر گرنگتر لە زانکۆکەی ئەون و، ئەگەر سەعید بچێ بۆ یەکێک لەو زانکۆیانە ئەتوانێ بەڵگەنامەیەکی بە نرختر وەربگرێ.

لەماڵی ئەمین بوو کە سەعید لەگەڵ یەکەم کچی ئینگلیزی ئاشنا بوو و پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ پەیدا کرد. ئەمین ئەوانی بە یەکتر ناساندبوو و لەو دانیشتنەدا ئەوەندە باسی کەسایەتی و ڕەوشتی بەرزی سەعیدی بۆ کردبوو کە کچە شەیدای سەعید ببوو. بەڵام سەعید سەرەڕای ئەوەی بە ڕواڵەت و بەگوێرەی خووی چەندین ساڵە، گوێی لە ئامۆژگارییەکانی ئەمین ڕائەگرت و قسەکانی بە ڕاست ئەگێڕا، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆی بزانێ و هەندێجاریش بە ئەنقەست بە پێچەوانەی ویست و وازی ئەمین ئەجووڵایەوە. واتە تێئەکۆشا دەرفەتێکی دەسبکەوێ تا بە قسەی ئەمین نەکات. بە بیانوویەک زانکۆی گۆڕی و بە بیانوویەکیتر لەو کچە، کە تا ڕادەیەک حەزیشی لێی بوو، جیابوویەوە. حەزی نەئەکرد ببێ بە شەیدای کەسێک کە ئەمین بۆی هەڵبژاردووە...

سەرەڕای ئەوەش سەعید نەی ئەتوانی درێژە بەو بارە بدات. وردە وردە هەوڵی دابوو لە ئەمین دوور بکەوێتەوە. کەمتر بچێ بۆ میوانیەکانی ئەمین و؛ ئەو شوێنانەی ئەو ئەچێت، ئەم هاتوچۆی نەکات. ئەمکارە بووە هۆی ئەوەی ماوەیەک ئەمین نەبینێ. هەر لەو

ماوەیەدا بوو کە حەزی چووە سەر مشتومڕی ڕامیاری و بەتایبەت کەوتە خوێندنەوەی بڵاوکراوەی سوسیالیستی و، بە وتەی خۆی، لەگەڵ «هاوڕێیانی چەپ» ئاشنا بوو. لە سەر بانگهێشتنی یەکێک لەم هاوڕێیانە، لە کۆبوونەوەی کونفدراسیۆنی خوێندکاران بەشداری کرد و، پاش ماوەیەکی زۆر ئەمینی لەوێ بینی و، بۆی دەرکەوت ئەمین لە لقی بەرەی نەتەوەیی کونفدراسیۆن کار ئەکات. هەر لەوێ لە سەر بابەتێک ببوو بە مشتومڕیان و ئەمین، بۆ یەکەمجار تووڕە ببوو و بەرپەرچی دابوویەوە. سەعید هەمان ڕۆژ گەشتبوویە ئەو ئەنجامەی ئەمین ئیتر وەکوو برایەکی گەورە یان باوکێکی ژیر قسەی لەگەڵ ناکات؛ هەستی کردبوو سێبەری ئەمین لە سەر ژیانی هەڵگیراوە. ئێستە ئەیبینی ئەمینی زیاتر لە جاران خۆش ئەوێ. هاتوچۆکردنی ئەو لەگەڵ ئەمین ئیتر لەبەر ڕوودەربایسی خزمایەتی یان زۆرلێکردنی ئەمین نەبوو. سەعید لە بناخەوە حەزی لە هاتوچۆی بەربڵاو نەبوو، بەڵام ئەچوو بۆ ئەو میوانیانەی ئەمین بەرپای ئەکرد و بە ئاسوودەیی لەگەڵ ئەمین ئەکەوتە وتووێژەوە. قسەکان زیاتر دەربارەی بابەتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکان بوون و ئەو دوانە هەمیشە دوو لایەنی دژ بە یەک بوون.

لەو ڕۆژانەدا بوو کە من لەگەڵ سەعید ئاشنا بووم و سەرەڕای ئەوەی کە هەموو ڕۆژێک ئەمبینی، بەڵام تا حەوت مانگ لەگەڵ ئەمین ئاشنا نەبووم. دوو سێ جار سەعید داوای لێکردم پێکەوە بچین بۆ ئەو میوانیانەی ئەمین بەرپای ئەکرد، بەڵام من نەچووبووم. لەو سەردەمەدا من باری دەروونیم زۆر خراپ بوو. جیابوونە لە میلان، مردنی باوکم، تەرەبوون لە نیشتمان و خەمی ئەو منداڵەی لە سکمدا بوو و بە دەم هەڵاتنەوە هەستم پێکردبوو کە دووگیانم؛ هەموو وزە و توانای لێ سەندبووم و توانای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکی نەناسراوم نەبوو.

تەنها ئاشنای من سەعید بوو. هەمیشە بیر لەوە ئەکەمەوە ئەگەر لە هەمان مانگی یەکەمی چوونم بۆ ئینگلیز لەگەڵ سەعید ئاشنا نەبوایەتم و ئەگەر ئەو سوور نەبوایەت لە سەر ئەوەی درێژە بەو دۆستایەتیە

بدات، ئەو ڕۆژانەم چۆن لێ تێپەڕ ئەبوو؟ لە وڵاتی نوێ، هیچکەسم نەئەناسی و هیچ ڕێگە و ڕێبازیکم نەئەزانی. چەند ڕۆژ پاش چوون بۆ پۆلی زمانی زانکۆ، لە بەردەم سندۆقی ساڵۆنی نانخواردن خەریک بوو پارەم ئەدا. ئەو پارەیەی لە بەڕێوەبەرێتی پەنابەران وەرمگرتبوو، سەر و بنم ئەکردن تا بزانم کامەیان کامەیە، سەعید، کە لە پشت سەرمەوە وەستابوو، یەکێک لە پارەکانی لە ناو دەستم دەرهێنا و دای بە فرۆشەرەکە. من سپاسم کرد و ئەو بە سینی خواردنەکەیەوە هات بۆ سەر مێزەکەم و ئەوەندەی دانیشت وتی: «ئەزانی لە ژیانمدا کچێکم بە جوانی تۆ نەدیوە؟» و پاشان دەسبەجێ سوور هەڵگەڕا، وەک بڵێی ئەو ڕستەیە نەخواستە و ناخودئاگا لە دەمی دەرپەڕیوە.

لە پاش ئەوە، سەعید هەموو ڕۆژێک، بە سینیەکەیە لە سەر مێزەکەی من ئامادە بوو، بەڵام ئیتر هیچکات پیاهەڵنەگوتم. هەوڵی ئەدا قسەم لەگەڵ بکات و بمهێنێتە قسەکردن. من هەرچەند لە چیکۆسلۆڤاکیا زمانی ئینگلیزیم خوێندبوو، بەڵام نەم ئەتوانی بە ئاسانی بەو زمانە قسە بکەم. بەڵام سەعید سەرەڕای ئەوەی پشوو کورت بوو و پێمەوە دیبوو، کەچی زۆر بە وردی گوێی لە قسەکانم ڕائەگرت و ڕستەکانی بۆ ڕاست ئەکردمەوە.

زۆر زوو هەموو سەربردەی ژیانی خۆم بۆ سەعید گێڕایەوە و، زۆر زوو بووین بە برادەر و زۆربەی کات پێکەوە بووین. من هەر ڕۆژە و شتێکی تازەی لێ فێر ئەبووم کە ڕەنگی تازەی ئەدا بە ژیانم. ئەو، سەرەڕای ئەوەی کە تەنها سێ ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام هەڵوێست و هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە کێشەکان زۆر لە من قووڵتر و زانایانەتر ئەهاتە بەرچاو. کەچی ئەم پسپۆڕییەی لەگەڵ شەرم و خۆپارێزییەکی پاکدا تێکەڵ ببوو و زۆر کەم خۆی دەرئەخست. ڕەنگە ئەگەر ئەو شەرم و لێبوردووییە نەبوایەت ئەمین هەرگیز نەی ئەتوانی منی لەدەس دەربهێنێ؛ بەبێ ئەوەی بزانم کە ئەو لەو ڕۆژانەدا تا چ ڕادەیەک منی خۆش ویستبوو!

سەعید خۆی بوو بە هۆی ئاشنایی من و ئەمین. کاتێکە لە مانگی هەشتەمی دووگیانی‌دا ژان گرتمی، ئەو هات بە شپرزەیی منی گەیاندە ئەو نەخۆشخانەیەی ئەمین لەوێ وەکوو دکتۆر کاری ئەکەرد. دوو مانگ پاش ئەو ڕۆژە کاتێک بە تەلەفۆنی پێم ڕاگەیاند کە ئەمەوێ شوو بکەم بە ئەمین، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بێدەنگ بوو و لە کاتێکا گوێم لە سیخەی هەناسەی بوو وتی: «کە وابوو پێی بڵێ منیش بانگ بکات!» هەرچەند زۆر کەم گاڵتەی ئەکرد، بەڵام من پێم وابوو ئەو قسەیەی بۆ گاڵتە کرد.

پاش ئەوە بۆ دوو حەفتە ون بوو و، کاتێک سەری هەڵدایەوە ئیتر زۆر کەم لێی ئەپرسیم و هاتوچۆی ئێمە لە چاوپێکەوتنی خێزانی تێپەڕی نەئەکرد. یەک دوو جار، کە لەگەڵ ئەمین نێوانمان تێک چوو، چووم بۆ لای و دەردەدڵم بۆ کرد، بەڵام ئەو هیچکات دەربارەی ئەمین ڕای دەرنەبڕی. بێدەنگ دائەنیشت، گوێی لە قسەکانم ئەگرت و لە کۆتایی‌دا ئەیوت: «ئەم شتانە چارەسەر ئەبێت. گرنگ ئەوەیە ئێوە یەکتان خۆش ئەوێ!»



بەیانی ئەو ڕۆژە زووتر دەستم لە کار هەڵگرت و چووم بۆ نۆرینگەکەی ئەمین. دەرگای بیناکەم کردەوە و پێش ئەوەی بچمە ژورەوە، ئەو یادداشتەی بە خەڵکی ئەوت: «نۆرینگەی دکتۆر جەلالی تا ئاگاداری داهاتوو، داخراوە!» لێکردەوە. دوەمین ڕۆژی ونبوونی ئەمین، عەبە ئەو یادداشتەی دابوو لە سەر شووشەی دەرگاکە. لەو پلیکانە پان و خاوێنەی کە ئەچووە ژووری چاوەڕێکردن سەرکەوتم. دڵم وا لێی ئەدا ئەتوت تەپڵێکی شکاوە و ئەیکوتن. هەستم ئەکرد هەرچەند ئەچمە پیش، دڵم زیاتر بۆ ئەمین تەنگ ئەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە هەوا هێشتا ڕووناک بوو، چرای ژوورەکەم هەڵکرد. هەموو شتێک وەکوو ڕابوردوو لە جێگەی خۆیدا بوو؛ دوو موبلی دوو کەسی دەسکدار، بە تەختی چەرمی کرێمی، دوو کورسی دار، مێزێکی چوار گۆشەی کورت کە ژمارەیەک گۆڤار بە ڕێکوپێکی لە سەری دانرابوو و، مێزێکی نووسین لە قەراخ دەرگاکە، جێگەی سودابە.

سێ ساڵ پێش، من و ئەمین ئەو مێزەمان کڕی ــ کاتێکە ژمارەی نەخۆشەکان زۆر ببوو و ئەمین، بە دوای چاپکردنی ڕاگەیاندنێکی بچووک لە ڕۆژنامەی ئێوارەدا، سودابەی دامەزراندبوو. بۆی گێڕامەوە: «دوو خولەکی پێ نەچوو. دام مەزراند. کچێکی خراپ نییە. پێویستی بە کار هەیە. بۆ ڕابواردن و سەرگەرمی نییە.» بەڵام پڕۆسەی ئەم

دامەزراندنە بۆ سودابە چەندین کاتژمێری پێچووبوو. بەو شێوەی کە هەمیشە خولەکەکانی ڕۆژی دامەزراندنی خۆی لەبیر بوو.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە بوو. کاتی داخستنی نۆرینگە. دکتۆر جەلالی لە سەر یەکێک لە موبلەکانی ژووری چاوەڕێیی دانیشتبوو و گۆڤارێکی بێگانەی هەڵئەدایەوە. بە سڵاوکردنی سودابە سەری بەرزەوە کردبوو و سودابەی هەڵسەنگاندبوو. سودابە هەستی کردبوو ئەو کابرا زیاد لە پێویست قۆز و ڕاکێشەرە. کاتێکە ئەمین هەڵسابوو تەوقەی لەگەڵ بکات، سودابە لەوەی کە بە زۆر هەتا لای شانی ئەو ئەگات تریێق ببوویەوە.

سەرەڕای ئەوەی ئەو بیری لێکردبوویەوە، دکتۆر سەبارەت بە کارەکەی هەڵی نەپێچابوو. باسی دەر و دیوار و هەوای لەگەڵ کردبوو. جارێکیش لە ناو قسەکانی‌دا پرسیبووی بۆچی بە دوای کار لە نۆرینگەدا ئەگەڕێ؟ قسەکان و کرداری دکتۆر، هێزی خستبوویە بەر سودابە و تۆزێ هێور ببوویەوە؛ هەستی ئەکرد کاریشی دەس نەکەێ ئەوەندەی کە لەوێ دانیشتووە و لەگەڵ یەکێکی وەکوو دکتۆر جەلالی قسە ئەکات، دڵکاو بوو. هەر ئەو ئارامییە جەربەزەی ئەوەی خستبوویە بەری هەتا ڕاستەکەی بە دکتۆر بڵێ: «بە دوای کارکردن لە نۆرینگە نەبووم، بە دوای کارەوە بووم. پێداویستی داراییم هەیە. بۆ هەر شوێنێک کە ڕاگەیاندنی کارم بینیوە، چووم. ئەمە شەشەمین جێگەیە کە هاتووم بۆ داواکاری. پێنجیان وەریان نەگرتم و...» ئینجا دکتۆر جەلالی قسەکەی بڕیبوو و وتبووی: «بەڵام شەشەمی بەم مەرجانە وەرت ئەگرێ؛ یەک...» و سودابە پێش ئەوەی دکتۆر جەلالی مەرجەکان بژمێرێ، وتبووی: «هەرچەند بن و، هەرچێی بن، نکۆڵیم نییە.» و ڕۆژی شەممە هاتبوو و لە پشت ئەو مێزەی کە ڕۆژی پێشوو لەوێ دامان نابوو، دەستی کردبوو بە کار.

لە سەر مێزەکەی سودابە جگە لە تەلەفۆن و پەرداخێک کە چەند

پێنووسی تیابوو و دوو پەڕاوی ڕەش و شین هیچی لێ نەبوو. لە دالأنەکە تێپەڕیم و چوومە ژوورەکەی ئەمین. سپێتی دیوار و تەخت و ئامرازەکانی پزیشکی دای لە چاوم. ئەتوت یەکەمجارە ئەو هەموو سپیە پێکەوە ئەبینم. کورسیەکەی ئەمین بەتاڵ و تەنها لە پشت مێزی کارەکەی دانرابوو. دڵم نەهات لە سەری دابنیشم. هەر لەوێ لە تەنیشت مێزەکەیەوە وەستام. لە سەر مێزەکە قاپێکی بە نەخش و نیگاری بچووکی لێ بوو کە وێنەی من و منالّەکانی تیابوو. هیی ئەو کاتەی بارام یەکسالأن و بەردیا نۆ سالأن بوو. وێنەکە ئەمین خۆی گرتبووی. لە هەتاوێکی بەهاری و لە داوێنی کێوی دەماوەند بە گولألّە سوورەی گەشەوە. من و منالّەکان لە نێوان گولّەکان‌دا وەستابووین و بۆ ئەمین پێ ئەکەنین. قاپەکەم هەڵگرت و خستمە ناو جانتاکەم. دەوری مێزەکەم دایەوە و چەکمەجەم کردەوە. چاوم لە پەنجەکانم بوو کە ئەلەرزین. چەکمەجەی یەکەم ژمارەیەک ڕەچەتەی نەنووسراو. لە چەکمەجەی دووەم دەستەچەکەکەی ئەمینم لە نێوان ژمارەیەک نامە و کاغەزدا دۆزییەوە.

ئەو ڕۆژە و ئەو کاتە بوو کە بۆم دەرکەوت لە مانگی جوولای، مانگێک پێش مردنی ئەمین، چوار ملیۆن و دووسەد هەزار تمەن، بە سێ جار لە هەژمارەکەی ئەمین دەرهاتبوو. لە بن چەکەکان بووسرابوو: «نەختی بۆ ڕەخشان». خەتی ئەمین بوو. گومانم لەوەدا نەما کە ئەمین یارمەتی لایەنگرانی بەختیاری داوە. بەلأم چۆن توانیبووی ئەو کارە بکات؟ ئەگەر زیندوو بوایەت چۆن ئەیتوانی خانوو بکڕێ یان هۆی کەمبوونەوەی ئەو پارەیەی بە چ شێوەیەک بە من ئەوت؟

لەوەی کە ئەوەندە بە دڵنیاییەوە وتبووم: «ئەمین بەبێ ئاگاداری من دەس لە پارەکان نادات.» ترێق بوومەوە. نەبوونی پارەکە گرنگ نەبوو، ئەوەی ئازاری ئەدام نهێنکارییەکەی ئەمین بوو، کە بە دزی منەوە کردبووی.



هەمان شەو کاتێکە ئەمەم بە نێرگز و سەعید وت، کە لە سەر داوای خۆم هاتبوون بۆ ئەوێ، نێرگز شانی هەڵتەکاند و وتی:

ــ ئەمین لە پاش مردنی ڕوخسارێکی تری لە لای من پەیدا کردووە. ئەو بە مردنی زۆر شتی لە مندا کوشت و خراپ کرد. بەڵام تۆ باشترە ئیتر بیر لەو شتانە نەکەیتەوە. سەبارەت بە پارەش لەگەڵ کەس قسەمەکە، تەنانەت لەگەڵ بابە گیانیش. زانینی پەیوەندی ئەمین لەگەڵ بەختیار بۆ هەموو کەسێک جگە لە مەترسی هیچ قازانجێکی نییە.

خەمساردی و قسە وشکەکانی نێرگز بۆ من تازە بوون. وای بۆچووم، ئێستە کە نێرگز ڕاکێشراوە بۆ لای کاری ڕامیاری، هەموو شتێک لە ڕوانگەی ئەو ڕێکخراوەیەوە سەیر ئەکات کە کاری لەگەڵ ئەکات. تەنانەت ئەگەر بابەتەکە پەیوەندی بە مردنی براکەشیەوە هەبێ کە ئەو تا ئەو ڕادەیە خۆشی ئەویست. من لە سەرەتای لاوێتیەوە لەگەڵ ئەو جۆرە ئاوێتەبوون و هەڵوێستوەرگرتنە ڕێکخراوەییانە ئاشنا ببووم و، لە ئەنجامدا ئەمتوانی لەوە تێبگەم نێرگز لە چ بار و دۆخێک دایە. ئەمین ئێستە سەر بە بەرەیەکی ڕامیاری بوو کە ئارمانجەکانی لەگەڵ بیر و بۆچوونی نێرگز و سەعید و هاوڕێکانیان جیاواز بوو و ئەم جیاوازییە ئەیتوانی تێکڕای سۆز و هەستی بشواتەوە و لەگەڵ خۆی ببیات. ڕەنگە لە بەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بوو، کاتێکە پاشتر،

ڕاستیە شاراوەکانم بۆ دەرکەوت، سەرەتا بەرامبەر بە نێرگز خۆم بە شەرمەزار ئەزانی و لە دوای ئەوەش هەست و خۆشەویستیم بەرامبەر بەو پەرەی سەند. بەڵام ئەو شەوە دڵم لە قسەکانی نێرگز ئێشا.

سەعید وتی:

ـ نهێنکاری ئەمین لەم ڕووەوە شتێک نییە ئەوەندە خۆتی پێوە خەریک بکەی. زۆر کەس بابەتە ڕامیاری و چالاکیەکانی خۆیان لە هاوسەرەکانیان ئەشارنەوە.

بەڵام ئەم قسانەش زۆر بۆینی نەکردم. چەندە کات تێ ئەپەڕی زیاتر دائەگیرام. ئەگەر پێش ڕووداوی نامەکەی دکتۆر جەهانگیری و ئاشکرابوونی یارمەتیەکانی ئەمین بەوان، بکوژ یان بکوژەکانی ئەمینم بە هۆکاری مەرگی ئەو و تەنها کەوتنی خۆم و هەتیو کەوتنی منداڵەکانم ئەزانی، بەڵام لەوەو پاش ئەمینم بە تاوانبار و بەرپرس ئەناسی.

لە پاش مەرگی ئەمین، هەموو دڵخۆشیم ئەوە بوو بە شەو دابنیشم و بە بیرەوەرییەکانی ڕابوردوودا بچمەوە؛ ئەو بیرەوەریانەی لە بوونی ئەمین‌دا زۆر کەم بیرم لێ ئەکردنەوە. ئەگەر بە ڕێکەوت شتێکم بکەوتایەتەوە بیر، وێنەکان ئەوەندە ڕوون نەبوون کە بتوانن چەندین کاتژمێر لەگەڵ خۆیان بمبەن. بەڵام لە پاش مردنی ئەمین چێژم لە چرکە بە چرکەی ئەو یادەوەریانە وەرئەگرت. وەکوو کچێکی تازە پێگەیشتوو کە بە یادی دڵدارە پەرییەکەیەوە حەز و ئازار بە یەکەوە ئەچێژێ، وردە وردە خووم بە یادەکانی ئەمینەوە گرتبوو. ئێستە هەندێجار بیر ئەکەمەوە کە زۆربەی ئەو شتانەی حەز و خۆشیان پێ ئەدام، خۆم دروستم ئەکردن و پێم وابوو ڕاستەقینەن. لە خۆم و ئەمین شەیدا و ئەویندارێکم دروست کردبوو بەردەوام بە ئاسمانەکان‌دا ئەفڕن و بەبێ بۆنی هەناسە و و بینینی یەکتر ناتوانن بژین. خۆشم ئەویست و شتی وەهام پێ ئەوت کە لە دنیای ڕاستەقی نەدا هەرگیز پێم نەوتبوو و، هەرگیز هەست و حەزی وتنی ئەو شتانەم لە خۆم‌دا نەبینیبوو و، لە کۆتاییدا ئەگەیشتم بە مەرگی ئەو. تۆقاو و ترساو،

وەک بڵێی هەر ئێستاکانێ هەواڵی مردنی ئەویان بۆ هێنابێتم، یەک بە خۆم دائەچڵەکام و بە حەب یان بە ئەلکول مەرگی ئەوم لە بیر خۆم ئەبردەوە. بەڵام ئەو شتەی کە ڕووی دابوو، یادەکانی ئەمینی لە پشت پەڵە هەورێکدا حەشار دابوو. لەمەودوا بە شوێن ئەو نیشانانەدا ئەگەڕام کە بتوانم پەیوەندییان بدەم بە چالاکیە نهێنیەکانی ئەمینەوە: ڕەنگە ڕۆژانی چوارشەممە کە ئەیوت لە نەخۆشخانە کۆبوونەوەیان هەیە و، نزیکەی دوو کاتژمێر درەنگتر ئەهاتەوە، ئەچوو بۆ جێگەیەکی تر. ڕەنگە کاتی نیوەڕۆ کە ئەیوت ئەچێ بۆ ڕەستۆرانە بچووکەکەی بەرامبەر بە نۆرینگە، چووە بۆ جێگەیەکی تر. ڕەنگە ئەو ڕۆژانەی کە ئەیوت نەشتەرگەری شەش حەوت کاتژمێری پێچووە، درۆی کردووە. پاشان کەوتەوە بیرم، چوارشەممەیەک کە بارام تێکچووبوو، تەلەفۆنم کرد بۆ نەخۆشخانەی تاران و لە ژووری کۆبوونەوە دۆزیمەوە؛ لە بیرمە چەند جار کاتی نیوەڕۆ چووبووم بۆ هەمان ڕەستۆرانە بچووکەکە و ئەوم لەوێ دیبوو کە بە تەنها دانیشتووە و منیش لەگەڵی نانم خواردبوو. ئەهاتەوە بیرم هەر جارەی کە تەلەفۆنم بۆ نەخۆشخانە کردبوو، سکرتێری نەخۆشخانە کاتەکانی چوون و هاتنەوەی ئەوی بۆ ژووری نەشتەرگەری ئەزانی. پاشان بیرم کردەوە ڕەنگە لە نۆرینگە، هاوڕێکانی بینیوە... ڕەنگە... و هیچکات نەئەگەیشتمە هیچ ئەنجامێک و دیسانەوە پەنام ئەبردە بەر ئەلکول یان حەبی خەو. سورەییا کە خۆی لە حەفتەی یەکەمی مەرگی ئەمیندا حەبی خەوی بۆ نووسیبووم، چەندین جار پێی ڕاگەیاندبووم ئەبێ ئیتر نەیخۆم یان کەمیان بکەمەوە. بەڵام من نەک هەر کەمم نەکردبوویەوە، بەڵکوو وردە وردە زیادیشم کردبوو.



به کردنەوەی فێرگە، منداڵەکانم هێنایەوە بۆ لای خۆم و لە هەمان حەفتەی یەکەمدا بۆم دەرکەوت کە هەر دووکیان زۆر گۆڕاون. بارام لووسکە و گرینۆکی لێ دەرچووبو و بە هەموو بیانوویەک دەستی ئەکرد بە گریان و کولێکی پێ ئەچوو هەتا ژێری بکەمەوە، چونکە من بە قوربان و سەدەقە بوونی عیسمەت خانم و سدیقە خانمم نەئەزانی. بەردیا بەڵام بێدەنگ و دژواری لێ دەرچووبوو. هیچ گوێی لە یاری منداڵان نەبوو. ئەو منداڵە بزۆزەی چەند مانگ لەمەوبەر ببوو بە مێرمنداڵێک کە بە گەڕانەوەی لە فێرگە ئەچووە ژوورەکەی خۆی و کاتێکیش کە هیچ کارێکی نەبوو چەندین کاتژمێر لە بەر پەنجەرەکە دائەنیشت و مۆڵەقی سەیرکردنی دەرەوە ئەبوو. هەندێجار تەنانەت چرای ژوورەکەشی هەڵ نەئەکرد و لە تاریکیدا دائەنیشت. حەزی نەئەکرد من یان بارام بچین بۆ ژوورەکەی.

فێرگەی بەردیا تایبەتی بوو و تێکەڵ. بەڵام پاش دەسبەسەراگرتنی فێرگە تایبەتیەکان و بە دەسپێکردنی ساڵی خوێندن، کەوتبوویە بن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. بە دیوارێک کردبوویان بە دوو بەشەوە و بەشی کچانەیان لە هیی کوڕانە جیا کردبوویەوە و لە بری بەڕێوەبەری پێشوو کە خاتوونێکی بە ئەزموون و ڕووناکبیر بوو، کابرایەکی کەم خوێندەواریان لە بری ئەو دانابوو بە ناوی نەجەف ئابادی، کە بەردیا

ئەیوت لەگەڵ مونتەزری چەند ساڵ لە زیندانی شادا بووە و پاش ڕاپەڕین ئازاد بووە.

یەکەمجار کە نەجەف ئابادیم بینی، مانگێک پاش دەسپێکردنی خوێندن بوو. ڕۆژێک بەردیا هاتەوە بۆماڵەوە و زۆر بە شادمانیەوە وتی لە بەیانیەوە ناتوانێ نیوڕۆ بۆ نانخواردن بێتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە کراوە بە سەرپەرشتی نوێژخانەی فێرگە و ئەبێ لەوێ بمێنێتەوە. لە بەرامبەر نەیاری مندا بەردیا بە توندی وتی: «فەرمانی بەڕێوەبەرە.» هەرچەند من خۆم بۆ نیوەڕۆ نەئەهاتمەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام فاتمە خانم، ئەو ژنەی کە لە حەوتونیوی بەیانیەوە تا ئێوارە لە ماڵی ئێمە کاری ئەکرد، بەرپرس بوو کاتی نیوەڕۆ بەردیا لە ناوەندی و بارام لە سەرەتایی، کە هەردووکیان نزیک بوون، بهێنێتەوە بۆ ماڵەوە. نانیان پێ بدات و دیسانەوە بیانباتەوە بۆ فێرگەکانیان. حەزم نەئەکرد لە نێوان دوانزە هەتا دوو کە زۆربەی منداڵەکان ئەچنەوە بۆ ماڵەوە، بەردیا و بارام لە فێرگە بمێننەوە.

نەجەف ئابادی پێش ئەوەی من دەس پێبکەم، ماوەیەک باسی خەبات و زیندان و ئەشکەنجەی خۆی بۆ کردم و پاشانیش ماوەیەک دەربارەی بەردیا و بەهرە و توانای ئەو قسەی بۆ کردم کە لەو یەک مانگەدا پیشانی داوە. زۆر بە دژواری توانیم مەبەستەکەی خۆمی پێ بڵێم و داوای لێ بکەم نیوەڕوان بەردیا بنێرێتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام ئەو بە قەڵسیەوە وتی:

ـ من کەسێک نیم قسەی خۆم وەربگرمەوە. ئەگەر ئەتوانی خۆت دڵکاوی بکە. بەڵام ئەبێ شانازی بکەی کە کوڕەکەت بووە بو سەرپەرشتی نوێژخانەی فێرگە.

هەستم کرد کابرا نەک نایەوێ یارمەتیم بدات، بەڵکوو ڕەنگە بەردیاشم لێ تیژ بکاتەوە و بیکا بە گژمدا. بۆیە وام بە باش زانی تەنانەت بە خودی بەردیاش نەڵێم. لەو ڕۆژانەدا کە بارام و بەردیا هێشتا لە ماڵی حاجی بوون، سورەییا ئاگاداری کردبوومەوە باشتر وایە

بە زووترین کات منالّەکان ببەمە بۆ مالّی خۆمان. ئەو پێی وابوو مەرگی ئەمین لە ڕونگەی دەروونیەوە بەردیای تێک شکاندووە و ئەو خەریکە ئەمینێکی تر لە خۆی‌دا دروست ئەکات. ئەو شتانەی کە ئەو لە ئەمینی ئەناسی، یا ئەیویست بیناسێ، ئەو شتانەی کە پاش مردنی ئەمین لە مێشکیدا بەدی هاتووە؛ قارەمانێک کە لە پێناوی بیروباوەڕدا شەهید کراوە، قارەمانێک کە نوێنەری خوایە لە سەر زەمین و ئەرکی (ئیرشاد) و ڕێنموونی کردنی بەندەکانی خوایە. سورەییا ئەیوت: «بەردیا پێی وایە ئەو کارەی باوکی پێی تەواو نەکراوە، ئەو ئەبێ بە ئەنجامی بگەیەنێ!»

من ئەمتوانی پەسەندی بکەم کە مەرگی ئەمین گۆڕانکاری لە باری دەروونی بەردیادا بەدیهێناوە. سەبارەت بەو هەموو خۆشەویستی و میهرەی ئەو بەرامبەر بە ئەمین هەیبوو، ئەوەم بە شتێکی ئاسایی ئەزانی. هەر بەو جۆرەی کاتێکە خۆم دایکم لە دەست دا، گۆڕام و؛ تازە لەو کاتەدا من دوو سێ سالّێکیش لە بەردیا گەورەتر بووم. لە هەمان کات‌دا پێم وابوو بەردیا لە خولی بالّق بووندایە و ئەو هەڵسوکەوت و کردارانەی شتێکی کاتی و کورتخایەنە. سورەییا دانی بەو قسەیەدا ئەنا و ئەیوت: «هەر لەبەر ئەوە پێویستە بەردیا لەم خولەدا لە لای خۆت بێت.» ئەو پێی وابوو مەرگی ئەمین ڕەنگە بە شێوەیەکی سروشتی هەست و ویستی ئاینی نە زۆر توند و تیژی حاجی و ژنەکەی، کە بەرەنجامی دنیای ئایینی ئەوانە، بگۆڕێ و هەستی تۆڵەسەندنەوە، ئەوان بۆ لای هەندێ لایەنی ڕامیاری تایبەت ڕابکێشێ. ئەو، ئەو کەش ژینگەی بۆ منالّەکان بە جێگەی مەترسی ئەزانی.

هەرچی چۆن بێ، من شادمان بووم کە منالّەکان بە هۆی فێرگەوە گەڕاونەتەوە بۆ مالّەوە. بەلّام وا دیار بوو نە ئەوان پێیان خۆشە و نە عیسمەت خانم و نە حاجی. ئەم دوانە بە ئاشکرا هیچیان نەئەوت بەلّام عیسمەت خانم هەموو شەوێک بە تەلەفۆنی ماوەیەک لەگەڵ منالّەکان قسەی ئەکرد. من، لە بەر ئەوەی کە هەر دوو لام بۆین کردبێ، وام دانابوو کە منالّەکان پشووی کۆتایی حەفتەی ئێرانی، کە لە نیوەڕۆی

پێنجشەممەوە دەستی پێ ئەکرد تا ئێوارەی ڕۆژی هەینی، بچن بۆ ماڵی باوەگەورەیان. ڕۆژانی پێنجشەممە مەجی، شۆفێری حاجی ڕاستەوخۆ لە فێرگەوە ئەیانی برد بۆ ماڵی حاجی. ئێوارەی هەینی منیش ئەچووم. هەم سەردانێکی حاجی و عیسمەت خانمم ئەکرد و هەم ماڵەکانیشم ئەهێنایەوە بۆ ماڵەوە.

بەمجۆرە، پێنجشەممە لە نیوەڕۆ بە دواوە و تێکڕای ڕۆژی هەینی بە تەنها ئەبووم. پێش مردنی ئەمین، پاش نیوەڕۆی پێنجشەممە لەگەڵ سورەییا بە زۆری ئەچووین بۆ یانەیەکی تنیس کە لەوێ ئەندام بووین. تەنانەت پاش ڕاپەڕینیش، کە یانە وەرزشیەکانیان کرد بە ژنانە و پیاوانە و هێنەکەی ئێمە بوو بە پیاوانە، توانیبوومان یانەیەکی ژنانە بدۆزینەوە و بچین بۆ ئەوێ. لەوێ دوو کاتژمێرێک یاریمان ئەکرد و نانیشمان ئەخوارد. بەڵام زۆر زوو ئەم بەرنامەیەش وەکوو زۆربەی بەرنامەکانی تری من تێکچوو.



دواین پێنجشەمەی ئۆکتوبر بوو. کاتێکە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە نێرگزم لەوێ بینی. لە چێشتخانە دانیشتبوو و یارمەتی فاتمە خانمی ئەدا مێزی نانخواردن دامەزرێنێ. شاد و دڵخۆش بوو. پاش مردنی ئەمین یەکەمجار بوو ئەمبینی گەش و شادمانە. تێکڕای ئەو کاتانە هەمیشە وەکوو ماندوو و تووڕە دیار بوو، وا پێ ئەچوو چەند کیلۆ دابەزیوە و چاوە ڕەشە گەشەکانی مات و لێڵ ببوو. ئەو ڕۆژە هەندێ تیشکی ڕابوردووم، کە چەتوونیەکی منالانەی ئەنواندەوە، لە چاوەکانیدا بینی. وەکوو نەخۆشێک کە دوا ڕۆژەکانی کەوتن تێ ئەپەڕێنێ و خەریکە بە تەواوەتی چاک ئەبێتەوە.

خۆی هەڵدا و باوەشی کرد بە ملما و ماچی کردم و، پاشان وەکوو پشیلەیەک لە سەر کورسیەکە دانیشت. کاتێکە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتەی هەبوو، ئەمزانی کارێکی هەیە و ئەیەوێ بە منی ئەنجام بدات. باشی بۆ چووبووم. هاتبوو دڵکاوم بکات بۆ سێ چوار ڕۆژ پێکەوە بچین بۆ «گوڵسەرا». گوڵسەرا شوێنێک بوو لە باکووری ئێران و لە قەراخ زەریای مازەندەران، کە بنەماڵەی حاجی لەوێوە هاتبوون. شوێنێک کە من هەر کات دەرفەتێکم دەست بکەوتایەت، یان پشوویەکم وەربگرتایەت، لەگەڵ نێرگز و دۆستانی تر ئەچووین بۆ ئەوێ. بەڵام لەم چەند مانگەدا هیچکات بیرم لە ڕۆیشتن بۆ ئەوێ نەکردبوویەوە.

نێرگز زیاتر لە من ئەچوو بۆ ئەوێ. هەمیشە ئەیوت: «خۆزگا ئەمتوانی لەوێ ئەژیام!» بەڵام من ئەمزانی ئەو ژنێک نییە بتوانێ بۆ هەمیشە لە ژینگەیەکی گوندی‌دا بژی.

بە نێرگزم وت ناتوانم بەرنامەی مناڵەکان تێک بدەم. ئەگەر دیسانەوە چەند ڕۆژێک بچن بۆ ماڵی حاجی، وا ئەزانن لە کاتی فێرگەش‌دا ئەتوانن هەر لەوێ بمێننەوە. لەسەر ڕۆیشتنی نێرگز، کە زۆر جار منی نەرم ئەکرد و کۆڵم ئەدا، سەرکەوتوو نەبوو. بە نائومێدی لێوەکانی کۆکردەوە و وتی:

ـ بەداخەوە!

ئینجا لە کاتێکا لە ژێرەوە سەیری فاتمە خانمی ئەکرد کە ئارام و بێدەنگ خەریکی کاری خۆی بوو، دەنگی خۆی کز کرد و وتی:

ـ یەکێکم لەگەڵ دێ کە تۆ خۆشت ئەوێ و پێت خۆش ئەبێ ئەگەر بڵێم خەریکە شەیدا ئەبم.

نازانم بۆچی پێم وابوو باسی سەعید ئەکا و سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە حەزم ئەکرد نێرگز هاوسەرێکی دڵخوازی خۆی بدۆزێتەوە، شادمان نەبووم. نازانم بۆ! هەر بەو جۆرەی کە یەکەمجار بیستم سەعید خەریکە مەگی بهێنێ، شادمان نەبووم. بەڵا وام پیشام دا کە خۆشحاڵم و وتم:

ـ وا دیارە لە ناو ئەو هەموو هەواڵە ناخۆشانەدا، هەواڵێکی خۆشیش هەیە!

ـ نێرگز لە جێ ڕابوو و وتی:

ـ بڕۆین لەو لاوە دانیشین. ناتوانم کاتژمێرێک زیاتر لە چێشتخانە خۆم ڕاگرم.

لەو حەوت ساڵەی کە نێرگزم لە نزیکەوە ناسیبوو، هیچکات لەگەڵ پیاوێک‌دا نەمدیبوو. ئەمزانی پیاوی زۆر چاویان لێیەتی، بەڵام ئەو، ئەتوت نەی ئەویست دنیای خۆی بۆ کەس بکاتەوە. چەند مانگ پێش

ئەوەی من و ئەمین و بەردیا بگەڕێنەوە بۆ ئێران، ئەو لە هاوسەرەکەی جیا ببوویەوە. ساڵی یەکەمی زانکۆ، بە دوای حەزلێکەریەکی پڕ لە هەراوهوریا، شووی کردبوو و دوو ساڵ پاشتریش گرێبەستی هاوسەرێتی پچڕاندبوو. باوک و دایکی، هەم لە شووکردن و هەم لە جیابوونەوەی، ناڕازی بوون. لە ڕۆژی یەکەمەوە وتبوویان: «ئەم کابرایە بە کاری تۆ نایەت.» بەڵام هەرچی چۆن بوو کۆڵیان دابوو و پاشتریش وایان بە باش زانیبوو کە نێرگز جیانەبێتەوە: «پیاو لەم کارانە هەر ئەکات، چەند ساڵێک کە تێپەڕێ خۆی چاک ئەبێت. بەڵام نێرگز ئەگەر بۆ شوو کردن چاند مانگ لەگەڵ دایک و باوکی خەریک بوو تا بۆینیان بکات، بۆ جیابوونەوە، بەبێ گوێدانە نەیاری ئەوان و قیژە و هەرای مێردەکەی، کاری خۆی کرد؛ کارێک کە کەم ژنی ئێرانی پێی هەڵئەسێ و پێی ڕائەپەڕێنرێ.

لە ماوەی ژیانم لە ئێران بۆم دەرکەوتبوو زۆربەی ژنانی ئێرانی، تەنانەت خوێندەوار و ڕووناکبیرەکانیش، دوخمانی مێرد بە هۆیەکی کاریگەر نازانن بۆ جیابوونەوە. دەستەواژەی وەکوو «پیاو هەمووی وان.» یان «پیاوە ئیتر»م لە زمانی زۆر کەس بیستبوو. بەڵام نێرگز زۆر جار بە منی وتبوو: «حەز ئەکەم بۆ هەمیشە بە تەنها بژیم، بەڵام شوو بە پیاوێک ناکەم کە پێی وایە پیاو مافی ئەوەی هەیە هەموو کارێک بکات.»

ئەمین بە ڕاستی بۆ ئەو هەموو شتێک بوو. ئەوی لە دایک و باوکیشی زیاتر خۆش ئەویست. هەڵسوکەوتی بەرامبەر بە ئەمین زیاتر لە کرداری کچێک ئەچوو بەرامبەر بە باوکی. چوارادە ساڵ جیاوازی تەمەن وای کردبوو، بەگوێرەی ڕەفتارێکی پڕ لە ڕێزی بەرامبەر بە ئەمین هەبێ. بەڵام ئەم ڕێزلێگرتنە ئاوێتەی شانازیی پێوەکردنیش بوو. گرنگ ئەوە بوو ئەو باوەڕی بە ئەمین هەبوو و دڵی ئەدا بە قسەکانی. شەش ساڵان بوو کە ئەمین بۆ خوێندن چوو بۆ ئینگلیز و، ئەو شانزە ساڵ بە ئەوینی گەڕانەوەی ئەمین، لەگەڵ وێنە و بیرەوەرییە کورتەکانی

ساڵانی منداڵی و نامە چەند دێڕییەکانی ئەو کە چەند مانگ جارێک بۆی ئەنارد، ڕۆژ ژمێری کردبوو. لە هەمان سەرەتای چوونی بۆ ئامادەیی بەردەوام بە باوکی وتبوو ئەبێ پاش دیپلۆم بینێرن بۆ ئینگلیز. ئەیزانی ئەمین ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئێران. چالاکی ئەو لە کونفدراسیۆن ڕێگەی گەڕانەوەی لێگرتبوو، یان خۆی پێی وابوو ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئێران.

ئەمین زۆر جار بۆ نێرگزی نوسیبوو: «ئارەزووم ئەوەیە بگەڕێمەوە بۆ ئێران و هەمووتان ببینم، بەڵام ئەترسم و ناتوانم بێمەوە و خوێنەکەم بەجێ بهێڵم.» بەڵام دروست ئەو کاتەی کە نێرگز خەریکی تاقیکاری کۆتایی ئامادەیی بوو، ئەمین بۆی نووسی کە بەمزوانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئێران. بەڵام ئەو «بەمزوانە»یش سێ ساڵی خایاند. لەو سێ ساڵەدا نێرگز ئیتر حەزێکی وای بۆ چوونی ئینگلیز پیشان نەئەدا. چوو بوو بۆ زانکۆ، شووی کردبوو و بە هیوای گەڕانەوەی ئەمین چاوەڕێی کردبوو.

پاش هاتنی ئێمە بۆ ئێران، نێرگز کەموزۆر هەموو ڕۆژێک کە لە زانکۆ ئەگەڕایەوە، ئەهات بۆ بینینمان و سەبارەت بە هەموو بابەتێک ڕای ئەمینی وەرئەگرت و بە زۆری ئەو کارەی ئەکرد کە ئەمین وتبووی. زۆر جار لە لامان ئەمایەوە. خۆی کلیلی هەبوو و، وەکوو یەکێک لە ئەندامانی ماڵەکە هاتوچۆی ئەکرد. بەڵام لە پرۆسەی ڕاپەڕیندا، واتە لەو یەک ساڵەدا کە ئێران ژیانێکی تازەی بە خۆوە بینیبوو، وا دیار بوو خەڵکەکەی لەپڕ لە خەو ڕاچەنیون و بیریان کەوتۆتەوە کە پەیمانێکیان لەگەڵ مێژوو هەیە، ئێمە ئیتر کەمتر نێرگزمان ئەبینی. هەموو جارێک کە ئەهات بۆ لامان ئوقرەی نەئەگرت؛ ئەتوت پارچەیەکە لە جەستەی پرۆسەی شۆڕش و وەستانی بۆ نییە. زۆر جار، لە میانەی ڕۆژدا کارەکەی کە تازە لە بەشی پلان و بەرنامەی شارەوانی دەستی پێکردبوو، بەجێ ئەهێشت و ئەچوو بۆ کۆبوونەوە و ناوەندە ڕامیارییەکان. لە هەموو خۆپیشاندانەکاندا لە ڕیزی یەکەمدا بوو و بێباکانە دروشمەکانی هەڵئەگرت و دروشمەکانی شۆڕشگێڕە چەپەکانی ئەوتەوە؛ ئەو دروشمانەی لە مشتومڕەکانیشیدا هەبوو و ئەمە ئەو

شته بوو که ئهمینی قوشقی ئهکرد. ههرچهند نێرگز کاتێکه ڕووبهڕووی کاکهی ئهبوویهوه، زۆر شیانست و خۆپارێز قسهی ئهکرد، بهڵام ئهمین له نێوان ئهو قسا نهدا بۆنێکی ههست پێ ئهکرد که ئازاری ئهدا.

نێرگز زۆر زوو لهوه گهیشتبوو که هیچکات لهگهڵ کاکی ناگهنه بۆچوونی هاوبهش. ههر بۆیهش بوو زۆر وشیارانه خۆی له مشتومڕ کردن لهگهڵ ئهو ئهپاراست؛ ئهو کارهی که له بهرامبهر هیچکهس‌دا نهی ئهکرد، تهنانهت حاجی جهلالیش، که له قسهکانی کچهکهی دهربارهی ئاین و شۆڕش و شۆڕی لهبن نههاتووی کچهکهی سهری سووڕ مابوو. له ڕاستی‌دام لهو بنهماڵه و خێزانه گهورهیهدا، تهنها سهعید هاوبیر و هاوڕێی ئهو بوو.

سهعید له ههمان سهرهتای گهڕانهوهی بۆ ئێران، ههستی بهوه کردبوو که نێرگز تینوو و ئامادهی ئهو ڕێگهیه که ئهو بڕوای پێی ههبوو. نێرگز تازه دهستی کردبوو به خوێندنهوهی پهرتووکی بهرگیراو، نامیلکهی وهرگێڕاو و پهرتووکه بهرگ سپیه نهێنیهکان که به شۆر و تامهزرۆییهوه باسی ئهو جیهانه نهناسراو و ڕازاوهیهی ئهکرد که ئهو خولیای بوو. نێرگز ئهیبینی سهعید تهنها کهسێکه ئهو جیهانه ئهناسێ، لهگهڵ ڕازهکانی ئاشنایه و دهرگای چوونه ژوورهوهی ئهو جیهانه ئهزانێ. داوای له سهعید کردبوو لهگهڵ خۆی ببیات بۆ کۆبونهوهکانی خۆیان و بڵاوکراوه و پهرتووکهکانی خۆیانی پێ بناسێنێ. سهعید، ههرچهند له سهرهتاوه لهو شۆر و ههڵچوونه لهڕادهبهدهرهی نێرگز ئهترسا، بهڵام زۆر زوو بۆی دهرکهوت نێرگز ئهوهندهی که شۆر و ههستی ههیه، ئهوهندهش ژیر و بهباشاره. سهعید زۆر زوو توانی ههموو ئهو بهها و بایهخانهی نێرگز له ڕێگهی سۆز و ههست و خووی خۆبهختکهری خۆیهوه به دهستی هێنابوو، بۆی بخاته خانهیهکی لۆجیک و بیرساوه و نێرگز ههمیشه باسی سهعیدی وهکوو مامۆستایهک ئهکرد که به شهوێک ڕێگهی سهد ساڵهی پیشان دابوو.

ئەو دوای نیوەڕۆی پێنجشەممە، کاتێکە پێم وابوو نێرگز باسی سەعید ئەکات. هەستم کرد ملۆزمێک لە بەرامبەرمدا قیت بۆتەوە کە ماوەیەک بوو، لەو کاتەوە کە مارگریت لە ئێران ڕۆیشتبوو، خزابوویە دەروونمەوە. نێرگز لە تەنیشتمەوە لە سەر موبلەکەی ژووری دانیشتن دانیشت. لە سەرو مێزەکەی پشت سەرییەوە، وێنەی ئەمین ئەیڕوانیە من و داوای لێ ئەکردم پێی بڵێم زۆر پێخوشحاڵم کە ئەو و سەعید یەکدیان خۆش ئەوێ. بۆیە وتم:

ــ زۆر شادمانم نێرگز. هەم بۆ تۆ و هەم بۆ سەعید. پاش گەڕانەوەی مەگی هەستم ئەکرد ئەو زۆر تەنها و پەژارەمەندە.

نێرگز تۆزێ لێم مۆڕ بوویەوە. پاشان لێوە کشاوە شیرینەکەی لەرزی و هەوڵی دا قاقا بەرزەکەی قەتیس بکات و کاتێکە زانی ناتوانێ، دەستی گرت بە بەر دەمیەوە و لە نێوان پەنجەکانیەوە وتی:

ــ سەعید؟ بەڵام خۆ من دەربارەی سەعید قسە ناکەم. من خەریکم لەگەڵ ئەحمەد ئەڕۆم!

ــ ئەحمەد؟

ــ بەڵێ... بۆ پێت سەیرە؟

باوەڕم نەئەکرد نێرگز لەگەڵ ئەحمەد بێ. ئەمزانی کە ئەحمەد ماوەیەکی زۆرە ئەوینداری نێرگزە. هەموو کەس ئەوەی ئەزانی، بەبێ ئەوەی ئەحمەد هیچ بڵێ. بەڵام هەرگیز نەم بینیبوو نێرگز لە دۆستێک زیاتر ڕوانیبێتییە ئەحمەد. هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، هەناسەیەک کە موچڕکەی ئۆخژنی تیابوو و هەوڵم دا لەو کاتەدا سەیری وێنەکەی ئەمین نەکەم. وتم:

ــ ئەحمەد گەنجێکی بێوێنەیە.

نێرگز لە کاتێکا بە پێی خووی هەمیشەیی بە پەنجەکانی قژی شانە ئەکرد، وتی:

ــ منیش لە خولی ونبوون و مەرگی ئەمیندا لەوە تێگەیشتم. هەندێ سات هەیە کە مرۆڤ دەرفەتی بۆ ئەڕەخسێ، کەسێکە باش نەیناسیوە،

بناسێت و گیرۆدەی ببێت. بەڵام بۆچی پێت وابوو من حەزم لە سەعید کردووە؟

لەسەرخۆ وەڵامم دایەوە:

ـ نازانم بۆ. لەم ڕۆژانەدا ئێوە هەمیشە پێکەوە بوون. پێم وایە سەعیدیش زۆر تۆی خۆش ئەوێ.

پێکەنی و پاڵی دا بە موبلەکەوە و وێنەکەی ئەمینی شاردەوە کە لە پشت سەریەوە لە سەر مێزەکە دانرابوو.

ـ دیارە کە ئەو منی خۆش ئەوێ. منیش ئەوم خۆش ئەوێ. بەڵام ئێمە حەز لەیەک ناکەین. سەعید هاوڕێ و برای منە.

ئینجا سەری هێنایە بن گوێم و بە ئەسپایی وتی:

ـ ئەو بە تەنها شەیدای تۆیە!

یەک بە خۆم داچڵەکام و بە خێرایی وتم:

ـ قسەی بێتام مەکە. من و سەعید چەندین ساڵە پێکەوە هاوڕێین، تەنانەت پێش ئەوەی کە ئەمین بناسم.

نێرگز دیسانەوە پاڵی دایەوە بە پشتی موبلەکەوە و زۆر بەڕاسقینێ[٢١] و بە تێڕادیوی وتی:

ـ ئەو خۆی پێی وتووم کە شەیدای تۆ بووە. لە ڕاستیدا ئەمین تۆی لەو دزیوە.

لە کاتێکا سەیری چاوەکانی ئەمینم ئەکرد، کە چاوی تێبڕیبووم، بە تووڕەییەوە وتم:

ـ ئەوە درۆیەکی گەورەیە. کاتێکە من و ئەو یەکترمان ناسی هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوان من و سەعیددا نەبوو. هەرگیز نەبووە.

نێرگز هەڵسا و لە بەردەممدا ڕاوەستا. لەو جلە سەوزەدا کە پڕ بە بەری بوو، لە هەمیشە جوانتر خۆیای ئەکرد. ماوەیەک سەیری کردم

---

٢١ ـ بەڕاسقینێ: in fact, actually ئاوەڵناو بەڕاستەقینێ، بەڕاستی، لەڕاستیدا. ع في الحقیقة N faktisk د در حقیقت.

و بە ڕقێکی ئاشکراوە وتی:

ـ بەڵێ، منیش ئەزانم پەیوەندی ئەویندارانەتان نەبوو. بەڵام سەعید بە ئەمینی وتبوو تۆی خۆش ئەوێ و چاوەڕوانی دەرفەتێک بوو، تا تۆزێ ورە و دارەتی تۆ تۆ باشتر ببێتەوە. بەڵام ئەمین ئەو هەلەشی قۆستبوویەوە.

پاشان ڕاستەوخۆ چاوی بڕییە ناوچاوم و وتی:

ـ لووبا من ئاگام لە هەموو شتێک هەیە!

دڵم داڕووخا بە سە سینگمدا و تەوژمێکی لەپڕ سینگ و پشتمی خستە ژان. یەکەم شت کە بە هۆی ئەو قسەیەوە هات بە مێشکمدا ئاشکرابوونی ڕازی بەردیا بوو. بەڵام نەم ئەوێرا ئەوە لە نێرگز بپرسم و واق و وڕ سەیرم ئەکرد. نێرگز درێژەی پێدا:

ـ ئێستەش کە ئەمین ڕۆیشتووە و ناشگەڕێتەوە... تۆیش باشتر وایە بیر لە ژیانی خۆت بکەیتەوە.

رووم لێوەرگێڕا و ئاوڕم دایەوە لە وێنەکەی ئەمین و، بە تووڕەییەکەوە کە زۆر کەم بە خۆمەوە دیبوو وتم:

ـ ئەو قسانە مەکە نێرگز. ئەگەر ئەمین بۆ تۆ تەواو بووە، بۆ من هێشتاش هەیە. من شەیدای ئەمینم و تا مردنیش هەر شەیدای ئەو ئەبم.

نێرگز بە ئارامی لێم نزیک بوویەوە. لە لای شانمەوە سەری هێنایە پێشەوە و گۆنای ماچ کردم و بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەک بکات، لە ژوورەکە چووە دەرەوە و منی لەگەڵ ئەو ترسە هەمیشەییەمدا کە ئێستە ئیتر لۆجیکیشی پەیدا کردبوو، بەجێ هێشت.

چرکە ساتێک پاشتر گوێم لە دەنگی ماڵاوایی ئەو بوو لەگەڵ فاتمە خانم. حەزم ئەکرد بە هەڵاتن بچم بەری پێبگرم و لێی بپرسم ئایە ئەو ئەزانێ کە بەردیا برازای ڕاستەقینەی ئەو نییە؟ بەڵام جەربەزەی ئەو کارەم نەبوو. ڕەنگە هێشتاش هیوام بە ڕازداری سەعید هەبوو. بەڵام ئەو ئومێدە ساتێک زیاتری نەخایانا. کاتێکە بە قسەکانی نێرگزدا

چوومەوە، دڵنیا بووم کە سەعید ڕووداوی بەردیای بۆ گێڕاوەتەوە؛ ڕەنگە بەوانی تریشی وتووە. ڕەنگە دەمێکەیە وتوویەتی و هیچی پێ ناچێ هەموان ئەزانن بەردیا کوڕی ئەمین نییە. ئەگەر هەموان بەوە بزانن، کرداریان لەگەڵ بەردیا چۆن ئەبێت. ئەگەر بەردیا بزانێ، خۆی چی بە سەر دێت؟ ئەگەر عیسمەت خانم و حاجی بزانن، چی ئەبێت؟

هەوڵم دا دواین هەڵوێستەکانی نێرگز بەرامبەر بە بەردیا بهێنمەوە بیر. هیچ شتێکی نائاسایی تیا نەبوو، جگە لەوەی جارێکیان کاتێکە بەردیا خەریک بوو باسی دۆزەخ و ئەو مارانەی ئەئاڵێنە دەست و پێی تاوانکاران، بۆ سەهەندی دوانزە ساڵەی کوڕی سورەییا و عەبە، ئەکرد و من و نێرگز دەنگی ئەومان لە ناو باخەوە بیستبوو، وتی: «من پێم وایە بە زووترین کات بەردیا لەگەڵ خۆت ببەیتەوە. قسەکانی ئەو منداڵە وردە وردە خەریکە نیگەرانم ئەکات.»

ئایە نێرگز، خەریک بوو بە شێوەیەک منی ئامادە ئەکرد هەتا بەردیا لە ماڵی ئەوان، کە ئیتر ماڵی باپیرە و داپیرەی نییە، ببەمە دەرەوە؟ ئایە ئەمڕۆ کاتێکە پێی وتم ئەبێ بیر لە ژیانی خۆم بکەمەوە، مەبەستی ئەوە نەبوو کە حاجی ژن پاش زانینی ڕاستەقینە وەکوو پێشوو سەیری من ناکەن؟ چی ڕووی دابوو کە نێرگز سەرەڕای ئەو هەموو خۆشەویستیەی بەرامبەر بە ئەمین هەیبوو، بەو جۆرە قسەی ئەکرد و، باسی ئەوینی کابرایەکی تری بەرامبەر بە من ئەکرد؟!

رەنگە دوو کاتژمێری پێچوو تا بکەومە بیری ئەوەی کە ژیرانەترین کار پرسینی ئەو ڕاستیەیە لە خودی سەعید. ئەو دوو کاتژمێرەی لە سەر موبلەکە ڕاکشابووم، بیر و ئەندێشەی پڕ ئازار و جەخاراوی دەروونی هەژاندبووم و ڕای ژەندبوو.

داوام لە فاتمە خانم کرد زووتر بڕواتەوە بۆ ماڵەوە و دەسبەجێ زەنگم لێدا بۆ سەعید و داوام لێکرد پاش تەواوبوونی کارەکەی سەرێکم لێ بدا.



کاتی شێوان بوو کە سەعید بە دوو بتڵ ڤۆدکای ماڵیەوە، کە لەو ڕۆژانەدا ئەرمەنیەکانی تاران بۆ کڕیارە ناسراوەکانیان دروست ئەکرد، هات بۆ لام. بتڵەکانی لە ناو ڕۆژنامەکە دەرهێنا و لە سەر مێزەکە داینا و وتی:

ــ ئاڵبێرت ئەمڕۆ چەند دانە لەمانەی بۆ هێنام. ئەم دوانەش بەشی تۆیە.

ئەو نەی ئەزانی لەو ماوەیەدا، بە تەمای ڤۆدکای دەستکردی ئاڵبێر دانەنیشتبووم و بە هۆی یەکێک لە هاوکارەکانمەوە ڤۆدکای قاچاخی ئورووپای ڕژهەڵاتم دەس خستبوو. بەبێ ئەوەی سەیری بکەم چووم بۆ چێشتخانە و هەندێ مەزە و دوو پەرداخم هێنا و لە سەر مێزەکە دامنا و بەرامبەر بە وێنەکەی ئەمین دانیشتم و وتم:

ــ ئەمڕۆ نێرگز هاتبوو بۆ ئێرە. خەریک بوو ئەچوو بۆ گوڵسەرا.

پێکەنی و وتی:

ــ ئەیوت ئەیەوێ تۆش لەگەڵ خۆی ببات. بەڵام وەکوو شتێک نەیتوانیوە دڵکاوت بکات.

سەیرێکم کرد. چاوە قەڵەوە ڕازاوییەژانی، کە جوانترین ئەندامی ڕوخساری بوو، بە میهرەبانی لە سەر ڕوومەتم نیشتەوە. وتم:

ــ وازی گەشتم نەبوو. وازی هیچم نییە.

یەکێک لە بتڵەکانی کردەوە و لە کاتێکا ئەیکردە پەرداخەکان وتی:
ــ شادمانم کە ئەمڕۆ لانیکەم وازی منت هەیە.
ئیێجا سەری قیت ڕاگرت و چاوی تێبڕیم. نیگای خۆم لێ دزیمەوە و، لە کاتێکا پڕم ئەکرد بە پەرداخی ڤۆدکاکەدا وتم:
ــ تۆ ڕووداوی بەردیات بۆ نێرگز گێڕاوەتەوە؟
دەستی کە خەریک بوو پەرداخی ڤۆدکاکەی ئەبرد بۆ دەمی بە حەواوە وشک بوو و بە سەرسووڕمانەوە تێی ڕوانیم؟
ــ ڕووداوی بەردیا؟
بێئەقان دەنگی خۆم خاو کردەوە و وتم:
ــ نێرگز ئەزانێ بەردیا کوڕی ئەمین نییە؟
سەعید ڕاچڵەکا و پەرداخەکەی لە سەر مێزەکە دانا و وتی:
ــ ئاشکرایە کە نازانێ. چۆن بووە ئەو پرسیارە ئەکەی؟
هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشا و پاڵم دایەوە:
ــ خوایە گیان... لە پاش نیوەڕۆوە هەتا ئێستە خەریک ئەبوو شێت ئەبووم.
سەعید هەروا بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەکردم. چاوەڕوانی ڕوونکردنەوە بوو. وتم:
ــ ئەمڕۆ نێرگز خەریک بوو باسی ئاشنا بوونی من و ئەمینی ئەکرد کە لە تۆی بیستبوو و من پێم وابوو تۆ باسی بەردیاشت بۆ گێڕاوەتەوە.
سەعید قومێکی لە عارەقەکەی خواردەوە و پاشان جگەرەیەکی ئاگر دا و لە کاتێکا لە پەنجەرەکەوە سەیری ئاسمانە خۆڵەمێشیەکەی ئێوارەی ئەکرد کە چەند هێڵی قایشی تێکەوتبوو، زەمزەمەی کرد:
ــ بەداخەوەم کە وا بیرت کردۆتەوە...
حەزم ئەکرد هەڵسم و باوەشی پیابکەم و تێرتێر ماچی بکەم.
ــ ئەبێ بمبووری. ئەم ڕۆژانە گومانم لە هەموو شتێک هەیە.
سەعید پێکەنی و وتی:
ــ بەڵام هەرگیز گومانت لە من نەبێ... لەوە بگەڕێ لووبا، باسی

خۆتم بۆ بکە.

بەڵام من حەزم نەئەکرد بابەتەکە بگۆڕم. هەستێکی نەناسراو ڕای ئەکێشام بۆ پرسینی هەندێ پرسیار کە نەم ئەزانی چ ئەنجامێکی لێ ئەبێتەوە. ناخودئاگا بە پەلە سەیرێکی ئەمینم کرد و وتم:

ــ نێرگز ئەیوت کاتێکە من و ئەمین پێکەوە ئاشنا بووین تۆ بە ئەمینت وتبوو کە منت خۆش ئەوێ.

سوور هەڵگەڕانێکی بە ئەسپایی تەوێڵە بەرزەکەی سەعیدی خۆیاتر کرد. ڕووی لە من وەرگێڕا و لە وێنەکەی ئەمین ورد بوویەوە. ساتێک بێدەنگی لە نێوانماندا کەوتەوە، پاشان وتی:

ــ نازانم بۆچی ئەو شتانەی بە تۆ وتووە!

بە پەلە وتم:

ــ منیش نازانم تۆ بۆچی ئەو قسانەت لە لای ئەو کردووە؛ هەر بەو جۆرەی کە نازانم ئەم قسەیە لە بناغەوە ڕاستە یان نا؟ گریمان ڕاستیش بێ. تۆ بۆچی ئەبێ قسەیەکی وا لە لای نێرگز بکەی کە ڕای ئەو سەبارەت بە ئەمین بگۆڕێ؟ بە ڕای من کارەکەی تۆ دروست نەبووە.

سەعید وەرگەڕایەوە بۆ لای من و سەری ڕاست ڕاگرت و بە وشەی دانە دانە وتی:

ــ من مەبەستم ئەوە نەبوو ڕای ئەو بەرامبەر بە ئەمین بگۆڕم. من لە دەردەدڵ کردنێکی دۆستانەدا باسی ئەو خۆشەویستیەم بۆ کرد کە بەرامبەر بە تۆ هەمبوو.

دڵم بە ترپەترپێکی نارێک لێ ئەدا. نەم ئەزانی لە خۆشیدا هەژاوم یان لە ڕقا؟ بەڵام کاتێکە دەمم کردەوە، ڕق و سەرکۆنە دەنگی ئەلەرزاندم:

ــ ئەو باوەڕی کردبوو ئەمین سەرەڕای ئەوەی کە زانیوێتی تۆ منت خۆش ئەوێ، ئەوینی خۆی بەرامبەر بە من دەربڕیوە. بەڵام تۆ خۆت باش ئەزانی کە ئەو لەم قسانە مەزنتر بوو.

سەری داخست، پەرداخەکەی لە ناو دەستیا گووشی، بەو جۆرەی کە هەستم کرد هەر ئێستە پەرداخەکە ورد ئەبێت. بەڵام کاتێکە دەمی کردەوە دەنگی ئارام بوو:

ــ گرنگ نییە تۆ باوەڕ بکەی یان نا. ڕەنگە ئەگەر ئەمین نەمردایەت هەرگیز ئەو قسەیەم بە تۆ نەئەوت. بە نێرگزیشم نەئەوت... من هەر ئەو شەوەی کە تۆم برد بۆ خەستەخانە بە ئەمینم وت شەیدای تۆم. پێم وت ئەمەوێ کاتێک کە مناڵەکەت بوو، پێت بڵێم. بەڵام ئەو لە پاش ئەوەی مناڵەکەت بوو، دەستی خۆی خستە پێشەوە.

سەری بەرز کردەوە و لە کاتێکا ڕاستەوخۆ سەیری ئەکردم وتی:

ــ ئەبینی کە پێم وتبوو، لووبا. تۆ ناوی ئەوە ئەنێی چی؟

هەستم کرد کە وشەکان لە دەستم هەڵدێن. زۆر بە دژواری بە سەر خۆفەکەی خۆمدا زاڵ بووم و وتم:

ــ ڕەنگە ئەو قسەکەی تۆی بە هەتەر وەرنەگرتبوو، ڕەنگە... ئەی من لەو ناوەدا چکارە بووم؟ مەگەر من لەیستۆک بووم؟ مەگەر من بۆم نەبوو پیاوی ژیانم هەڵبژێرم؟

سەعید هەڵسا و لە هەمان کاتدا پەرداخەکەی لە سەر مێزەکە دانا. لە کاتێا جگەرەیەکی دائەگیرساند بە دەنگێک کە هەندێ ئەلەرزا وتی:

ــ ئەگەر من مافی هەڵبژاردنم بە هیی تۆ نەزانینبا، ئەگەر تۆم بە لەیستۆک زانیبا، دڵنیابە جۆرێکی تر لەگەڵ ئەمین ئەجووڵامەوە. من ڕێزم لە هەڵبژاردنەکەی تۆ گرت، بەڵام نەمتوانی هیچکات خۆم ڕازی بکەم کە ئەمین مرۆڤێکی ڕاستە.

بە بوغزێکەوە کە نەم ئەزانی لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە وتم:

ــ بەڵام تۆ هیچکات ئەمینت خۆش نەئەویست، تەنانەت پێش ئەوەی کە من و ئەمینیش ئاشنا ببین.

سەعید سیگار و چەرخەکەی خستە گیرفانی. هەستم کرد ئەیەوێ بڕوات ــ وەک هەمیشە کە تووڕە و قەڵس ئەبوو، بۆی دەرئەچوو ــ

بەڵام نەڕۆیشت. هەر لەوێ وەستا، بەرامبەر بە من و چاوی بڕییە چاوم. ڕوومەتی سوور هەڵگەڕابوو و چاوەکانی قەڵەوتر ئەینواند. وەکوو بقیژێنێ وتی:

ــ بەڵێ وایە. من هیچکات ئەمینم خۆش نەویستبوو. تەنانەت ڕقیشم لێی بوو...

و لە کاتێکا دەستی بۆ وێنەکەی ئەمین ڕائەکێشا، درێژەی دا:

ــ خۆزگە ئەمتوانی...

من کە بە سەختی داچڵەکابووم، بێئەقان وتم:

ــ ئەو خۆ خراپەی لەگەڵ تۆ نەکردبوو؟

سەعید بە هەمان تووڕەیی لە ژوورەکەدا کەوتە پیاسە ــ وەکوو گیانەوەرێک لە قەفەس بەردرابێ ــ و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە قسەکەی من وتی:

ــ کاتێکە تەرمەکەیم بینی. دڵم نەسووتا. گریام بەڵام نەک بۆ ئەمین.

بەبێ ئەوەی لە پەرێشانی کردار و قسەکانی سەعید هاتبێتمە دەرەوە، بیرم کردەوە بێهوودە لێی تووڕە بووم؛ حەزم ئەکرد هێوری بکەمەوە؛ حەزم ئەکرد پێی بڵێم دابنیشێتەوە، بەڵام نەم ئەتوانی. ئەو هەستە ڕازاوییە منی لەو حەزە دوور ئەخستەوە. وتم:

ــ هەرگیز پێم وانەبوو تۆ ئەوەندە بێلۆجیک بیت.

وەستا. پاشان هاتە بەر دەمم. ڕوخساری ئێستاکە هیچ لە سەعید نەئەچوو. وەکوو منداڵێک وابوو کە پاش گریانێکی دوورودرێژ هێشتاش ئامادە نییە کۆڵ بدات. وتی:

ــ بەڵام ئەمین مرۆڤێکی بەلۆجیک بوو؛ قەت تووڕە نەئەبوو؛ هەمیشە لەسەرخۆ و خەندەڕوو بوو. خۆشدوو بوو. لەخۆوە نەبوو کە تۆ ئەوت هەڵبژارد. ئەوت خۆش ئەویست. هەموو ئەویان خۆش ئەویست. هەق بە تۆ بوو، هەق بە هەموان بوو. تەنها من بووم کە نەفرەتم لێی بوو... تەنها من!

ئەوسا بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام یان کاردانەوەی من بێ. لە ژوورەکە چووە دەرەوە و ساتێک پاشتر کرانەوە و داخستنەوەی دەرگای ئاپارتمان ڕۆیشتنی ئەوی ڕاگەیاند.

بۆ ماوەیەک گێژ و وێژ بیرم لە قسەکان و ڕەفتارە نائاساییەکەی سەعید ئەکردەوە. نەم ئەزانی بۆچی لەو قسانەی ئەو زیز نەببووم! هەر بەوجۆرەی کە ڕۆیشتنەکەیشی شادمانی نەکردم. بەڵام هەستێکی خۆشم هەبوو. عارەقم بۆ خۆم تێکردەوە و لە سەر کورسیەکە بەرامبەر بە پەنجەرەکە و پشت بە وێنەکەی ئەمین دانیشتم. دوا ساتەکانی ڕۆژ ئاوا بوو. خۆرنشینی تاران؛ کە بەپێچەوانەی زۆربەی شوێنەکانی تر کە دیومە، پەژاراوی نییە؛ ڕازێکی تێدایە ئەگەر خۆتی پێ بسپێری بەرەو خەون و بێئاگایی ڕاکێشت ئەکات و، ئەگەر لێی ڕابکەی شەوێک چاوەڕێت ئەکات. بلیند، کە کۆتایی نییە. حەزم ئەکرد پاش ماوەیەک بێئاگایی خۆم بدەم بە دەست ئەو خۆرنشینەوە. هەستێکی دڵخواز لە دەروونمدا هەڵئەقوڵا کە بەرامەی ئەوینی پێوە بوو، بەڵام من ئەمویست بە شادمانی ئاشکرانەبوونی ڕازی بەردیای دابنێم.



ڕۆژی هەینی درەنگ لە خەو ڕابووم. لە ڕاستیدا تەلەفۆنەکەی سورەییا بە ئاگای هێنام. لێی پرسیم و ئەیویست بزانێ بەرنامەی ئەو ڕۆژەم چییە. پێم وت هیچ کارێکم نییە، بەس ئەوەندەی کە ئێوارە منداڵەکان لە ماڵی حاجی بهێنمەوە. ئەویش بەتاڵ بوو. وتی بڕیارە عەبە و سەهەند بچن بۆ چاوپێکەوتنی باوکی عەبە و، پێشنیاری کرد ماوەیەک پێکەوە تێپەڕ بکەین. بانگم کرد بۆ نیوەڕۆ بێت بۆ لای من. بیستۆکەکەم دانا و خەواڵوو لە سیسەمەکە دابەزیم؛ بە ڕوخسارێکی ئاوساو و ژێرچاوی تازە شینهەڵگەڕاوەوە کە بە زۆر توانیم بە ئارایشتێکی ئارام بیشارمەوە؛ ڕەنگە بۆ ئەوەی باری دەروونی خۆم لە چاوە تیژەکانی سورەییا بشارمەوە.

نزیکەی سیانزە ساڵ بوو سورەییام ئەناسی، لەو کاتەوە کە تازە شووی بە عەبە کردبوو و لە سکاتلەندەوە گواستبوویانەوە بۆ لەندەن. ساڵی یەکەمی ژیانم لەگەڵ ئەمین، من عەبەم نەدیبوو، بەڵام ئەمین زۆر جار باسی ئەوی کردبوو. ئەمزانی عەبە وەکوو برای ئەمین وابوو. حاجی، عەبە و خوشکەکەی حومەیرای وەکوو منداڵەکانی خۆی خۆش ئەویست و ئەوان پێیان ئەوت «مامە». باوکی عەبە و حومەیرا، سەرهەنگ جەوادنووری، لە منداڵیەوە لەگەڵ حاجی دۆست بوو و بە

وتەی خۆیان لە هەمان کاتەوە پەیمانی برایەتیان پێکەوە بەستبوو و لە یەک فێرگەی سەرەتایی و ئامادەیی خوێندبوویان. سەرهەنگ پاشتر زانکۆی ئەفسەری هەڵبژاردبوو و حاجی بازاڕ و بازرگانی. بەڵام دۆستایەتیەکەیان هەروەها بەردەوام بوو. لە هەمان ڕۆژانی سەرەتاوە، بە دەم گاڵتەکانیانەوە ئەویان بە شێوەیەکی تەوساوی بە حاجی ئەوت «حاجی ئاغا» و ئەمیان بەوی ئەوت «جەنابی تیمسار». لە سەرەتای پەنجاکان‌دا، کە خولی هەڵچوونی خەباتی ڕامیاری بە سەرۆکایەتی دکتۆر موسەدیق بوو، سەرهەنگ چووە ناو لقی سەربازی حیزبی توودە و حاجی چووە لای بەرەی نەتەوەیی و لایەنگرانی موسەدیق. لایەنگریی ڕامیاری ئەو ڕۆژانە، بببوویە هۆی ئەوەی کە ئەو دوانە کەمتر یەکدی ببینن و ناکۆکی توندوتیژی ئایدیۆلۆژیک دیدارەکانی ئەوانی لەو خولەدا تاڵ و ناخۆش کردبوو. پاش کودتای ١٩٥٣ و گەڕانەوەی شا بۆ دەسەڵات، سەرهەنگ نووری دوو جار تا سنووری تیرەباران چوو و ڕزگاری بوو و، پاشان تەرە کرا بۆ دورگەی کیش لە باشووری ئێران و دوانزە ساڵ لە تەراوگە بوو. هەر لەو شوێنە بوو کە تیراوێی[٢٢] تەراوگە قاچەکانی هەتا ئەژنۆ هەڵوەراند. ژنەکەی ئافاق، سێ ساڵ پاش گیرانی سەرهەنگ، چوو بۆ دادگا و بەو بەڵگەیەی کە مێردەکەی «دوخمانی بە وڵات کردووە» یەک لایەنە تەڵاقی وەرگرت. شووی کرد بە کابرایەکی تر و لە ئێران ڕۆیشت. عەبە و حومەیرا دران بە دایەگەورەیان، بەڵام حاجی سەرپەرشتی بەردەوامی ئەوان بوو و وەکوو منداڵەکانی خۆی پێیان ڕائەگەیشت. پاشتریش کە سەرهەنگ گەڕایەوە و خانەنشین بوو، حاجی یارمەتییەکانی خۆی لێ نەبڕین. ئەو لە نەبوونی سەرهەنگ‌دا، عەبەی ناردبوو بۆ ئورووپا و حومەیرای دابوو بە شوو و تا دوو ساڵ پێش ئەوەی من عەبە ببینم، واتە تا ئەو کاتەی خوێندنەکەی لە ڕشتەی کامپیوتەردا تەواو کردبوو، حاجی بژیوی ژیان و تێچووی خوێندنی

٢٢ـ تیراوێ: gangrene نەخۆشی گانگاریا، ڕەشبوونەوە و داڕزینی ماسوولکە و ئێسک [ع] قانقاریا [N] koldbrann [د] قانقاریا.

ئەوی ئەدا.

لەو کاتەوە عەبە و سورەییا هاتن بۆ لەندەن، ئێمە زۆربەی کات پێکەوە بووین و پێکەوەیش گەڕاینەوە بۆ ئێران. من لە هەمان سەرەتاوە سورەییام خۆش ویستبوو. ژنێکی خوێنگەرم و بە سۆز، وردیلە و بچکۆلانە بوو و، بەبێ ئەوەی بەهرەیەکی زۆری لە جوانی بەرکەوتبێ، بە هەڵسوکەوتی ناسک و قووڵ، سەرنج و خۆشەویستی هەموو کەسێکی بۆ لای خۆی ڕائەکێشا. لە کارەکەشی‌دا وەکوو پزیشکی دەروونناس مرۆڤێکی سەرکەوتوو بوو. چ لە ئینگلیز و چ لە ئێران نەخۆشەکانی زۆر زوو متمانەیان پێ ئەکرد و لە بەر ئەوە هەلێکی زیاتری بۆ چارەسەر کردنی ئەوان بۆ ئەڕەخسا. جگە لە سەعید و ئەمین تەنها لەگەڵ ئەو دەربارەی ڕابوردووی خۆم و ئەوەی لە وڵاتەکەم‌دا بە سەرم هاتبوو، دوابووم، بەبێ ئەوەی سەبارەت بە بەردیا هیچم وتبێ. ئەو لەگەڵ باری دەروونی من بە باشی ئاشنا بوو و لە خەم و شادییەکانم‌دا بەبێ هیچ نیشانەیەکی ئاشکرای دەرەکی، تێ ئەگەیشت.

ئەو ڕۆژەش کورتە ساتێک پاش گەیشتنی، کاتێکە خەریک بووم خواردنم لە سەر مێزەکە دائەنا، وتی:

ـ تۆ لە نەخۆش ئەچیت لووبا. پێت وانییە کاتی ئەوە گەیشتووە بیرێک لە خۆت بکەیتەوە؟

ئینجا تۆزێک پاشتر زانیم سەعید بەیانی زوو، بەبێ ئەوەی باسی مشتومڕەکەی دوێشەوی خۆی و من بکات، دەربارەی باری تەندروستی من لەگەڵی دواوە. باسی چاوە بە قووڵاچووەکان و شێوەی تووڕەبوونەکەی منی بۆ کردبوو. باسی دەستەکانم کە کاتی قسەکردن ئەلەرزن و باسی ئەوەی کە مەرگی ئەمین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر کارم تێ ئەکات. لەپڕ ئەمبینی ڕۆژم گرێ دراوە بە شەوی پێشترەوە و نەم ئەزانی ئەبێ لە سەعید تووڕە بم یان سپاسگوزار!

بەڵام سەعید هەندێ شتی تریشی بە سورەییا وتبوو؛ هەندێ شتی

وا کە پێی وابوو، بۆ ئەوەی سورەییا بتوانێ یارمەتی من بکا پێویستە بیانزانێ، چونکە لە کارەکەیدا یارمەتی ئەدات. ئێستاکەش کە سورەییا خۆی پێشتر بۆ من نیگەران بوو، هاتبوو بزانێ و تێبگات چۆناوچۆن ئەتوانێ یارمەتیم بدات. من لە بەرامبەر پرسیارەکەی سورەییادا شانم هەڵتەکاند و وتم:

ــ چی ئەتوانم بکەم؟

ــ بژی لووبا، بەو جۆرەی کە پێشتر ئەژیایت!

ــ ئەوە نییە خەریکم ئەو کارە ئەکەم!

ــ نەء. تۆ خەریکی خۆت فریو ئەدەی. تۆ ناژیت. تۆ بوویت بە گیانێک کە جگە لە ئەمین هاودەم و هاوڕازی نیە. ئەڵێی ئەتەوێ خۆت تیاببەی و پێی بگەیتەوە؛ بە کەسێک بگەیتەوە کە لە کاتی زیندووبوونیشیدا شەیدای نەبووی!

ئەم ڕستەیەی کۆتایی بە جۆرێک وت، وەکوو نیشانەگرێکی شارەزا کە تیرەکەی ڕاست ئەدا لە نیشانە. وەکوو کارەبا گرتبێتمی هەڵبەزیمەوە و وتم:

ــ من هەمیشە شەیدای ئەمین بووم، هەمیشە.

ئینجا ئەو زۆر لە سەرخۆ وتی:

ــ حەز ئەکەی وا بیر بکەیتەوە کە هەمیشە شەیدای بوویت. بەو جۆرە ڕەنگە ئاسوودەتری. بەڵام بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو بیرەدا خۆت بگونجێنی ئەبێ حەب بخۆیت، عارەق بخۆیتەوە و هەموو شەوێک دابنیشی و خۆت ناچار بکەی کە تەنها بیر لەو بکەیتەوە.

قاقایەکی شێتانەم لێدا و هەستم پێکرد لە چاوی ئەوەوە ڕواڵەتم شێوەی شێتێکی وەرگرتووە. وتم:

ــ ئەمانە ئەندێشەی دەروونناسانەی تۆیە، فرۆیدی ئازیزی من!

سورەییا بەبێ ئەوەی شێوازی قسەکردنی بگۆڕێ وتی:

ــ ئەندێشەی دەروونناسانەی من نییە. دەموچاوت ئاوساوە، ژێر چاوەکانت شین هەڵگەڕاوە، پەنجەکانت، کە بە بچووکترین هەڵچوونی

دەروونی ئەکەونە لەرزین، ئەمەم پێ ئەڵێ. نێرگز ئەڵێ تۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ توورەتر ئەبی. ئەحمەد ئەڵێ هەر کات بە شەو هاتووە بۆ لات، بینیوێتی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا پان بوویتەتەوە و ئاڵبۆمێکی ئەمینت بە دەستەوەیە. سەیرێکی دەوروبەری خۆت بکە: ماڵەکەت کردووە بە مۆزەخانەی شتومەکەکانی ئەمین. سەیرکە و ببینە ئەو هەموو وێنەیەی داوتە بە دار و دیواردا، کاری مرۆڤێکی ئاساییە؟

سەرم خستە سەر دەستەکانم. حەزم ئەکرد بگریم. بەڵام ماوەیەک بوو تەڕایی نەئەنیشتە چاوەکانم. بە داماویی وتم:

ــ نازانم. نازانم ئەبێ چی بکەم. ناتوانم بۆ ساتێکیش لە بیری ئەمین بچمە دەرەوە.

ــ ئەتوانی. ئەگەر بتەوێ ئەتوانی. من هەمیشە تۆم بە ژنێکی بەهێز و ژیر ئەزانی. ئەبێ دانی پێدابنێی کە ئەمین مردووە و ئەم مردووە وەکوو هەموو مردووەکانی ترە. نە لەوان چاکتر بووە و نە بایەخی لەوان زیاتر بووە.

سەرم بەرز کردەوە و وتم:

ــ بەڵام ئەم مردووە جیاوازی لەگەڵ مردووەکانی تر ئەوەیە کە تەنها کەسی من بوو، هەموو شت و هەموو کەسی من بوو. پێم وابێ بوون و نەبوونی من تەنها بۆ ئەو گرنگی هەبوو. ئەو ڕابوردوویەکی بۆ دروست کردم کە من شانزە ساڵ لەمەو پێش بە جارێک لە دەستم چووبوو. ئێستەش بە مردنی ئەو هەست ئەکەم ئیتر هیچ ڕابوردوویەکم نییە، هیچ. چەندە زیاتر بیر ئەکەمەوە بۆم دەرئەکەوێ ئەو کێماسی و کەموکووڕی نەبووە و من کەمتر لەوەی کە بایەخی ئەو بوو، پێی ڕاگەیشتووم.

سورەییا ساتێک بێدەنگ بوو. سەرەڕای ئەوەی کە هەرگیز نەم ئەتوانی لە ڕواڵەتیەوە هیچ شتێک بخوێنمەوە، هەستم کرد ئەیەوێ بابەتێک بهێنێتە گۆڕێ کە وتنەکەی بۆ خۆشی دژوارە. لەسەرخۆ دواین پارووی خوارد و بە هەمان ئارامی هەڵسا و لە ژوورەکەدا کەوتە

پیاسەکردن. پاشان وەرسووڕا و وتی:

ـ ئەوە مێشکی تۆیە ئەو بوونەوەرەی خولقاندووە. ئەمانە ئەو بیرانەن پاش مردنی ئەو لە لات پەیدا بووە. ئەگینا خۆت باش ئەزانی ئەویش هەزار و یەک کێماسی هەبوو و زۆریان ئازاریشی ئەدایت.

من خۆم ئامادە ئەکرد بەرپەرچی بدەمەوە، بەڵام سورەییا بە ئاماژەی دەست نەیهێشت دەم بکەمەوە و درێژەی دا:

ـ بۆ وێنە، گریمان ئەگەر تۆ بۆت دەربکەوێ ئەمین سووتڵی[٢٣] یان چەند سووتڵییەکی هەبووبێ چی؟ دیسانەوەش پێت وا ئەبێ ئەو بە ڕاستی ئەوینداری تۆ بووە؟ یان ئەگەر، گریمان هەمان ڕۆژی ونبوونی، بەری بە ژنێک خستووە کە لە ڕاستیدا سووتڵی خۆی بووە و ئەو منداڵەش کورتاژی کردووە بە هەمان شێوە منداڵی خۆی بووە، دیسانەوەش پێت وا ئەبێ مرۆڤێکی بێکەموکووڕی بووە؟

سورەییا پاش ئەم قسەیە هات و لە بەرامبەرمدا دانیشت و بەو چاوە ورد و تیژانەی ناخی سمی. ئەتوت ئەیەوێ ڕادەی کارگەرێتی گوتەی بە وردی لە مندا ببینێ. حەزم لە چیرۆکە هەڵبەستراوەکەی نەکردبوو. ڕووم لێوەرگێڕا و وتم:

ـ مەگەر مرۆڤ ئەتوانێ یەکێک بەو هەموو گریمانە سەیر و سەمەرانە ڕەت بکاتەوە؟

سورەییا بزەیەکی کورتی کرد و، لە کاتێکا هەروا بە وردی سەیری ئەکردم وتی:

ـ بەڵام نەء، ئەمانە گریمانە نین، لووبا. ئەوەی کە وتم هەمووی ڕاستەقینەیە؛ ڕاستیەک کە سەعید زانیونی و هەرگیز جەربەزەی وتنیانی نەبووە.

بیرم کردەوە ئەو و سەعید پیلانێکیان داڕشتووە، تا بە بیری خۆیان من لەو دۆخە ڕزگار بکەن. ڕق و پێکەنین لە دەروونمدا تێکەڵ

٢٣ـ سووتڵی: concubine گراوی ناو قەپاتمە، گراوی یان ژنی بە نهێنی ڕاگیراو، ژنی مارەنەکراو بۆ رابواردن. ع محظیة N medhustru د صیغە، معشوقە.

ببوون. بە دەنگێکی بەرز وتم:
ـ سورەییا، باوەڕ بکە بۆ دەربازکردنی من پێویست نییە ئەمین لە قوڕ هەڵکێشرێ. من پێم وایە پسپۆڕێکی وەکوو تۆ ئەبێ ڕێگەی تریش بزانێ.
سورەییا دەستی نایە سەر ئەژنۆم. فرمێسک لە چاوەکانیا ئەدرەوشایەوە کە منی تۆقاند:
ـ من گەوج نیم لووبا... حەزیش ناکەم ئەمین لە قوڕ هەڵکێشم. ئەو کارانەش بە لەقوڕهەڵکێشان نازانم. ئەوەی کە وتم ڕاستەقینەیە؛ ئەو ڕاستەقینەیەی کە تۆ درەنگ و زوو ئەبوایە بۆت دەرکەوتایەت.
لەو کاتەدا تەنها یەک بیر بە مێشکمدا هات: «ئۆخەی... هەرچی چۆن بێ، ئەو ژنە نەناسە دۆزرایەوە.» ئەوسا بە دەنگێک کە لە بۆشایی دەروونمەوە ئەهاتە دەرەوە و خویشم بە ئاستەم گوێم لێی بوو، وتم:
ـ پێم بڵێ ئەو ژنە کێیە!
سورەییا هەناسەیەکی قووڵ و ئاسوودەی هەڵکێشا، مسۆگەر کاردانەوەکەی منی بە دڵ بوو. پاڵی دا بە کورسیەکەوە و وتی:
ـ نازانم...
لە بۆشاییەکی بێسنووردا پەلەقاژەم ئەکرد. هیچ میهر و ڕقێکم تیا نەبوو. دانەویمەوە بۆ لای و گوێی لە دەنگی پاڕانەوەم بوو کە ئەموت:
ـ پێم بڵێ... تکات لێ ئەکەم وردەکارییەکانی ڕووداوەکەم بۆ بڵێ...
ـ نازانم لووبا، بە گیانی تۆ نازانم... ئەوەندەش سەعید بۆی گێڕامەوە. تەنها ئەو ئەزانێ. بەڵام ئەیوت کە ئەو ژنە لە ئێران چووەتە دەرەوە. ڕەنگە کەسێک نەبوو کە ئێمە بیناسین.
ـ ئەم ژنە پەیوەندی بە مەرگی ئەمینەوە هەبووە؟
ـ نەء، سەعید ئەیوت خودی ئەو ژنە هەموو شتێکی بۆ گێڕاوەتەوە.
هەستم ئەکرد لە خەودام و لە خەونێکی سەیردا ئەم قسانە ئەبیسم. لەرزینێکم لە پشتمدا هەست پێ ئەکرد کە تا ملم ئەهات و دیسانەوە

ئەگەڕایەوە. ئیتر بیرم لە ژنە نەناسەکە نەئەکردەوە. بیرم لە ژنێک ئەکردەوە کە نێوانی لەگەڵ ئەمین هەبووە و هەوێم بووە و سکیشی پڕ کراوە. پاشان هەستم کرد پڕ بە دڵ حەز ئەکەم ئەو ژنە ببینم، یان لانیکەم دەربارەی ببیستم. لە ژێر لێوەوە ناڵاندم:

ـ من ئەبێ هەموو شتێک دەربارەی ئەو ژنە بزانم.

سورەییا بیستی و وتی:

ـ چ جیاوازییەکی بۆ تۆ هەیە؟

ـ جیاوازی هەیە. من پێویستم بەوەیە دەربارەی ئەو ژنە زیاتر بزانم.

سورەییا کە ئیتر فرمێسک لە چاوەکانیا نەبوو، چاوی تێبڕیم و وتی:

ـ ئەگەر پێت وایە زانینی ئەو بابەتە یارمەتیت ئەدات، ئەو کارە بکە. ئەتوانی لە سەعید بپرسی.



باڵوێزخانەی ئەمریکا نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە لە لایەن گرووپێکەوە کە بە خۆیان ئەوت «خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام» داگیر کرا. هەواڵەکەیم کاتێکە لەگەڵ هاوکاران لە مۆزەخانە خەریکی نانخواردن بووین، بیست. هیچکام لە هاوکارەکانم هەتا ئەو ڕۆژە دەربارەی خوێندکارانی پەیڕەوی هێڵی ئیمام هیچیان نەبیستبوو. گوایە ئەوە ناوێک بوو کە گرووپەکە پاش دەسبەسەراگرتنی باڵوێزخانە لە خۆیان نابوو. ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە هەموو کەس باسی ئەو ڕووداوەی ئەکرد. گومانی تێدا نەبوو ڕووداوێکی وەها ئەیتوانی ئەنجامی ڕامیاری زۆر دژواری بۆ ئێران هەبێ. هەموو ئەیانوت ئەمریکا بێدەنگ نابێت. ئەبێ چاوەڕوانی کاردانەوەی توندوتیژی ئەمریکا و بە ڕادەیەکی زۆر هێرشی سپایی ئەمریکا بکەن. هەندێکیش ئەیانوت دەوڵەت ئاگای لەو ڕووداوە نییە و لایەنی توندڕەوی ناو حکوومەت کە لە ژێر چاودێری یەکێک لە مەلاکان‌دایە کە پەیوەندی بە سۆڤیەتیشەوە هەیە، ئەم بەزمەی ساز کردووە و دەوڵەت بە زووترین کات بارمتە ئەمریکاییەکان لە باڵوێزخانە ئەهێنێتە دەرەوە. چەند کەسێکیش هەموو شتێکیان بە پیلان و گەمە ئەزانی و ئەیانوت ئەمریکاییەکان خۆیان ئەو فەرتەنەیان ساز کردووە بۆ ئەوەی بتوانن حکوومەتی مەلاکان سەقامگیر بکەن.

بەڵام من هەستم ئەکرد تێکڕای ئەم ڕووداوانە لە هەسارەیەکی زۆر

دوور لە من ڕووی داوە. ئەمبینی لە من دا هیچکەس نییە تا بەرامبەر بەم ڕووداوە هەستیاری پیشان بدات. وەکوو مردوویەکی گەڕۆک لە سورەییا جیا بوومەوە. مناڵەکانم هێنابوویەوە بۆ ماڵەوە و دوو ڕۆژی تەواو بەبێ گوێدانە جیهانی شەڵەژاوی فەراگەردم لە نێوان خەڵک و هاوکاران و هەراوهوریای شەقامەکان و بێدەنگی ماڵەوەدا ژیابووم. **ئەو ژنە** گیانی منی دزیبوو و تەنها بە دۆزینەوەی ئەو ئەمتوانی درێژە بە ژیان بدەم.

ڕووداوە هەژێنەرەکەی ئەو حەفتەی تاران، لە هەمان کاتدا بووە هۆی ئەوەی کە نەتوانم بۆ ماوەیەک سەعید ببینم. شەممە تەلەفۆنم بۆ نەکرد. لە هەڵوێستی دواین جاری خۆم بەرامبەر بەو تەریق ئەبوومەوە و نەم ئەزانی ئەبێ بە چ شێوەیەک بانگی بکەم و دیسانەوە دەربارەی ئەمین قسەی لەگەڵ بکەم. یەکشەممە هەولم دا تەلەفۆنی بۆ بکەم بەلام نەمدۆزییەوە. نێرگزیشم نەدۆزییەوە کە شەممە لە گوڵسەرا گەڕابوویەوە. ئەحمەد پێی وتم ئەوان خەریکی ئامادەکردنی ئەو بڵاوکراوە پێشبینی نەکراوەن کە سەبارەت بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکایە.

ئەو ڕۆژە کاتێکە پاش کار گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بەردیا، کە بە زۆری هەتا نانی شێوان لە ژوورەکەیدا ئەمایەوە، هات بە پیرمەوە و بە شادمانی هەواڵی داگیرکردنی باڵوێزخانەی پێ ڕاگەیاندم و وتی کە بەڕێوەبەری فێرگە وتوویەتی بەیانی مناڵەکان ئەبەن بۆ خۆپیشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکا و ئەو ئالای فێرگەی بە دەستەوە ئەبێ.

من کە سەرەتا لەو هەڵچوون و شادی کردنەوی ئەو بۆ داگیرکردنی باڵوێزخانە سەرسام ببووم. بە بیستنی قسەکانی لەپڕ گەیشتمە ئەوپەڕی ڕق و تووڕەییەکی چاوەڕواننەکراو و بەبێ ئەوەی بچووکترین دەسەڵاتم بە سەر خۆمدا هەبێ، هاوارم کرد:

ــ تۆ ناچی بۆ ئەو خۆپیشاندانە. من ڕێگەی ئەوەت پێ نادەم.

بەردیا کە لە هەڵچوونەکەی من هێدمە ببوو، بەبێ ئەوەی قسە بکات هەڵات بۆژوورەکەی خۆی و شەق دەرگاکەی دا بە یەکا و

دایخست. ئەوە یەکەمجار بوو بەو جۆرە لەگەڵ کەسێک بجووڵێمەوە، بەتایبەت منداڵەکان کە هەرگیز دەنگی بەرز و تووڕەبوونی منیان نەدیبوو. دەستم ئەلەرزی و سیخەی هەناسە توند و باریکەکانی خۆمم ئەبیست. بارام بوغزی کردبوو و لە سووچێکا دانیشتبوو و لە ژێر چاوەوە سەیری ئەکردم. دڵم بۆی سووتا. داوام لە فاتمە خانم کرد، کە بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەکردم، حەبەکانم لە ژووری خەوتن بۆ بهێنێ و خۆیشم هەر لەوێ لە سەر عەرزەکە دانیشتم.

ماوەیەکی پێچوو تا هاتمەوە بە خۆمدا. بارام هەروا بە کزی دانیشتبوو و وا پێ ئەچوو تۆقاوە. چووم بۆ لای و گرتمە باوەش.

ئەو شەوە بەردیا بۆ شێو لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە و، ئەو خواردنەی کە فاتمە خانم لە سەر داوای من بۆی بردبوو، وەکوو خۆی گەڕایەوە.

شەو بە هەستی ئازار و تاوانەوە چوومە سەرجێ بەبێ ئەوەی تەنها ساتێک خەو لە چاوەکانم بکەوێ. دەمەو بەیان بوو کە سێیەمین حەب کاری تێکردم و وام خەو لێکەوت تا نزیکی نیوەڕۆ بەردەوام بوو.

خۆری پاییزی تاران تۆزاوی و لاواز بوو. گێژ و حۆل، قاوەیەکم بۆ خۆم تێکرد و تەلەفۆنم کرد بۆ مۆزەخانە. تەلەفۆنچی وتی هەموو شوێنێک کەم تا کورت داخراوە و تەق و لەقن و، پاشان بە شێوەیەکی زۆر شادمان کە کەم جار لێم بینیبوو، وتی: «خەڵکی هەموو چوون بۆ خۆپیشاندان.» هەواڵی بەردیا و بارامم لە فاتمە خانم پرسی، وتی بەردیا بەگەیشتنی ئەو، لە ماڵەوە دەرچووە و وتوویەتی ئەچێ بۆ خۆپیشاندان، بەڵام بارامی بردووە بۆ فێرگە.

چوونی بەردیا بۆ خۆپیشاندان زەبرێکی لێدام. هەرچەن لە کارەکەی بەردیا کە وێرابووی سەربەخۆ بڕوات، سەرم سووڕ مابوو بەڵام لەو کاتەدا تەنها شتێکە تۆقاندمی ڕۆیشتن بۆ خۆپیشاندانێک بوو کە نەم ئەزانی چ ئەنجامێکی ئەبێت. بیرم کردەوە بڕۆم بە دوایدا، باڵام توانای

ئەوکارەم لە خۆمدا نەئەبینی. فاتمە خانمم نارد بە دوای بارامدا و خۆیشم بەوپەڕی داماوییەوە، تەلەفۆنم کرد بۆ حاجی کە ئەمزانی لەو کاتەدا دێتەوە بۆ نانی نیوەڕۆ و، ڕووداوەکەی بەردیام بۆ گێڕایەوە. ئەو بە دەنگێک کە لە بەر زۆری ناڕەحەتی ئەلەرزا، وتی:

ـ من نازانم ئەو گەوجانە بۆچی ئەو کارانە ئەکەن و پاشان مناڵە وردکەیش ئەخەنە شوێن خۆیان...

پاش ماوەیەک بێدەنگی و لە وەڵامی مندا کە پرسیم «تۆ ئەڵێی من چی بکەم، بابەگیان؟» وەکوو ئەوەی تازە بیری کەوتبێتەوە من لەو سەری هێڵی تەلەفۆنەکە چاوەڕێم وتی:

ـ نیگەران مەبە... ئەمە خۆپیشاندانێک نییە مەترسی بۆ هیچ کەس هەبێت. هەر ئێستە مەجی ئەنێرم بچێ بۆ ئەو ناوە و بیدۆزێتەوە.

هەتا ئێوارە، کە عیسمەت خانم تەلەفۆنی کرد و وتی بەردیا لە ماڵی ئەوانە و داوای لە من کرد شەو لە لای ئەوان بمێنێتەوە، ترس و نیگەرانی هەموو گیانی داگرتبووم. خوشبەختانە ئەحمەد لە پاش نیوەڕۆوە هاتبوو بۆ لام. زانکۆکەی ئەویش لە خۆوە داخرابوو و خوێندکارەکان چووبوون بۆ خۆپیشاندان.

ئەحمەد بە دڵسۆزی و سەرسامیەوە باسی ئەوانی ئەکرد. ئەیوت: «نازانم ئەم گەنجانە چییان بە سەر هاتووە. هەر هەموویان هەتا دوێنێ تەنانەت ڕقیان لە ناوی حکوومەتی ئاینیش بوو و ئێستە لەپڕ کەوتوونەتە شوێن هێڵی ئیمام و بۆ کارێک هوڕڕا ئەکێشن کە هیچ لۆجیکێکی ڕامیاری بە پشتیەوە نییە!»

سەرەڕای ئەوەی کە بۆچوون و ئایدیۆلۆژی ڕامیاری ئەحمەد لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە، لە هەڵوێستەکانی سەعید و نێرگز نزیک بوو، بەڵام هەمیشە لە وەڵامی نێرگز و سەعید کە حەزیان ئەکرد ئەویش بچێتە ڕێکخراوەکەی ئەوانەوە ئەیوت: «کاری ڕێکخراوەیی و هونەری یەک ناگرنەوە. من ناتوانم بە پێی فەرمانی ئەم یان ئەو گرووپ تابلۆ بکێشم. بۆچوونەکانی من لە کارەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە بەبێ ئەوەی

بە سەریاندا سەپێنرابێ» نێرگز هەندێجار بە گاڵتە ئەیوت: «ئەوە کارگەرێتی بنەماڵەیە.» ئاماژەی بە بەهایی بوونی ئەحمەد بوو. ئەحمەد ئەم گاڵتەی بە پێکەنین تێ ئەپەڕاند، بەڵام دواین جار کە نێرگز ئەو قسەیەی کرد، زۆر بە جیدی وتی: «بەو ئەندازەیەی کە بنەماڵە لە سەر تۆ کاریگەر بوو، بنەماڵەی منیش بە هەمان ئەندازە کاری تێکردووم.»

ئەحمەد لە حەڤدە ساڵیەوە بنەماڵەی بەجێ هێشتبوو. لە ڕاستیدا بە جۆرێک لە دەستیان هەڵاتبوو. تابشتی بەڕێوەبردنی بەرنامە و داب و نەریتی ئاینی نەبوو. خۆی کاری کردبوو و خوێندەوار بوو. بەڵام بنەماڵەکەی کە لە خانەدانە دەوڵەمەندەکانی شیراز بوون، لەو چوار ساڵەدا کە ئەو لێیان جیا ببوویەوە و لە تاران ئەژیا، پەیوندییان لەگەڵی پاراستبوو. لە پرۆسەی ڕاپەڕین و کوشتاری بەهاییەکان، کاتێکە بڕیاریان دا بە کۆمەڵ لە ئێران بچنە دەرەوە، زۆر هەوڵیان دا ئەحمەدیش لەگەڵ خۆیان ببەن. بەڵام ئەحمەد پێی باش بوو بمێنێتەوە. ئەو لەو دوو سێ ساڵەی دواییدا و بەتایبەت پاش دەسپێکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، باوبانگێکی مەزنی بەدەستهنابوو و زۆر پیشانگەی لە کارەکانی بەرپا کردبوو و هەمیشە ئافەرینی ڕەخنەگران و پێشوازیی گەنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. سەرەڕای ئەوەش کەسایەتیەکی خاکی و شەرمن و بە دوور لە خۆدەرخستنی هەبوو. حەفتەی چەند کاتژمێر لە زانکۆی هونەرە جوانەکان وانەی ئەوتەوە و زیاتری کاتەکان لە ماڵەوە بوو و لە سەر تابلۆکانی کاری ئەکرد. زۆر حەزی لە تێکەڵی نەبوو. هاتوچۆی کەم کەسی ئەکرد. من هەندێجار بیرم ئەکردەوە تەنانەت لەگەڵ منیش، کە هەرچی بێ بێگانە بووم، کەمتر هاتوچۆ ئەکات.

ئەو ڕۆژە لای ئێوارە، کاتێکە لە نیگەرانی بەردیا ڕزگارم بوو، تازە کەوتمە بیری ئەوەی بە هۆی پەیوەندی نوێی لەگەڵ نێرگز، پیرۆزبایی لێبکەم. چاوە کەوگەکانی درەوشایەوە؛ قژە خاو و ڕەشەکەی کە هەمیشە ڕژابوویە ناوچاوی، لا دا و بە شەرمەوە وتی:

ــ هێشتاش باوەڕ ناکەم. هەتا حەفتەیەک پێش ئێستەش پێم وانەبوو نێرگز بچووکترین کێشەری بەرامبەر بە من هەبێ. ئەوەندە دڵنیا بووم کە هیچکات ڕێگەم بە خۆم نەدا باسی کەڵکەڵەی خۆشەویستی خۆم لە لای ئەو بکەم.

ئینجا لە کاتێکا پێ ئەکەنی، زیادی کرد:

ــ پێم وا نییە بیست ساڵی تریش بیناسم.

بە تامەزرۆییەکی پاکەوە بۆی گێڕامەوە کە چۆناوچۆن نێرگز حەفتەی ڕابوردوو سەربەخۆ چووە بۆ ماڵەکەی و پێی وتووە: «لە سەرنجەکانت ماندوو بووم ئەحمەد. ئێستە کاتی ئەوەیە قسە بکەیت.» و ئەو، لە بری ئەوەی قسە بکات، دواتابلۆ ناتەواوەکەی، کە بۆ نێرگزی کێشابوو، پیشانی دابوو. نێرگز پێکەنیبوو و وتبووی: «تابلۆکانیشت وەکوو زمانت لاڵن.»

من ئەو تابلۆیەم کاتێکە تەواو بوو و نێرگز بردییەوە بۆ ماڵەوە بینی: ژنێک بە کراسێکی سوورەوە لە سەر گردێک وەستابوو و دەستی بە شێوەی ڕووبارێک لە گردەکەوە هاتبوویە خوارەوە و تا کۆتایی تەپۆڵکەکە هاتبوو. مژێکی کەمڕەنگی خۆڵەمێشی هەموو تابلۆکەی داپۆشابوو و تەنها چەمە خرۆشاو و چاوەکانی ژنە، کە بە ڕاستی چاوەکانی نێرگز بوون، لە مژەکەدا ئەدرەوشانەوە. ئەگەر لە دوورەوە سەیری تابلۆکەت بکردایەت تەنها دو چاو و چەمێکت ئەبینی.



ئۆکتوبر، سەرتۆپی پایزی تاران، لە لێدانێکی بە پسانەوەدا بوو؛ بە ئاسمانی نیوە هەوری بێباران و تیرێژی شکاوی هەتاوی زەردە؛ بە داری هەزار ڕەنگ کە ڕایەخێکی گەڵایان بە سەر کۆڵان و شەقامەکاندا ئەوەراند؛ بە کزەیەک کە نیشانەی سروەی بەهارانەی کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو و گەڵاکانی ڕائەدا و هەموو گۆشەیەکی شەقامەکانی ئەکرد بە تابلۆیەکی شێتانە. شەقامە خەواڵووەکان بە ئاڵا و ئاڵایی[٢٤] ڕەنگاوڕەنگ، بە دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا لە خەو ڕاببوون. هەموو لایەک جمەی ئەهات و هەراوهوریای ڕۆژنامەفرۆشە گەڕۆکەکان، کە هەمیشە هەواڵێکی هەوڵدانی کارتەر و ئەمریکایان بۆ بەردانی بارمتەکان پێ بوو، کۆتایی نەئەهات. ئەو خۆپیشاندانانەی هەر ڕۆژە و لە لایەکەوە ئەکەوتە ڕێ تا بگاتە بەر باڵوێزخانەی داگیرکراو، وەکوو خوێنێکی بزۆز وا بوو کە لە دەمارەکانەوە تێ ئەپەڕی و ئەوسا کە ئەگەیشتە دڵ، ئەجۆشا و لێی ئەدا و لێی ئەدا. شەقامی تەختی جەمشید کە ماوەیەک بوو ناوی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لێنرابوو، ببوو بە دڵی بەخورپەی تاران. ڕۆژ نەبوو گرووپێکی خۆپیشاندەری لێ نەبێ. هێڵی ئیمامییە داگیرکەرەکان، کە سەرتاپێ چەکدار بوون، هەمیشە لە بەردەم باڵوێزخانە و لە سەر بان و

٢٤ـ ئاڵایی: streamer ناوی چاوگ وەک ئاڵا، ئەو پارچە کووتاڵ و پەڕۆیەی ئەدرێ بە سەر خزنی پیر و شێخان دا یان لە داری پیرۆز گرێ ئەدرێ.

دیوارەکان وەستابوون و لەو سەرداره سەرکەوتوانە ئەچوون کە سانی سەربازەکانیان ئەبینن. لە نێوان خۆپیشاندەران‌دا هەموو جۆرە مرۆڤێک، لە منالّی سیانزە چواردە سالاّن تا ئەو پیرەمێردانەی گزنگی هیوا زیندووی کردبوونەوە، ئەبینرا. شۆڕ و هەڵچوونێکی هاندەر بە سەر هەموو لایەک‌دا زالّ بوو؛ ئەو هەژان و هەڵچوونەی کە پڕۆپاگەندەی حکوومەت پەرەی پێ ئەدا. هەموو چاوەڕوانی ڕووداوێک بوون. ڕووداوێک کە بە پێشبینی هەر کەسێک ڕەنگێکی هەبوو: «هەر لەم ڕۆژانەدا شا و هەموو داراییەکەی ئەدەنەوە بە ئێران»، «ئیسراییل ئەبێ خاکی داگیرکراو چۆڵ بکات تا بارمتەکان بدەینەوە»، «ئەمەیکاییەکان بە زووترین کات هێرش ئەکەنە سەر ئێران»، «سۆڤیەت بێلایەن نابێ؛ ئەوەندەی پێ ناچێ نیوەی ئێران ئەمریکا ئەیخوات و نیوەی سۆڤیەت» و، منالّ و مێرمندالاّن بە جۆرێک باسی داگیرکردنی بالّوێزخانە و بارمتەی ئەمریکاییەکانیان ئەکرد، ئەتوت بە سەر تەواوی ئەمریکا و ئەمریکاییەکان‌دا زالّ بوون.

بەردیا یەکێک بوو لەو منالاّنە. ئەو لەپڕ لە جیهانی بێدەنگی خۆی هاتبوویە دەرەوە و هەڵئەقولاّ و ئەی نەڕاند. گوێنەدانە قسەی من و چوون بۆ خۆپیشاندان، کە تەمێکردن و هەڕەشەی بە دواوە نەبوو، ڕێگەی ئەوەی پێدابوو هەموو ڕۆژێک نیوەڕۆ و ئێوارە بچێت بۆ بەردەم بالّوێزخانە و، هەر جارەی کە ئەگەڕایەوە دروشمێکی تازەی بە دیاریی ئەهێنا بۆ بارام.

تەنها کەسێکە داوای لێکرد نەچێت بۆ ئەوێ، حاجی بوو. هەر کات ئەچووین بۆ ئەوێ، بە زمانی تایبەتی خۆی و هەمیشەش ناڕاستەوخۆ قسەی وای ئەکرد کە لە ڕاستی‌دا ڕووی لەو بوو:

ـ ئەم کارانە هەڵەیە. ئەم کارانە متمانەی دنیامان لێ وەرئەگێڕێ. مەگەر ئەبێ هەروا بڕژینە ناو مالّی خەڵک و هەر هەموویان بکوژین؟ بەم کارانە ئەڵێن بێقانوونی، ئەڵێن دزی.

بەردیاش هەمیشە بە هەڵچوونەوە بەلاّم بە ڕێزەوە وەلاّمی حاجی

ئەدایەوە:

ـ بابە گەورە گیان، ئەوێ خۆ باڵوێزخانە نییە، سیخوڕخانەیە.

ئینجا حاجیش نەرم و میهرەبان ئەیوت:

ـ ئەو قسانە مەکە کوڕم. جیهان بۆ خۆی قانوونی هەیە. بۆ چوونە ماڵی دز و سیخوڕیش پێویست بە بەڵگەی بڕیاری دادگا هەیە. جگە لەوەش مەگەر نەئەکرا باڵوێزخانە ببەستن و خەڵکەکەی دەرکەنە دەرەوە؟

بەردیا کە خۆی بە هەقدار ئەزانی ئەیوت:

ـ کە بڕۆن و بەڵگەنامە گرنگەکان لەگەڵ خۆیان ببەن؟

حاجی دەستی ئەدا بە سەر ڕانیدا و بە جەخارەوە سەری ڕائەوەشاند:

ـ کوڕم، تۆ خاوی؛ مەگەر ئەوانە بەڵگەنامە ڕاستیەکانیان لە باڵوێزخانەکانیان دائەنێن؟ تازە، ئەگەر بەڵگەنامەیەکیشیان هەبووبێت هەمان سەرەتای ڕاپەڕین بردوویانەتە دەرەوە. ئەم قسانە هیی منالآنە و ئەم کارانەش کاری منالآن.

بەردیا لە کۆتاییدا هەمیشە بێدەنگ ئەبوو. بەڵام بەیانیەکەی دیسانەوەی چوون بۆ خۆپیشاندان بوو و هێنانەوەی دروشمی تازە بۆ ماڵەوە.

من بەڵام، گێژ و وڕ، سەیری هەموو شتێکم ئەکرد لە دەوروبەرمدا ڕووی ئەدا و هەرچەند گوێم لە هەموو شتێک ڕائەگرت بەڵام هزرم بۆ هەموو شتێک داخرابوو. شەوانە، کاتێکە بارام و بەردیا ئەخەوتن، دائەنیشتم و ڤۆدکای قاچاخم ئەخواردەوە و نیوەشەوانیش حەبێکم ئەخوارد و بێهۆش لە سەر جێگا ئەکەوتم و بەیانی گێژ و حۆل، ڕێ ئەکەوتم بەرەو مۆزەخانە، کە مێژوو، بە ڕەنگی پەڕیو و شپرزە لە ناو دالآنەکانیدا ڕاوەستابوو.

هەواڵی سەعید نەبوو. ئەو لە هەمان حەفتەی گرتنی باڵوێزخانە چووبوو بۆ کوردستان. منیش لە بیری خۆمدا خەریکی دروستکردن

و دروستکردنەوەی وێنەی ژنە نەناسراوەکە بووم، کە ئێستە ئیتر قەپاتمەی ئەمینیش بوو. ئەو شێوەی کە هەمیشە و دەسبەجێ لە ژێر مژێکی تۆخدا خۆی حەشار ئەدا و نەم ئەتوانی تەنانەت هێڵەکانی ڕوخسار و ئەندامی لێک بدەمەوە.

حەزم نەئەکرد کەس ببینم و بچم بۆ هیچ کوێ. هەر جارەی کە یەکێک تەلەفۆنی ئەکرد و ئەیویست بێت بۆ سەردانم، بە بیانوویەک دەستم ئەنا لە ڕوویەوە. تەنها ڕۆژانی هەینی و دوو سێ کاتژمێر ئەچووم بۆ ماڵی حاجی و لەگەڵ مناڵەکان ئەگەڕامەوە. نێرگز و ئەحمەد تەنها کەسانێک بوون کە هەندێجار ئەو تەنهاییە دۆزەخیەیان ئەشکاند. لەپڕ پەیدا ئەبوون، کاتژمێرێک دائەنیشتن و بۆی دەرئەچوون. نێرگز پاشتر بۆی گێڕامەوە لەو ڕۆژانەدا لە هەموو شت زیاتر، لە بینینی من لەو دۆخە خراپەدا ڕەنجی کێشاوە و بەردەوام پەیوەندی بە سورەییاوە گرتووە و داوای لێکردووە یارمەتی من بدات. بەڵام سورەییا، کە نەی ئەزانی نێرگزیش ئاگای لە ڕازی ژنەی نەناسراو هەیە، هیچ کارێکی لە دەست نەئەهات. منیش نەمئەویست پێش بینینی سەعید، سورەییا ببینم و لەو کۆڵانە داخراوەی منی تێ هاویشتبوو سەرم لێ بشێوێ. جارێکیان سورەییا بە نێرگزی وتبوو: «ئەگەر ئەمین زیندوو بوایەت لووبا بە ئاسانی ئەیتوانی لێی جیا ببێتەوە؛ بەڵام ئێستە ئامادە نییە ئەوە پەژێرە بکات کە ئەکرێ لە مردووش جیا ببێتەوە!» و نێرگزیش نەیزانیبوو ئەو ئاماژە بە چی ئەکات.

بەڵام ئەو خولەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر منی ئەهاڕی و لە ناوی ئەبردم تەنها ئەمە نەبوو. من ئارەزووم ئەوە بوو کە ئەمین زیندوو بوایەتەوە؛ تەنها یەک ڕۆژ، یەک کاتژمێر، تاکوو من بتوانم لە بەرامبەریدا ڕابوەستم و پێی بڵێم هیچکات شەیدای نەبووم؛ پێی بڵێم کە ئەو هیچکات کێشەری پیاوێکی بۆ من نەبووە؛ پێی بڵێم کە هیچکات لەو کاتانەی لەگەڵی نزیکیم کردووە هیچ چێژێکم وەرنەگرتووە.

باشە بۆچی؟ بۆچی هەرگیز پێم نەوتبوو کە تێکڕای ئەو شەوانەی

کە تۆ، خۆت ئەدا بە سەر مندا و ساتێک پاشتر، تەنها ساتێک پاشتر، بە پشتدا ئەکەوتی و بە دفرەیەکی سەرکەوتووەوە لێی ئەنووستی، من چ دارەتێکم هەبوو. بۆچی پێم نەوتبوو شەو نەبووە کە دڵتێر نەبم و ناکام لە باوەشت نەکشابێتمەوە، شەو نەبووە کە بە یەکەم هەناسەی قووڵت کە دەسبەجێ ئەبوو بە پرخەیەکی منالانە، فرمێسکم نەڕژابێتە سەر سەرین؟ بۆچی پێم نەوتبوو کە من هێشتاش بە ئارەزووی تۆزقاڵێک لەو چێژەوەم کە لە دوو ئەزموونی جنسی سەرەتای گەنجێتیمدا هەمبووە؟

بەڵام ئەمزانی ئەمین ناتوانێ بگەڕێتەوە و بەو هۆیەشەوە بوو کە زیاتر و زیاتر بیرم لەو ژنە ئەکردەوە. حەزم ئەکرد هەموو ئەم قسانە بەو ژنە بڵێم. وەک بڵێی ئەو ژنە تەنها نوێنەری دەسەڵاتداری ئەمین بێت لەم جیهانەدا! بینینی ئەو ژنە ببوو بە تەنها ئارەزووی ژیانم و بیرم ئەکردەوە کە سەعید تەنها کەسێکە کە ئەم ئارەزووەم بەدی ئەهێنێ.



چوارشەممەیەکی بارانی و پەژاراوی بوو؛ هاوکات لەگەڵ ئەو ڕۆژەی کە لە ڕۆژژمێری موسڵمانانی شیٚعەدا بە «تاسوعا» ناسراوە، واتە ڕۆژی نۆیەم. ڕۆژێک کە سەرەتای تراژیدیای ئەو بەیانیەی تێدا فەراهەم ئەبێ کە بە کوشتاری کەربەلا بە ناوبانگە. لە پاش نیوەڕۆوە دەنگی شیوەنی ئەو پیاوانەی کە هەزار و چوارسەدەمین ساڵرۆژی کوژرانی ئیمام حسێن، وەلی شەهیدی شیٚعەیان بەرپا ئەکرد و دەستە دەستە بە گوڵینگ و دروشم و ئاڵاییە ڕەشەکانیانەوە، لە شەقامی بەرماڵەوە تێ ئەپەڕین، هێشتا ئەبیسرا.

فێرگەی مناڵەکان، بەم هۆیەوە دوو سێ ڕۆژ داخرابوو و بەردیا و بارام چووبون بۆ ماڵی باپیریان. لە ماڵی حاجی هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا نانی نیوەڕۆ و شێو ساز ئەکرا. پرسەداران دەستە دەستە، لە کاتێکا لە سەر سینگی خۆیان ئەدەن، دێنە ناو باخی ماڵەکەوە، لەملا و ئەولا دائەنیشتن یان بە پێوە نانیان ئەخوارد و، دیسانەوە بە دەم لەخۆدانەوە درێژەیان بە ڕێگەکەیان ئەدا. تا ساڵی ڕابوردوو من و ئەمین و مناڵەکان چەند کاتژمێرێک ئەچووین بۆ ئەوێ. من زیاتر بۆ سەیرکردن و ئەمین بۆ دڵشادکردنی دایک و باوکی. من لە پشت پەنجەرەی ژوورەکە دائەنیشتم و بەردیا و بارام لەملاولامەوە ئەوەستان و سەیری دیمەنەکەمان ئەکرد.

ئەمساڵ ئەو دوو کاتژمێرەش نەچووبووم. بەڵام مناڵەکان لە جاران زیاتر وازیان لێ بوو. بەردیا لە بەیانی زووەوە جلی ڕەشی لەبەر کردبوو، بەو جۆرەی کە پرسەدارانی سینەزەنی لە بەریان ئەکرد و، ئەمزانی لەو کاتەدا لە ناو دەستەی پرسەداراندا وەستاوە و بە ئاهەنگی شینگێڕ (نەوحەخوێن) ئەدا بە سینگە مێرمنداڵەکەیدا.

کات، نزیکی هەشتی ئێوارە بوو کە دایان لە دەرگا. وتم ڕەنگە ئەحمەد یان نێرگزە هاتووە بۆ لام. دەرگاکەم کردەوە، سەعیدم لە بەردەم خۆمدا بینی، بە سەر و قژێکەوە کە دڵۆپی باران پێوەی ئەدرەوشایەوە.

بە بزەیەکەوە کە لەو ڕۆژانەدا زۆر بە دەگمەن ئەکەوتە سەر لێوم پێشوازیم لێکرد و وتم:

ـ سەعید! ئەوە چۆن بوو؟

سەعید وەکوو هەمیشە کە «ئەوە چۆن بوو»ی لە زمانی منەوە ئەبیست، پێ ئەکەنی، پێکەنی. من سەرەڕای ئەوەی بە باشی فارسیم ئەزانی، بەڵام هەندێجار و ناخودئاگا وشەکانم بە جۆرێک دەرئەبڕی کە خەڵکی ئەخستە پێکەنین. سەرەتا هەوڵم ئەدا ئەو وشانە بەکار نەهێنم؛ بەڵام پاشتر کاتێکە زانیم ئەو پێکەنینانە پێکەنینی خۆشامابیە نەک گاڵتە پێکردن، هەوڵم ئەدا زیاتر بەکاریان بهێنم و، هەر جارەی کە پێکەنینێکم ئەبینی وەکوو مناڵێک کە شیرین زمانی ئەو بۆتە هۆی شادی کەسانی تر، شادمان ئەبووم. بەڵام ئەو شەوە نەم ویستبوو شیرین زمانی بکەم. بێئەڤان ئەو ڕستەیەم وتبوو.

سەعید بارانیەکەی هەڵواسی بە جلگرەکەوە و لە کاتێکدا بارانی قژە پڕە قاوەییەکەی هەڵئەوەراند، هات بۆ لام لە ژووری دانیشتن. لەوێ چاوی ئەبڵەق بوو لە بینینی سەر مێزە شپرزەکەی بەردەمم. چەند دانە شفتەی دەست لێ نەدراو، هەندێ سەوزی و نان و پەنێر، شووشەیەکی نیوەکراوی ڤۆدکا و، پەرداخێکی نیوە... وتی:

ـ تەواوت کردووە یان ئەتەوێ دەست پێ بکەی؟

نەمئەویست بزانێ خواردنەکان لە ئێوارەوە کە فاتمە خانم لەوێی دانابوو، دەستی لێ نەدراوە و تەنانەت وەکوو مەزەی عارەقیش لێم نەچەشتبوون، وتم:

ــ ئەمویست دەس پێ بکەم.

سەیری کردم. زانیم ئەزانێ درۆ ئەکەم. وتی:

ــ کە وابوو کاتێکی باش گەیشتم.

چوو بۆ چێشتخانە. دەفر و پەرداخێکی هێنا و لە بەرامبەرمدا دانیشت و وتی:

ــ شەوێکی باش گەیشتووم. لەم ڤۆدکایە ئەمشەو لە هیچ کوێیەک لەم شارەدا دەس ناکەوێ. تەنانەت لە ماڵی ئالبێرتیش.

هیچ پێوەی دیار نەبوو کە لە دواین دیداردا مشتومڕێکی توندمان هەبووە. زۆر کراوە و ئاسایی بوو. من بێدەنگ بووم و ئەو کوتلێتێکی بۆ خۆی ڕاکێشا و وتی:

ــ دڵم بۆت تەنگ ببوو. حەح لە کەیەوە نەمبینیویت! ئەمڕۆ ئێوارە نێرگز وتی چەند جار هەواڵت پرسیوم.

ئەشی زانی بۆچی هەواڵم پرسیوە. وتم:

ــ ئەوسا کە ئەمین مابوو زیاتر ئەهاتی بۆ ئێرە.

ئەمەم بە بوغزەوە وت، بەبێ ئەوەی بزانم بۆ؟ سەیری کردم. چاوەکانی ئەدرەوشانەوە بەڵام ڕەنگێکی ماندووبوونی تیا بوو. گوێی نەدایە تەشەرەکەی[٢٥] من و کەوتە ڕوونکردنەوە:

ــ گیر و گرفتەکان بەردەوام زیاتر ئەبن. چەند کەس لە هاوڕێیان گیرابوون و ئەگەر بیان ناردایەتن بۆ تاران، دەرباز بوونیان نەبوو. وتم:

ــ هیچتان بۆ کردن؟

ــ بەرمان دان... بە هەزار کێشە و بە دانی پارە و بەرتیل بە کومیتەچیەکانی ناوچە.

٢٥ ـ تەشەر: ناو لاتاو، تانە، تانووت، توانج، تەوس، لقووز، پلار، تیز، تەوزە، پاسقاڵی.

ـ تاوانیان چی بوو؟

ـ بڵاوکراوەیان بڵاو ئەکردەوە. لەم ڕۆژانەدا دژایەتی کردنی بارمتەگرتنی ئەمریکاییەکان ئەم ئەنجامانەشی هەیە. خۆ هیچ پڕنسیپ و لۆجیکێکیان نییە؛ ئێمە ئەڵێین خۆتان ئەم بەزمەتان ساز کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی نەیارەکانتان سەرکوت بکەن. ئەوانیش ئەڵێن ئێوە سیخوڕی ئەمریکان.

پێکەنی و عارەقەکەی هەڵدا و ماوەیەک دەربارەی ئەو گێرەوکێشانەی بە هۆی چالاکییەوە تووشی بوون، دوا. من کە ئەو هەمووە چاوەڕوانی بینینی سەعید بووم، بێدەنگ و ئارام گوێم لە قسەکانی ڕاگرتبوو و نەم ئەزانی لە کوێوە دەس پێ بکەم. هەرچی چۆن بوو وتم:

ـ چەندە باشە کە ئێوە ئەوەندە بزۆز و هەڵسووڕاو و هیوادارن.

سەعید بزەیەکی کرد، پەرداخەکەی پڕ کرد و قومێکی تری لێدا:

ـ بۆچی نەبین؟ مەگەر ژیان جگە لەمە واتایەکی تریشی هەیە؟

ـ خۆزگەم بە خۆتان. خۆزگەم بە خۆت کە وا بیر ئەکەیتەوە!

سەعید لەپڕ دەستی لە خواردن و خواردنەوە هەڵگرت و خۆی کێشایە لێواری موبلەکە. ئەمزانی هەر کاتەی وا ئەکات، ئەیەوێ بەبەتێک بهێنێتە ئاراوە کە لە لای هەتەر و گرنگە:

ـ تۆیش ئەتوانی وا بیر بکەیتەوە. ئەو سەرەتایەی کە تازە تۆم ناسیبوو، بیرم ئەکردەوە ئەگەر ئێمەش لە وڵاتی خۆمان ژنانی وەکوو تۆمان هەبوایە، ڕەنگە ژیانێکی ترمان ئەبوو. سەرەڕای ئەو هەموو بەڵایەی بە سەرت هاتبوو، سەرتاپا گوڕ و ئومێد بووی، هەزار پلانت بۆ داهاتوو هەبوو. ئەتوت کاتێکە منداڵەکەت بوو، ئارام ناگری و تەواوی جیهان لەو ستەم و زۆرەی بە سەر هاووڵاتییەکانت هاتووە ئاگادار ئەکەیتەوە. لە بیرتە؟ لە بیرتە چ بەرنامە و پلانێکی سەرنجڕاکێشت دانابوو؟ من زۆر شت لە تۆوە فێر ئەبووم و زۆر شادمان بووم لەگەڵ مرۆڤێکی وەکوو تۆ پەیوەندیم هەیە...

پێم خۆش نەبوو باسی ڕابوردووم بۆ بکات. هەستم ئەکرد باسی

مردووییەکم بۆ ئەکات، کە دوخمانیم لێکردووە و تەنانەت ناو و یادیشی ئازارم ئەدا. قسەکەیم بڕی و وتم:

ـ رابوردوو هیی ڕابوردووە.

راستەوخۆ چاوی بڕییە ناوچاوم و وتی:

ـ سەیرکە لووبا... ڕۆژێک لە ڕۆژان پەیمانمان بەست دۆستێکی باش بین بۆ یەکتری و هەر کاتێک پێویستی کرد داوای یارمەتی لە یەکدی بکەین...

روو بە ڕووباری «تایمز» وەستابووین و سەیری تیشکدانەوەی ڕەنگاوڕەنگی چرا زەردەکانمان لە ناو ئاوەکەدا ئەکرد. چڵکنی ئاوەکە دیار نەبوو و تاریکی جوانییەکی جادوویی پێ دابوو. تازە لە هۆڵی شانۆ هاتبووینە دەرەوە. بەردیا ڕۆژانی سەرەتای هەشتەمین مانگی لە ناو سکمدا تێپەڕ ئەکرد. پاڵتاوەکەم توند لە خۆم ئاڵاندبوو تا سەرمای نەبێت. ئەو لە دەروونمدا تۆفی نابوویەوە؛ دەست و لاقی ڕائەوەشاند، نەرم و بە ئەسپایی و چەتوونانە و، سەرنجی منی لەو هەمووە جوانییەی لە بەرامبەرمدا بوو، تەرە ئەکرد. هەستم ئەکرد پەنجە بچووکەکانی تا بن سینگم دێت و قەراخەکانی دڵم ئەپشکنێ؛ قاچەکانی ئەخشێنێ بە دیوارەکانی پزدانمدا و چێژێکی وەکوو چێژی جنسی لە ناو خوێنمدا بڵاو ئەکاتەوە. لە ناو گیرفانمەوە دەستم ئەهێنا بە سکمدا و بە دوای سەریدا ئەگەڕام و نەم ئەدۆزییەوە. بەڵام ئەو کاتەی کە نیگەران ئەبووم، ئەو بە ئەسپایی سەری ئەدا بە ناوک یان پشتمدا و هێوری ئەکردمەوە. سەعید لە تەنیشتمەوە وەستابوو. حەزم ئەکرد دەستی بگرم و بیخەمە سەر سکم: «سەیرکە! ئێرە، ئائێرە کە ئەجووڵێتەوە، ئەوە دەستیەتی. سەری لێرەیە و ئەوە قاچیەتی.» لە هەموو کاتی شانۆکەدا بەردیا، کە ئەو وەختە پێم وابوو، ناوی ئەنێم «چوورکا» وەک من ئارام بوو. هەستم ئەکرد ئەویش وەکوو من حەزی لەو شانۆگەریەکە کردووە و جووڵەی لێبڕاوە. بەڵام لەوێ، لە قەراخ ڕووبارەکە، ڕەنگە سەرما کاری

تێکردبوو کە ئەوەندە ئەجوولایەوە. پاڵتاوەکەم زیاتر لە خۆم ئالاند: «سەرمات نەبێ کۆرپەی دایە، سەرمات نەبێ!»

ناخودئاگا ڕابووم و لە ژووری دانیشتن چوومە دەرەوە؛ لە دالانەکە تێپەڕیم و دواین دەرگا، دەرگای ژوورەکەی بەردیام بە ئەسپایی کردەوە. تیشکێکی کەمڕەنگ لە دالانەوە کەوتە سەر سیسەمە بەتاڵەکەی. شتێک لە منداڵدانە بەتاڵەکەمدا لێی ئەدا. بە ئارامی دەرگاکەم داخست، چووم بۆ ژوورەکەی خۆم، بلووزێکم هەڵگرت و گەڕامەوە بۆ ژووری دانیشتن. سەعید بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەکرد. وتم:

ــ ببوورە سەرمام بوو.

بلووزەکەم دا بە شانمدا و دانیشتم. سەعید بزەیەکی کرد و وتی:

ــ دڵنیایت کە باشی؟

وتبووم:

«ئەکرێ بچین لە شوێنێک دابنیشین؟» و سەعید دەستی بۆ کافەکەی پشت سەرمان ڕاکێشابوو و تبووی: «ئەوێ چۆنە؟» و چووبووین. سەعید پێش ئەوەی دابنیشێ وتی: «حەزت لە شانۆکە کرد؟» وتبووم: «زۆر. زۆرم پێخۆش بوو.»

ــ من پێشتر لە پڕاگ ئەو شانۆگەرییەم لە شانۆی داخراودا بینیبوو. هەڵبەت زۆر هەژارانە بوو.

سەعید بە سەرسووڕمانەوە پرسی: «شانۆی داخراو ئیتر چییە؟» وتم: «ئەمە ناوێکە کە خانمی «هۆی سوا»ی هونەرمەند لە ماڵەکەی خۆی نابوو. کاتێکە لە شانۆ بێبەشیان کرد، شانۆی بردەوە بۆ ماڵەکەی. لە ژوورە بچووکەکەیدا سی چل کەس بە زۆر جێی خۆیان ئەکردەوە و سەیری شانۆکەی ئەو و هاوکارەکانیان ئەکرد.» و سەعید بە پەلە پرسیبووی: «پۆلیس نەی ئەزانی؟»

«بۆ نا، ئەیزانی. سیخوڕەکان هەمیشە بە دەوروبەری خانووەکەیدا

خولەیان ئەهات. بەڵام بەڵگەیان بە دەستەوە نەبوو بۆ ئەوەی بچنە ژوورەوە. هەرچەند شەوێک خۆیان کرد بە ژووردا و خۆی و هەموو هونەرپیشەکانی تریان گرت. هەر ئەم «مەکبەس»ـەیان هێنابوویە سەر شانۆ و تەنها لە بەر ڕستەیەک بو کە ئەوانیان گرت: شەو بڵێیندە و ڕۆژ، ڕۆژ نادۆزێتەوە.»

پرسیبووی: «تۆش هەمان شەو شانۆگەرییەکەت بینی؟»

«نەء، شەوی پێشتر لەگەڵ باوکم. هۆی سوو لە دۆستانی باوکم بوو.»

ئەو شەوە سەعید وتبووی: «تۆ ئەبێ ئەم شتانە بنووسی. نووسینەوەی ئەوەی بە سەرت هاتووە و ئاگات لێیان بووە زۆر گرنگە.» و من لە وەڵامدا وتبووم: «من نووسەر نیم، بەڵام هەمیشە بیر ئەکەمەوە و کاتێکە هەست بەوە ئەکەم کە من لێرە بە ئاسوودەیی دانیشتووم و هەزاران لووبا لە چیکۆسلۆڤاکیا هەن و هەمان بەڵایان بە سەردا دێت؛ ڕەنگە خراپتریش، ئەکەومە ئەو بیرەوە کە ئەبێ کەڵک لە بوونی ئەو ئازادییە وەربگرم و کارێک بکەم. بەڵام نازانم ئەبێ چی بکەم. نووسینیش ڕەنگە کارێکە. یەکێکە لە کارەکان...» و سەعید دەستی خستبوویە سەر دەستم و وتبووی: «چەند پێم خۆشە تۆ وا بیر ئەکەیتەوە.» و بەردیا لەپڕ دەست و سەری کۆ کردبوویەوە و کوتابووی بە لاکەلەکەمدا. ناڵاندم.

سەعید هاتە لامەوە، قۆڵی گرتم و وتی: «تۆ باشی؟»

«بەڵێ، باشم.»

«ئەتەوێ بچین بۆ لای دکتۆر؟»

«نەء.»

«شەرم مەکە لووبا، ئەگەر پێویستە...» و بەردیا ئارام ببوو و ئارام لە ناو سکمدا ڕاکشابوو؛ ئەوەندە ئارام ئەتوت خەریکە سەما ئەکات. بە ئەسپایی پەنجەکانی ئەهێنا بە پەراسووەکانمدا و ئەتوت چەنگێکی نەبینراو ئەژەنێ. پێکەنیبووم: «شەرم ناکەم. من لەگەڵ تۆ

ئازادم. من ئەزانم تۆ دۆستی منی و ئەتوانم بە ئاسانی پشتت پێ ببەستم.» و دەسبەجێ ئەوەم پێ ناخۆش بوو کە ئەبێ پشت بە یەکێک ببەستم. زۆر بە دفرەوە وتم: «بەڵام لە بیرت بێت کە منیش دۆستی تۆم. تۆیش ئەتوانی پشت بە من ببەستی.» سەعید پێکەنی و دانیشتەوە و مناڵانە وتی: «من ئەڵێم وەرە بەڵێن بدەین ئەم دۆستایەتیەمان بۆ هەمیشە بپارێزین و هیچ ڕووداوێک نەتوانێ ئەم دۆستیە تێک بدات، تەنانەت ئەگەر هەزاران فرسەنگیش لێک دوور بین.» من بۆنی دووریم لەم قسەیەدا هەست پێکردبوو. ڕەنگە بۆ ئەوەی کە من هەتا ئەو ڕۆژە میهر و سەرنجی ئەوم بەرامبەر بە خۆم بە پێودانگی ئەوین دانابوو، ئەو ئەوینەی کە لەگەڵ هەزاران فرسەنگ دووری‌دا ناگونجێ. بە هەڵچوونێکی تۆسنانە لەجێ ڕاببووم و وتبووم: «زۆر چاکە، پەسەندمە و پەژێرەم کرد.» و بەردیاش دیسانەوە سەری کوتابوو بە سکم‌دا و ئەمجارەیان بە دەم ناڵینەوە داوام لە سەعید کردبوو بمگەیەنێتە لای دکتۆر.

ویستم بڵێم: «ئەڵێی ئەو شەوە ئەهریمەن بڕیاری دابوو هەموو شتێک چەپەڵ بکات.» باوکم هەمیشە ئەم پەندەی سەبارەت بە کودتای فیبریوەری ١٩٤٨ی لایەنگرانی ستالین، کە نیشتمانەکەی منی خستە بن دەستی دیکتاتۆرەکان، بەکار ئەهێنا. بەڵام لەبری وتم:

ــ خۆزگە ئەو شەوە منت نەئەبرد بۆ نەخۆشخانە.

سەعید سەری داخست و وەکوو بڵێی قسەکەی منی نەبیستووە، وتی:

ــ بۆچی خۆت خستۆتە ئەم ڕۆژەوە؟ بەس لە بەر ئەوەی مێردەکەی خیانەتی پێکردوویت؟

بە پەلە وتم: «نەء.» و گڵاسەکەم پڕ کردەوە.

دەستی خستە سەر ئەژنۆم و گەرمای دەستی لە سەر کراسەکەمەوە هەتا بن پێستم خزا. وتی:

ــ ئارام بە لووبا... لەگەڵ من بدوێ... گوێ لە قسەکانم بگرە.

دەستی لەسەر ئەژنۆم هەڵگرت. هەستم کرد سەرمامە و بلووزەکەم لە خۆمەوە ئالاند. سەعید درێژەی دا:

ـ لە بیرتە؟ ڕۆژێکیان «میلان» هات و پێی وتی نایەوێ لەوە زیاتر لەگەڵت بژی و ڕۆیشت. چەند ڕۆژ پاشتریش کە چوون بەڵگەی جیابوونەوە وەربگرن، تەنانەت لێت نەپرسی بۆ؟ مەگەر تۆ شەیدای ئەو نەبوویت؟ مەگەر ئەگەری ئەوە نییە ئەو لە بەر ژنێکی تر تۆی بەجێ هێشتبێ؟

ئەو یەک حەفتەیەی کە لە ڕۆیشتنی ئەو تێ ئەپەڕی، تێکڕای ئەو ڕۆژانەی لە گەوڕێک لە نزیکی سنووردا خۆم شاردبوویەوە و، تێکڕای مانگەکانی سەرەتای چوونم بۆ ئینگلیز لەو بیرەدا بووم: بۆچی؟ ئەو کە تا چەند شەو پێشتر بەوپەڕی تامەزرۆیی و ئیشتیای هەمیشەیی لە باوەشی گرتبووم، ماچی کردبووم، بە لاتراسکە[٢٦] ئەوینبازی لەگەڵ کردبووم. چۆن بوو لەپڕ وەکوو بەردێکی سارد و سەخت لە بەردەممدا قیت ڕاوەستا و وتی: «داوای لێبوردن ئەکەم لووبا، ئێمە ئەبێ لێک جیاببینەوە!» و داواکاریی جیابوونەوەکە، کە تەنها واژۆی منی کەم بوو، خستبوویە بەردەمم. لەو ڕۆژانەدا چەندەها جار لە خۆمم پرسیبوو کە بۆچی هۆکەیم لێ نەپرسیوە؟ بەڵام ئیتر سوودێکی هەبو؟ هۆکەی هەرچی بووبێ، ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە ئەبوایە لە کەسێک جیاببمەوە کە شێتانە خۆشم ئەویست!

بە سەعیدم وت کە وردی سەیری ئەکردم:

ـ بەڵام ئەو ڕۆیشت. نەمایەوە تا فریوم بدات. نەمایەوە تا لەگەڵ منیش بێت و سووتڵیشی هەبێ.

سەعید پاڵی دا بە پشتی موبلەکەوە و سەری خستە سەری. لەو

٢٦ ـ لاتراسکە: foreplay دڵداری ناو ناوی فەرمان ماچ و دەستبازی و دواندنی بەر لە سێکس، نازاندن، نازکێشان، نەوازش کردن د همنوازی N forspill ع مداعبە E flirtation.

دۆخەدا چەندە ئازیز بوو. لە نێوان پێڵوەکانیەوە سەیری کردم و وتی:
ــ سەرەڕای ئەوەش ئەوت لە مێشک و ژیانی خۆت کردە دەرەوە. بۆچی ناتەوێ ئەمینیش لە ژیانت بکەیتە دەرەوە؟ تا مانگێک پێش ئێستە تاسەباری بووی چونکە هاوسەرێکی ئازیز و بەئەمەگ و ئەویندارت لە کیس چووبوو. ئێستاکە چی؟ ئێستە شینی ئەوە ئەگێڕی کە بۆچی دوخمانی لێ کردووی؟ یان بۆچی ئەوین و ئەمەگی بۆت نەبووە؟
قسەکانی هەرچەند بە تەوس و تەشەرەوە نەئەگوترا، بەڵام ئازاریان ئەدام. وتم:
ــ ئازارم مەدە سەعید... ئەمین ئیتر لە ژیانی مندا نییە. من لەو گەڕاوم. بەڵام ئەمین خۆی داوە بە سەر ژیانی مندا ئەوە و، بە مردنی خۆی ڕێگەی ئەوەی لێگرتووم نەفرەت و تووڕەیی خۆم ببارێنم بە سەریدا. ناهێڵێ ئەو شتەی لێم شاردراوەتەوە ببینم... ئەو بە مردنی خۆی، شانسی ئەوەی لە من وەرگرتووە کە بتوانم درۆکانی بسەلمێنم.
ــ زۆر هەڵەیت. مردووەکان کەمتر لە زیندووەکان ئەتوانن درۆکانیان بشارنەوە.
ــ رەنگە وابێ. بەڵام نەک لە وڵاتەکەی تۆدا کە مردووەکانی تا ئەو ڕادەیە زل ئەکرێنەوە، کە هیچکەس ناوێرێ ناویان بهێنێ، مەگەر پیایاندا هەڵبڵێ. جگە لەوە، ئەمین بووە بە شەهیدیش و؛ شەهید لە لای ئێوە واتە پاک و بێگوناح؛ تەنانەت ئەگەر خراپترین و دزێوترین مرۆڤ بووبێت.
سەعید نەرم و بە کۆڵدانەوە وتی:
ــ وایە. تۆ ڕاست ئەکەی. بەڵام تۆ هیچت لێ نەشاردراوەتەوە، کە بە نەمردنی ئەمین لێت ئاشکرا ئەبوو.
ــ ئەمەوێ بزانم ئەو لەگەڵ چ ژنێکدا بووە. ئەمەوێ بزانم ئەو ژنەی کە سووتڵی بووە کێیە، ئەمەوێ بزانم... ئەمەوێ بزانم... باوەڕ بکە سەعید... هیچ شتێک لەوە ترسناکتر نییە کە فریوت خواردبێت و نەتوانی بەو کەسەی کە کڵاوی کردۆتە سەرت بڵێی: ئەوا پێم زانیت!

دێر پێم زانیت، بەڵام پێم زانیوه، من گەوج نیم!

ـ بەڵام ئێستا خۆ ئەمین نییه... تەنانەت ئەگەر ئەو ژنەش بدۆزیتەوه دیسانەوه هیچ شتێک ناگۆڕێ.

بەبێ ئەوەی خۆشم لەوەی کە ئەیڵێم دڵنیا بم وتم:

ـ چۆن... ناگۆڕێ. من ئەتوانم بە ئەمین بڵێم تێگەیشتیت کۆتاییەکەی زانیم؟ هەموو شتێکم زانی! تۆ سەرەڕای ئەوەی کە مردوویت، سەرەڕای ئەوەی کە شەهید بوویت، نەتتوانی سووتڵیەکەت لە من بشاریتەوه!

سەعید وەکوو کەسێکە ئەڕوانێتە مناڵێک، سەیری ئەکردم و پێ ئەکەنی و من کە لەو وزە درۆینەی بە هۆی گوشاری ئەلکولەوه لە دەمارەکانمدا ئەگەڕا و تەوژمەکەی گیانمی ئەلەرزاند، تۆزقاڵێکم پێ مابوو، خۆم فڕێ دایە سەر موبلەکە و وتم:

ـ ڕەنگە خەریکم خۆم فریو ئەدەم. ڕەنگیشە خەریکم خۆم لەگەڵ ئەو ژنە بەراورد ئەکەم. نازانم. باوەڕ بکە نازانم...

سەعید بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو. پاشان جگەرەیەکی داگیراند. نە بزە لە سەر لێوی بوو و نە سەیری منی ئەکرد. من بە ئاسانی ئەمتوانی سەیری بکەم. دووکەڵ لە نێوان لێوە گەورە و کشاوەکەیەوە، کە نیوەی لە ژێر سمێڵە تۆپەکەیدا شاردرابوویەوه، ئاڵقە ئاڵقە ئەهاتە دەرەوه و بە قەراخ لووتیا، کە شوێنی شکاوییەک بەرزایی سەر لووتی بەرجەستەتر ئەکردەوه، تێ ئەپەڕی و بە ڕوخساریدا بڵاو ئەبوویەوه. ئەو لەپڕ، لە کاتێکا سەیرم ئەکرد، خافڵگیری کردم و وتی:

ـ من ئەمشەو ئەو ژنەت پێ ئەناسێنم.

هەڵبەزیمەوه، بەڵام وزەی ئەوەم تیا نەبوو خۆم لە پشتی موبلەکە جیا بکەمەوه. ئێستە سەعید ڕاستە و ڕاست سەیری چاوەکانی ئەکردم:

ـ بەڵام پێشتر ئەبێ بەڵێنێکم پێ بدەی.

بە بێئەڤان وتم:

ـ بەڵێنت پێ ئەدەم!

سەری ڕاوەشاند و وتی:

ـ سەرەتا گوێ لە گوتەم بگرە، بیری لێ بکەرەوە و پاشان بەڵێنم پێ بدە.

سەرم لەقاند.

ـ ئەبێ بەڵێنم پێ بدەی جگە لە خۆت هیچکەس لە ناو و نیشانی ئەو ژنە ئاگادار نەبێ.

دیسانەوە سەرم ڕاوەشاند.

ـ پاشان بەڵێنم پێ بدەی کە پەروەندەی ڕابوردوو ببەستیت و، یارمەتی خۆت بدەی تا لەم دۆخە بچیتە دەرەوە.

بە دژواری توانیم قنج دابنیشم و، بەبێ ئەوەی بیر لەو شتە بکەمەوە کە بەڵێنەکەی ئەدەم بە سەعید، وتم:

ـ بەڵێن بێت. بەڵێنت پێ ئەدەم!



سەعید و نێرگز، ئێوارەی ئەو ڕۆژەی لە پزیشکی قانوونی گەڕاینەوە، سودابەیان لە بەردەم ماڵەکەی هەڵگرتبوو و چووبوون بۆ نۆرینگەی ئەمین. سودابە لە بەر دەرگا وەستابوو. ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو و لێوەکانی بە هۆی بوغزێکەوە کە خەریک بوو ئەتەقیەوە، ئەلەرزا. سەعید داوای لێکردبوو دابنیشێ. نێرگز لەو کاتەدا پشتی لەو دوانە بوو بە ئەسپایی ئەگریا؛ گریانێک کە بە درێژایی حەفتەی ڕابوردوو قووتی دابوویەوە. سەعید بانگی کرد:

ـ نێرگز گیان وەرە بۆ ئێرە ئەو تەلەفۆنانەی پێویستمانە جیای بکەینەوە.

نێرگز ئاوڕی دایەوە و سەرنجی لەگەڵ چاوە ئەبڵەق بووەکانی سودابە یەکانگیر بوو. سودابە لەگەڵی کەوتە ڕێ؛ دەوری مێزەکەی خۆی دایەوە و لە سەر کورسیەکە دانیشت. بە بزووتنێکی زۆر لە سەرخۆ چەکمەجەی مێزەکەی ڕاکێشا و دوو پەڕاوی درێژۆکەی باریک ــ یەکیان بەرگ شین و یەکیان بەرگ ڕەش ــ هێنایە دەرەوە و ڕایگرت بۆ نێرگز:

ـ ئەمە ژمارە تەلەفۆنی نەخۆشەکانە. ئەمەش ژمارە تەلەفۆنی تایبەتی ئەو کەسانەی دکتۆر پەیوەندی لەگەڵیان هەیە.

نێرگز پەڕاوەکەی وەرگرت و لە سەر یەکێک لە موبلەکان دانیشت.

سەعید هەستی کرد سودابە لە خەودا ئەڕوا بە ڕێدا. نێرگز پەڕاوە شینەکەی کردەوە و ڕیزێک ناو و ژمارە تەلەفۆنی بینی بە پێی ئەلف بێ نووسرابوون. هیچکامیانی نەئەناسی. سەیری سودابەی کرد. هەستی کرد باشتر بووە. وتی:

ـ پێم وابێ تۆ بزانی ئەمانە کێن؟

سودابە دانەوییەوە و قامکە[٢٧] کورت و قەڵەوەکەی خستە سەر یەکەم ناو و وتی:

ـ ئەمە بەرپرسی کلینیکی وێنەتیشکی[٢٨] جیهانە.

ـ لەگەڵ دکتۆر دۆستایەتی نزیکی هەبوو؟

ـ نەء. هەمیشە من تەلەفۆنم بۆ ئەکرد و کاتم بۆ نەخۆشەکان وەرئەگرت. ئەمەش بەرپرسی تاقیگەیە کە دکتۆر خۆی دەربارەی نەخۆشەکان لەگەڵی ئەدوا.

سەعید کە هێشتاش نەیتوانیبوو بگاتە ئەنجام، بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەو کەسانە چییان دەست ئەکەوێ لە سودابەی پرسی:

ـ سودابە خانم، تۆ پێت وایە پەیوەندی گرتن لەگەڵ ئەم خەڵکە ئەتوانێ هیچ ئارمەتیمان بدات؟ تۆ زیاتر ئەیانناسی.

سودابە هەڵوەستەیەکی[٢٩] کرد و پاشان پرسی:

ـ چ ئەنجامێک؟

سەعید وەڵامی نەدایەوە و نێرگز لە کاتێکا چاوی لە پەڕاوەکە بوو بە لێبڕاییەوە وتی:

ـ ناتوانێ بێئەنجام بێ. ڕەنگە یەکێک لەم کەسانە ئەو ژنەی بۆ کورتاژ ناردبێت بۆ لای ئەمین.

---

٢٧ ـ قامک: finger ناو پەنجە، ئەنگوست، تپل، کلک ع سبع N finger د انگشت ⇦ کلکەوانە: خشڵ ئەنگوستیلە.

٢٨ ـ وێنەتیشک: x_ray imaging پزیشکی وێنەی تیشکی ڕۆنتگن، وێنەی تیشکی ئیکس. ع التصوير بالأشعة السينية N røntgenbilder د تصویربرداری اشعه ایکس.

٢٩ ـ هەڵوەستە: position ناو بیرلێکردنەوەی بیڕیاردەر و خێرا، هەڵوێست وەرگرتن. ع موقف N posisjon د موضع، موضع گرفتن. ن: هەڵوەستەیەکی کرد و پێی وت.

سودابە هەروا بێدەنگ بوو و بە نیگایەکی بەتاڵ چاوی بڕیبوویە سووچێک. سەعید وتی:

ـ ڕاستەکەی من هەرچەند زیاتر بیری لێ ئەکەمەوە، زیاتر پەی بە بێکەڵکبوونی ئەم تەلەفۆن کردنانە ئەبەم. سەیرکە نێرگز گیان، ئەم کەسانە ئەگەر شتێکیان بزانیبا و بیانویستایەت ئێمەش بزانین، لەو ڕۆژرە هاتبوون و پێیان وتبووین. ئەگەر پێشیان وابێ کە نابێ قسە بکەن، پاش ئەوەی تەلەفۆنیشمان بۆ کردن دیسانەوە هەر هیچ ناڵێن.

نێرگز پەڕاوەکەی بە دەستیەوە بوو دایخست و لە کاتێکا چاوی بڕتبوویە سەعید وتی:

ـ مەگەر جگە لەمە ڕێگەیەکی تریش هەیە؟

سەعید شانی هەڵتەکاند و وتی:

ـ من هێشتاش پێم وایە ئەبێ ڕووداوی ئەو ژنە بە پۆلیس ڕابگەیەنین. دۆزی قەدەغە بوونی کورتاژ ئێستە ئیتر گرنگ نییە. سەرەتا ئەتانوت ئەگەر بڵێین بۆ ئەمین خراپ ئەبێت. بەڵام ئێستا چی؟ دۆزینەوەی ئەمین گرنگترە یان ئەم تێبینیە بێسوودانە؟ وای دابنێ کاتێکە دۆزیانەوە، پسوولەی کارکردنی لێوەرگرنەوە. بە دەرەک... هەرچی چۆن بێ، پۆلیس ئاسانتر ئەتوانێ ئەو ژنە بدۆزێتەوە.

نێرگز کە قسەکەی سەعیدی لا پەسند بوو هێشتاش دوودڵ بوو و نەی ئەتوانی بڕیار بدات. هەروا چاوی بڕیبووە سەعید. سەعید ڕابوو و لە کاتێکا ئەڕۆیشت بە ڕێدا وتی:

ـ پێم وابێ هیچ پێویست ناکا بە حاجیش بڵێین. ئەتوانین هەر ئەمڕۆ ئەمکارە بکەین. ئەتوانین بە پۆلیس بڵێین ئەمڕۆ سکرتێرەکەی دکتۆر پێی وتووین.

ئینجا سەیرێکی سودابەی کرد تا بەڵێی ئەویش وەربگرێ. چاوی بە سودابە کەوت کە ڕەنگی شین هەڵگەڕاوە و چاوەکانی لە ترسا دەرپەڕیوە. سەعید بە نیگەرانیەوە چوو بۆ لای و دەستی خستە سەرشانی. سودابە هەروا تۆقاو خۆی کشاندەوە و وەکوو مناڵێکی لاواز

و تاوانبار وتی:
ـ نەء... تکاتان لێ ئەکەم ئەو کارە مەکەن. تکاتان لێ ئەکەم بە پۆلیس مەڵێن.

نێرگز هەروا کە لە لای سودابەوە دانیشتبوو، ڕووی تێکرد و بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ـ بۆچی ئەوەندە ئەترسی سودابەگیان؟ کەس کاری بە تۆ نییە.

سەعیدیش جەختی لە سەر قسەکەی ئەو کردەوە:

ـ سودابە خانم، دڵنیابە هیچ گرفتارییەک بۆ تۆ نایەتە پێشەوە. دکتۆر بەرپرسی هەموو ئەو کارانەیە لێرە کراوە، هیچ پەیوەندی بە تۆوە نییە.

سودابە لەپڕ، وەکوو کەسێکە لە لێواری هەڵدێرێک وەستابێ هەر دوو دەستی سەعیدی گرت و بە دەنگێک کە لەگەڵ قسەکردنی ئاسایی ئەو جیاواز بوو، وتی:

ـ نەء، نەء، ئەوکارە مەکەن!

پاشان دەستی ئەوی بەردا، خستیە سەر چۆکی و بە دەنگی بەرز کەوتە گریان. نێرگز و سەعید واق و وڕ سەیری یەکیان ئەکرد و نێرگز ویستی سودابە بگرێتە باوەش. سودابە وەکوو هاوار هاواری کرد:

ـ من بووم... من کورتاژم کرد. ئەو ژنە من بووم.

دەستەکانی نێرگز، کە بۆ لە ئامێزگرتنی سودابە کرابوونەوە بە حەواوە وشک بوون. سەعید زۆر بە ئەسپایی لە سەر کورسیەکە دانیشت و پرسی:

ـ باشە بۆچی هەتا ئێستە پێت نەوبووین؟

سودابە بەدەم هەنسکە هەنسکی گریانەوە، دیسانەوە وتی:

ـ من بووم... من کورتاژم کرد. ئەگەر براکەم و دایکم بزانن ئەمکوژن. ئەمکوژن... ئەمکوژن!

دەستەکانی نێرگز بەملاولایدا شۆڕ ببوونەوە. قسەکانی کابرای نەناسراو لە مێشکیدا زیندوو ئەبوونەوە. هاتەوە بیری کابرا وتبووی

ئەمینیان لە کۆتایی شەقامی ئەلبورز گرتووە. نێرگز ئەیزانی ماڵی سودابەش ڕاست لە کۆتایی شەقامی ئەلبورزە.

دەستی خستە سەر شانی سودابە، کە خۆی دابوو بە سەر ڕانی ئەودا و لێی پرسی:

ــ ئەو ڕۆژە ئەمین تۆی لە سەرەتای شەقامی ئەلبورز دابەزاند یان بردتیەوە بۆماڵەوە؟

سودابە بەبێ ئەوەی سەری بەرزەوە بکات، بە هەمان ئاهەنگ وتی:

ــ دارەتم باش نەبوو، دکتۆر تا بەر دەرگا بردمی.

نێرگز و سەعید سەیرێکی یەکتریان کرد. ئێستە هەر دووکیان باوەڕیان بە گوتەی کابرای نەناسراو کردبوو. جۆگەلەیەکی عارەق بە پشتی سەعیددا کەوتبوویە ڕێ. چوو بۆ لای مێزەکەی سودابە، کە کلیلی سپلیتەکە بە دیوارەکەی پشتیەوە بوو. کلیلەکەی هەڵدایەوە و لە هەمان کاتدا دیسانەوە بە سودابەی وت:

ــ باشە بۆچی ڕۆژی یەکەم ئەمەت نەوت؟ ها؟

سودابە لەپڕ قنج دانیشت. ڕوخساری ئاوساو و سوور هەڵگەڕابوو. ئاوڕی دایەوە لە سەعید و بە دەنگێک کە زۆر بە دژواری ئەبیسرا، وتی:

ــ نەم ئەتوانی بیڵێم سەعید خان... نەم ئەتوانی... ئاخر باوکی ئەو منداڵەی لەبارم برد خودی دکتۆر بوو!

سەعید لە جێگای خۆیدا وشک بوو و لە سودابە مۆڕ بوویەوە. وشەی خودی دکتۆر وەکوو ناڵینێک لە دەمی نێرگز دەرپەڕی و سەری کەوتە سەر پشتی موبلەکە. سودابە ڕووی تێکرد و بە هەر دوو دەست قۆڵی گرت و بە هەمان دەنگی کورت و گیراو وتی:

ــ بە خوا من سووچم نەبوو نێرگز خانم. تکاتان لێ ئەکەم ئابڕووم مەبەن. ئەگەر براکەم و دایکم بەوە بزانن ئەمکوژن. بڕوام پێ بکەن ئەمکوژن.

نێرگز، سەری نابوو بە پشتی موبلەکەوە و چاوەکانی بەستبوو،

ئارام و بەبێ چرکە مابوویەوە. سەعید بەڵام هاتەوە بە خۆیا. چوو بۆ لای سودابە و شانی گووشی:

ــ مەترسە... مەترسە گیانە... نێرگز خانم و من بە هیچکەس ناڵێین... بە هیچ کەس. دڵنیا بە.

نێرگز چاوی هەڵێنابوو و سەیری تابلۆ گەورەکەی بەرامبەری ئەکرد، ژنێک خەریک بوو شیری ئەدا بە مناڵەکەی؛ هەروا کە دانیشتبوو، دەستێکی هێنا بە پرچی سودابەدا و جۆگەیەکی فرمێسک لە هەر دوو چاویەوە داباری. پاشتر پێی وتم لەو ساتەدا خۆیشی نەی ئەزانی بۆچی ئەگری؟! ئایە بۆ ئەوەی کە بۆی دەرکەوتبوو پاسدارەکان ئەمینیان گرتووە؟ یان بۆ ئەوەی کە بڕوای بە براکەی شکاوە کە ئەو هەمووە لە پاکی و ئەمەگداری ئەو دڵنیا بوو؟



ئۆتۆمۆبیلەکەم لە کۆڵانێکی پەنا دانا و لە نێوان ئەو ژنانەوە کە دەستە دەستە لە سەر شۆستەکان‌دا وەستابوون و بە دەنگی شینگێڕەکام لە شەقامەکەوە تێ ئەپەڕین، فرمێسکیان ئەڕژان و ئەیان دا بە سینگیان‌دا، ڕێگەیەکم بۆ خۆم کردەوە و خۆم گەیاندە ماڵی سودابە. لە بەردەم نووسینگەیەکی هەژارانەی خانووبەرە کە لە تەنیشت خانووەکەدا بوو، کابرایەک چووبوە سەر کەتە کورسیەک و بە شووشەیەک گوڵاوی ئەکرد بە سەر ژنان‌دا. ئەو شوێنەی کە پێنج مانگ پێش ئێستە ئەمین سودابەی لەوێ دابەزاندبوو؛ ئەو شوێنەی کە پاسدارەکان ڕژابون بە سەر ئەمین‌دا و فڕاندبوویان. دڵۆپی گوڵاو پرژا بە ڕوومەتم‌دا، کە بۆ ئەوەی بتوانم ڕێ دەرباز بکەم لە بن سەرپۆش‌دا شاردبوومەوە و بۆیێکی بێگانە کە پێم وابوو ئاوێتەی تەواوی نەریتەکانی ئەو وڵاتەیە، دای بە لووتم‌دا. لە بەر دەرگای ماڵی سودابە وەستام. پێشتر دوو جار، لەگەڵ ئەمین سودابەمان گەیاندبوو و من ماڵەکەیانم لەبیر بوو. دەرگایەکی کورتی سەوز. بە دوای زەنگ‌دا گەڕام و نەمدۆزییەوە. چەکوشێکی ڕەشی بچکۆلانە لە ناوڕاستی دەرگاکەدا بوو. تەقەم لێ هێنا. ماوەیەکی پێچوو و کەس وەڵامی نەدایەوە. ژنەکان بە تەنیشتم‌دا تێ ئەپەڕین و تاو نە تاوێک یەکێک خۆی پیا ئەکێشام و ئەمی نووساند بە دەرگاکەوە. نزیکی نیوەڕۆ بوو و کاتژمێرێک پێشتر لە ماڵی سورەییاوە تەلەفۆنم بۆ

کردبوو. شەو نەخەوتبووم و بەردەوام پێم وابوو هەتا لەگەڵ سودابە قسە نەکەم ناتوانم بە سەر دەمارگرژی و هەستی بزۆزمدا زاڵ ببم. سودابە لە بیستنی دەنگی من داچڵەکا و، کاتێک پێم وت ئەمەوێ بیبینم، بێدەنگ ببوو. من دەسبەجێ وتبووم: «ئەمەوێ دەربارەی نۆرینگەکەی دکتۆر قسەت لەگەڵ بکەم. زۆر کاتت ناگرم.»

سودابە بە ئارامی وتبووی: «هەر چی بفەرموون... ئەمڕۆ بێم بۆ لاتان؟» منیش بە پەلە وتبووم: «نا، من خۆم دێم... تا کاتژمێرێکی تر لە لات ئەبم.» سودابە دیسانەوە بێدەنگ ببوو و من نەمهێشتبوو قسەی تر بکات و بە پەلە ماڵاواییم لێکردبوو.

جارێکی تر، تەقەم لە چەکوشی دەرگاکە هێنا و ئەمجار دەرگا کرایەوە و سودابە منی بردە ژوورەوە. چووینە ناو دالانێکی باریک و کورت کە لە حەوشەوە ڕووناکی بۆ ئەهات. لە حەوشە ژنێکی مام ناوەندی چارشێو بە سەر وەستابوو و بە شێوەیەکی پرسێنەر سەیری ئەکردین. پێش ئەوەی بگەینە حەوشە، سودابە دەرگای هۆدەیەکی کردەوە و فەرمووی لێکردم بچمە ژوورەوە و خۆی ڕۆیشت.

ژوورێکی تاریک و تا ڕادەیەک گەرم بوو. کەلوپەلێکی سادەی هەژارانە؛ ڕایەخێکی هەرزانبایی تەخت سوور، چەند موبلی قاوەیی کە بۆ ئەو ژوورە زۆر گەورە بوون، مێزێکی کورتی لاکێشە و گوڵدانێکی شووشە و برێ گوڵی پلاستیکی تێدا و، زۆپایەکی نەوتی بچووک کە هەڵ نەبوو. لە بەر پەنجەرە بچووکەکەی ڕوو بە شەقام کە پشتدەرییەکی تەختەی سەوز بەرەگەی دیتنی شەقامی ئەبەست، دانیشتم. بەرامبەرم تابلۆیەکی گەورە بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو، دیمەنی دەریایەکی تۆف و هەژاو. دڵم بە خێرایی لێی ئەدا و هێشتاش نەم ئەزانی چ کارێکم بە سودابە هەیە و چی پێ ئەڵێم. کاتێکە سودابە بە سینی چاوە هاتە ژوورەوە وتم:

ـ ژوورێکی ژیکەڵەیە.

بزەیەکی کرد و هیچی نەوت. چاکەم هەڵگرت و وتم:

ــ کاری تازەت نەدۆزیوەتەوە؟

سودابە، سینیە بەتاڵەکەی لە لایەکەوە دانا و بەرامبەرم دانیشت و قاچی خستە سەر قاچی و وتی:

ــ پاش ڕاپەڕین مەگەر کاریش پەیدا ئەبێ؟

چاوی تێبڕیم. ئەتوت چاوەڕوانی ئەوەیە پێشنیازی کارێکی تازەی پێ بکەم. سەیرێکی قاچە ڕێکە داتاشراوەکەیم کرد کە لە دیداری یەکەمیش‌دا چاوی گرتبووم. ئەو ڕۆژە پێم وابوو کچێکی جوان و شەنگە. قژە کورتە ڕەشەکەی بە جوانی ڕازابوویەوە و لەشی تۆکمەی لەو جلە دەق و مۆدەیەدا لە قاڵب درابوو. پێستی شوکولاتی و چاوەکانی کەم و زۆر هاوڕەنگ بوون و لەگەڵ ئەو شادی و پێکەنینەی هەمیشە بە ڕوخساریەوە بوو، یەکی ئەگرتەوە. ئەمین لە کارەکەی زۆر ڕازی بوو و ئەیوت: «لەو کاتەوە سودابە هاتووە هیچ نەخۆشێک لەوەی دابنیشێ و چاوەڕێ بکات جاڕس نابێ.» سودابە بە خێرایی لەگەڵیان ئەبێ بە دۆست و گوێ لە گلەیی و بناشتیان ڕائەگرێ. سەرەڕای ئەمەش ئەمین ئەیوت خۆشی لێی نایەت. یەک دوو جار کە ئەمویست بانگی بکەم بۆ میوانیەکان، ئەمین نەی ئەهێشت و وتبووی: «حەز ناکەم پێی بۆ ماڵی ئێمە بکرێتەوە. حەزم لە هەڵسوکەوتی نییە. جڵف و قەرەباڵخە. کاری بە هەموو شتێک هەیە و ئەیەوێ سەر لە هەموو کارێک دەربهێنێ.»

سودابە هەروا سەیری ئەکردم و چاوەڕوان بوو. بیبیلە قاوەییەکانی ڕەشی ئەکردەوە. چاوم لێ هەڵگرت و وتم:

ــ نەهاتووم بۆ ئێرە کە بتڕەنجێنم. لێشت نەڕەنجاوم و گلەییم لێت نییە. بەڵام هەندێ شت هەیە ئەبێ بۆم ڕوون بێتەوە.

سودابە پێڵوەکانی لێک دا و ڕوخساری شین هەڵگەڕا. خۆی کێشایە پێشەوە و وتی:

ــ بەڵێ.

نەمزانی ئەم «بەڵێ»یەی بۆچی وت. بەڵام من خەریک بوو بەو شتە ئەگەیشتم کە هەندێک پێشتر نەم ئەزانی. خەریک بوو بۆم ڕوون

ئەبوویەوە بۆچی لەوێ دانیشتووم. وتم:

ـ من ئاگام لە هەموو شتێک هەیە.

و ئەوەندەی پێم بکرێ دەنگم دابەزاند:

ـ ئاگام لە پەیوەندی نێوان تۆ و مێردەکەم هەیە. بۆیشم گرنگ نییە. بەس حەز ئەکەم هەموو شتێک بزانم.

سودابە دەمی داچەقا و چاوی ئەوەندە هەراو بوویەوە گلێنەکانی وەکوو دوو خاڵ خویایان ئەکرد و بە هەمان شێوە چاوی بڕیبووە من. هەڵسام و لە سەر موبلەکەی تەنیشتیەوە دانیشتم و پێم وت:

ـ پێم وتی نامەوێ زیزت بکەم. هەرچی بووە تێپەڕیوە. سودابە سەری داخست و من بینیم دوو دڵۆپ فرمێسک کەوتە سەر ئەژنۆ ڕووتەکەی. بە دەنگێکی لاواز وتی:

ـ ئەتەوێ چی بزانی؟ من هەموو شتێکم بە سەعید خان و نێرگز خانم وتووە.

ـ بەڵام ئەو شتانەی من ئەمەوێ بیزانم بۆ ئەوان گرنگ نەبووە. ڕەنگیشە تۆ بەوانت وتبێ؛ بەڵام ئەوان بە منیان نەوتووە. ئەکرێ پێم بڵێی لە کەیەوە پەیوەندیت بە دکتۆرەوە هەبوو؟

سودابە دەستی گرت بە ڕوومەتیەوە و بە ئارامی کەوتە گریان. وتم:

ـ تکایە مەگری. وەڵامی من بدەرەوە. هەرچی بڵێی بۆ من وەکوو یەکە. بەس ڕاستم پێ بڵێ. من پێویستم بەوەیە ڕاستیەکەی بزانم.

سودابە وەڵامی نەدایەوە. بەڵام دەستی لە بەر دەموچاوی هەڵگرت و چوو بۆ لای ئەو پەنجەرەی ڕوو بە حەوشە ئەکرایەوە. سووچێکی پەردەکەی لادا و سەیرێکی حەوشەی کرد. پاشان دیسانەوە گەڕایەوە و دانیشت و بە شێوەیەکی پەژارەمەند وتی:

ـ ئەگەر براکەم بزانێ ئەمکوژێ!

ـ دڵنیا بە، هیچ کێشەیەکت تووش نابێت. تاوانبار لە لای من ئەمینە نەک تۆ. ئەوەی تۆ کردووتە پەیوەندی بە منەوە نییە.

سوودابە دانیشت و بە ئارامی وتی:
ـ بپرسە. چیت ئەوێ بپرسە. من درۆ ناکەم.
ـ لە کەیەوە نێوانت لەگەڵ ئەمین هەبوو؟
ـ لە مانگێک پێش ڕاپەڕینەوە.
پاشان دەستەکانی گرتم و ڕایوەشاند:
ـ من دەستم پێ نەکرد لووبا خانم... باوەڕ بکە من دەستم پێ نەکرد.
ـ خۆ پێم وتی بۆم گرنگ نییە. خۆت ئازار مەدە. تەنها پێم بڵێ چۆن دەستی پێکرد.
سودابە چنگی کرد بە قژە کورتەکەیدا و، وەکوو کەسێک بە هۆی ئازارەوە خۆی هەڵئەگلۆفێ، گرمۆڵە بوو و وتی:
ـ ماوەیەک بوو دکتۆر کاتی ڕۆیشتن و هاتن قسەی لەگەڵ ئەکردم، پیا هەڵئەگوتم. ڕۆژێکیش منی بانگ کرد بۆ ژوورەکەی و ملوانکەیەکی پێدام.
بێئەڤان دەستی برد بۆ ملی و پەنجەی کێشا بە زنجیرە زێڕەکەی دوو تۆپی بچووک و گەورەی پێوە بوو. هاتەوە بیرم یەکەم دیاری ئەمین دابووی بە من ملوانکەیەک بوو بە دوو کۆتری سپیەوە. ئەوسا حەفتەیەک بوو کە بەردیام ببوو؛ پاش دوو مانگ خەوتن لە نەخۆشخانە و دوو مانگ ترس و نیگەرانی ئەوەی ڕەنگە منداڵەکەم لە کیس بچێ. ئەو ڕۆژە ئەمین هاتبوو و بڕیار وابوو بە ئامبۆلانسی نەخۆشخانە بچمەوە بۆ ماڵەوە. تێکڕای ئەو دوو مانگە، ئەمین لە سەر ویستی خۆی لەگەڵ پزیشکی تایبەتیم هاوکاری کردبوو و ڕۆژی چەند جار سەری لێدابووم. شەوانی کێشک چەندین کاتژمێر لە لام دانیشتبوو و قسەی لەگەڵ کردبووم. ئیتر لە لام بێگانە نەبوو. ئاشنایەک بوو خۆشەویست، کە بە تەواوەتی متمانەی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. هەمان ڕۆژ قوتوویەکی بچکۆلانەی پێدام و وتی: «هیوادارم بە دڵت بێت.»
قوتوەکەم لێوەرگرت و وتم «ئەمە بۆ چییە؟»

«دیاریی لەدایکبوونی کوڕەکەتە و ئارەزووم ئەوەیە بە زووترین کات ببێ بە کوڕی خۆم!»

سودابە دەستی لە سەر ملوانکەکەی لابرد و سەری داخست و وتی:

ـ پاشان دکتۆر وتی حەزی لێم کردووە و باوەشی پیاکردم و کەوتە ماچ کردنم.

پێش ئەوەی من شتێک بڵێم، ئەمین دەستی گرتم و ماچی کرد و وتی: «شووم پێ ئەکەی لووبا؟»

سودابە بە داماوییەوە چاوی بڕیبوویە چاوم و وتی:

ـ بەرگریشم کرد، بەڵام... نەکرا... نەمتوانی. بڕوا بکە لووبا خانم من نەمئەویست نێوانم لەگەڵ دکتۆر هەبێ. تەنانەت پێشتریش کاتێکە زانیم ئەو لەگەڵ ژنێکی تر نێوانی هەیە، زۆر بۆ ئێوە تەواسان(٣٠) بووم.

«لەگەڵ ژنێکی تر؟!» ئەتوت بە دەنگی بەرز ئەو قسەیەم کردبوو، چونکە سودابە لە ترسانا هەڵبەزییەوە و چوو لە سووچی پەردەکەوە سەیری حەوشەی کرد. پاشان گەڕایەوە و ئەمجار بەرامبەرم دانیشت و بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ـ بۆچی ئێوە نەتان زانیبوو؟

سەرم ڕاوەشاند و سودابە، کە دیسانەوە ڕەنگی سوور هەڵگەڕابوو و چاوەکانی بیوونەوە بە قاوەیی، وتی:

ـ واتە ئێوە نەیان ئەزانی کە دکتۆر چەندین ساڵ بوو لەگەڵ ژنەکەی دکتۆر دەوڵەتیان نێوانی هەبوو؟

شتێک لە ناو سەرمدا گەوتە گەڕان؛ شتێک وەکوو چەرخێکی ئاسنینی کۆن؛ کێڕەیەکی لێوە ئەهات، هەستم ئەکرد سودابە بە ئاسانی گوێی لێیەتی.

ـ خانمی دەوڵەتیان؟ ئێلیزا؟

---

٣٠ـ تەواسان: sorrow چاوگێ ئێنەیەر [تاسان] ئاخداری، دڵساردیی، نائومێدی، دڵزاریی، دڵبەزووخاویی، دڵبەسۆیی، دڵجەخاری، دڵناسۆریی ع ملل N sorg د ملال.

سودابە لە دارەتێکدا کە ئیتر شەرم و ترسی تیا نەبوو وتی:
ــ بەڵێ، خانمی دەوڵەتیان.

چەندین ساڵ بوو ئێلیزای هاوسەری دکتۆر دەوڵەتیانم ئەناسی. لە ئینگلیز و پاش شووکردن بە ئەمین لەگەڵی ئاشنا ببووم. دەوڵەتیان، لە دۆستانی دەرەوەی زانکۆی ئەمین بوو و ساڵێک پێش ئاشنابوونی من و ئەمین زەماوەندیان کردبوو. ئێلیزا کاسۆلیکێکی زۆر توندڕەوی ئیتالیایی بوو، کە هیچکات بەرنامەی کلیسای ڕۆژانی یەکشەممەی نەئەفەوتا. تەنانەت کاتێکە هات بۆ ئێرانیش ئەو بەرنامەیەی بەردەوام بوو. ئەوان ساڵێک پاش ئێمە هاتن بۆ ئێران بەڵام من و ئەو نێوانێکی ئەوتۆمان نەبوو. چاوپێکەوتن و هاتوچۆی ئێمە بە هۆی هاوکار بوونی مێردەکانمانەوە بوو. چەندین کاتژمێر پێکەوە دانیشتایەتین هیچمان نەبوو پێکەوە باسی بکەین مەگەر لێدوان لە کەش و هەوا، مناڵەکانمان، یان ئەو خواردنانەی تازە فێری بووین دروستیان بکات.

سودابە ئەتوت لە بیری چۆتەوە من بۆچی هاتووم بۆ لای و، وەکوو کەسێک کە ڕازێکی سەربەمۆر ئەدرکێنێت بە هەڵچوونەوە وتی:
ــ من نازانم چەند ساڵ پێکەوە بوون. بەڵام لەو کاتەوە من چووم بۆ نۆرینگە هەتا چوونەوەیان بۆ ئینگلیز، ئەوان پێکەوە نێوانیان هەبوو. هەڵبەت ئەو چەند مانگەکەی یەکەم من نەم ئەزانی.

سودابە بەبێ ئەوەی پرسیارێکی لێ بکەم، بە ترش و خوێوە، تێکڕای چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە:

ئێلیزا هەموو حەفتەیەک، دووشەممە یان پێنجشەممە ئەهات بۆ نۆرینگە. هەمیشەش دواین نۆرەی هەبوو. دەسبەجێش ئەچوو بۆ ژووری پشکنین و دکتۆر سودابەی بانگ ئەکرد و ئەیوت: «من ناچارم کاتژمێرێک لێرە بمێنمەوە. تۆ ئەتوانی بڕۆیت.» سودابە پێی وابوو ئێلیزا بۆ شۆردنەوە یان پانسمان هاتووە بۆ ئەوێ. تەنها ساتێکیش گومانی نەکردبوو کە پەیوەندییەک لە نێوان ئەو و دکتۆردا هەبووبێت؛ بەتایبەت کە ئێلیزا بە گەیشتنی بۆ نۆرینگە هەر لەوێوە تەلەفۆنی بۆ مێردەکەی

ئەکرد و پێی ئەوت کارەکەی کاتژمێرێک درێژە ئەکێشێ و ناتوانێ زووتر بگەڕێتەوە. جگە لەوەش دکتۆر هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دەوڵەتیان بە تەلەفۆن قسەی ئەکرد و هەندێجار نەخۆشیشیان ئەنارد بۆ ئەکتر.

بەڵام ڕۆژێکیان، سودابە لە نۆرینگە ئەچێتە دەرەوە، کاتێکە ئەکەوێتەوە بیری کە پەیامێکی گرینگی لایە ئەبێ بیدا بە دکتۆر. ئەگەڕێتەوە و دەرگای نۆرینگە، کە خۆی کاتی ڕۆیشتن دای خستبوو، ئەکاتەوە و وەک هەمیشە چەند تەقە لە دەرگای ژووری پشکنین ئەدا و ئەچێتە ژوورەوە. لەوێ بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دکتۆر و ئێلیزا ئەبینێ نیوە ڕووت لە باوەشی یەکدی دان. ئەوان ئەوەندە خەیکی کاری خۆیان بوون، ئاگایان لە دەرگا کوتان و تەنانەت هاتنە ژوورەوەی سودابە نابێت. ئەگەر سودابە لەوێ بهاتایەتەوە بە خۆیدا و دەسبەجێ ژوورەکەی بەجێ بهێشتایەت، ڕەنگە ئەویان نەئەبینی. بەڵام هەرچی چۆن بێ، ئێلیزا ئەوی بینیبوو و لە ترسانا ڕاچەنیبوو و شتێکی دابوو بە خۆیدا. سودابە بە شەڵەژاوی لە نۆرینگە دەرپەڕیبووە دەرەوە، بەبێ ئەوەی پەیامەکەی دابێ بە دکتۆر. بەیانی ئەو ڕۆژە دکتۆر نەیخستبوویە خۆی کە دوێنێ چی ڕووی داوە، بەڵام سودابە لە ترێقیا نەی توانیبوو سەیری دکتۆر بکات. پێنجشەممەی پاشتر دکتۆر بە سودابەی وتبوو: «لەم حەفتەوە پێنجشەممەکان نیو کاتژمێر زووتر بڕۆرەوە.» و سودابە بۆ دڵنیابوون تا ماوەیەک لە لای ڕۆژنامە فرۆشەکەی نزیک نۆرینگە وەستابوو، تا ئێلیزا لە تاکسی دابەزیبوو و لە پلیکانەکانی نۆرینگە سەرکەوتبوو. هەر ئەو کاتە سودابە بیری کردبوویەوە «ژنەکەی دکتۆر هەم جوانترە لە خانمی دەوڵەتیان و هەم گەنجترە.» و نەی توانیبوو تێبگات بۆچی دکتۆر لەگەڵ ئەو نێوانی هەیە!

لە سودابەم پرسی:

دکتۆر و ئێلیزا لە کوێ پێکەوە خەوتبوون؟

ـ لە سەر تەختی نەخۆشەکان.

ـ لەگەڵ تۆش هەر لەوێ ئەخەوت؟

سودابە هێدمە بوو. دیسانەوە کەوتەوە بیری کە خۆیشی لەم ڕووداوەدا نەخشی هەیە. چاوەکانی لە من دزییەوە و سەری بە واتای ئەرێ لەقاند.

ــ ئەو لەگەڵ تۆ ئەوینبازیشی ئەکرد؟

سودابە لە کاتێکا چاوەکانی دەرپەڕیبوو و گلێنەکانی ڕەش هەڵگەڕابوو سەیری کردم و بە خێرایی ڕووی وەرگێڕا و من بە بوغزێکی شێتانەوە وتم:

ــ لە تۆم پرسی ئەو لەگەڵ تۆ لاتراسکەی ئەکرد یان تەنها جنسی لەگەڵ ئەکردی؟

سودابە بە داماوییەوە سەیری ئەکردم. ڕوخساری ڕەش هەڵگەڕابوو. لەو کاتەدا جێگەی باوەڕ نەبوو کە ئەو تەنها بیست و دوو ساڵ تەمەنیەتی. وەکوو منالێک وابوو کە شتێک لە گەرووی‌دا گیری کردووە و خەریکە ئەیخنکێنێ.

ــ نازانم لووبا خانم... نازانم مەبەستتان چییە؟ ئەمە تەنها ئەزموونی منە. من لەگەڵ پیاوی تر خۆ نەخەوتووم.

ئەم شێوە و ئەم وشە پچڕپچڕانە و دەنگە لەرزۆکەکەی سودابە هێنامیەوە بە خۆمدا. دڵم بۆی سووتا و ڕقم لە خۆم بوویەوە. هەڵسام، وەستام. سودابە دیسانەوە دەستەکانی گرتبوو بە بەر دەموچاویەوە و ئەگریا. وتم:

ــ لە بیری کە... ئەمڕۆ لە بیر خۆت بەرەوە. هەموو شت لە بیرکە.

بە پەلە لە ژوورەکە چوومە دەرەوە و بە دوو سێ هەنگاو دالانە تاریکەکەم تێپەڕاند و خۆم لە دەرگا کۆنە سەوزەکەوە هاویشتە دەرەوە.

بە هۆی هاوار و شیوەن و دەنگی دەهۆڵ و سەنجەوە ببوو بە هۆسە. نیوەڕۆی عاشوورا بوو؛ نێوەڕۆی دەهەمین ڕۆژی مانگی محەڕڕەم. سەربردە ئەڵێ حسێن، نەوەی پێغەمبەر، ڕاست لە نیوەڕۆی ڕۆژی عاشوورادا کوژراوە و ژن و منالی بە دیل گیراوە. کاتێکە گەیشتمە سەر

شەقامەکە، خەڵکی بە جۆرێک شیوەنیان ئەکرد، ئەتوت ساتێک پێش ئێستە ئیمامەکەیان کوژراوە. نزیکبوونی ئەم شینگێڕانە لەگەڵ یەکەمینساڵی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی شکۆ و فراوانیەکی زیاتری پێ بەخشیبوو. لە سەردەمی شادا، شینگێڕان یان دەستەکانی سینەزەنی بە مۆڵەت وەرگرتن لە پۆلیس و لە هەندێ شوێنی تایبەتی بە ناو شاردا ئەکەوتنە گەڕان و چەندین ساڵ بوو هەندێ لە بەشەکانی ئەم دابە وەکوو «شیر وەشاندن» ــ کە بە شمشێری ڕووت ئەکێشن بە سەری خۆیاندا و خوێن فیشقە ئەکات ــ قەدەغە کرابوو.

من، وەکوو کەسێک کە تووشی فەرامۆشی بووە، بە ناو خەڵکەکەدا تێپەڕیبووم و گەیشتبوومە لای ئۆتۆمۆبیلەکەم. ڕێگەکان داخرابوون و بە دژواری دەرباز ئەبووم. دەروونم بەتاڵ و پووچەڵ ببوو. لە سەر تابلۆیەکی پڕ لە سەردۆلکە[٣١] و شیوەن و شینگێڕیدا وێنەی تەماوی و بێدەنگی ئەو کەسانەی کە هەر کامیان نەخشێکیان لە ژیانمدا هەبوو، بە مێشکمدا ئەهاتن و ئەچوون: دایکم، ئەمین، سودابە، جولیا، دایکم، ئەمین، ستێلا، بەردیا، میلان، سەعید، نێرگز، ئەمین، حاجی، دایکم، ئێلیزا، بارام، ئەمین... هەرکامیان بۆ ساتێک لە مێشکمدا دەرئەکەوت و دەسبەجێ یەکی دی جێگەی ئەگرتەوە. ئەمڕۆ کاتێکە بیر لەو ساتانە ئەکەمەوە کە ئەو ڕۆژە بە سەرم هاتبوو، وا هەست ئەکەم لەگەڵ ڕۆژەڤ یەک ناگرنەوە؛ وەکوو بیرکەوتنەوەی خەونێکی تێکەڵ و پێکەڵ و ئاخنراو لەو شمەک و مرۆڤانەی کە لە ڕاستەقینەدا شێوەیەکی تریان هەیە.

٣١ـ سەردۆلکە: شینگێڕی ناو سەروە، کۆتەڵگێڕان، شینگێڕی و بەندی بە مردوو هەڵگوتن و پەسنی مردووە بە دەنگی گۆرانی.



فاتمه خانم به سەرسووڕمانەوە بە منی وت، کە لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستابووم:

ـ خانم بۆچی لێرە وەستاوی؟ ئەتەوێ ئەکەی چات بۆ لێنێم؟

ئەو ژنێکی سەرنجڕاکێش بوو، گورجوگۆڵ و دەم بە پێکەنین. لەو شەش ساڵەی لە ماڵی ئێمە کاری ئەکرد، هەرگیز ڕووتاڵی و مڕومۆچیم لێ نەدیبوو. لە سەرەتای گەنجێتیەوە مێردەکەی مردبوو و لە هەمان کاتەوە کاری کردبوو و کچ و کوڕەکەی، کە ئێستە هەر دووکیان گەورە ببوون و دامەزرابوون، بەخێو کردبوو. هێشتاش ئامادە نەبوو دەست لە کار بکێشێتەوە و بە پێشنیازی منداڵەکان کە ئەیانویست بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕەنج و خۆبەختکردنی ئەو، یارمەتی بدەن، دەست لە کارکردن هەڵبگرێ. کارکردن ببوو بە بەشێک لە ژیانی و حەزی لێ بوو.

ئەو، کاتێکە بینی من بەبێ گوێدانە قسەکانی ئەو هەروا وەستاوم و سەیری فەراگەردی خۆم ئەکەم وتی:

ـ کارێک هەیە من بیکەم خانم؟

خۆیشم نەم ئەزانی چیم ئەوێ. بەڵام هەموو شتێکی ئەو ماڵە لە بەر چاوم دزێو و نەشیاو بوو. بیرم ئەکردەوە هیچ شتێک لە شوێنی لەبار و شیاوی خۆیدا نییە. جێگەی موبلەکان ئەبوایە بگۆڕێ،

مێزی نانخواردن ئەبوایە زیاتر بچێتە لای پەنجەرەکە، مێزە بچووکەکان و ئاباژۆرەکان ئەبوا لە بەر پەنجەرەکە بگوێزرێنەوە... چێشتخانەش هەروەها... ژووری خەویش هەروەها...

هێشتا هەر لەوێ وەستابووم کە ئەحمەد دای لە دەرگا. دەرگا لێدانی ئەوم ئەناسی؛ قەت زەنگی لێ نەئەدا؛ وەکوو پشیلەیەک کە لە پشت دەرگاکەدا بەجێ ماوە و چنگ ئەهێنێ بە دەرگاکەدا، تەقەیەکی ئەدا لە دەرگاکە و چاوەڕوانی ئەکرد. ئەو کە هاتە ژوورەوە لە کاتێکا چاوە خۆڵەمێشیەکانی وەکوو کازیوەی سەرلەبەیانییەکی هاوینی پێ ئەکەنین وتی:

ــ بۆ لێرە ڕاوەستاوی؟ چی ڕووی داوە؟

سەیرێکم کرد. لەو کاتەوە نێرگز لێی نزیک ببوویەوە، چەند گەشتر و زیندووتر خۆیای ئەکرد. ڕۆژ باشی کرد و وتی:

ــ نێرگز تەلەفۆنی کرد و لە تۆی ئەپرسی. ئەیوت لەگەڵ فاتمە خانم قسەی کردووە و ئەویش کاتێک هاتووە تۆی نەدیوە. ئەیوت بۆ نیوەڕۆ چاوەڕێی تۆ ئەکەن. نانی عاشوورا!

وتم:

ــ چووبوومە دەرەوە. کارم هەبوو. تەلەفۆنیان بۆ ئەکەم. ناتوانم بچم. ئەمماڵە پێویستی بە ئاڵوگۆڕە.

وەکوو ماشینێک کە لەپڕ ئەکەوێتە کار، کەوتبوومە ڕێ.

پاشان ئەحمەد بۆ نێرگز و سەعیدی گێڕابوویەوە: «لە یەک ساتدا ماڵەکەی تێک و پێک دا. لووبا زۆر سەیر بوو، هەرچەند زۆر ئاسایی بوو و ئارام و بە پێی گەڵاڵە کاری ئەکرد. جێگۆڕکێی بە مێزەکان کرد، مەبلەکانی لە لای ڕاستی هۆدەکەوە بردە لای ژووری ماڵەکەوە. مێزی چێشتخانەی برد بۆ لای باڵکۆنەوە. ئینجانەکانی لە باڵکۆن و چێشتخانەوە هێنایە ژوورەکان. سیسەمە دوو کەسیەکەی لێک هەڵبڕی و یەکیانی خستە پشت دەرگاکە و یەکیان برد بۆ لای پەنجەرەکە و

وتی چەند شوێنەکەی خراپ بوو! چەند ئینجانەی لە ژووری خەوتن دانا و وتی بێواتایە مرۆڤ بڵێت ئینجانە ژوورەکە قەرەباڵخ ئەکات. تەواوی وێنە دوانیەکانی خۆی و ئەمینی لە تاقەکان و قەراخ ئاباژۆرەکان هەڵگرت، بەڵام دەسکاری وێنەکانی ژووری مناڵەکانی نەکرد. هەموو کومێد و دۆڵابەکانی ژووری خەوتن و پەرتوکخانەی هەڵڕژاندە دەرەوە و جلوبەرگ و کەرەسەی تایبەتی ئەمینی زۆر بە ڕێکوپێکی لە چەندین کارتۆن و جانتایەکی ڕەشی چەرمدا داچنی و، وەکوو بیەوێ ماڵ بگوێزیتەوە، زۆر لە سەرخۆ و دەم بە پێکەنین بردیانییە پشت دەرگای ماڵەکە و بە فاتمە خانمی وت: «یەکێک بدۆزەرەوە بەیانی بێت و ئەم شتانە ببات.» کاتێکیش فاتمە خانم پرسیاری کرد: «بۆ کوێ؟» وتی: «بۆ هەر کوێ کە پێی خۆشە، ئەگەر بەکاری هات هەڵیگرێ بۆ خۆی و ئەگەر حەزی لێیان نەبوو فڕێیان بدات. پارەی گواستنەوەشی پێ ئەدەین.» و پاشان خۆی هاویشتە سەر موبلەکە و وتی: «ئێستە ئەکرێ بە دڵی ئاسوودە قاوەیەک بخورێتەوە و جگەرەیەکیشی لەگەڵ چاخ بکرێت!»

فاتمە خانم و ئەحمەد کە ڕۆیشتن، سەر مێزەکەی چێشتخانە، کە پاش حەوت ساڵ لە شوێنی دڵخوازی مندا دانرابوو لە مەزە و ئەو خواردنانەی کە هەمبوو ـــ تەواو وەکوو ئەو کاتەی کە بڕیار وایە میوانمان بۆ بێت و شووشەی ڤۆدکاکەم لە بەر دەمم دانا و بە دڵی ئاسوودە دەستم کرد بە خواردنەوە. شادییەکی بێهۆ ڕای ئەژەندم. تەنانت دەنگی غەمگینی شینگێڕان کە دواین بەشەکانی نەریتی عاشوورایان بەڕێوە ئەبرد و شاری نیوە تاریکیان بەو مۆمانەی بە دەستیانەوە بوو ڕوون کردبوویەوە، نەی ئەتوانی لەو شادمانیەم کەم بکاتەوە. پرسەداران «شێوی غەریبانیان» ئەخوێند و بۆ غەریبی هاوسەر و خوشک و مناڵەکانی پاشماوەی ئیمامی شەهیدیان بە کوڵ ئەگریان.

بەڵام من ئەمخواردەوە و لەو هەموو گۆڕانکارییەی لە ماڵەکەدا

کردبووم، شادمان بووم. ئیتر هەموو شت لەو جێگایەدا بوو کە ئەمین پێی خۆش نەبوو. بەڵام ئەمین هێشتاش لەوێ بوو؛ لە پشت پەنجەرەکە، لە بانیجەکە وەستابوو و سەیری شاری ئەکرد. سەری ئەوەندە زل بوو سێبەری هاویشتبوویە سەر هەموو شارەکە و، باوکم کە پاڵی دابوو بە پەنجەرەکەوە، وتی: «هەر ئێستە خەریکن پلێتەکانی ئەو ئوتۆمۆبیلەی لە ژێر پەیکەرەکەدا هەڵیان کردووە دائەگیرێنن، ١٦٥٠ پلێتە. خۆ گاڵتە نییە!» شتۆرسا، کە لە لایەوە وەستابوو، وتی: «ئێستە تەقینەوەی ٨٠٠ کیلۆ تەقەمەنی ئەبینین، ٨٠٠ کیلو!...» دایکم، کە لە لای منەوە لە سەر قەنەفەکە ڕاکشابوو، بە دەنگێک کە ئەتوت لە قووڵایی عەرزەوە دێتە دەرەوە، وتی: «دڵنیام لەمەولا ڕێگەم پێ ئەدەن گۆرانی بڵێم.» و لە هەمان کاتدا تەقینەوە دەستی پێکرد. بەڵام نەک تەنها یەک تەقینەوە. چەندین تەقینەوە بە دوای یەکدا. بە یەکەم تەقینەوە سەرانسەری شار ڕوون بوویەوە و پاشان تەنوورەی دوومانی ڕەش لە بەرزاییەکانی «لەخنا» چوو بە ئاسماندا؛ وەکوو ئەو دێوانەی تەنوورە ئەکێشن و ئەچن بۆ ئاسمان. هەر جارەی کە دەنگی تەقینەوەیەک ئەهات بیرم ئەکردەوە یەکێک لە پەیکەرەکان کەوتۆتە خوارەوە. پەیکەری کرێکارێک، گیاناسێک، ژنێکی قارەمان، سەربازێکی سپای سوور و گەورەترین و دواین تەقینەوە هیی ستالین بوو. باڵای کشاو و سەری ڕاوەستاوی ئەو جووڵەیەکی کرد و لەپڕ هەموو خاکەکانی زەوی گرمۆڵە بوون، تێک چرژان و چوون بە ئاسمانا... دایکم سەرەتا بە دەمی ئاوەڵەوە مۆڕ بوویەوە لە شووشەکانی پەنجەرەکە کە باوکم بۆ بەرگری لە شکاندنیان چەند ڕۆژ پێشتر چەسپی ڕەشی لێدابوون. پاشان سەراسێ[٣٢] ڕابوو و لە تەختەکە هاتە خوارەوە؛ لەشە ناسکەکەی تلاوتل هەتا بەردەم ئاوێنەکە چوو، پێش ئەوەی باوکم هەست پێ بکات، لە بەردەم ئاوێنەکەدا دانیشت و بە پەنجە لەرزۆکەکانی، پرچە

٣٢ـ سەراسێ: migraine نەخۆشی ناو سەراسۆ، سەرێشەیەکی ناوبەناوی چڵدارە لایەکی سەر ئەیگرێ؛ هێمایی پاڵەپەستۆ و گوشاری ژیان ع صداع نصفي N migrene د میگرن.

زێڕینەکەی، کە دواین پاشماوەی جوانیە بێوێنەکەی بوو، شانە کرد و وتی: «ئەبێ سەر و ڕووی خۆم ڕێکوپێک کەم. بەمجۆرە نابێ لە بەردەم خەڵکدا دەرکەوم.» باوکم چوو بۆ لای؛ باوەشی پیاکرد و خستیە سەر سیسەمەکە و وتی: «ئەگەر ئەتەوێ جارێکی تر گۆرانی بڵێیت ئەبێ نەخۆش نەبی. ئەبێ ئاگات لە خۆت بێت.» و دایکم بە ڕوخساری سپی سپی و ئەو لێوانەی کە شێوەی پێکەنینیان هەبوو، لە کاتێکا لە سەر جێگاکەی ڕائەکشا، کەوتە زەمزەمە: «کێ باوەڕ ئەکات. کە ئەو مردبێت. منیش باوەڕم نەئەکرد. چۆن ئەلوا قەڵافەتی بەرز و بەردینی ئەو، کە لە سەر گردەکەوە ئەیڕوانی بە سەر ڕووبار و شارەکەدا، ڕوابوو و چاودێری هەمیشەیی ئەو شتانەی ئەکرد کە ڕووی ئەدا، داڕووخاێتە خوارەوە؟ ئەء. ئەو نەمردبوو. من ئەوم ئەبینی. ئەو، بە کراسە ڕێڕێ شینەکەیەوە، هێشتاش لەو بەرزاییە، لە سەر لێواری باڵکۆنەکە دانیشتبوو و بۆ من پێ ئەکەنی؛ لەو پێکەنینانەی کە حەزم لێ نەئەکرد؛ لەو پێکەینانەی کاتێکە ئەیویست گاڵتە بە یەکێک بکات. لە لێوە کراوە و هەندێ خوارەکەیەوە ئەڕژایە دەرەوە. دایکم لە سەر جێگاکەیەوە سەیری ئەکردم و پەنجەکانی، وەکوو پەلکە گیایەک بە دەم باوە ئەلەرینەوە. من، بە پێچەوانەی هەمیشە، لە بینینی ئەو لقە لەرزۆکانە بوغزم نەکردبوو، ئارەزوویشم نەکردبوو، خۆزگە تەواوی باکانی ئەم زەوییە لە جووڵە بکەون. تووڕە بووم و ڕقێکی لینج و گەرم، لە پشت ملمەوە پێستمی هەڵئەدڕی و بە دەمارەکانمدا ئەگەڕا. خەفەخانم[٣٣] گرتبوو. ئەو هەروا لە سەر بەرزاییەکە وەستابوو و پێم پێ ئەکەنی. بەرەوڕووی چووم. باوکم و شتۆرسا چاویان بڕیبوویە مەیدانەکە و، واق و وڕ سەیری سەرەکەی ئەویان ئەکرد کە هێشتاش لە سەر باریکەیەکی ناسک، زیندوو و بەدفرە وەستابوو. لەو دووکەڵە ڕەشانەی تەنوورەیان بەستبوو ئیتر، جگە لە هەندێ تۆزی بچووک و

٣٣ـ خەفەخان: دارەت ناوی لێکدراو دارەتی تاسان و هەناسەسواربوون بە هۆی نەخۆشینی وەکوو کۆکەڕەشە، یان دارەتی دەروونی ناخۆش بە هۆی پەژارە و ترسەوە.

پەرش و بڵاو، بە سەر پردی ڤەنسیس لاس هیچی تری لێ نەمابوویەوە. دایکم هەڵسا، بەرەو پەنجەرەکە چوو، هاواری کرد. «سەری، سەری ئەبێ بخەنە خوارەوە!» و، پێش ئەوەی هیچکام هەست بە کردنەوەی پەنجەرەکان بکەین، هەوای سووکەڵەی ناوەڕاستی پایز نیشتە سەر لەشی. هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و پێش ئەوەی بە ئارامی بگات، دووبارە ئەوی بینی لە لێواری باڵکۆنەکە دانیشتووە ــ پشت بە دیمەنی ئەلبورزــ و پانتایی ناوشانی تێکڕای شاری داشاردبوو. چوو بۆ لای. ئەیزانی ئەبێ کارەکەی بگەیەنێتە کۆتایی؛ ئەبێ لەو بەرزاییەوە هەڵیداتە خوارەوە و ورد و خاش بوونی ببینێ و، پێنووسبازی دا...

سەعید لە ئێوارەوە ڕۆیشتبوو بۆ ماڵی ئەحمەد. بەو هیوایەی بەڵکوو بە یارمەتی نێرگز بتوانێ بێت و سەرێک لە من بدات. بەڵام نێرگز وتبووی: «حەز ئەکا تەنها بێت. بۆچی لێی تێک بدەین؟» و سەعید سەرەڕای ئەوەی هەستی کردبوو دەنگم لە پشت تەلەفۆنەکەوە ئاسایی نییە و سەرەڕای ئەوەی کە ئەحمەد بۆی گێڕابوویەوە دارەتێکی ئاسایی و ئارامم هەبوو، دوو سێ کاتژمێر زیاتر خۆی پێ نەگیرابوو و وتبووی: «نابێ بهێڵین ئەمشەو بە تەنها بێت.» و هەر سێکیان هاتبوون بۆ لام. دابوویان لە دەرگا، کەس لێی نەکردبوونەوە. دیسانەوە زەنگیان لێدابوو، زەنگیان لێدابوو، دابوویان بە دەرگاکەدا و هیچ وەڵام نەبوو. نێرگز بە شپرزەیی هەڵاتبوو، جانتاکەی هێنابوو و کلیلی ماڵەکەی دەرهێنابوو، دەرگای کردبوویەوە و غاری دابوو بەرەو ژووری خەوتن. لە ڕێدا سێبەری منی لە لێواری باڵکۆنەکە بینیبوو و قیژاندبووی... و سەعید و ئەحمەد منیان لە لێواری باڵکۆنەدا گرتبوویەوە!



یەک حەفتە لە نەخۆشخانە کەوتم. لەو یەک حەفتەیە تەنها دوو ڕۆژەکەی دواییم لە بیرە. لەو دۆخەی نێوان خەو و بێداری، چاوەکانم کردبوویەوە و لە پشت مژێکی هاڵۆژن و هەلۆساوی[٣٤] نێرگز، سورەییا و سەعید و ئەوانی ترم دیبوو. هەندێجاریش دەنگی زەمزەمەی کەسانێکم ئەبیست کە بۆم ئاشنا بوون. بە دژواری پێڵووم هەڵئەبڕی و بە دوای دەنگەکەدا ئەگەڕام، بەڵام جگە لە بنمیچێکی بڵێند و سپی هیچم نەئەبینی.

ڕۆژێکە توانیم هەموو شت بە ڕوونی ببینم، نێرگزم لە تەنیشتمەو بینی. لە تەنیشت سیرۆمێکەوە کە بە شیشێکدا هەڵواسرابوو و لوولەکەی هەتا ئەو دەرزییەی کرابوو بە دەستمدا درێژەی هەبوو، وەستابوو. وەستابوو و بە ڕوخسارێکەوە کە دوو چاوی گەورە و گەش وەکوو دوو شەوچرا ڕووناکی ئەکردەوە، سەیری ئەکردم. بۆی خنامەوە[٣٥] و وتم:

ـ زۆرم برسیە.

لێوە پەمەییەکانی بە پێکەنینێک پشکووت و بە خۆشیەوە وتی:

ـ هەر ئێستە...

---

٣٤ـ هەڵۆسە: hallucination ناو ساویر، ڕازاوی، ڕێشکەوپێشکە، بینینی تارمایی N hallusinasjon ع وهم، واهی د توهم، مبهم.

٣٥ـ خنینەوە: titration چاوگی تێپەڕ نەرمەخەنە، پێکەنینی لەسەرخۆ، بەدەم کەسێکەوە پێکەنین. ع ضحكة مكبوتة N titrering د خندە آرام.

لێم دوور کەوتەوە. نیگام کەوتە شوێنی تا لای دەرگاکە و توانیم هەموو لایەک ببینم. ژوورێکی خاوێن و ڕێکوپێک بوو. بەو ئامێرانەوە کە لە ژوورەکانی نەخۆشخانە تایبەتی و لوکسەکانی تاراندا دەسئەکەوێ. چەند ساتێکی پێنەچوو نێرگز و پەرستارێکی گەنج هاتنە ژوورەوە. پەرستارەکە دەستی نایە سەر تەوێڵم و لێی پرسیم. پاشان تەوژمی خوێنمی تاقی کردەوە و بە میهرەوە وتی:

ـ هەر ئێستە خواردنتان بۆ ئەهێنم.

کاتژمێرێک پاشتر سورەییا هات و بۆی ڕوونکردمەوە لە پێنج ڕۆژی ڕابوردوودا نەیانتوانیبوو لەو دارەتی نیوە بێهۆشیە بمهێننە دەرەوە. دابەزینی نائاسایی تەوژمی خوێن و لێدانی دڵم هەموویانی نیگەران کردبوو. تەنها ئومێدیان بە توانای فیزیکی من بوو.

سورەییا داوای لێکردم یارمەتی بدەم تا لەو قەیرانە دەروونییە بێمە دەرەوە. بەڵام من زۆر باش بووم. هەستم بە سەرخۆشیەکی سەیر ئەکرد. وەکوو کەسێک وابووم لە ڕووداوێکی دژواری ئۆتۆمۆبیل بە زیندوویی و بەبێ هیچ کێشەیەک ڕزگاری بووبێ. کاتێکە ئەمەم بە سورەییا وت، ئەو وتی:

ـ ئەم دارەتە هەندێجار سەرەتایەکی باشە بۆ دەربازبوون لە قەیران و، هەندێجاریش ئەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ قەیرانێکی مەزنتر. ئەو پێی باش بوو تا دوو حەفتەی تر لە نەخۆشخانە بکەوم. بەڵام من کە جگە لە بێهێزی هەستم بە هیچ ئێش و ئازارێک نەئەکرد، جەختم لێکرد تا ڕێگە بدات چەند ڕۆژی تر بگەڕێمەوە بۆماڵەوە. ئەو بە شێوەیەکی نیگەران و ناچار ڕووی کردە نێرگز و وتی:

ـ من هیچ بەرپرسایەتیەک ناگرمە ئەستۆ. لووبا ئەبێ لانیکەم دوو حەفتەی تر لە نەخۆشخانە بکەوێ، یان ئەبێ ببرێ بۆ شوێنێک جگە لە ماڵی خۆی. یەکێکیش ئەبێ بە بەردەوامی ئاگای لێی بێ.

هەمان ڕۆژ نێرگز پێشنیازی کرد پاش دوو سێ ڕۆژی تر، پێکەوە بچین بۆ گوڵسەرا و دە پانزە ڕۆژێک لەوێ بحەسێمەوە. سورەییا ئەم

پێشنیازەی پەسند کرد، بەڵام دوو سێ ڕۆژی پێچوو تا من بۆین ببم. نیگەران و دڵتەنگی مناڵەکانم بووم. بارام و حاجی و عیسمەت خانم، کە زۆر بە دەگمەن لە ماڵ ئەچوونە دەرەوە و لە ماوەی ئەو ساڵانەیشدا مەگەر بۆ بۆنەیەکی تایبەت وەکوو جەژن و لەدایکبوون، تەنانەت بۆ ماڵی ئێمەش نەهاتبوون، بە بەردەوامی هاتبوون و سەریان لێدابووم. بەڵام نێرگز ئەیوت بەردیا یەک جار زیاتر نەهاتووە. کاتێکیش من هاتمەوە سەرخۆ و لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەشدا، بەردیا تەنها یەکجاری تر هات بۆ سەردانم.

ڕواڵەت و سەر و سیمایەکی شپرزەی هەبوو. وەکوو کەسێکە لە گەشتێکی دژوار و دوورودرێژ گەڕابێتەوە. کاتێکە لێم پرسی بۆچی ئێواران نایەت بۆ سەردانم، لە کاتێکا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد، وتی:

ـ دەرفەت ناکەم. هەموو ڕۆژێک لەگەڵ مامۆستاکان و دۆستانم ئەچین بۆ بەردەمی باڵوێزخانە و ئێوارانیش ئەچم بۆ مزگەوت.

من کە هەستم ئەکرد دیسانەوە دۆخێکی دەمارگرانەم بە سەردا هاتووە، بە تووڕەییەوە پێم وت:

ـ مەگەر ئێوە وانە و ڕاهێنانتان نییە؟

ئینجا بەردیا بە شێوەیەک کە پێشتر پێمەوە نەدیبوو، ڕووی لە من وەرگێڕا و وتی:

ـ ئەرکی شۆڕشگێڕانە و ئیسلامی بۆ من لە هەموو شتێک گرنگترە.

نەم ئەزانی ئەبێ چی پێ بڵێم. بەڵام سورەییا، کە لەوێ وەستابوو، وای زانی ڕەنگە قسەیەک بکەم کە بارەکە خراپتر بکات. بۆیە خۆی هاویشتە نێوانمانەوە و وتی:

ـ ئێستە کاتی ئەم قسانە نییە. باشتر وایە کاتێکە چوویتەوە بۆ ماڵەوە پێکەوە گفتوگۆ بکەن.

پاش ڕۆیشتنی بەردیا، داوای لێکردم تا ئەو کاتەی دێمەوە سەر خۆم و وەکوو ڕابوردوو بە سەر هەڵچوونی خۆمدا زاڵ ئەبم، لەگەڵ

بەردیا مشتومڕ نەکەم. ئەو ئەیوت:

ـ بەردیا لە دۆخێک دایە کە تەنها بە سۆز و تابشت ئەتوانی کار بکەیتە سەری.



گوڵسەرا. ماڵی بنەماڵەی حاجی، لە نێوان نەوشەهر و شاسوار و لە کەناری زەریای مازەندەران. باخێکی گەورە بە داری نارنج و پرتەقاڵ و باڵەخانەیەکی مەزنی کۆن کە سەد و چەند ساڵ لە تەمەنی تێ ئەپەڕی. ئەم خانووە هەمیشە ئارامییەکی دەروێشانەم پێ ئەبەخشێ. گوڵسەرا، بە پێنج هەماری مەزنی برنجەوە، پاشماوەی ئەو داراییە مەزنەیە کە باوکی حاجی، محەمەد خان، بۆی بەجێ هێشتبوو. حاجی زەویوزار و خانوەکانی تر کە بە بۆماوەیی[٣٦] پێی گەیشتبوو، لە هەمان ساڵەکانی سەرەتای چوونی بۆ تاران فرۆشتبووی. بە بڕێ لەو پارەیە مزگەوتی محەمەدی دروست کردبوو و ئەوی تریشی کردبوو بە سەرمایەی کارکردن لە بازاڕ. هەمارەکانی پێویست بوو، چونکە یەکێک لە کارەکانی بازرگانی برنج بوو. وەکوو خۆی ئەیوت گوڵسەرای بە یادی محمەد خانی باوکیەوە، پاراستبوو.

لەو کاتەوە هاتبووم بۆ ئێران، هەموو هاوینێک چەند جار لەگەڵ مناڵەکان و نێرگز ئەچووین بۆ ئەوێ. ئەمین کەمتر ئەهات. حەزی لەوێ نەبوو و ئەیوت: «ئەبێ بڕووخێنرێ و تەلارێکی تر لە جێگەی دروست بکرێ.» بەڵام گوڵسەرا بۆ خۆی ناسنامەیەکی هەبوو. دیواری

---

٣٦ـ بۆماوەیی: hereditary ناوی چاوگ میراتی ع وراثي N arvelig د ارثی.



بڵیند، بە دەرگا و پەنجەرەی گەورەی دار کە بە گوڵمێخی ئاسن، خانووەکەی کردبوو بە قەڵاتێک. خانوویەکی دوو قات، بە بانێکی دروستکراو لە قەدی دار و گیا، ڕووی لە زەریا بوو؛ بە هەیوانێکی گەورە و بەردچنێکی سەوز و بنمیچێک لە قامیشی باریک، کە بە ڕێکوپێکی لە تەنیشت یەکەوە چنرابوون. ڕیزێک پلیکانی بەردین هەیوانەکەی هەتا ناو لمەکانی قەراخ زەریا ئەبرد. لە یانزە ژوور، شەشیان پەنجەرەیان بەرو زەریا ئەکرایەوە و دەرگای گەورەترین هۆدە، کە تەلارێکی فراوان بوو ئەچووە ناو هەیوانەکە.

هاوینان، کاتێکە خەڵکانی بنەماڵە ئەچوون بۆ گوڵسەرا، لەم ژوورەدا کۆ ئەبوونەوە. ژوورەکە بە سێ دانە مافورەی گەورەی یەک دەست، کە نەخش و نیگارێکی سەوزی هەبوو، ڕاخرابوو؛ لە سووچێکدا مێزیکی نانخواردنی گەورە دانرابوو بە دوانزە کورسی لە دارە گرانباییەکانی ناوچەکە. پاشماوەی ژوورەکە پڕ بوو لە پشتی و سەرینی گەورە و بچووک کە بەرگی ڕەنگاورەنگیان تێگیرابوو. بنمیچی هۆڵەکە بە گەچبڕی ناسک ڕازابوویەوە و چوار تابلۆی گەش و زیندوو لە دیوارە بەرین و سپییەکانی هەڵکەنرابوون.

لە لای سەرووی ژوورەکە ئاگردانێکی[٣٧] مەزنی دیواری هەڵکەنرابوو. بە تاقی ناوچەوانی پانی بەردینیەوە، جۆرەها قۆری مس و زەرد و قاپ و دەوری چینی ڕیزکرابوو کە هەرگیز نەمبینی بەکاریان بهێنن. لە سەرووی کوانووەکە[٣٨]، بە دیوارەکەوە وێنەیەکی ڕەش و سپی محەمەد خان هەڵواسرابوو. لە قاپێکی گەورە و لە نێوان هەشت گوڵی گەورەی سپی و زێڕینی ئاورێشمچن. وێنەی گەنجێتی محەمەد خان؛ بیست و چەند ساڵان بوو، بە برۆی پەیوەست و چاوی تیژەوە.

---

٣٧ـ ئاگردان: cheminée ناو شۆمینە، کوانووی دیواری، کە هەم بۆ گەرمای ناوماڵ و هەندێ جار بۆ چێشتلێنانیش بەکار ئەهێنرێ.

٣٨ـ کوانوو: fireplace ناو کوانگ، کوانی، ئاگردان. ع المدفأة N ildsted د اجاق.

ئێواره بوو که من و نێرگز و سهعید و ئهحمهد گهیشتینه گوڵسهرا. لهگهڵ ئهوهی که پایز بوو، ئهوێ هەوایهکی لهباری هاوینهی ههبوو. جهواهێر و مووسا، ئهو ژن و مێردهی ساڵەها بوو لهوێ کاریان ئهکرد، هاتن به پیرمانهوه. دواین جار ئهوانم له پرسهکهی ئهمین بینیبوو. پاشتر زانیم له سهر داوای نێرگز بڕیار وابوو ئیتر سهبارهت بهوهی ڕووی داوه کهس پرسیار نهکات. ئهوان پێشتر له هاتنی ئێمه ئاگادار کرابوون و، وهکوو ههمیشه، ههموو چراکانی ماڵهکهیان ههڵکردبوو و ماڵهکه پڕ ببوو له بۆنی خۆشی خواردنه تایبهتیهکانی باکووری ئێران و بهرامهی ماسی برژاو. له لایهکهوه سهماوهرێکی گهوره که به خهڵووز گهرم ئهبوو، قوڵتهی ئههات و بۆنی ئهسپهندهر[٣٩] که هاوکات لهگهڵ هاتنی ئێمهدا کرابوویه سهر پۆلووی خهڵووز، ئهو ناوهی به بهرامهیهکی ڕازاوی پڕ کردبوو.

ههستم ئهکرد له پاش چهند مانگ بارێکی دهروونی خۆش و سووکهڵهم ههیه. ماوهیهک له لای لاجامه[٤٠] دارینهکهی بهرههیوان، لهو شوێنهی که ئهمین ههمیشه لهوێ ئهوهستا و سهیری زهریای ئهکرد، وهستام و ڕوانیمه زهریا؛ بهبێ ئهوهی جگه له ساتێک بیر لهو بکهمهوه. نێرگز، بهڵام نیگهران و وشیار، پێی وابوو بیر بردوومی، بۆیه هات بۆ لام و وتی:

ـ ئهوهندهی لێرهین بۆ یهک ساتیش نابێ له من جیا ببیتهوه. خۆشت نابێ به تهنها بیت.

ئهو، وهکوو ههمیشه، چهنای منالێک شادمان بوو و شادیهکهی

٣٩ـ ئهسپهندهر: peganum harmala, wild rue ڕووەک قانگ، ههرمهل، دهنکه گیایهکی بۆنخۆشی خڕه به قهد نۆکێک ئهبێ بهڵام ناوهکهی بۆشه و تهنها چهند دانه تۆوی وردی تێدایه، بۆ چاوهزا ئهیکهنه ناو ئاگر و زیاتر ئاگری پۆلوو، کاتی سووتان قرچهی لێوهدێ و بۆنێکی خۆش بڵاو ئهکاتهوه.

٤٠ـ لاجامه: banister ناو محاجهره، داری کهنار عهرهبانه، نهردهی پلیکان ع درابزین N rekkverk د نرده.





وەکوو بەرامەیەک بە هەوادا بڵاو ئەکردەوە و هەموانی بۆ لای خۆی ڕائەکێشا. سەعید و ئەحمەد کە تەنها بۆ پشووی دوو ڕۆژەی کۆتایی حەفتە هاتبوون بۆ ئەوێ، لە هەمان سەرەتای هاتنە ژوورەوە لە سەر دۆشەکڵەکان دانیشتن، «تاوڵە»یان کردەوە و کەوتنە یاری کردن.

تاوڵە، من لە ئێران فێر ببووم و بە خێرایی تییدا شارەزا ببووم؛ بەڵام کوڕکوڕی خوێندن[٤١] یان هووشە کردن، کە بۆ ئێرانیەکان یەکێکە لە خۆشی و پێچ و خەمەکانی ئەو گەمەیە، فێر نەببووم. کوڕکوڕی جۆرە دروشمدان و قەرەباڵخ کردنێکە بۆ سەر لێشێواندن و لاوازکردنی وزەی خەنیم بەکار ئەهێنرێ و زیاتر بۆ خۆشی و گاڵتەکردنە. گوێگرتن لەو قسانە هەمیشە ئەیخستمە پێکەنین و زۆرم پێخۆش بوو لە لای دوو یاریزان دابنیشم و گوێ لە هووشەکردنیان ڕابگرم.

ئەو شەوە تا درەنگان خەریکی یاری بووین و من، لە پاش چەندین مانگ بە وزەیەکی باشەوە چوومە سەر جێگە، بەبێ ئەوەی پێویستم بە حەب و ئەلکول هەبێ. زۆر زوو خەوێکی خۆش، کە نۆ کاتژمێرێرێکی خایاند، لەگەڵ خۆی بردمی.

سەرلەبەیانی بە هاژەی شەپۆل، کە هەستم ئەکرد لە شەوی پێشوو بڵیندترن، لە خەو هەڵسام. لەو گەرماوەی کە تەنها بەشی مودێڕن و نوێسازی ماڵەکە بوو دووشم گرت و شاد و بە کەیف چووم بۆ دیواخان. هیچکەس لەوێ نەبوو، بەڵام هەموو شت خاوێن و ڕێکوپێک، وەک ئەو کاتەی کە گەیشتبووین، لە سەر جێی خۆی دانرابوویەوە. هەیوانیش

---

٤١ـ کوڕکوڕ: hoarfrost دیاردە ناو قەتێ، باڵندەیەکی دەنگخۆشە بەقەد کۆتر، تووکی لە هەموو تووکێک نەرمترە و گۆشتی دەخورێ. ⇦ هێمایی کوڕکوڕی خوێندن: خۆبادان و هووشەکردن و دروشمدانە، بەتایبەت لە یاری تاوڵەدا.

کەسی لێ نەبوو. دەنگی جەواهێر و مووسا کە بە زاراوەی باکووری ئێران قسەیان ئەکرد، لە پەنجەرەی چێشتخانەکەی تەنیشت هەیوانەکەوە ئەهات، ویستم بچم بۆ ئەوێ و قاوەیەک بۆ خۆم دروست بکەم. سەعید بە سینیەکی گەورەوە کە پڕ بوو لە بەرچاییەکی ڕەنگاوڕەنگ، هات بۆ ناو هەیوان.

ــ وا دیارە دوێشەو باش خەوتی؟

تیشکی بەیان، چاوە قاوەییەکانی کاڵ کردبوویەوە و سێبەری برژانگەکانی نەرمیەکی دڵخوازی ئەدا بە نیگای. وتم:

ــ لەو خەوە باشتر نابێتەوە.

ئینجا لە سەر کورسیە دارەکە دانیشتم و کەوتمە سەیرکردنی زەریای قەوزەگرتوو.

ــ ئەحمەد و نێرگز لە کوێن؟

ــ چوون بۆ نەوشەهر بۆ شت کڕین.

کورسیەکەی هێنایە تەنیشتمەوە و وتی:

ــ ... و فەرمان دراوە من لێرە دابنیشم تا تۆ بەرچاییەکەت ئەخۆی.

سەیرێکی بەرچاییەکەم کرد، کە بۆ دوو کەسیش زۆر بوو و، بە پێکەنینەوە وتم:

ــ ئەم هەمووە؟

سەعید لە کاتێکا دەستی ئەهێنا بە سمێڵیدا وتی:

ــ دیارە تەنها بۆ تۆ نییە. منیش بەشداریت لەگەڵ ئەکەم.

بەڵام تەنها من بووم بەرچاییم ئەخوارد. سەعید، تێکڕای ئەو کاتە پشتی دابوویەوە بە کورسیەکەوە و لە کاتێکا قسەی بۆ من ئەکرد، ئەیڕوانیە شەپۆلەکان. شەپۆل بڵێند و باڵابەرز ئەهاتن و سێبەری مەزنیان بۆ کاتێک ئەکەوتە سەر لمەکان و لە گەڕانەوەدا، وەک بڵێی وزەیەکی نوێیان لە خاک وەرگرتبێ، بە تووڕەییەوە خۆیان ئەدا بە زەریادا و؛ زەریا باوەشی بۆ ئەکردنەوە و کاتێکە وزەیان لێ ئەبڕا، بەر ئەبوونەوە و خۆیان ئەهاویشتە ئەو ئامێزە و... ئەڕۆیشین و...

ئەڕۆیشتن...

سەعید باسی پەرتووکێکی بۆ ئەکردم کە بەمزوانە لە ئینگلیزەوە بۆی هاتبوو و شەوی ڕابوردوو دوایین بەشی خوێندبوویەوە؛ نامەکانی ڕۆزا لوگزامبۆرگ بۆ هاوڕێ و دڵدارەکەی؛ کە لە پاش ئەو هەموو ساڵە، ماوەیەک لەمەو پێش بڵاوکرابوویەوە و کرابوو بە ئینگلیزیش.

سەعید هەندێ پاراگرافی نامەیەکی لەبیر بوو و بە ئینگلیزی بۆی خوێندمەوە. بینیم هێشتاش ئەو سۆز و هەستەی تێدایە کە چواردە ساڵ لەمەوبەر، ئەو کاتەی کە تنها بیست و سێ چوار ساڵ ئەبوو، تێیدا بەدی ئەکرا. ساڵانی چالاکی ڕامیاری، هەرچەند تێگەیشتن و وردبینییەکی زیاتری پێ بەخشیبوو، بەڵام لە هەست و ناسکی ئەوی کەم نەکردبوویەوە. وتم:

ـ ئەتوانین بچین بۆ خوارەوە و پیاسە بکەین یان فەرمان دەرچووە لێرە نەجوڵێم؟

ـ پیاسە کردن پێم وابێ... ئازادە!

لە پلیکانەکانی هەیوان بەرەوخوار بووینەوە و لە کەنارەکە نزیک بووینەوە. بەڵام تا پێم نایە سەر لمەکە، ئەمین وتی:

«پێڵاوەکانت داکەنە، بزانە چ هەستێکی خۆش پەیدا ئەکەت...» و من هەرچەند حەزم نەئەکرد پێڵاوەکانم داکەنم، بەڵام وەک هەمیشە نەمتوانی «نا»ی پێ بڵێم. هەرگیز حەزی لە بیستنی ئەو وشەیە نەئەکرد. ئەمین وەک هەمیشە ویستی پێڵاوەکانم لێوەرگرێ و لەوێ داینێ. وتی: «مەترسە، کەس نایان دزێ.» و من وەستابووم و ڕووم لە ئەمین وەرگێڕابوو. سەعید بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

ـ بۆچی پێڵاوت دەرهێناوە؟ قاچت ئازاریان نییە؟

بە شادمانییەوە پێڵاوەکانم لە پێ کردەوە و قۆڵی سەعیدم گرت و وتم:

ـ با بگەڕێنەوە... هەست ئەکەم وازی پیاسەم نییە.



پاش تێپەڕینی ڕۆژێکی خۆش، کە نێرگز و ئەحمەد بە چیرۆکە شیرین و قاقا بەرزەکانیان خۆشتر و بەچێژتریشیان کردبوو، چەند کاتژمێر بوو شەوی دووەمی مانەوەمان لە گوڵسەرا دەستی پێکردبوو، نە باسی ئەو ژیانە هەژارەی باڵی بە سەر سەرانسەری ئەو وڵاتەدا کێشابوو. من لە سەرنج و کردارەکانی ئەوانەوە تێ ئەگەیشتم تا چ ڕادەیەک باری دەروونیم خراپ بووە. ئەمبینی هەر هەموویان بە پێی ڕێکەوتنی پێشوو، دەرگاکانی جیهانی ڕاستەقینەیان لێ داخستووم، هەتا لەو جیهانە خنجیلانەدا کە جگە لە جوانی و هێوری تیانەبوو، وزەی لەدەستچووم بۆ بگێڕنەوە.

جەواهێر و مووسا، وەکوو هەمیشە، پاش شێوکردن و کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخ چوونەوە بۆ ماڵی خۆیان لەوبەری باخەکە، بۆ ئەوەی وەکوو هەموو گوندییەکان زوو لێی بنون و بتوانن زو هەڵسنەوە. ئێمە مابووینەوە و شەوی زەریا و، ئاوازی نەرمی شەپۆلەکانی ڕامانی کێشابوو بۆ بەرهەیوانەکە. لە بێدەنگی‌دا دانیشتبووین و سەیرمان ئەکرد.

شەوی پایزەی ئەوێ ئەوەندەش سارد نەبوو. ئاسمان ساماڵ و زەریا ئارام بوو. وردەشەپۆل بە خاو و خلیچکی ئەهاتن بەرەو کەنار و لە گەڕانەوەدا، لە ژێر ڕووناکی مانگ‌دا، ئەبوون بە هەزاران مرواری و ئەڕژانەوە ناو زەریاکە. دەنگی مەلی زەریا لە دوور و نزیکەوە ئەبیسرا؛

ئەو دەنگەی لە موسیقای خێڵە بەدەوییەکان ئەچوو. سروەیەکی فێنک لە لای زەریاوە ئەهات و، بۆنی زەریا و گیاکانی کەناری تێکەڵاوی بەرامەی گەڵای پرتەقاڵ و بەهارنارنج ئەکرد و ئەڕژایە بن پێستمەوە.

سەعید، هەندێ دوورتر لە من، بەڵام بەرامبەر بە من، دانیشتبوو و هەر جارەی کە چاوم لە چاوی ئەگیرا، حەزێکی بێپەروام تیا ئەبینی و وەکوو گەنجێتیەکی دووبارەڕابوو، ناخی ئەبزواندم. بۆ ئەو ڕۆژانە گەڕابوومەوە کە سەعید هەموو شەوێک ئەهات بۆ ماڵم؛ بۆ ئەو تاقە ژوورەی کە قەرەوێڵەیەک لە سووچێکیدا و چرا گازە دووچاوەکەم لە سووچەکەی تریدا و تەنها یەک کورسی و مێزێکم هەبوو. بە منی ئەوت: «لە سەر قەرەوێڵەکە دانیشە.» و باڵنجێکی ئەخستە پشتمەوە. مێزەکەی ئەکێشایە بەردەم قەرەوێڵەکە و ئەو پاکەتەی لەگەڵ خۆی هێنابووی ئەیکردەوە و لەوبەری ژوورەکە ئەکەوتە چێشت لێنان. بە زۆری چێشتی ئێرانی بۆ لێ ئەنام. ئەو خواردنانەی کە سەرەڕای ئەوەی ئەو هەموو ناموو بوون بەڵام چێژێکی زۆر خۆشیان هەبوو. پێکەوە نانمان ئەخوارد و ئەو سەرانسەری شەو، تا ئەو کاتەی لە سەر هەمان قەرەوێڵە خەوم لێ ئەکەوت، لەوێ، لە سەر ئەو تەنها کورسیە دائەنیشت. بەیانیش کە لە خەو هەڵئەسام، قاپەکانی شۆەدبوو و ژوورەکەی ڕێکخستبوو و بەبێ ئەوەی بەئاگام بهێنێتەوە، ڕۆیشتبوو. زۆربەی شەوان، کۆتایی شەو، ئەو تەنها قەوانەی بە دەنگی دایکم هەمبوو و سەعید لە هەمان مانگەکانی سەرەتای چوونم بۆ ئینگلیز دەستی خستبوو و بۆمی کڕیبوو، ئەیخستە سەر ئەو گرامافونە بچکۆلەیەی کە ئەویش هەر خۆی بۆی هێنابووم و لە ڕاستیدا هەمان دەنگ بوو کە وەکوو لایەلایەیەکی دڵنەواز من و بەردیای ئەکردە خەو.

لەپڕ ڕابووم و وتم:

ـ ئەمەوێ ئەو گۆرانییەی کە زۆرم پێخۆشە بیخەمە سەر بۆ سەعید!

تیشکێک لە چاوەکانی نێرگزدا بریسکایەوە و بە چەتوونیەکی

شیرینەوە سەیری سەعیدی کرد و من، بەبێ ئەوەی سەیری سەعید بکەم، چووم بۆ ژوورەکەم؛ گەڕام بە دوای ئەو کاسێتەدا کە چەندین ساڵ پێشتر لە سەر قەوانەکەی سەعید پڕم کردبوویەوە و، ڕۆژی ڕابوردوو، کاتێکە بە پەلە جلەکانم ئەخستە ناو ساکەکە، ئەویشم تێ هاویشتبوو. بە کاسێتەکەوە گەڕامەوە بۆ هەیوان. نێرگز ڕێکۆردەرەکەی لە سەر مێزەکە دانابوو و چاوەڕێی من بوو.

دەنگی مارتا، لە نێوان دەنگی شەپۆلەکان، وەکوو چلچرایەک بە سەدان پارچە بلوورەوە بە ئاهەنگێک سەما بکەن، ڕژایە ئەو ناوە و بەو جۆرەی کە سات بە سات پەرەی ئەسەند، باڵی بە سەر زەریا و مەلانی زەریادا ئەکێشا...

سەعید بە بیستنی دەنگی مارتا، سەری نا بە پشتی کورسیەکەوە و چووە جیهانێکەوە بە ڕاستی حەزم ئەکرد بزانم چی لێیە. ئەحمەد و نێرگز بە وردی و سەرنجەوە گوێیان لەو موزیک و هەڵبەستە گرتبوو کە بۆیان نەناسراو و بێگانە بوو. کاتێکە دەنگی مارتا کوژایەوە و شەپۆلەکان و ماسیگرە دیسانەوە گەڕانەوە بۆ هەیوان، ئەحمەد یەکەم کەس بوو کەوتە قسە:

ـ ئەی لەو دەنگە! سەرەڕای ئەوەی تەنها وشەیەکیشم لا ڕوون نەبوو، ئەتوت بە زمانی من ئەخوێنێت و تێکڕای هەستی خۆی ئەدا بە من.

پاشان ڕووی کردە من و وتی:

ـ ئەوە کێیە لووبا؟

سەعید سەری لە سەر کورسیەکە هەڵێنا، بزەیەکی هەقناسانەی بۆ من کرد و لەبری من وەڵامی دایەوە:

ـ مارتا... دایکی لووبا.

نێرگز بە هەڵچوونێکەوە ڕەنگی گلەیی پێوە دیار بوو وتی:

ـ لووبا! بۆچی هەرگیز ئەم کاسێتەت بۆ ئێمە لێ نەدابوو؟

من نەموت ئەمین حەزی نەئەکرد هیچ شتێکی ڕابوردوو لەگەڵ

خۆم بهێڵم؛ تەنانەت دەنگی دایکم. وتم:

ــ ئازاری ئەدام، عەمگینی ئەکردم. بەڵام ئەمزانی ئەمشەو غەمگین نابم.

ئەحمەد وتی:

ــ گۆرانی تریشت لێی هەیە؟

ــ نەء. ئەمەشم لە سەر ئەو تەنها قەوانە پڕکردەوە کە سەعید لە لەندەن بۆی دەست خستم.

سەعید بە گەرموگوڕی باسی مارتای کرد. لەو بابەتە شتانەی لە منی بیستبوو یان لە پشت قەوانەکە خوێندبوویەوە و من واقم وڕمابوو چۆن ئەو هەمووەی لەبیر ماوە. ئەحمەد وتی:

ــ کاتێکە لە چیکەوە ئەهاتی دایکت زیندوو بوو؟

دیسانەوە سەعید لە بری من وەڵامی دایەوە.

ــ نەء، چەندین ساڵ پێش ئەوە مردبوو.

ئینجا زیرەکانە باسەکەی گۆڕی و وتی:

ــ ئەم گۆرانیەی خەڵاتی «مەلی ئەوینی زێڕین» واتە گرنگترین خەڵاتی هونەری چیکی بردۆتەوە. سێ ساڵان بە دوای یەکدا گۆرانیەکانی ئەو خەڵاتەیان وەرگرت. بە داخەوە نەمتوانی ئەو دوانەکەی تریان دەست بخەم.

نێرگز کاسێتەکەی گێڕایەوە سەرەتا و وتی:

ــ من ئەمەوێ جارێکی تریش گوێی لێ ڕابگرم.

مارتا دیسانەوە خوێندی:

من بۆنی فڕین
لە باڵەکانی ئەو باڵندەوە هەڵئەمژم
کە لە قەفەس دایە؛
ئای... ئەو باڵندەی
بە سەر سەرما

بە ئاسمانی شیندا ڕائەبووری
تۆ بە فڕین
ڕاهاتوویت و فەرامۆش...
لەگەڵ مندا
بەس بۆ ساتێک
تا ئەم قەفەسە وەڕە...
بەس بۆ ساتێک
بەس بۆ ساتێک

بە قژی پەلکە کراوەوە کە ڕووبانە سپییەکەی تا سەر شانم هاتبووم بەو کراسە زەردەی کە تۆڕێکی سپی درابوو بە سەر داوێنەکەیدا، لە یەکەم ڕێزدا لە لای باوکمەوە دانیشتبووم و بە تەقینەوەی چەپڵەڕێزان ئەلەرزام. هۆڵەکە ئەلەرزا و ئارام ئەبوو. هەر هەموو هاواریان ئەکرد: «مارتا... مارتا...» و مارتا لە کراسە گوڵڕەنگەکەیدا لە سەر شانۆ وەستابوو و چاوە زەردەکانی ئەبریسکایەوە. دەستەکانی بەرز کردبوویەوە و، بە دفرەوە نیگای بە ناو خەڵکەکەدا ئەگێڕا و بە دەمیانەوە پێ ئەکەنی. حەزم ئەکرد سەیری من بکات، بە تەنها من، بە تەنها من؛ بەڵام نیگای ئەو هەر ئەوەندە لە سەر من ئەگرسایەوە کە لە سەر تێکڕای ئەو جەماوەرەی بۆ ئەو هەڵسابوونە سەر پێ. سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە بوو کە بردیان... چەند مانگ پاشتر کاتێکە گەڕایەوە، نە بریسکە لە چاویا بوو و نە بزەیەک لە سەر لێوی. لەوە بەولا مۆڵەتی پێ نەدرا گۆرانی بڵێ. سەری کرد بە هەر شوێنێکدا کاری تریشیان پێ نەدا. بۆچی نا، لە کارگەیەکی لەیستۆک کارێکی دۆزیەوە. لەشی بووکی دروست ئەکرد ــ بووکی بێسەر؛ سەری بووکەکانیان لە شوێنێکی تر دروست ئەکرد. نەیتوانی زیاتر لە هەژدە مانگ دەوام بکات؛ پێی کەوتە شێتخانە. پاشانیش بۆ هەمیشە لە ماڵەوە کەوت و هەرگیز بەوەی نەزانی کە «جری چڕنی» مووزیکناسی بە ناوبانگ وتبووی:

«دەنگی وەکوو چلچرایەکی کریستاڵ سەما ئەکات.» و هەرگیز نەیزانی لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە ئەو بووکی بێسەری دروست ئەکرد یان لە ژووره بچووکەکەیدا ڕوو بە مەیدانی «ڤەنسیس لاس» کەوتبوو و بەترسەوە سەیری پەیکەرەکەی ستالینی کردبوو کە بە لووت بەرزییەوە لە سەر بەرزاییەکانی «لەخنا» وەستابوو؛ خەڵک گۆرانیەکانی ئەویان بە دزییەوە زەمزەمە ئەکرد و ناویان لە سینگی خۆیاندا بە زیندوێتی ڕاگرتبوو.

سەعید قۆڵمی گووشا و لە کاتێکا ڕامی ئەوەشاند وتی:

ـ مەچۆ بۆ شوێنێک ئێمەی لێ نەبین!

سەیرم کرد. هاتبوو و لە سەر دەسکی کورسیەکەی من دانیشتبوو. سەرم نا بە لاکەلەکەیەوە و وتم:

ـ من زۆر باشم. نیگەران مەبە.

نێرگز ڕابوو، دەستی ئەحمەدی گرت و، لە کاتێکا ئەوی ئەبرد بۆ لای پلیکانەکان وتی:

ـ ئێمە ئەچین تۆزێ پیاسە بکەین.

من و سەعید نەجووڵاین. نێرگز و ئەحمەد لە پلیکانەکان چوونە خوارەوە، بەرەو زەریا. کەنار، بە قەراخ دارەکاندا هەتا چاو هەتەر بکا کشابوو و لە ژێر تیشکی مانگدا لە جادەیەکی ئاورێشمین ئەچوو کە چەند پەیکەرێکی ڕازاوی لە سووچ و قەراخی خۆیدا شاردبێتەوە. سێبەرەکانی نێرگز و ئەحمەد، دڵخۆش و بیرئازاد و بە یاریکردن بە دوایاندا هەڵئەهاتن و گەورەتر ئەبوون. سەعید هەڵسا؛ ڕاست لەو کاتەدا کە گۆنام خەریک بوو گەرمای لەشی تاقی ئەکردەوە. لە لامەوە دانیشت، لەو جێگەی پێشتر نێرگزی لێ دانیشتبوو. وتم:

ـ بۆچی لێرە هەڵسای؟

سەعید چاوەکانی، کە حەزێکی ئاگراوی گڕی تێبەردابوون، بڕییە من و وتی:

ـ پێم وابوو بەو جۆرە پێتخۆشترە.

هەڵسام و لە کاتێکا بەرەو دیوەخان ئەچووم وتم:

ـ بچینە ژوورەوە... لێرە سەرمامە.

لە دیوەخان تێپەڕیم و، بەبێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە چووم بۆ ژوورەکەی خۆم. ساتێک پاشتر سەعید لە بەر دەرگای ئاوەڵەی ژوورەکەمدا وەستابوو. بە تەوێڵی بڵیند و لووتی کشاوییەوە لەو سەربازە پاریسیە ئەچوو کە فەرمانی ئازادی جوولەکەکانی پێ بوو. وەکوو کاتی باڵقبوون، بە سواری ئەسپێکی ڕەوەند و تیژپەڕ، بە نێوان تەتەرەکان و کۆلارە ڕەنگاورەنگەکاندا تێپەڕیم و بەرەو سەرچاوەکانی ئەو ئاوە گەرمانەی تینوێتی و تێراوی پێکەوە ئەکەن بە دیاری، غارم دا. سەعید هاتە ژوورەوە و تێک ئالاین. کەوتمە ناو کانیەک و بانگم لێکرد و، ئەو هات و هات و هات و تەمای[٤٢] بڕانەوەی نەبوو...

٤٢ ـ تەما: desire, will nn مەبەست، ویست، هیوا، چاوەڕوانی. [ع] الرغبة، الإرادة [N] ønske, vilje [د] تصمیم. ← بەتەما: چاوەڕوان. ← تەمایەر: چاوەڕوان.



چاوم هەڵبڕی. تاو کەوتبوو. بۆنی سەعید هێشتاش لە ناو جێگەکەمدا ئەتلایەوە. لە بیرم نەبوو کەی خەوم لێکەوتووە و ئەو کەی ڕۆیشتووە. ئەوەندەم لە بیر بوو لێی پرسیبووم: «حەز ئەکەی شەو لێرە بمێنمەوە؟» و من وتبووم: «نەء.»

حەزم نەئەکرد نێرگز و ئەحمەد بزانن ئێمە لە ژوورێک خەوتووین. لەگەڵ هیچکامیان ڕوودەربایسیم نەبوو، بەڵام ژیان لە ئێران و هەڵسوکەوت لەگەڵ بنەماڵە و خێزانێکی شیانست و خاوەن نەریت، کاری خۆی کردبوویە سەر منیش. ئەمزانی لەوێ سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ژن و پیاو تێبینی تایبەتی لە ئارادایە. خەڵکی ئەیانتوانی، ئەگەر جەربەزەیان هەبوایە، باسی خۆشویستن بکەن، بەڵام شەیدابوون و بەتایبەت پەیوەندی جنسی، شتێک نەبوو شانازیی پێوە بکرێ. سەرانسەری پەرتووکە وێژەییەکان، تەنانەت دیوانی هۆنەرە کلاسیکەکان، پڕە لە مژاری ئەوین و ئارەزووی گەیشتن بە یار؛ بەڵام لە سەرانسەری ئەم پەرتووکانەدا گەیشتن بە یار بەدی نایەت و، ئەگەر جارجارەش بە سەرەنجام گەیشتبێ، جگە لە نەنگ و ئابڕووچوون زیاتری بە دواوە نەبووە. هەموو کەس لەم هەڵبەستانەی لەبەرە و ئەیخوێنێتەوە؛ تەنانەت ژنان و پیاوانی ئاینی. بەڵام لێکدانەوەی زۆربەیان ئەوەیە کە هۆنەر، ئەوینەکەی بۆ خوایە، کە دڵداری وەرجاوەندە. لە

بۆنە ئاینیەکانی ماڵی حاجی دیبووم زۆر هەڵبەستی ڕووت و ئاشکرای جنسی، بە یارمەتی لێکدانەوەی عارفانە، پسوولەی ئەوەی پێ ئەدرێ وەکوو لەبارترین نزاکردن چاوی لێ بکرێ. گەنجترەکان، کە بێباکترن، تەنها بە نهێنی و لەگەڵ دۆستانی زۆر نزیکیان باسی ئەوین و خۆشەویستی ئەکەن؛ بەڵام تەنانەت ئەوانیش نایانەوێ کەس بزانێ لەگەڵ دڵدارەکەیان پەیوەندی جنسیان هەیە. پیاو، هەڵبەت باکیان لەوە نییە وای دەربخەن لەگەڵ ژن یان ژنانێک خەوتوون. ڕەنگە زۆر جار خۆشی پێوە گێڤ بکەنەوە، بەڵام ئەو خۆدەرخستنە تا ئەو کاتەیە کە شەیدای ژنێک نەبووبێتن یان ژنیان نەهێنابێت. یەکەم قۆناخی پیرۆزیی ئەوین و هاوسەرێتی، پارێز و نهێنکارییە. سەرەڕای ئەوەی هەموان ئەزانن لەم نێوانەدا ئەوینێک هەیە و، پەیوەندییەکی جنسی، بەڵام ئەوینداران نابێ خۆیان بنوێنن. من ئەمبینی نێرگزیش، لەگەڵ ئەوەی ژنێکی ئازادەیە و زۆر بە ئاسانی نەریتەکان پێشێل ئەکات. بەڵام ئەوین و پەیوەندی خۆی لە بنەماڵەکەی ئەشارێتەوە؛ ئەگەرچی زۆر و کەم درکیان بەو نێوانەی ئەو و ئەحمەد کردووە. ئەو تەنها لە بەرامبەر من و سەعیددا کە تایبەتی ترین قسەکانمان پێکەوە ئەکرد و هەر دووکمان ئەمانزانی لەگەڵ ئەحمەد پەیوەندی جنسی هەیە، لە ئەحمەد نزیک ئەبوویەوە. لەو بیست و چوار کاتژمێرەش‌دا کە گەیشتبووینە ئەوێ، ئەوان پێکەوە دوابوون، پیاسەیان کردبوو، نیگا و گوتەی ئەویندارانە لە نێوانیان‌دا ئاڵوگۆڕ کرابو، بەڵام من نەمدیبوو پێکەوە بچنە ژوورێک.

کاتێکە چوومە دیواخان، نێرگز لەوێ دانیشتبوو و پەرتووکی ئەخوێندەوە. بە بینینی من پەرتووکی پێوە دا و، لەوەی شەوی پێشتر ئێمەی بەجێ هێشتبوو داوای لێبووردنی کرد و وتی پێی وانەبووە ئەوەندە زوو بچمە سەرجێ. لە قسەکانیەوە بۆم دەرکەوت، شەوی ڕابوردوو، کاتێک گەڕابوونەوە، سەعیدیان لە هەیوان بینیبوو و ئەو پێی وتبوون من تازە چووم بخەوم.

سەعید و ئەحمەد گەڕابوونەوە بۆ تاران. نێرگز وتی کاتی ڕۆیشتن ئەوانی بینیوە:

ــ بەیانی زۆر زوو ڕۆیشتن بۆ ئەوەی فریای کارەکانیان بکەون.

ئینجا نامەیەکی دا بە من و وتی:

ــ سەعید وتی: ئەمە بدەم بە تۆ.

پاکەتەکەم هەڵچڕی، یاداشتێکی کورت بوو بە زمانی ئینگلیزی: «تۆ بوویت، تۆ هەیت، تۆ ئەبێت. سەیزوشەو ئەتبینم. سەعید.»

وەکوو کچۆڵەیەکی خۆشەویستەکەی باسی ئەوینی بۆ بکات، خوێنم بزووت و گەرم داگەڕا. ئەمزانی ڕوخسارم سوور هەڵگەڕاوە. نامەکەم خستەوە ناو پاکەتەکە و وتم:

ــ سەیزووشەو دێتەوە.

نێرگز بزەیەکی کرد و بە پارێزەوە وتی:

ــ ناتوانێ تا پێنجشەممە چاوەڕێ بکات. ئەوین ئارام و ئوقرە نازانێ.

ئینجا لە ترسی ئەوەی نەکا منی شەمزاندبێ، چاوی لێوەرگرتم و ڕابوو و وتی:

ــ من ئەچم بەرچایی بهێنم.

هەر ئەو ڕۆژە بۆ نێرگزم گێڕایەوە شەوی پێشوو لەگەڵ سەعید نووستووم؛ کاتێکە هەر دووکمان شانمان دادابوویە سەر سەرین و من خەریک بووم سەیری گوڵە ئاورێشمەکانی دەوری وێنەکەی حاجی محەمەد خانم ئەکرد. نێرگز بە خۆشی و تامەزرۆییەوە قسەکانمی بیست و وتی:

ــ ئای... خوایە گیان، کەواتە تۆیش سەعیدت خۆش ئەوێ؟

سەرم وەکوو ئەرێ ڕاوەشاند و زانیم کە ئەویش تەنانەت ناتوانێ بیر لەوە بکاتەوە ژن و پیاو ئەتوانن پێکەوە بخەون و ئەویندارى یەکدیش نەبن. یان ڕەنگیشە زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتە پێیان وابوو پیاو

ئازادە ئەو کارە بکات بەڵام ژن، بەبێ خۆشویستن و ئەوین ناتوانێ، تەنانەت بیر لە چێژ وەرگرتن بکاتەوە. پێم نەوت شەوی پێشوو، کاتێکە چووم لەگەڵ سەعید بنووم، پێم وانەبوو تا ئەو ڕادەیە خۆشم ئەوێ؛ من ئەمویست لەگەڵی بنووم، لە بەر ئەوەی لەو کاتەدا ئەوم ویستبوو؛ ئەچووم لەگەڵی جووت ببم، چونکە ئەمویست منیش مافی هەڵبژاردنم تاقی کردبێتەوە و لەم هەڵبژاردنەدا بە دفرەیەکی نەناسراو گەیشتبووم.

کاتێکە پاش دوو حەفتە بێئاگایی و مەلەکردن لە زەریای حەز و هەڵچوونێکی تەماراوی[٤٣] گەڕامەوە بۆ تاران، هەستم کرد ساخم و پڕم لە وزە و توانا. هەستم ئەکرد ژیانێکی دووبارەم پێ بەخشراوە و بیر و هۆشی ئاڵۆسکاوم ڕێکوپێک بووە و چەقی بەستووە.

لەو دوو حەفتەیەدا نێرگز لە لایەکەوە و سەعید لە لایەکەوە، منیان لەو ژیانە مات و مردووەی پەلەقاژەم تیائەکرد، پەلکێش کردبوو بۆ جیهانێکی ڕووناک و پڕ لە هیوا. ئەمدی توانای ئەوەم هەیە ژیانێکی نوێ دەسپێبکەم کە لەغاو و باشارەکەی بە دەست خۆمەوە بێ.

لەو ماوەیەدا ڕۆژەکان بە پیاسەکردن و وتووێژ لەگەڵ نێرگز تێپەڕیبوو. لەوێ هەموو ڕۆژێک زیاتر و باشتر ئەوم ناسیبوو و لەگەڵ جیهانی ئەودا، کە سەرەڕای بەرهەستی و ناسکبوونی لە ئاگرێکی بڵێسەسەندوو ئەچوو، ئاشنا ببووم. ئەمبینی سەرەڕای ئەوەی پێنج شەش ساڵ لە من بچووکترە، بەڵام تیژبینی و تێگەیشتنی لە هەموو شتێکدا، زیاتر و فراوانتر لە منە. خۆزگەم پێ ئەخواست و لێیەوە فێر ئەبووم؛ بەبێ ئەوەی لێم ڕوون بێت ئەم ئەزموون و فێربوونانە بتوانێت بمگەیەنێتە ئەو شوێنەی ئەو پێی گەیشتبوو.

بە شەو، پاش ئەوەی لە وتووێژێکی تەلەفۆنی و دووورودرێژ لەگەڵ عیسمەت خانم و بارام و بە دەگمەن بەردیا، ئەبوومەوە، سەعید ئەگەیشت. ئەو لە پاش سێ کاتژمێر لێخوڕین لە ڕێگای پێچ و پلووچی کوێستانیەوە، خۆی ئەگەیاندە ئەوێ بۆ ئەوەی من جوانترین و خۆشترین

---

٤٣ـ تەمار: thought تارمایی بەرچاو، ڕەشایی بەرچاو [ع] خیال [N] trodde [د] خیالات.

ساتەکانی ژیانم لە باوەشیدا و لە کەنار تەماراویترین و گەورەترین زریێواری جیهان‌دا تاقی بکەمەوە. ئەوەندەی سەعید دەرئەکەوت، نێرگز ون ئەبوو. ئەگەر ئەحمەدیش هاتبا لەگەڵی ئەڕۆیشت و، ئەگەر لەگەڵ نەبوا، بە بیانوویەک بەجێی ئەهێشتین.

لەگەڵ سەعید ڕێکەوتبووین، چاوپێکوتنی تایبەتیمان لە تاران و بە نهێنی درێژە پێ بدەین و بۆ ماوەیەک، تا ئەو کاتەی ژانی مردنی ئەمین بۆ باوک و دایک و کەسوکاری کۆن ئەبێت نەهێڵین کەس پەی بە پەیوەندی نێوانمان ببات. هەر دووکمان باش ئەمانزانی لەوێ هیچکەس بە باشی نازانێ ژنێکە تازە شووەکەی مردووە، لەگەڵ پیاوێکی تر نێوان داخات؛ بەتایبەتی ئەگەر ئەو شووە شەهیدیش بووبێ.

سەرەڕای ئەوەش هیچکاممان بیرمان لەوە نەئەکردەوە لە تاران ڕووداوی وا چاوەڕێمان ئەکات، ڕێگەی ئەوەمان پێ نادا تەنانەت بۆ کورتەکاتیش یەکدی ببینین.



بەیانی ڕۆژی گەڕانەوەم بۆ تاران، چووم بۆ ماڵی حاجی بۆ ئەوەی بەردیا و بارام ببمەوە بۆ ماڵی خۆمان. بەردیا سەرەڕای ئەوەی کە ئەیزانی ئەچم بە دوای‌دا، بەڵام لەوێ نەبوو. بارامم بردەوە و داوام لە عیسمەت خانم کرد بە بەردیا بڵێت بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. عیسمەت خانم لە کاتێکا کۆڵێک قسەی نەگوتراو لە چاوەکانیا بوو و بە پارێزەوە سەیری حاجی و نێرگزی ئەکرد، بە ملکەچی سەری ڕاوەشاند.

ڕۆژی دوایی نێرگز هات بۆ لام و وتی بەردیا ئەیەوێ بۆ هەمیشە لە ماڵی حاجی بمێنێتەوە و چەندە حاجی و حاجی ژن داوای لێ ئەکەن کۆڵ نادات. نێرگز وتی: «بەردیا ئەڵێ تۆ عارەق ئەخۆیتەوە و نوێژ ناخوێنی و ئەو ناتوانێ لە ماڵی تۆ بژی!» نێرگز پەرۆش و نیگەران بوو. ئەیوت:

«بەردیا بەرامبەر بە منیش رووی خۆش نییە. سەبارەت بە بابە گیان و دایکیشم ئەزانم تەنها ڕێزیان لێ ئەگرێ. بەڵام پێم وایە تەنها کەسانێکە بە قسەیان بکات مامۆستا و بەڕێوەبەرە و بەس.»

ئەو ڕۆژە داوام لە سەعید و سورەییا کرد بێن. بۆ ئەوەی بەڵکوو بە یارمەتی ئەوان ڕێگە چارەیەک بۆ ئەم گرفتارییە بدۆزمەوە. سورەییا لە من زیاتر نیگەرانی دۆخی بەردیا بوو. ئەیوت:

لەم ڕۆژانەدا گەلێک منالّم بینیوە زۆر بە توندی ڕاکێشراون بە لای ئاین‌دا و لە بەرامبەر دایک و باوکەکانیان‌دا وەستاون و تەنها بەرەنجامی هەڵوێستی توندوتیژی باوک و دایک ئەوە بووە کە منالّەکان مالّەوەیان بەجێ هێشتووە و ڕۆیشتوون.

ئەو پێی وابوو، باری بەردیا لەوانەش ناسکترە. چونکە بەردیا باوکی لەدەست داوە، باوکێک کە دژی ئاینی کوشتوویانە و شۆڕشگێڕانی ئیسلامی بە ناوی شەهید ڕێزی لێ ئەگرن.

سورەییا بە بەردەوامی جەختی لە سەر ئەوە ئەکرد نابێ لە بەردیا تووڕە ببم و ناچاری بکەم کارێک بکات کە پێی خۆش نییە. ئەیوت:

ـ ئەگەر گوشار بخەیتە سەری، ڕەنگە لە مالّی حاجیش بڕوات. باشترین شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵی میهرەبانی کردنە. ئەو ئەبێ لەوە تێبگات کە تۆ ئەویندارانە خۆشت ئەوێ.

هەروەها پێی باش بوو بە زمانی خۆش و داوای دایکانە بیهێنمەوە بۆ مالّەوە و بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ دژایەتی بکەم، هەوڵ بدەم ڕێگەکەی بگۆڕم. سورەییا ئەیوت:

ـ نابێ ئەوە لەبیر بکەی لەمکاتەدا بەردیا لە هەموو شت زیاتر پێویستی بە ئەوین و خۆشەویستی هەیە.

بەڵام نێرگز پێی وابوو، تەنانەت ئەگەر بچم بۆ لایشی و خۆیشم بخەم بە سەر پێی‌دا ئەو ناگەڕێتەوە بۆ مالّەوە و بەردەوام ئەیوت:

ـ بەردیا تەنها گوێ لە بەڕێوەبەر و مامۆستاکەی ئەگرێ.

من، کە لە بیرکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری فێرگەی بەردیا، هەستم بە بێداری ئەکرد و بە بیرکەوتنەوەی ڕوخساری گەچ و چاوە شووشە ڕەشە تەمگرتووەکەی دڵم تێکەڵ ئەهات وتم:

ـ من توانای ئەوەم نییە بچم بۆ لای بەڕێوەبەر. مامۆستاکەشی ناناسم و دڵنیام یەکێکە خراپتر لە بەڕێوەبەر.

سەعید، کە بە درێژایی ئەو ماوەیە بێدەنگ بوو، هاتە گۆ و وتی:

ـ من پێم وایە ئەگەر بشتوانی قسەیان لەگەڵ بکەیت هیچ ئەنجامێکی

نابێ.. باشترین ڕێگە ئەوەیە حاجیاغە پەیوەندییان پێوە بگرێ. ئەوان ناتوانن وەڵامی نابەجێ بە حاجی بدەنەوە.

سورەییا و نێرگزیش پێشنیازەکەی سەعیدیان بەدڵ بوو و، من هەمان ڕۆژ چووم بۆ لای حاجی و بۆ گەڕانەوەی بەردیا پەنام بۆ برد.

پاش نیوەڕۆیەکی باراناوی بوو. ڕۆژنامە فرۆشەکان هاواری گرتنی دە کەس لە ناودێرانی سەرەۆک کۆماریان بڵاو ئەکردەوە. سەردێڕە درشتەکانی ڕۆژنامەکان هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنێکیان باس ئەکرد کە خوێندکارانی خەتی ئمام تێیدا چەند کەس لە ناودێرەکانیان بە هاوکاری ئەمریکا ناوبردبوو. حاجی، بە چوونە ژوورەوەی من ڕۆژنامەیەکی بە دەستەوە بوو، هەڵیدایە لایەکەوە و وتی:

ـ ئێستە ئیتر بیانەوەێ هەر کەس لێبخەن، ناوی لە ناو بەڵگەنامەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکاوە ڕائەکێشنە دەرەوە. کەس نازانێ ئەم بەڵگەنامانە چەندەن و کەی تەواو ئەبن.

ئەو لە پاش ڕووداوی داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا و کارکەناری سەرۆک وەزیری دەوڵەتی کاتی، کە جێی بڕوا و متمانەی ئەو بوو، بەردەوام نیگەرانی خۆی بەرامبەر بە هەلومەرج و ئایندەی وڵات دەرئەبڕی. حاجی هەموو دەسەڵات و کارگەرێتی خۆی بۆ سەرکەوتنی «بەنی سەدر» لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا خستە گەڕ و ئەوی بە تەنها شانس ئەزانی بۆ کۆتاییهێنان بەو ئاژاوە و نائارامییەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەرەیان ئەسەند.

ئەو ڕۆژەش حاجی ماوەیەک باسی دین و ئاینی بەنی سەدر و لێهاتوویی و پسپۆڕی ڕامیاری ئەوی کرد و لە کۆتاییدا وتی:

ـ ئەگەر لە بری بەنی سەدر هەر کەسێکی تر بێتە سەرکار، هەر ڕۆژە و لە سووچێکی ئەم وڵاتە خوێن و خوێنڕێژی ئەبێت. ئەو تەنها کەسێکە ئەتوانێ ڕێگەی پەرەسەندنی کومۆنیستەکان بگرێ و نەهێڵێ منالی ساویلکە و فریوخواردووی خەڵکی، بە ڕێگایەکدا بڕۆن کە باش

ئەزانم ئەنجامەکەی تیاچوونە.

من، کە لە نێرگزەوە فێر ببووم گوێ لە قسەکانی حاجی بگرم و بچووکترین ڕایەک دەرنەبڕم، بە تەواوبوونی ئەم قسەیە دەسبەجێ کێشەی بەردیام هێنایە گۆڕێ. حاجیش لە هەڵسوکەوتی بەردیا دڵکاو نەبوو و لەو گۆڕانەی لەو ماوە کورتە بە سەری هاتبوو، سەری سووڕ مابو. لە کاتێکا بە مخابنەوە سەری ڕائەوەشاند وتی:

ـ ئەزانم چی ڕووی داوە، هەرچی مناڵە ڕوودار بووە و ناوی ئەم یاخیبوونەیان ناوە دین و ئاین.

حاجی، سەرەتا لەوەی کە ئەیبینی بەردیا نوێژ ئەخوێنێ و حەزی لەوەیە سەر لە ئیسلام دەربهێنێ، شادمان ببوو. پێی وابوو ئاین ئەتوانێ یارمەتی هەر کەسێک بدات بۆ ئەوەی ئازارەکانی فەرامۆش بکات. تەنانەت ئاماژە بە نەخۆشیەکەی من، کە پێی وابوو بە هۆی مردنی ئەمینەوەیە، وتبووی: «ئەزانی لووبا گیان... تۆ وەکوو کچی منی، نامەوێ ئامۆژگاریت بکەم، بەڵام ئەمەوێ بڵێم ئەگەر لە پاش ئەمین دڵت بدایە بە خوا و خۆت بەو بسپاردایەت کەمتر زەبرت بەرئەکەوت. مرۆڤ لەم جیهانەدا وەکوو کەشتیەکی بچووکە لە دڵی زەریایەکی هەژاودا. کار بە دەست کەشتیەوانەوەیە و بەس. ئەبێ دڵ بدەین بەو و کارەکان بەو بسپێرین.»

سەرەڕای ئەو هەمووە، کاتێکە دیبووی بەردیا دڵی نەداوە بە خوا تا ئارام بگرێ، بەڵکوو دڵی پێ سپاردووە چەنکە پێی وایە ئەو توانای بە سەر هەموو شتێکدا هەیە، نیگەران ببوو: «خوا هەڵبەت قادرە، جەباریشە. بەڵام ئەمانە تەنها دوو نازناون لە هەزاران نازناوی خوا. بەڵام بەردیا، وەکوو زۆربەی گەنجەکانی ئەم ڕۆژگارە بەس خۆی لکاندووە بەو دوو نازناوەوە.»

ئەو ڕۆژە حاجی ماوەیەک باسی دژوێنی و کەڵەگاییکردنی بەردیای کرد لەگەڵ خەڵکی تر و وتی بەردیا و گەنجانی وەکوو ئەو گەوهەری دینی ئیسلام لە شەڕکردن دژی دوژمنانی ئیسلامدا ئەبینن، نەک لە

چاکەکردن و نزا و گازەی خوادا.

لە کۆتاییدا و لە بەرامبەر ئەوەی کە من تکام لێکرد لەگەڵ بەڕێوەبەری فێرگە قسە بکات و لە ڕێگەی ئەوانەوە بەردیا بگێڕێتەوە بۆ ماڵەوە، بە میهرەبانیەوە وتی:

ـ من دژی بۆچوونەکەی تۆ نیم. هەرچی تۆ بڵێی من وائەکەم. بەڵکوو خوا یارمەتیمان بدات و میهری دایک ئارامیی پێ ببەخشێ.

حاجی بەیانی هەمان ڕۆژ چوو بۆ لای وەزیری پەروەرە و لە ڕێگەی ئەوەوە بە بەڕێوەبەر و مامۆستای بەردیا فەرمان درابوو کە بەردیا ناچار بکەن بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بە بەردیایان وتبوو: «ئەوە ئەرکی تۆیە لە نەبوونی باوکتدا ئاگات لە دایکت و براکەت بێت و ڕەنگە شتی تریشیان پێ وتبوو؛ ئەو شتانەی لە ئێران و بەتایبەت لە ناو موسڵمانە نەریتییەکاندا لە سەر پلە و پایەی دایک ئەوترێ.



کۆتایی دیسامبر، پاش چەند ڕۆژ نیگەرانی و چاوەڕوانی، بەردیا بە کەلوپەلەکانیەوە، کە وردە وردە بردبووی بۆ ماڵی حاجی، گەڕایەوە.

کاتێکە گەڕایەوە نیگای ڕەنگی میهر و ئاشتی هەبوو. لە بەر دەرگا پاش چەندین مانگ لە ئامێزم گرت. هەستم کرد ئێسکبەندی گەورەتر و تۆکمەتر و باڵای لە من بەرزتر بووە. سەری، کە ئەتوت بە سەر ملیەوە قورسایی ئەکات، وەکوو میلانی باوکی تۆزێ لار ڕاگرتبوو و بزەیەکی تەوساوی بە سەر لێویەوە بوو.

ویستم جانتاکەی لێوەربگرم، نەیهێشت و چوو بۆ ژوورەکەی. سەری هەروا خوار بوو و قژە خاو و خورماییەکەی، وەکوو قژی سەرباز کورت کرابوویەوە، لە بەر تیرێژی زێڕینی ئێوارەدا، کە لە پەنجەرەکەوە ئەهاتە ژوورەوە و ئەو ناوەی ڕەنگین ئەکرد، ڕوونتر خۆیای ئەکرد.

لە کاتێکا لە ژوورەکەی خەریک بوو جلەکانی لە جانتاکە دەر ئەهێنا و بە ڕێکوپێکیەک کە وەکوو ئەمین وابوو، لە دۆڵابەکەدا هەڵی ئەواسی، بەبێ سەرەتا و بە ئینگلیزی (هەمیشە هێساتر[٤٤] بووم بە ئینگلیزی لەگەڵ ئەو قسە بکەم.) وتم:

ــ من لەم ماوەیەدا زۆر ڕەنجم کێشاوە. تازە خەریکە دێمەوە بە

٤٤ ـ هێسا: snug ئاوەڵناو ئاسوودە و پارێزراو لە کەش و هەوا و کۆمەڵگە، ئاسوودە، تەناهیی ع دافئ N tettsittende د راحت.

خۆما و ئەبینم سەبارەت بە تۆ و بارام کۆتاییم کردووە. حەز ئەکەم لەمەودوا وەکوو جاران بین و زۆربەی کاتمان بە یەکەوە بین.

بەردیا لە کاتێکا کراسەکەی بە جلگرەکەدا هەڵئەواسی، بە فارسی وتی:

ـ من حەز ناکەم تۆ عارەق بخۆیتەوە.

ـ ئەزانم بە قوربان. بەڵام من دۆخێکی زۆر نالەبارم هەبوو. مەرگی باوکت زەبرێکی گەورەی دا لە من. تۆ کە خۆت ئەزانیت ئێمە...

نەمتوانیبوو درۆ بکەم و بڵێم «یەکدیمان خۆش ئەویست.» بەردیا ئاوڕی لێدامەوە. بە چاوە مەڕییەکانی کە هەستم کرد زیاتر لە هەمیشە لە چاوەکانی خۆم ئەچن؛ سەیرێکی کردم. بزەیەکی کرد و وتی:

ـ ئەزانی بڕیار وایە بمانبەن بۆ خێوەتگەی خوزستان؟

ـ بۆ جەژن یان هاوین؟

ساڵی ڕابوردووش لە کاتی جەژن‌دا حەفتەیەک چوو بوو بۆ خێوەتگەی ڕامسەر، لە قەراخی زەریای مازەندەران. بەردیا بە شادمانیەکی مناڵانە، کە ئەوی وەکوو ڕابوردووەکانی لێکردبوو، وتی:

ـ مانگ و نیوێکی تر. بۆ ساڵڕۆژی شۆڕش.

ـ مەگەر فێرگەکان دائەخرێن؟

ـ نەء، فێرگە داناخرێن؛ لە هەر فێرگەیەک بیست کەسیان هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی خولی فێرکاری پارتیزانی ببینن.

ـ فێرکاری پارتیزانی؟

ئینجا ویستم دژایەتی خۆم دەربڕم، بەڵام بیرم کەوتەوە سورەییا وتبووی نابێ مشتومڕی لەگەڵ بکەم. بە نەرمی وتم:

ـ مەگەر فیبریوەری تاقیکاریتان نییە؟ پێت وانییە مانگێک دوورکەوتنەوە لە فێرگە ئەتخاتە دواوە؟

زۆر بە لێبڕاویی وتی:

ـ نەء، دوا ناکەوم. لەوێ وانەش ئەخونین. جگە لەوەش ئەوە فەرمانی ئیمامە... خوێندن چ گرنگیەکی هەیە!

هەوڵم دا قسەکە بگۆڕم و لە کاتێکا ئەچووم بۆ لای ئەو جانتایەی کە هێشتا نەیکردبوویەوە، وتم:

ـ تۆ جلەکانی ژێرەوەت لە ناو چەکمەجەکە دابنێ. من ئەوانی تر دائەمەزرێنم.

ئەوسا جانتاکەیم کردەوە و شتەکانم دەرهێنا. جانتایەک کە مانگ و نیوێک پاشتر دیسانەوە بۆم داچنیەوە و لەگەڵی ڕەوانەم کرد بۆ خێوەتگە، بەبێ ئەوەی بەقەد[٤٥] ئەو کاتە نیگەران بم کە بەردیا یەکەمجار باسی ئوردووگا و فێرکاریی پارتیزانی کردبوو.

لەو یەک مانگ و نیوەدا بۆم ڕوون ببوویەوە دۆخی بەردیا بە هیچ جۆرێک جێگەی نیگەرانی نییە. سورەییا و نێرگز لە خۆوە منیان ترساندبوو. بە خۆم ئەوت: «بەردیا خۆ زۆر سەیر نەگۆڕاوە. هەمان کورە شیرین و خۆشەویستەکەی خۆمە.»

ئەو گۆڕانەی بە سەر ئەو هاتبوو من بە گوێرەی گەورەبوون و گەلەنداری[٤٦] دامنابوو. ئەو هەندێجار توندوتیژ ئەبوو، هەندێجار فەرمانی بە بارام ئەدا و، هەندێجار ئەیویست وای دەربخات کە ئەو گەورەی ماڵەکەیە نەک من. لەم جۆرە کاتانەدا هەوڵم ئەدا لەگەڵی نەرم بم، یان ڕەفتارەکانی پشت گوێ بخەم. من پێم وابوو ئەو پێویستی بە ئەوین و ئاگاداری زیاتر هەیە. تێکڕای ئەو یەک مانگ و نیوە، بەزۆری لە ماڵ نەئەچوومە دەرەوە.

دەسبەجێ پاش گەڕانەوەم لە باکوور، پشوویەکی شەش مانگەم وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی بتوانم زیاتر بە منداڵەکان ڕابگەم. تەنانەت ڕۆژانی پێنجشەممە خۆم بەردیا و بارامم ئەبرد بۆ ماڵی حاجی. بەیانیانی ڕۆژی هەینی بەردیا ئەچوو بۆ مزگەوت و پاش نیوەڕۆ لەگەڵ چەند کەس لە

---

٤٥ ـ بەقەد: amount بەرانبەر، لە ئەندازەی، بەقەدەر. ع فی کمیة من N beløp د بە اندازە.

٤٦ ـ گەلەن: adult ئاوەڵناو پێگەیشتوو، لەشگرس، بلەرمان؛ مرۆڤ، ئاژەڵ، یان ڕووەکێک بە پلەی گەشەکردووی خۆی گەیشتبێ. گەلەندار: باڵق. ن: گەلەنمرەڤ، گەلەندار G هەنبانە بۆرینە G کانی

دۆستانی تازەی کە من هیچکامیانم نەئەناسی، ئەگەڕایەوە. ئەچوون بۆ ژوورەکەی ئەمین، کە ماوەیەک بوو ناوی نرابوو ژووری بەردیا و تەنانەت نانیشیان بۆ ئەبرا بۆ هەمان هۆدە.



لە هەمانماڵی خۆمان بوو کە جار جارە سەعیدیشم ئەبینی. من بە حەز و ئاخەوە و، ئەو بە لۆمەکردنەوە سەیری یەکدیمان ئەکرد. لەو ماوەیەدا تەنها دوای نیوەڕۆیەک چووبووم بۆ ماڵەکەی.

سەعید، پاش ڕۆیشتنی مارگریت، ماڵەکەی گۆڕیبوو و گواستبوویەوە بۆ ئاپارتمانێک لە دەوروبەری **مەیدانی وەنەک**؛ کە هێشتاش ڕەنگ و بۆنێکی ڕابوردوو و کاتی شای پێوە مابوو. ئاپارتمانەکەی لە بنی کۆڵانێک، لە خانوویەکی سێ نهۆمدا بوو.

من بۆ یەکەمجار بوو ئەچووم بۆ ئەو خانووە. ماڵەکە بە کەلوپەلی سادە و ڕەنگی ڕووناک ڕازابوویەوە و، هیچ لە ماڵەکەی پێشووی نەئەچوو. لە سەر تەنها موبلی ژوورەکە دانیشتم و وتم:

ـ ئەم ماڵە چەندە هەستی هێمنی ئەدات بە مرۆڤ.

سەعید لامەوە دانیشت و وتی:

ـ ئەزانی لەو کاتەوە لە گوڵسەرا گەڕاینەتەوە، سێ دانە حەفتەیە تۆم بە تەنها نەبینیوە؟

ـ ناتوانم لە ماڵەوە بێمە دەرەوە. هەر ساتە و پێم وایە ئێستەکانێ بەردیا تەلەفۆن ئەکات. یان دێتەوە بۆ ماڵەوە.

سەعید لە ڕقا پێکەنی و وتی:

ـ بە منیشت وتووە بە تەنها نەیەم بۆ لات!

ــ بەردیا تۆی خۆش ئەوێ. ڕاستەکەی من پێم وایە ئەو حەزی لە هیچ پیاوێک نییە کە هەست بکات لە من نزیکە.

سەعید بە توندی وتی:

ــ ئەو ئەبێ لەوە تێبگات تۆ دایکی ئەوی، نە هاوسەری ئەو!

بە ڕەبەنی وتم:

ــ سەعید تکات لێ ئەکەم تۆ ئیتر ئازارم مەدە. من هیچ ڕێگەیەکم نییە جگە لەوەی ماوەیەک لەگەڵ بەردیا بە نەرمی بجووڵێمەوە. بە گوتەی سورەییا، ئەو پێویستی بە خۆشەویستی هەیە و من هەست ئەکەم لەو کاتەوە کاتێکی زیاترم بۆ تەرخان کردووە، ڕەوشت و ڕەفتاری زۆر باشتر بووە.

سەعید هەڵسا و بە بیانووی چای هێنان چوو بۆ چێشتخانە. ئەمدی توورەیە و ئەیەوێ لێم دوورکەوێتەوە بۆ ئەوەی توورەییەکەی دامرکێتەوە و بە سەر خۆیدا زاڵ ببێ. سەعید خوویەکی توند و هەستیاری هەبوو. بە بچووکترین شتێک کە پێچەوانەی حەزی ئەو یان بە وتەی خۆی نالۆجیک بوایەت، هەڵئەچوو. بەڵام لە بەر ئەوەی کە حەزی نەئەکرد ڕەفتاری توندوتیژی هەبێ، یان ویستی خۆی بە سەر کەسدا بسەپێنێ، هەمیشە هەوڵی ئەدا یان خۆی بشارێتەوە یان خۆی بە شتێکەوە خەریک بکات، تا بتوانێ بە سەر خۆیدا زاڵ ببێتەوە و توورەییەکەی دامرکێتەوە. لەو کاتانەدا بە زۆری هیچی نەئەوت. ئەتوت ئەیەوێ بە بێدەنگبوونی خۆی، بەرامبەرەکەی تەمێ بکات. خۆی ئەیوت ئەو بێدەنگیە بۆ ئەوەیە کە هەم بێڕێزییەکی بە کەس نەکردبێ و، هەم خۆیشی زیاتر زیز نەبێت. بەڵام ئەو بێدەنگییە تاڵییەکی قورسی تیابوو و لە گوتن و توورەبوون زیاتر مرۆڤی ئازار ئەدا.

سەرەڕای ئەمەش من لەگەڵ سەعید لە هەموو پیاوێکی تر کە ناسیبووم ئاسوودەتر بووم. ئەو ترسە ڕازاوییەی بەرامبەر بە ئەمین و تەنانەت میلانیش هەمبوو لەگەڵ ئەودا نەئەهات بۆ لام. لەگەڵ ئەو ئەمتوانی هەموو قسەیەک بکەم بەبێ ئەوەی لە ئەنجامەکەی بترسم.

حەزم بە بوونی ئەکرد و هەستم نەئەکرد ئەیەوێ خۆی بە سەرمدا بسەپێنێ. لەگەڵ ئەودا مافی بیرکردنەوە و کرداری سەربە خۆم هەبوو و؛ ئەگەر ئەو بیر و کردارەی من لەگەڵ بۆچوونی ئەو ناکۆک بوایەت یان تەنانەت ڕاستەوخۆ دژی ئەویش بوایەت، دیسانەوە لە مافی منی کەم نەئەکردەوە.

ئەو ڕۆژە پاش نیوەڕۆ، چەند کاتژمێرێک پێکەوە بووین، بەڵام هەر لەم دیدارەدا بوو کە حەزی بێبڕانەوەمان ببوو بە ڕق و تووڕەییەکی چاوەڕواننەکراو و بە مشتومڕێکی تاڵ، دیسانەوەش لە سەر جۆری هەڵسوکەوتی من لەگەڵ بەردیا، کۆتایی پێهاتبوو. هەرچەند بەیانی ئەو ڕۆژە هەر دووکمان داوای لێبوردنمان لێک کردبوو، بەڵام ئەم لێبوردنەش هیچی لەو دڵێشانە کەم نەکردبوویەوە کە بەدیهاتبوو. پاش ئەو ڕۆژە بۆ ماوەیەکی درێژ نەمتوانیبوو بە تەنها لەگەڵی بم.

ئێستە کە بیری لێ ئەکەمەوە، بۆم دەرئەکەوێ زۆر زیاتر لەوە ئەمتوانی بیبینم و لەگەڵی تەنها بم، بەبێ ئەوەی بەردیا پێ بزانێ. بەڵام ئەترسام تەنانەت لە نەبوونی بەردیادا کارێک ئەنجام بدەم کە ئەو پێی خۆش نییە.



لەو یەک مانگ و نیوەی ژیانی نوێ لەگەڵ بەردیادا، توانیبووم بە یارمەتی پارێزەرەکەی حاجی، بە سامان و دارایی ئەمیندا ڕابگەم و ئەو مەنە و میراتەی[٤٧] پێمان گەیشتبوو، بیکەم بە ناوی خۆم و منداڵەکانمەوە. بە پێی قانوونی ئێران یەک لە هەشتی دارایی گەرۆکی پیاو بە ژنەکەی ئەگات. لە ڕاستیدا ئەگەر ئەو خانووەی کە تیایدا ئەژیاین، بە هەر هەشت ئاپارتمانەکەیەوە و، ئەگەر ئەو پارە نەختینەی هەمانبوو بە ناوی هەر دووکمانەوە نەبوایە، لە پاش مەرگی ئەمین من هیچم پێ نەئەگەیشت و ئەبووم بە بەرپرسی پاراستنی دارایی منداڵەکان تا ئەو کاتەی ئەگەن بە تەمەنی قانوونی. نە ئەمتوانی هیچ بفرۆشم و نە ڕێگەم هەبوو بکڕم. جگە لەوە، ئەم مافی سەرپەرشتی و چاودێرییەش ئەگەر حاجی بیویستایەت ئەیتوانی لێمی وەربگرێتەوە. لەو ڕۆژانەدا بۆم دەرکەوتبوو بە بوونی ئەو هەموو داراییە چەندە هەستم بە دڵنیایی ئەکرد و چەندە ئایندەی خۆم و منداڵەکانم بە مسۆگەر و سەقامگیر ئەزانی.

لەو ڕۆژانەدا بە بیرمدا هاتبوو چەند دەزگا لە ئاپارتمانەکان بفرۆشم و بە پارەکەی ڤیلایەک لە باکووری تاران بکڕم، بۆ ئەوەی منداڵەکان ئاسوودەتر بن. بە چەند نووسینگەی خانووبەرەم ڕاگەیاندبوو

---

٤٧ ـ مەنە: heirloom [ناو] پشتەماگ، بۆماوە، مەردەلا، شتێک کە بە هشتە بەجێماوە [ع] ارث [N] arvestykke [د] ارث.

کڕیار بۆ ئاپارتمانەکان بدۆزنەوە. پێم وابوو لە بەر گەورەیی و فراوانی شوێنی ژیانە کە بەردیا و بارام لە ماڵی حاجی ئاسوودەترن و زیاتر ئەتوانن لەگەڵ دۆستانیان بن. لە ئەندێشەی خۆمدا خانووەکەم جۆرێک هەڵئەبژارد، لە ماڵی حاجی بچێ بۆ ئەوەی بەردیا بتوانێ بۆ خۆی نەک هەر ژوورێک بەڵکوو بەشێکی سەربەخۆی بۆ خۆی هەبێ. وەکوو ئەو خانووەی نێرگز و ئەمین لە ماڵی حاجی هەیانبوو. پاشان بیناکانم ئەڕازاندەوە و بەوجۆرە دام ئەمەزراند کە لە ماڵی حاجی بچن. لەو ڕۆژانەدا کەمتر بیرم لە کارکردن ئەکردەوە. کەلوپەلی ناو مۆزەخانە، سەرەڕای ئەو ئەوینەی بە تاک تاکیانم هەبوو، وردە وردە لە مێشکم دوور ئەکەوتنەوە. هەندێجار بە خۆمم ئەوت: «باشتر نییە دەست کە کارکردن هەڵبگرم؟ خۆ من پێویستم بە پارەکەی نییە.» لەو ماوەیەدا هەستم بە ئاسایش ئەکرد. زۆربەی کاتەکان بەتایبەت ئەو وەختانەی منداڵەکان لە فێرگە بوون و فاتمە خانم خەریکی خاوێنکردنەوەی ماڵەکە و ڕاگەیشتن بە چێشت و نان بوو، لە سەر موبلەکە پاڵم ئەدایەوە و پەرتووکی سەرگەرمکەرم ئەخوێندەوە و شوکولات و چەرەسم ئەخوارد.

لەو کاتە کەمەدا جلەکانم خەریک بوون ئەلکان بە لەشمەوە. هەموو کێشی لە دەستچووم لە پاش ونبوون و مەرگی ئەمین، بە زیادیی پێنج کیلۆوە گەڕابوویەوە سەر جێگەی خۆی. شەوێکیان، کاتی جلگۆڕین، خۆم لە ئاوێنەکەدا بینی و بۆم دەرکەوت شوێنەواری قەڵەوی لە سەر ئەو پەیکەرەی ماوەیەک لەمەوپێش سەعید دەستی پیا ئەهێنا و ئەیوت: «پەیکەریش بەم جوانییە ناتاشرێ!» جوان دیار بوو. بەڵام من بۆ ساتێکیش خەمم لێ نەخوارد. پێکەنینم هات و بە خۆم وت ئەگەر بەو جۆرە بچمە بەرەوە تا چەند ساڵی تر بە عیسمەت خانم ئەگەمەوە!

نێرگز بەڵام یەک دوو جار ئاماژەی بە قەڵەوبوونە لەپڕەکەم کردبوو و منیش هەموو جارێک لە وەڵامدا شانم هەڵتەکاندبوو و وتبووم: «حەب و عارەقم ناوەتە لاوە، ئەمەش شتێکی ئاساییە. بەڵام زۆر باشم.»

نێرگزم لە هەموو کەس زیاتر ئەبینی. بەیانیان ئەچوو بۆ

شارەوانی، دوای نیوەڕۆ ئەچوو بۆ ماڵێکی پەرت کە کۆبوونەوەکانی گرووپ لەوێ بەرپا ئەکرد و کارەکانی نووسین و چاپکردنیش هەر لەوێ ئەکرا. زۆربەی شەوان ئەهات بۆ ماڵی ئەحمەد و، هەمیشەش پێش ئەو سەرێکی لە من ئەدا. ماندووبوون لە ڕوخساریدا شەپۆلی ئەدا، بەڵام دەم بە پێکەنین و بە ورە بوو. ئەوەندەی ئاهاتە ژوورەوە ڕووسەریەکەی دائەگرت و قژی بە پەنجەکانی شانە ئەکرد و وەک بڵێی خۆی لە بەندێک ڕزگار کردبێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵئەکێشا. زۆر بۆی نابەدڵ و دژوار بوو کە ناچار کراوە ڕووسەری بدا بە سەریدا. ئەیوت: « ڕووسەری لە سەر کردن شتێکی گرنگ نییە، ناخۆشیەکەی ئەوەیە ناچار کراوم ئەم کارە بکەم؛ ئەوە ئازارم ئەدات ناچار کراوم لە بەر ئەوەی ژنم ئەبێ نیشانەیەکی تایبەتیم پێوە بێت. ئەگەر بێت و بڵێن ژنەکان ئەبێ گوڵێک بدەن لە سەریان دیسانەوە هەر ئەوەندەم پێ ناخۆش ئەبێت. ئەحمەد لەو ڕۆژانەدا تابلۆ تازەکانی بۆ پیشانگەیەک ئامادە ئەکرد، کە بڕیار وابوو بەمزوانە لە زانکۆی هونەرە جوانەکان بکرێتەوە. نێرگز لە دروستکردنی قاپەکان یارمەتی ئەدا. هەر تابلۆیە و ئەخرایە قاپێکەوە کە ئەحمەد پێی وابوو لەگەڵی ئەگونجێ. هەندێ شەوان منیش ئەچووم بۆ لایان؛ کاتێکە مناڵەکان ئەخەوتن یان بارام ئەخەوت و بەردیا لە ژوورەکەی خەریکی ڕاهێنان بوو. یەک دوو جاریش بەردیا هاتبوو بۆ ئەوێ. تۆزێک ئەمایەوە و پاشان ئەیوت وازم نییە و ئەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

من هەمیشە حەزم لە کارەکانی ئەحمەد بوو. بەتایبەت کارە تازەکانی کە بە گوتەی خۆی، ڕەنگ و بێنی شۆڕشگێڕانەیان هەبوو. بە دەم کارکردنەوە، دەربارەی کارەکانی بۆ من و نێرگز ئەدوا. جوانترین کاری بە ڕای من تابلۆیەک بوو بە ناوی «زریانی ڕەش». دەربارەی ئەم تابلۆیە ئەیوت: «بۆ من ئەمە ڕوونترین وێنەیەکە لەو شۆڕشەی مەلاکان لە خەڵکیان دزی.»

کۆمەڵێک داری ڕەش کە لقەکانیان لێک ئاڵابوون و دارەکان لە

پۆستاڵ ئەچوون کە عەرزەکەیان چاڵ کردبێت لە قەراخ پۆستاڵەکانەوە، گوڵی بچووکی سپی و زەرد و پەمەیی، لە تەنیشت گێپەڕەی[٤٨] سەوزوە داکەوتبوون و لە گێپەڕەکانەوە، دڵۆپەیەک خوێن، وەکوو دڵۆپێکی ئەسرین ڕژابوویە دەرەوە.

ئەحمەد زۆر بە گەرموگوڕی باسی ئەو ساتەی ئەکرد ئەم تابلۆیە لە مێشکیدا نەخشاوە؛ ئەو ڕۆژەی کە وێنەی تیرەبارانکردنی کۆمەڵێک لە ئەندامانی چریکی فیدایی گەلی لە کوردستان دیبوو. هەروەها باسی وێنەیەکی تریشی ئەکرد، ئەو ساتەی کە کوژراوەکان تلابوون و خەڵخاڵی ــ ئەو ئاخوندە دڕندەیەی بەناوبانگ بوو بەوەی حەزی لە خوێن ڕشتنە ــ بە عابا ڕەشە درێژەکەیەوە و لە نێوان پاسدارەکاندا و بە سەر سەریانەوە وەستابوو و سێبەرەکانیان وەکوو هەورێکی ڕەش پەڵەی دابوو بە سەر دارەکان و تەرمەکاندا.

من پێم وابوو ئەو تابلۆیە لە پیشانگە لە هەموو تابلۆکانی تر زیاتر سەرنج ڕائەکێشێ و مشتومڕی لە سەر ساز ئەبێت. بەڵام ئەو تابلۆیە هیچکات نەگەیشتە پیشانگە!

---

٤٨ ـ گێپەڕە: tongue ناو ملی پۆستاڵ، ساقەتی پۆستاڵ. ع ساق الحذاء N skobein د ساق، ساق پوتین.



چەند ڕۆژ بوو بەردیا چووبوو بۆ خێوەتگە. زۆر بە ئاشکرا هەستم بەوە ئەکرد جێگەی زۆر بەتاڵە و خانەنشینی و چاوەڕوانی لە کاتێکا ئەمزانی ناگەڕێتەوە، ببوو بە چاوەڕوانیەکی دژوار و بێسوود. بەڵام لە هەمان کاتیش‌دا، ئەتوت بارێکی قورس و گرانیان لە سەر شانم هەڵگرتووە. هەستم بە سووکی و ڕزگاری ئەکرد. ئیتر کەس نەبوو، لە بەیانیەوە تا ئێوارە چاوەڕێی بکەم و ئێوارە لەگەڵ هاتنەوەی هەموو هەوڵ و توانای خۆم لە پێناوی بزە و نیگایەکی ڕەزامەندانەیدا بەکاربهێنم. ئیتر نیگەرانی ئەوە نەبووم هەتا دایان لە دەرگا بە هەڵاتن بڕۆم و سەرپۆش بدەم بە سەرمدا. بەردیا پێی خۆش نەبوو من لە لای هەڤاڵانی ئەو، کە بە بەردەوامی ئەهاتن بۆماڵی ئێمە، بەبێ سەرپۆش دەربکەوم.

یەکەمجار، کاتێکە داوای لێکردم لە ماڵەوە ڕووسەری لە سەر بکەم، یەک بە خۆم داچڵەکام. بەڵام بەبێ کەمترین نەیاری بە قسەم کرد. ئەو ئێستە ببوو بە فەرمانڕەوای من. لە ماوەی ژیانم‌دا هەموو کەس توانیبووی بمبەزێنێ و بمکات بە کۆیلەی خۆی و ئەوسا کە سێبەری لە سەر ژیانم لاچووبوو، تازە ئەو کاتە پەییم بە کۆیلەبوونی خۆم و ئەو ڕەنجانەی لە بندەستیەدا کێشابووم، بردبوو. بەڵام پەی بردن شتێک نەبوو بە ئاسانی بە دەست هاتبێ. ئەتوانین خوو بە بندەستەبوونەوە بگرین؛ وەکوو ئەو باڵندەیەی پاش ماوەیەکی زۆر ژیانی قەفەس، ئەگەر

دەرگای قەفەسیشی لێ بکرێتەوە، ڕەنگە بۆ ماوەیەک جەربەزەی ئەوەی نەبێ بێتە دەرەوە و تەنانەت ئەگونجێ بکشێتەوە و زیاتر خۆی بلکێنێ بە قەفەسەکەدا. یان کەسێک کە ماوەیەکە لە تاریکیا ماوەتەوە و کاتێکە لەپڕ چراکان هەڵئەکەن، چاوی بە شەوارە[٤٩] ئەکەوێ و توند ئەیقوونجێنێ و پەنا بۆ تاریکی پشت پێڵووەکانی ئەبا.

خەڵکی تر باشتر ئەو خۆرە کۆیلەتیە ئەبینن. ئیتر کەس نەئەهات بۆ سەردانم. چاوپێکەوتنی جار جارە لەگەڵ دۆستان لە هەمان ڕۆژانی هەینی و لە ماڵی حاجی ئەکرا. بەڵام کاتێک بەردیا چوو بۆ ئۆردوو، هەر هەموو بە جارێک سەریان هەڵدا. سەعید تەلەفۆنی کرد و وتی پێنجشەممە دێ بۆ سەردانم. سورەییا کە لەگەڵ عەبە نێوانیان ناخۆش ببوو و من لەم دوو سێ حەفتەی دواییدا پێکەوە نەمدیبوون، وتی ئەویش پێنجشەممە دێ. نێرگز و ئەحمەدیش کە پێنجشەممەکان زیاتر ئەچوون بۆ سینەما، ئەوانیش وتیان دێن.

ئەو شەوە، سەرەڕای ئەوەی بارام سەرمای ببوو و من ناچار بووم تا خەوی لێ ئەکەوێ بەردەوام سەری لێبدەم و ئاگام لێی بێت، بەڵام شەوێکی خۆشمان هەبوو. سورەییا شەرابی خۆماڵی هێنابوو و من، پاش دوو مانگ و چەند ڕۆژ دوو گڵاس شەرابم خواردەوە و بە هەمان دوو گڵاس شۆرێکی مەستانەم پەیدا کردبوو و بێباک لە بوونی سورەییا، بە ئاشکرا خۆم لە سەعید هەڵئەسوو. سەعید تەواو سەرخۆش ببوو و وەک هەمیشە بێدەنگ بوو و گوێی لە پێکەنین و تووڵەکی[٥٠] ئەوانی تر ڕاگرتبوو و لە درزی چاویەوە سەیری منی ئەکرد. هەر جارەی کە

---

٤٩ـ شەوارە: لە داوی ڕووناکی کەوتن. لە «شەوار»ەوە هاتووە، ئەو کاتەی کە دنیا ڕەنگ ئەگۆڕێ و ئەو ڕەنگگۆڕانە، ئەدا لە چاو و ناچار بە تروکاندنی ئەکات ⇦ شەوگار؛ کە کاتی بێژەکردن لە هەندێ ناوچە وەکوو «شەو+وار» ئەوترێ لەگەڵ «شەوار» جیاوازە، لەبەر ئەوەی «گ»ـەکەی «گافی کلۆر»ە.

٥٠ـ تووڵەکی: farce کۆمێدی گاڵتەجاڕی ناو گاڵتە، تیتاڵی؛ شانۆی گاڵتەجاڕی بە سوودوەرگرتن لە دەمامکی ئەسپ و گا بە دیمەنی گاڵتەئامێز و ناوێزەوە د نمایش خنده آور N farce ع مسرحیة هزلیة.

نیگای ئەکەوتە سەر من، ئەوەستا، پزیسکەیەکی لێ ئەبوویەوە و گیانی ئەسووتانم و گشت جەستەمی لە تامەزرۆیی ویستن‌دا ئەلەرزاند.

رەنگە ئەو نیگایانە بوو کە سورەییای والێکرد زووتر بڕوات. ئەحمەد و نێرگزیش وەک بڵێی چاوەڕوانی ڕۆیشتنی ئەو بوون، بەجێیان هێشتین. پاش خولی زێڕینی گوڵسەرا، کە وەکوو خەون و ئەندێشەیەکی شیرین بەڵام دوور خۆیای ئەکرد، ئەو شەوە یەکەمجار بوو کە پێکەوە چەند کاتژمێرێکی خۆشمان هەبوو.

سەعید سەرەتا هات بە سەرما کە بۆچی هەموو دەسەڵاتی ژیانی خۆم داوە بە دەست بەردیاوە. ئەو بە نیگەرانیەوە ئەیوت: «ئەم دۆخە هەم بە زیانی تۆیە و هەم وەزەنگی بۆ بارام ئەبێت، تەنانەت بە زیانی بەردیاش ئەشکێتەوە.» بەڵام من لێی پاڕامەوە باسی ئەو شتانە نەکات. لە نەبوونی بەردیاش‌دا ئەترسام کە پێ بنێتە کەوشەنی ئەو، ئەگەر ئەو کەسە سەعیدیش بوایەت.

نزیکەی سێی نیوەشەو بوو کە ئەو ڕۆیشت. نەمئەویست لەوێ بمێنێتەوە و بارام یان فاتمە خانم چاویان پێی بکەوێ. کاتی ڕۆیشتن بەڵێنی لێوەرگرتم لانیکەم حەفتەی جارێک، کاتێکە مناڵ لە فێرگەن، بچم بۆ لای. منیش بەڵێنم پێدا بەبێ ئەوەی بزانم ئەوە دواین دیداری تایبەتی ئێمەیە.

سەعید کە ڕۆیشت، جارێکی تر سەرم لە بارام دا. لە خەودا بە ڕادەیەکی زۆر لە نێرگز ئەچوو؛ شێوەیەک کە من تا ئەو کاتە هەستم پێ نەکردبوو. گۆنای گووپن، لووتی باریک و ئەو لێوانەی لە هەر دوو لاوە بە شێوەیەکی نازدار کشابوون بۆ خوارەوە، وێنەیەکی بچکۆلانەی ڕوخساری نێرگزی لە بەرامبەرمدا نەخشاندبوو. پێشتر عیسمەت خانم زۆر جار وتبووی بارام لە مناڵی نێرگز ئەچێ و من، لە ڕوخساری نێرگزدا بە دوای ئەو شێوەدا گەڕابووم و نەمبینیبوو. بەڵام ئەو شەوە ئەم وێکچوونە بە ئاشکرا بە ڕوومەتی بارامەوە دیار بوو. ڕەنگە لووتە گیراوەکەی ببووە هۆی ئەوەی توندتر هەناسە بکێشێ و بە

هۆیەوە پەڕەکانی لووتی بە ئەسپایی ئەلەزین. ماوەیەک لەوێ وەستام و سەیری بارامم کرد و بیرم کردەوە بەیانی ئەبێ ئەم دۆزینەوەی خۆم بە نێرگز بڵێم.

سەرلەبەیانی دەنگە دەنگی هاتوچۆ لە دالانەکەی دەرەوەی ئاپارتمان و غەڵبەغەڵبێکی وەکوو دەنگی نێرگز وابێ، خەبەری کردمەوە. کاتژمێری لای سیسەمەکە حەوت و بیست خولەکی پیشان ئەدا. ڕۆبەکەم لەبەر کرد و چووم بۆ هۆڵەکە. پەرداخ و قاپ و قاچاخەکان هێشتا لە سەر مێزەکە بوو. چووم بۆ ژوورەکەی بارام. خەوتبوو و بە ئارامی هەناسەی ئەکێشا. دیسانەوە دەنگێکم لە دەرەوە بەر گوێ کەوت. دەرگای ئاپارتمانەکەم کردەوە و لە درزی دەرگاکەوە سەیری دەرەوەم کرد. لە وەرگێڕی پلیکانەکاندا چەند پاسدار خەریکی بردنی بەستەیەک بوون و لە بەردەم دەرگا کراوەکەی ئاپارتمانی ئەحمەددا دوو پاسدار پێکەوە خەریکی گفتوگۆ بوون.

دەرگاکەم داخستەوە و بە پەلە جلم لەبەر کرد و ڕووسەریەکەم دا بە سەرمدا و دەرپەڕیمە دەرەوە. پێش ئەوەی لە دەرگای ماڵەکەی ئەحمەد نزیک ببمەوە پاسدارێک هات بەرەو ڕووم و لە کاتێکا لوولەی تفەنگەکەی تێکردبووم، بە تووڕەییەوە وتی:

ــ خوشکە، بگەڕێوە بۆ ماڵی خۆت.

ویستم شتێک بڵێم، بەڵام هەستم کرد زمانم قفڵ بووە. پاسدارەکە کە نیگایەکی دژوێنی هەبوو، پاڵی پێوەنام و بە توندی دەرگاکەی لێ داخستم.

لە پشت دەرگاکە بۆ ساتێک بە حەپەساوی مامەوە و پاشان هەڵاتم بەرەو چێشتخانە. دەرگای باڵکۆنەکەم بەرەو شەقام کردەوە. بەفری شەو هەموو لایەکی سپی کردبوو. لە بەردەم باڵەخانەکە چەندین ئۆتۆمۆبیل و خەڵکێکی نەناسراو ئەبینرا. دوو پاسدار دوو تابلۆکەی «زریانی ڕەش» کە ڕوویان لە حەوا بوو، هەڵگرتبوو و خەریک بوون

ئەیانخستە ناو پیکاپێک. جێ پێیانم لە سەر بەفرەکان بینی بە مەزنی پۆستاڵەکانی سەر تابلۆکە ئەبوون.

گەڕامەوە ژوورەوە و لە کونی دەرگاکەوە سەیری ناودالأنم کرد. هیچ شت و هیچ کەس نەئەبینرا. بەڵام نەشم وێرا جارێکی تر دەرگا بکەمەوە. وتم زەنگ لێ بدەم بۆ حاجی. ترسام ئەگەر بزانێ نێرگز، لەبری ئەوەی لە لای من بمێنێتەوە، چووە بۆ لای ئەحمەد، تووڕە ببێ یان دڵی بکەوێتە مەترسییەوە. تەلەفۆنم بۆ سەعید کرد و دەسبەجێ پاش ئەوەی دەنگی خەواڵوویم بیست وتم:

ــ پاسدارەکان ڕژاونەتە ماڵی ئەحمەد. خەریکن تابلۆکانی ئەبەن... نازانم ئەحمەد و نێرگز چییان بە سەر هاتووە... نازانم...

هەموو ئەمانەم بە پەلەپەل و نیوە بە فارسی و نیوە بە ئینگلیزی وت و گریانێکی لەپڕ، کە ئەنجامی ئەو ترس و تۆقانە بوو، قسەکەی پێ بڕیم. سەعید کە ئیتر دەنگی خەواڵوو نەبوو وتی:

ــ خۆت مەشەمزێنە لووبا. ئارام بگرا و بە ڕێکوپێکی پێم بڵێ چی بووە. پاسدارەکان کەی هاتن؟

ــ نازانم، بەڵام هێشتاش ناودالأنەکانی خوارەوە پڕە لە پاسدار.

ــ زۆر چاکە، زۆر چاکە... تۆ لە ماڵەوە مەچۆرە دەرەوە. دەرگاش بۆ کەس مەکەرەوە. من هەر ئێستە دێم.

بیستۆکی تەلەفۆنەکەم دانایەوە و دیسان چوومەوە بۆ باڵکۆن. پاسداری لێ نەمابوو و ئۆتۆمۆبیلەکان خەریک بوون ئەڕۆیشتن. هەوڵم دا سەیری ناو ئوتۆمۆبیلەکان بکەم، بەڵام لەو سیلەوە[٥١] هیچ نەئەبینرا. گەڕامەوە بۆ ناودالأن. چوومە پشت دەرگای ماڵەکە و گوێم نا بە دەرگاکەوە. هیچ دەنگێک نەئەهات. لە کونەکەوە سەیرم کرد کەس دیار نەبوو. لەگەڵ ئەوەی سەعید وتبووی دەرگا نەکەمەوە، بە ئارامی کردمەوە و سەیرێکی دەرەوەم کرد. هیچکەس لە بەردەم

ـ٥١ سیلە: corner, trajectory, direction ناو گۆشە، گۆشەی ڕوانین، گۆشەی دیوار، ئاراستە، ئاقار. ع الزاوية، المسار N vinkel, bane د زاویە، خط سیر.

ماڵی ئەحمەددا نەبوو، کە ئێستا ئیتر دەرگاکەی داخرابوو. ئەمویست بڕۆم و بدەم لە دەرگا، بەڵام ترسام پاسدارەکان هێشتا لەوێ بن. دەرگاکەم داخستەوە... لە لای سەرییەوە دانیشتم و چاوم تێبڕی. لەگەڵ کزبوونی ڕووناکی، ڕوخساری سپی و سپی تر ئەبوو؛ بە دوو کونی بچکۆلە لە سەرووی برۆی چەپ و تەوێڵیەوە دەمیان کردبوویەوە. جووڵەم لێبڕابوو. ئەترسام دراوسێکان سێبەرەکەم ببینن. حەزم ئەکرد هەموو وا بزانن لەوێ ڕۆیشتووم. ئەمزانی دراوسێکان، سەرەڕای ئەو هەموو ترسەی لە نزیککەوتنەوە لە ئێمەیان هەبوو، هیچ بە پاراستن ناڵێن. لەو ناوچە هەژار و نەدارە، جگە لە سیخوڕەکان، هەموو کەس ڕقی لێیان بوو. سەرەڕای ئەوەش نەم ئەتوانی دڵنیا بم لەو سەرانەی کە کاتژمێرێک پێشتر بە دزییەوە سەیریان کردبووم؛ یەکیان سیخوڕ نەبووبێ. بیرم ئەکردەوە هەر ساتە و پۆلیس ئەڕژێتە ژوورەوە و لەگەڵ خۆی ئەمبا و بە گوللەیەکی بێدەنگ، هەر لەوێ لە تەنیشت باوکمەوە ڕام ئەکێشن. شادمان بووم میلان حەفتەیەک بوو لێم جیا ببوویەوە و نەچووبوویەوە بۆ ماڵەوە و ئەگەر ئەوان بچن بۆ ماڵی من، نایدۆزنەوە. پاشان بیرم لە جولیا کردەوە. تەنها کەس کە ئەمتوانی بچم بۆ ماڵی. پاشان بیرم کردەوە، ئەگەر باوکم ئاشکرا بووە، کە وابوو ئەویش ئاشکرا بووە؛ وەکوو من، وەکوو میلان و وەکوو ئەو سی چل کەسەی پەیوەندیمان پێکەوە هەبوو. ئارەزووم ئەکرد شەو زووتر لە هەمیشە بگات، تا من بتوانم لەوێ هەڵێم. باڵام شەو نەئەهات و من بەبێ جووڵە و تۆقاو لەوێ دانیشتبووم...

دەنگی قفڵی دەرگاکە دایچڵەکاندم، وەکوو گیانەوەرێک بۆنی مەترسی کردبێت ئامادەی بەرگری بێت، بەرامبەر دەرگاکە وەستام. فاتمە خانم کە هاتە ژوورەوە، بیرم کردەوە کاتژمێر هەشت و نیوە و کاتی هاتنی ئەوە لە ڕۆژانی هەینیدا. بە بینینی من لە ناودالانەکەدا خۆفێک ڕژایە چاوە بچووکەکانی.

ــ چی بووە خانم؟ خوا خراپ نەهێنێتە ڕێمان، چی بووە؟

دیسانەوە لە ناودالآنەکەدا بەر بوومەوە و بە دەنگێک کە پێم وابوو ئەو نای بیسێ، وتم:

ـ پاسدارەکان ڕژابوونەماڵی ئەحمەد.

ـ ماڵی ئەحمەد ئاغە؟

سەرم ڕاوەشاند و وتم:

ـ نێرگزیش لەوێ بوو.

ئەویش لە لامەوە دانیشت و وتی:

ـ نێرگز خانم ئێستە لە کوێیە؟

بە داماوی و بێدەسەڵاتیەوە وتم:

ـ نازانم... نازانم ئێستە لە کوێیە!

فاتمە خانم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، هەڵسا و، بە هەنگاوی خێرا چوو بۆ لای دەرگاکە و لە پاش ساتێک دەنگی دەرگا لێدانەکەیم بیست. ماوەیەکی پێچوو تا گەڕایەوە و وتی:

ـ هیچکەس لەوێ نییە خانم. بە حاجیئاغەتان وتووە؟

ـ نەء... بە سەعید خانم وتووە.

فاتمە خانم ئارام و لەسەرخۆ، دەستی دایە ژێر باڵم و بردمی بۆ لای موبلەکە و، من خۆم هاویشتە سەری.

ـ هەر ئێستە چات بۆ دروست ئەکەم.

بە گورجوگۆڵی چوو بۆ چێشتخانە و پاش تۆزێک هاتەوە ئەم دیو و کەوتە کۆکردنەوەی دەفر و پەرداخەکانی سەر مێزەکە و لە هەمان کاتدا بە دەنگی بەرز وتی:

ـ هەندێ لەمانە هەروان، ئەڕژێنە ماڵی خەڵک، بەبێ ئەوەی خەڵک بناسن، ئەیانگرن و ئەیانبەن. بەڵام ئەمجارەیان خۆیان تووش کردووە. ئەبینی کاتێکە حاجی بزانێ کچەکەیان بردووە چۆن ئەکەونە گوو خواردن. نیگەران مەبە... مەگەر حاجی ئەهێڵێ تاڵە قژێک لە سەری کچەکەی کەم بێتەوە؟ مەگەر...

ئەو قسەی ئەکرد و من ئەترسام پاسدارەکان لەپڕ پەیدا ببنەوە و

لە پشت دەرگاکەوە دەنگی ببیسن؛ بەڵام هێزی ئەوەم تیا نەبوو پێی بڵێم هێواشتر قسە بکات یان هەر قسە نەکات. دەستم ئەلەرزی و هەستم بە زەلیلی و داماوی ئەکرد. کە سەیری خۆم کرد بۆم دەرکەوت بەس ئەزانم وەکوو عیسمەت خانم دابنیشم و بگریم و هیچ کارێکی ترم لە دەست نایەت. بیرم کردەوە ئەگەر نێرگز لە بری من بوایەت چی ئەکرد؟ پێم وانییە ئەو بە پاڵێکی پاسدارێک کۆڵی بدایەت و بخزایەتەوە ماڵەوە یان ئارامی بگرتایەت. بۆچی نەمکرد بە قیژە و هەرا؟ بۆچی پێم نەوتن نێرگز کچی حاجیە جەلالیە؟ بۆچی...؟ ڕقم لە خۆم هاتەوە و... فاتمە خانم هەر قسەی ئەکرد...

کە دایان لە دەرگا، یەک بە خۆم داچڵەکام، بەڵام نەمتوانی بە فاتمە خانم بڵێم دەرگا نەکاتەوە. ئەو بە گورجوگۆڵی هەمیشەیی خۆی بەرەو دەرگاکە چوو و پرسیاری کرد کێیە؟ و پاشان لە کاتێکە پەنجەی ئەنا بە دوگمەی ئایفۆنەکەدا، وتی: «سەعید خانە.»

سەعید بە سەروقژی ئاڵۆسکاو و پاڵتاوێک کە بەفری لێ نیشتبوو هاتە ماڵەوە. ڕووسەرییەکە هێشتاش بە سەرمەوە بوو و تا ناوچاوم هاتبوو، لە سەرم داگرت و خستیە لایەکەوە و وتی:

ــ نیگەران مەبە بە عەبەم وت بڕوات و حاجی هەڵگرێ و بچن بۆ کومیتەی سەرەکی. ئەبێ تا ئێستە گەیشتبێتن.



سەعید بە باشی نەئەزانی لەگەڵ حاجی بچێ بۆ کومیتە. هەرچەند کەس ڕوخساری ئەوی نەئەناسی و ئەو وتارەکانی بە ناوی خواستەمەنیەوە ئەنووسی، بەڵام بۆی هەبوو یەکێک لە دۆستانی کۆن، کە پاش ڕاپەڕین چوونەتە لای حکوومەت، بیناسێتەوە، بۆیە بە تەلەفۆن بە عەبەی وتبوو، هەرچەند دوو سێ مانگ ئەبوو پەیوندی لەگەڵی نەمابوو. عەبە کێشەی لەگەڵ حکوومەتیەکان نەبوو و بە پێی بەرنامە و بۆچوونی حیزبی توودە پاڵپشتیان لە هەموو کارەکانی ڕژیم ئەکرد.

عەبە چووبوو بۆ ماڵی حاجی و بە بیانووی یارمەتیدانی عەلی خوشکەزای، کە تەنها بە زمان پشتگیری لە موجاهیدین ئەکرد، وتبووی بە بێهۆ گرتوویانە و گیانی لە مەترسیدایە. حاجیش لە کاتێکا قسەی ئەوت بە هەرچی مناڵی زمان نەزانە جلی لەبەر کردبوو و لەگەڵ عەبە لە ماڵ دەرکەوتبوون.

عەبە لە ناو ماشینەکە و پێش ئەوەی بکەونە ڕێ، وتبووی:

ــ ڕاستەکەی قوربان، حەزم نەکرد لە بەردەم عیسمەت خانم بیلێم. ئەوان ئەحمەدیان نەگرتووە، نە عەلی.

ــ ئەحمەد؟

ــ بەڵێ.

ــ ئەویان بۆچی گرتووە؟ مەگەر ئەویش کومۆنیستە؟

ــ نە مامەگیان... نازانم بۆچی گرتوویانە... بەڵام... ئەزانی چۆنە... ئاخر نێرگزیشیان گرتووە!

حاجی بە هەموو قەڵافەتیەوە هەڵگەڕایەوە بۆ لای عەبە و بە دەمێکی داچەقاوەوە لێی مۆڕ ببوویەوە. عەبە چاوی لێ دزیەوە و پێی وت کە هەر دووکیان لە ماڵی ئەحمەد گرتوون. ماشینەکەی هەڵکردبوو و بەبێ ئەوەی بکەوێتە ڕێ لێی زیاد کردبوو:

ــ نێرگز و ئەحمەد ئەیانەوێ زەماوەن بکەن.

خۆشی نەی ئەزانی بۆچی ئەو درۆیەی کرد. ڕەنگە پێی وابوو، ئەم قسەیە، دزێوی بوونی نێرگز لە ماڵی ئەحمەد، دائەشارێ. لە ئێران تەنانەت پێش ڕاپەڕین، کەم کچ یان ژنێک هەبوو شەو لە ماڵی پیاوێک بمێنێتەوە کە شوو یان خزمی نەبوایەت. پاش ڕاپەڕین ئەم بارە خراپتر بوو. ڕۆژ نەبوو لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی قامچیلێدان یان تیرەبارانی «زیناحکاران» نەنووسرابێ.

حاجی ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو و فرمێسک لە چاوەکانی هەڵئەقوڵی. عەبە کەوتە ڕێ و حاجی یەک بە خۆی نەڕاندی:

ــ ئەی من بۆچی ئەبەی؟ بچم بۆ ئەوێ و بڵێم بۆچی کچەکەمتان بە تاوانی زیناح گرتووە؟

عەبە بێدەنگ بوو، بەڵام ئۆتۆمۆبیلەکە هەر ئەڕۆیشت. پاشان لەسەرخۆ وتی:

ــ زیناح نەبووەمامەگیان... بوونی ژن و پیاوێک لە ماڵێکدا بە واتای زیناح نییە. خۆتان ئەو شتانە باشتر ئەزانن. جگە لەوەش ئەوان ئەیانویست هاوسەرگیری بکەن. دەزگیران بوون. بفەرموون خۆتان «سیغە»تان کردوون.

ــ درۆش بکەم؟ نەنگەکەش بە درۆ بشارمەوە؟

ــ نەنگ نییە مامە گیان. خۆتان هەمیشە فەرمووتانە هاوسەرگیری واتە پێکەوەبوونی دڵخوازانەی دوو مرۆڤ.

وتی و وتی، تا گەیشتن بە کومیتەی سەرەکی. حاجی بە ڕواڵەت

ئارام ببوو. عەبە کە بە دوای حاجیدا ئەڕۆیشت بە شانازییەوە سەیری حاجی ئەکرد کە سەری بەرز ڕاگرتبوو و لە پلیکانەکانی کومیتە سەر ئەکەوت. بەڵام بیر کردنەوە لەم پیاو و ئەوەی کە ئەبێ دفرەی بریندارکراوی لە بەرچاوی ئاخوندی بەرپرسی پاسدارەکاندا بشارێتەوە، دڵی کەوتە ژان.

ساتێک پاش چوونە ژوورەوەی حاجی تەلەفۆنەکان بە خێرایی کەوتنە کار. بەرپرسی کومیتە چەندین جار چوو بۆ ژوورەکەی تەنیشت و هاتەوە و لە کۆتاییدا وتی ئەحمەد بیست و چوار کاتژمێری تر بەرئەدرێ، بەڵام هەر ئەمڕۆ ئەتوانن نێرگز لە کومیتەی ئەمیرییە ببەنەوە.

ئینجا ڕاست لەو کاتەدا کە حاجی ئەیویست هەڵسێت، هەمان بەرپرس، ئارام و بە منجەمنج وتی:

ـ قوربان ئەبێ لێمان ببوورن، ڕوومان ڕەش بێ... نەحلەت لەم گەنجە نەزانانە... بەبێ ئەوەی لێ بکۆڵنەوە حاجی زادەیان... تەعزیز کردووە.

کە حاجی بە توندی ڕاچڵەکا و بە مشت دای بە ئەژنۆی خۆیا و بە دەنگێکی بەرز وتی: «الله و اکبر، الله و اکبر» و ڕووی لە ئاخوندەکە وەرگێڕا. ئاخوند سەیرێکی عەبەی کرد کە فرمێسک و تووڕەیی لە چاوەکانی هەڵئەقوڵا و خۆی کۆنترۆڵ ئەکرد نەوەک بێتە زمان و لە بن لێوەوە وتی:

ـ خۆزگە کاغەزی سیغە شەرعیەکەیان لەماڵەوە هەبوایە... خۆزگە...

ئینجا حاجی بەڕاندی:

ـ خەڵکی چووزانن ئێوە وەخت و ناوەخت ئەڕژێنە ماڵەکانیان... لە کوێوە؟

حاجی ڕابوو. ئاخوند ڕوخسارێکی شەرەمزاری هەبوو، تا بەر دەرگا و لای پلیکانەکان حاجی بەڕێ کرد و، کاغەزی ئازادییەکەی

نێرگز کە هێشتاش نەیوێرابوو بیدا بە دەست حاجیەوە، دای بە عەبە. حاجی بەبێ ئەوەی سەیری بکات، یان وشەیەکی مالآوایی بڵێت، پێی نایە سەر پلیکانەکان. لە یەکەم پلیکان ئەژنۆی نووشتایەوە و عەبە دەستی دایە بن باڵی و تا لە پلیکانەکان چوونە خوارەوە هەروا بردی. کاتێکە گەیشتنە ڕاستایی شەقامەکە حاجی پشتی ڕاست کردەوە، سەیرێکی باڵەخانە گەورەکەی پەرلەمانی یادگاری شۆڕشی مەشروتە، کە ئەو ڕۆژانە ببوو بە شوێنی کومیتەی پاسداران، کرد و لەبەر خۆیەوە نالآندی. پاشان بە عەبەی وت:

ـ نێرگز ببە بۆ ماڵی خۆتان. باشتر وایە عیسمەت نەیبینێ. بۆ منیش تاکسی بانگ بکە.



جەخت و نەیاری سەعید، بۆ ئەوەی لە چوون بۆ ماڵی سورەییا و عەبە ژێوانم بکاتەوە، کاریگەر نەبوو. ڕووسەریەکەم دا بە سەرمدا و لەگەڵی کەوتمە ڕێ. لەو کاتەوە نێرگزیان بردبوو تا ئەو کاتەی عەبە تەلەفۆنی کردبوو و وتبووی: «نێرگز لێرەیە، بەڵام ئەحمەد بەیانی ئازاد ئەکرێ.» زیاتر لە چوار کاتژمێری خایاندبوو. من تا ڕادەیەک هاتبوومەوە سەر خۆم، بەڵام وا دیار بوو لەگەڵ تێپەڕینی کات، سەعید زیاتر هەڵئەچێ و نیگەران ئەبێت. لەو ماوەیەدا تەلەفۆنی بۆ زۆر کەس کردبوو و داوای لێکردبوون چاوپێکەوتنەکانیان تێک بدەن. ئەترسا شەپۆلی بگربگر، کە هەندێجار لەپڕ پەرەی ئەسەند، دیسانەوە دەستی پێکردبێت. لە نێوانی هەر دوو تەلەفۆن، لە ناو ژوورەکەدا ئەهات و ئەچوو؛ ئەتوت ئەیەوێ هەندێ بەڵگە و نیشانە بدۆزێتەوە و هۆی گرتنی ئەحمەد و نێرگزی بۆ ڕوون ببێتەوە. کاتێکە عەبە هەواڵی ئازادی نێرگزی پێ دابووم، پێش ئەوەی من ئەم هەواڵەی بۆ بگێڕمەوە، بیستۆکەکەی لێ ڕفاندبووم و پرسیبووی:

ـ پێم بڵێ عەبە، چی بووە؟

ئینجا گوێی ڕاگرتبوو. ڕوومەتیم بینی کە سەرەتا سوور هەڵگەڕا و پاشان زەرد بوو. وتبووی:

ـ هەر ئێستا دێم.

هەر ئەو کاتە منیش وتبووم:

ـ منیش دێم بۆ لای نێرگز.

سەعید چەندە هەوڵی دا کە من نەچم، بۆی نەکرا و کاتێکە زانی هەر ئەچم، وتی قەمچیان داوە لە نێرگز و زیادی کردبوو: «لووبا تۆ تاو ناهێنی سەیری بکەی!»

قسەکەیم لەبەر گران بوو. دیسانەوە لەوەی کە سەرلەبەیانی ئەوەندە دەست و پێ سپیلکە و بێدەسەڵات بووم، ڕقم لە خۆم ئەبوویەوە. بەبێ ئەوەی وەڵامی ئەو بدەمەوە بە فاتمە خانمم وت بارام ئامادە بکات هەتا لە سەر ڕێ ئەویش لە ماڵی حاجی دابنێین.

سورەییا کە چاوەکانی بە هۆی گریانەوە سوور ببوو، سەیری کردم و وتی:

ـ خەوتووە لووبا. ئارامگری بە هێزم لێداوە.

سورەییا بەبێ قسە چوو بەرەو ژووری خەو و منیش کەوتمە شوێنی. نێرگز بە سەر سکا لە سەر تەختەکە خەوتبوو. چەرچەفێکی سپی لەشی داپۆشابوو و تەنها شانە ڕووت و قژە پڕە پەلکەکراوەکەی ڕژابوو بە سەر باڵنجەکەدا. دەوری سیسەمەکەم دایەوە تا ڕوخساری ببینم. ڕەنگی پەڕیبوو و ئاوسابوو. وەکوو کەسێکە پاش گریانێکی درێژ و قورس خەوی لێکەوتبێ. سورەییا بە چرپە وتی:

ـ برینەکانی قووڵن. بێشەرەفانە زۆر خراپ لێیان داوە.

جەمسەری چەرچەفەکەم گرت و بە ئەسپایی هەڵم دایەوە. سورەییا چەرچەفەکەی گرت و وتی:

ـ وریا بە.

خۆی بەرزی کردەوە. نێرگز هیچی لەبەردا نەبوو. پێستی دەموچاوی پەمەیی بوو و، لە پەیکەری ئاناهیتا ئەچوو کە تازە لە خاک ئەیهێننە دەرەوە. کۆمەڵێک هێڵی خواری سوور، بە سەر سمت و پشت ڕانەکانیەوە، گۆشت لە نێوان پێستە هەڵدڕاوە ڕەنگ مردووەکان لە ژێر

مەڵهەمێکی کرێمی ڕەنگدا، دەرپەڕیبوونە دەرەوە. هێڵی باریکی خوێنی تازە وشکەڵاتوو جێ جێ هێڵەکانی لە ئاقاری خۆی لار ئەکردەوە. هێڵەکان تێکەڵ و پێکەڵ تا نزیکی پشت ئەژنۆی ئەڕۆیشت و پێستە گەنجەکەیان شەقار شەقار کردبوو. چەرچەفەکەم بەردا و سورەییا بە ئارامی دایەوە بە سەر نێرگزدا. پاڵم دا بە دیوارەکەوە. ستێلا بە تووڕەییەوە گۆرەوییە ئەستوورەکانی کە وەکوو پووزەوانەی ڤاریس[٥٢] وابوو و قاچەکانی بەرامبەر ڕوخساری میلان ڕاگرت و قیژاندی: «ئیتر مەڵێ درێژەی بدە. ناتوانم... لەوە زیاتر خۆم پێ ڕاناگیرێ. بڵێ ترسنۆکم، بڵێ لاوازم، بەڵێ، هەم. بەڵام ئەگەر تۆ گەیشتیتە ئەم ڕۆژە و نەبووی بە ترسنۆک، هەقت هەیە.» قاچەکانی، بە بن پێ و قوڵی ڕێزێ و هەڵتۆقاوی وەکوو سووتاوی، بەبەر چاوی میلانەوە ئەلەرزی. ساڵێک ئەبوو بەردرابوو و هەتا ئێستە هیچی نەوتبو. میلان قاچی گرت و بە نەرمی داینایەوە سەر عەرز و وتی: «ئەوان خۆ نەیان ئەزانی و نەیانزانی تۆ چیت کردووە، ئەی بۆچی وایان لێکردوویت؟» ستێلا سەیرێکی چاوە بە ئەسرینەکانی منی کرد و سەری داخست. پاشان لە کاتێکا گۆرەوییەکانی لەپێ ئەکرد، وتی: «نازانم. ڕەنگە ئەیانزانی ئەو کارانەم پێ ئەکرێ و ئەیانویست پێشگیری بکەن و کردیان... ئەوە نییە سەرکەوتوو بوون؟!»

سورەییا بە ئەسپایی لە بن گوێمدا وتی:

ـ بڕۆین بۆ ئەو دیو...

سەعید و عەبە لە هۆڵەکە دانیشتبوون و بە دەنگێکی ئارام قسەیان ئەکرد. لای خۆم وتم ڕوداوێکی خێزانی بووە بە هۆی ئەوەی ئەو دوانە دیسانەوە پێکەوە دانیشن و قسە بکەن. لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ئێمە، قسەکەیان بڕی. سەعید لە سورەییای پرسی:

ـ کەی دێتەوە هۆش خۆی؟

٥٢ـ ڤاریس: varicose نەخۆشی ناو ڤاریکۆز، ئاوسان و درێژبوونەوەی پێچاوپێچی خوێنبەرەکان. ع الدوالي N åreknuter د واریس.

سورەییا خۆی هەڵدایە سەر موبلەکە و وتی:
لانیکەم ئەبێ سێ کاتژمێری تر بخەوێ.
سەعید هەڵسا و وتی:
ــ کە وابوو باشتر وایە من بڕۆم، بزانم چیم پێ ئەکرێ بۆ ئەحمەد.
وتم:
ــ مەگەر بڕیار وانییە بەیانی ئازاد بکرێ؟
عەبە لە بری ئەو وەڵامی دایەوە:
ــ بە حاجیان وا وتووە، بەڵام کاتێکە چووم بۆ کومیتە وا دیار بوو ئەحمەد بارێکی باشی نییە.
سورەییاش لێی زیاد کرد:
ــ نێرگز بەس نیگەرانی ئەحمەد بوو. ئەیوت ئەوان پێیان وا نەبوو کە من لە ماڵی ئەحمەدم. واتە بۆ نەیان زانیبوو ژن لە ماڵی ئەحمەدە. هەرچی هەیە پەیوەندی بە تابلۆکانی ئەحمەدەوە هەیە. بەڵام نێرگز لەوە خراپتر بوو کە بکرێ هیچی لێ بپرسی.
سەعید لە کاتێکا لە دەرگاکە ئەچووە دەرەوە وتی:
ــ من تا چەند کاتژمێری تر ئەگەڕێمەوە.
ئێمە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لەو ژوورە دانیشتین، بەبێ ئەوەی قسە بکەین. هەر کاممان لە جیهانی خۆمان‌دا کەوتبووینە مەلە.



سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی، کاتێکە ئەحمەد و نێرگز بە لای یەکەوە خەوتبوون، دەنگی دەرگا بەرزەوە بوو؛ ئەوەندە بە ئەسپایی کە تەنها ئەحمەد بیستی و ــ بە ئەندێشەی ئەوەی ڕەنگە کێشەیەک بۆ من هاتبێتە پێشەوە و چووبم بۆ لایان ــ شتێکی لەبەر کردبوو و دەرگای کردەوە. لە چاو تروکانێکدا پێنج شەش پاسداری چەکدار ڕژانە ژوورەوە و یەکیان بە قۆنداخی یووزییەکەی دای بە سینگی ئەحمەددا و تەختی کرد. ئەو ئاخەی لە سینەی ئەحمەدەوە بەرز بوویەوە، نێرگزی و بە کراسی خەوەوە هینا بۆ ناودالان. بە بینینی پاسداران و ئەحمەد بۆ ساتێک وڕ و واق لە شوێنی خۆی وشک بوو و پاشان هەلاتەوە بۆ ژوورەوە و چرچەفێکی لە خۆیەوە ئالاند و لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی من و سەعید، کە پێی وابوو هێشتا لە لای منە، ئاگادار بکاتەوە، قیژاندی:

ـ ئێوە کێن؟ بۆچی ڕژاونەتە ئێرە؟

پاسدارەکان کە گوایە چاوەڕانی بینینی یەکێکی تر نەبوون، ئەوانیش شەڵەژان و هێرشیان بۆ برد. پاسدارێک لە بەردەم دەرگای ژووری خەودا دەمانچەکەی گرت بە بەر ڕوومەتیەوە ونەڕاندی:

ـ بێدەنگ بە ژنەتیوەی قەحبە... ئێمە شەهیدمان داوە بۆ ئەوەی ئێوە ڕابوێرن؟

ئەوسا پاسدارێکی تر هاتبوویە پێشەوە و دەستی نێرگزی گرتبوو

و فڕێی دابوویە سەر موبلەکە. نێرگز دیسانەوە قیژاندی:

ـ بۆچی ڕژاونەتە ئێرە؟

ئەمە ئەو دەنگە بوو کە من بیستبووم.

پاسدارەکان بە پەلە دەست و دەمی نێرگزیان بەست و بەو چەرچەفەوە لە خۆی ئالاندبوو بردیانە دەرەوە. نێرگز پێش ئەوەی سەری بکەن بە ژێر چەرچەفەکەوە، بینی پاسدارێک قوماشێکی دا بە سەر ئەحمەددا و خەریکە ئەیباتە دەرەوە. ئەحمەد چەمابوویەوە و بە بێدەنگ ئەڕۆیشت.

لە کومیتە، بەبێ ئەوەی ناوی نێرگز بپرسن، یەکەم پرسیاریان ئەمە بوو:

ـ چ پەیوەندییەکت بە ئەحمەدی سەرشارەوە هەیە؟

نێرگز وتی:

ـ دەزگیرانین و بڕیار وایە زەماوەند بکەین.

لە دڵیشی‌دا ئارەزووی کرد ئەحمەدیش هەمان قسە بکات. بەڵام لێکۆڵەر ددانی لە جیڕەوە هێنا و وتی:

ـ دەزگیران! ها؟ زیناحکاری نەگبەت.

نێرگز وتی:

ـ ئەتوانن لە باوکم بپرسن. مسۆگەر ئەو ئەناسن. حاجی...

لێکۆڵەر نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات و قیژاندی:

ـ بێدەنگ... تا نەمپرسیوە قسە مەکە.

و لەبەر خۆیەوە مڕاندی:

ـ ریخۆڵەی ڕاست لە سکی هیچکامتان‌دا نییە.

پاشان لە سەر تابلۆکانی ئەحمەد پرسیاری کرد. تابلۆکان، چڵکن و تەڕ و شکاو، یەکە یەکە و بە پەلە ئەهێنران، پیشانیان ئەدا و داوایان لێ ئەکرد هێڵەکان و وێنەکانیان بۆ لێک بداتەوە. نێرگز هەندێ ڕستەی کورتی وت. بۆ ێنە: «واتایەکی تایبەتی نییە.» یان «یاریکردنە بە ڕەنگەکان.» و هیوادار بوو من دەنگی ئەوم بیستبێت. باوکیم ئاگادار کردبێت و ئەوان لەپڕ بگەن.

پاشان تابلۆی «زریانی ڕەش»یان هێنا کە چەند دانە لە گوڵەکانی ببوو بە ژێر پەڵەی قوڕەوە:

ــ ئەمەیان مسۆگەر باش ئەزانی لێک بدەیتەوە. عابای حەزرەتی خاڵخاڵی و دژە شۆڕشە تیربارانکراوەکان و...

نێرگز بە پەلە وتی:

ــ من هەر لە وێنە و تابلۆ سەر دەرناکەم. هیچ واتایەکی تایبەتیشیان بۆ من نییە.

لێکۆڵەر نەڕاندی:

ــ زیناحکاری دژی شۆڕش، ئێستە ئیتر واتای نییە؟

فەرمانی دا بیبەن. نێرگز شادمان بوو و بیری کردەوە لێکۆڵینەوە چەندە دوا بکەوێ بۆ ئەو باشترە.

بەڵام پاسدار هاتن و خاولیەکیان خنی بە دەمیا و لە کاتێکا سەر و لەشی لە ژێر چەرچەفەکەدا بوو و بە توندی پەلەقاژەی ئەکرد، بردیان بۆ حەوشەی کومیتە و لە سەر قەرەوێڵەیەکی تەڕ لە ناوەڕاستی حەوشەدا خەواندیان. دوو ژن بە چارشێوی ڕەش و دەمامکەوە، قولاپەیان گرت و دوو ژنی چارشێو بە سەری تر هەر کامە و لە سەر دەستێکی دانیشتن. یەکێک لە پاسدارەکان قامچیە کەیبڵە دەسکدارەکەی بە دەوری سەری‌دا هەڵسووڕاند و ڕایکێشا بە پشت ڕانی نێرگزدا.

نێرگز لە پاش قامچی پانزەهەمی لە بیر نەبوو. لەوە زیاتر نەیتوانیبوو زەبرەکان بژمێرێ و بە ژمارەی هەشتا بگات کە بۆیان بڕیبوویەوە. سەرەتا لە زۆری ئێش چەند جار ناوچاوی کوتا بە لێواری قەرەوێڵەکەدا. یەکێک لە ژنەکان سەری ڕاگرتبوو و نەی ئەهێشت لەوە زیاتر ئەو کارە بکات و نێرگز لە هەمان کات‌دا ئەحمەدی دیبوو لە سەر قەرەوێڵەیەکی تر خەوێنراوە. ئەوسا بوو کە سەرەڕای گوشاری ژنە و لەگەڵ زەبری قامچی لە سەر سمتی، سەری بەر ببوویەوە.

کاتێکە، سەتڵێک ئاویان کرد بە سەری‌دا و بە جنێوی پیس هێنایانەوە هۆش، هیچ ئازاری نەبوو، بەڵام سەرمای بوو؛ سەرمایەک

کە هەموو گیانی وەکوو شەقشەقە هێنابوویە لەرزین و نەی ئەتوانی خۆی ڕابگرێ. خاولیەکە لە دەمی‌دا نەبوو و قاچەکانی ئازاد بوون، بەڵام ددانی قفڵ ببوو و دەست و پێی هەر کام بە لایەکدا شۆڕ ببوونەوە و ئەلەرزین. وەکوو بیانەوێ لە لەشی جیا ببنەوە و لە دەستی ڕابکەن. یەکێک لە ژنەکان لە لایەوە دانیشتبوو و هەندی شتی پێ ئەوت. جنێو نەبوون. هەندی شتی وتبوو کە نێرگز تا ماوەیەک نەئەهاتەوە بیری.

سێ مانگ پاش ئەوە بوو کە نێرگز پێی وتم:

ــ ژنە دەنگی گڕ بوو؛ ئەتوت بوغزی کردووە. ئەیوت: «تۆبە بکە و دەست لەم کارانە هەڵبگرە... ئەمە تونها تۆزێکە لەو ئازارەی لەو دنیا ئەیچێژی!» و نێرگز دڵی بۆ ئەو ژنە ئەسووتا و ئەیوت: «کارێکی ئاسان نییە دەست و پێی یەکێک بگری و بە لایەوە بوەستی ئەشکەنجەی بکەن، چێژی لێ وەرنەگری، جەزرەبە بکێشی، بەڵام بڕواشت پێی هەبێ.»

نێرگز بە شان و باهۆی ئەو ژنانەوە برا بۆ یەکێک لە ژوورەکانی کومیتە. بە سەر سکا لە سەر مۆکێتی ناو ژوورەکە پاڵیان خست و ڕۆیشتن. تەنها ئەو ژنەی دڵی بۆی سووتابوو بە لایەوە مابوویەوە؛ قژی کۆکردەوە و بۆی کرد بە پەلکە و چەرچەفێکی وەکوو چارشێوی دا بە سەری‌دا و لە ژوورەکە چووە دەرەوە. بەڵێنی چای گەرمی پێدابوو.

بەڵام ساتێک پاشتر، لە بری ئەو، دوو پیاو، دوو پاسدار چوونە ژوورەوە و لە لایەوە دانیشتن. نێرگز ئەیتوانی پۆستاڵە سەربازییە نوێ و تەڕەکانیان ببینێ. یەکێک لەوانە بە دەنگێکی شیانست و بە پارێزەوە وتی:

ــ تۆ خانمی نێرگزی جەلالیت؟

نێرگز نەیتوانی دانە قفڵ بووەکانی هەڵپچڕێ و وەڵام بداتەوە. تەنها بیری لەوە کردبوویەوە «مسۆگەر بابە گیان ئاگادار بووە» و، ئازار وەها هێرشی بۆ هێنابوو کە دەست و پێ لەرزۆکەکەی لەپڕ جووڵەیان لێبڕابوو.



پێش ئەوەی نێرگز بێتەوە بە خۆیا، عەبە چووبوو سەرێک لە حاجی بدات و لێی بپرسێ. لە هەموو ئەو ماوەیەش‌دا، تا کاتێکە نێرگز بکەوێتە قسەکردن، سورەییا باسی ژیانی خۆی و عەبەی بۆ کردبووم کە خەریکە تێک ئەچێ.

بە بیستنی دەنگی نێرگز هەر دووکمان هەڵاتین بۆ ژوورەکەی تەنیشتەوە. نێرگز سەری وەرگێڕابوو بۆ لای دەرگاکە. بە بینینی من چاوە ئاوساوەکانی بریسکەیەکی لێ بوویەوە و بە پێکەنینەوە وتی:

ــ شادمانم کە خەوەکەت زۆر قورس نەبوو.

لە سەر قەرەوێڵەکە لە لایەوە دانیشتم و گۆنایم ماچ کرد. جووڵەیەکی کرد و ویستی بکەوێتە سەر لا، بەڵام نەیتوانی و بە دەم ناڵینەوە کەوتەوە سەر سک. شانی بە هۆی ئازارەوە گرمۆڵە ببوو و ملە بەرزەکەی خزابووە ناوی. دەستە ڕچاوەکەیم گرت و وتم:

ــ وەکوو شتێ ناچاریان کردوویت بۆ ماوەیەک وەکوو مناڵێکی ژتر ئارام بگریت.

روخساری کە بە هۆی ژانەوە تێکچرژابوو، بۆ ساتێک کرایەوە، بزەیەکی کرد و وتی:

ــ هیچ هەواڵێکی ئەحمەد نییە؟

سورەییا لە کاتێکا کورسیەکەی ئەکێشایە بەرەوە وتی:

ـ سەعید ڕۆیشتووە بەڵکوو کارێکی بۆ بکەن.

نێرگز، نیگای خۆی، کە پڕ بوو لە ترس و خۆف، وەرگێڕا و چاوی بڕییە سووچێک. پاشان لە کاتێکا لێوی خوارەوەی وەها ئەکرۆشت کە ئەتوت هەر ئێستە خوێن فیشقە ئاکاتە دەرەوە وتی:

ـ بیرکردنەوە لەوەی کە ئەحمەد تەنها بۆ شەوێک لە زیندانی ئەم دڕندا نەدا بێ، خەریکە دڵم ئەتۆقێنێ.

وا قسەی ئەکرد ئەتوت خۆی هەر ئێستە لە کەناری هێمنی و ئاسایش دانیشتبێت. ئیتر نەی ئەزانی تەنها سێ ساڵ و نیو پاشتر خۆشی ئەبرێ بۆ ئەو باخچەی ئاژەڵە. بەو جیاوازییەوە کە ئەو ئەبوایە زۆر زیاتر لە شەوێک و مانگێک و ساڵێک لەوێ بمێنێتەوە. پاش سێ ساڵ و نیو بوو کە دوو کچ و کوڕێکی مێرمنداڵی موجاهید، کە لە ترسی گیانیان هەڵاتبوون و بە ڕێکەوت پەنایان بۆ ئەو بردبوو، بۆ ماوەی مانگ و نیوێک لە گوڵسەرا شاردەوە و پاشان ئەوانی گەیاندە کوردستان و دەربازی کردن و خۆی هەر لەوێ گیرا. هەرچەند ئەو ڕۆژە لە بەردەم پەیکەرە قامچی لێدراوەکەی، سێ ساڵ و نیو تا گرتنەکەی نێوانی هەبوو، بەڵام ئێستە کە بە بیرەوەرییەکانمدا ئەچمەوە، ڕووداوی گیرانەکەی ئەو وێنەی ئەو ڕۆژەی ماڵی سورەییا و ئەو کاتەی ئێستا و داهاتوو، هەر دوو لە ڕابوردوودان و تێک ئاڵاون.

سورەییا وتی:

ـ مسۆگەر بەیانی ئازادی ئەکەن.

نێرگز لێوی بەردا و ترس لە چاوەکانی دوورکەوتنەوە:

ـ عەبە لە کوێیە؟

=چووە سەرێک لە حاجی بدات.

روخساری نێرگز لە بیستنی ناوی حاجی تێکچرژا، وەک بڵێی ئازار زۆری بۆ هێنابێت، ناڵاندی و وتی:

ـ بابە گیان و دایکی بێبەختم... کچەکەیان بە تاوانی زیناحکردن گیراوە و قامچی لێدراوە!

سورەییا بۆی وت کە دایکی ئاگای لێ نییە و پێی وایە ئەمڕۆ هەموومان لەماڵی حومەیراین. نێرگز هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا:

ـ نازانم... نازانم لە کوێوە ئەو هەموو شتانەیان دەربارەی تابلۆکان ئەزانی!

لە هەمان کاتدا سەعید دای لە دەرگا و سورەییا بۆی کردەوە. نێرگز وتی:

ـ هیچکەس جگە لە من و تۆ تابلۆکانی ئەحمەدی نەدیبوو. بەڵام ئەوان زۆر شتیان دەربارەیان ئەزانی.

قسەکەی نێرگز، بەبێ ئەوەی مەبەستێکی تیابێ، منی ئازار دا. وەکوو کەسێکە بە سیخوڕی کردن تاوانبار کرابێ بە پەلە وتم:

ـ مەبەستت چییە... جگە لە تۆ و من...

دەنگی سەعید قسەکەی پێبڕیم. هات لە لامانەوە وەستا و بە پێکەنینەوە سەیری نێرگزی کرد و وتی:

ـ تۆ خۆ لە من باشتری!

گۆنای ماچ کرد و دانیشت. نێرگز ڕووی کردە من و وتی:

ـ تۆیش خەریکە وەکوو ئێمەت لێدێ و هەرچی ئەبێ ئەیبەیتەوە سەر خۆت!

پاشان ئەوەی کە وتبووی بە ڕوونکردنەوەیەکی زیاترەوە وتیەوە:

ـ من پێم وایە کەسێک ئاگای لە تابلۆکانی ئەحمەد هەبوو و ڕاپۆرتی لێداوە.

وتم:

ـ بەڵام جگە لە من و تۆ کەس تابلۆکانی نەدیبوو!

نێرگز لێوەکانی کۆ کردەوە و وتی:

ـ ئێمە نازانین...

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە هەمان ژووری خەو دانیشتین و ئەو و سەعید بە وردی بە پرسیار و وەڵامەکانی لێکۆڵەری کومیتەدا چوونەوە و لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە: «لە ماڵی ئەحمەد میکرۆفۆنیان

داناوە.»

من بە ترسەوە وتم:

ــ باشە چۆن ئەتوانن کاری وا بکەن؟

سەعید لەسەرخۆ ڕوونی کردەوە:

ــ زۆر ئاسانە. کاتێکە کەس لە ماڵەوە نییە، وەکوو دز دێن و میکرۆفۆن دائەنێنەوە. هیچ دوور نییە لە ماڵی هەموومان ئەمکارەیان نەکردبێ!

ناخودئاگا وتم:

ــ تۆ بڵێی لە ماڵی ئێمەش میکرۆفۆنیان دانەنابێ؟

خۆم لەوەی کە ڕەنگە وەڵامەکەی ئەرێ بێ. موچڕکەیەکم پیاهات و دەسبەجێ کەوتمەوە بیری شەوی ڕابوردوو. نێرگز لە بری سەعید وتی:

ــ هیچ بە دووری مەزانن. ئەبێ هەموو خانووەکان بگەڕێین.

پاشان سەیرێکی سەعیدی کرد و وتی:

ــ وا باشە تۆ بەیانی شارام ببەی بۆ ماڵی لووبا و ئەوێش باش بگەڕێین.



ئەو شەوە نەموێرا بچمەوە بۆ ماڵەوە و هەر لەوێ خەوتم. بەیانیەکەی پێش هاتنی فاتمە خانم خۆم گەیاندەوە ماڵەوە و کاتێکە ئەو هات، پێم وت بچێ بۆ ماڵی حاجی و لەوێ ئاگای لە بارام بێ.

سەعید و شارام کاتژمێر نزیکی دە هاتن. شارام یەکێک بوو لە ئەندامە گرنگەکانی چریکی فیدایی. لە سەردەمی شادا، دادگا لە نەبوونی خۆیدا سزای تیرەبارانی پێدابوو و پاش ڕاپەڕین توانیبووی بگەڕێتەوە بۆ ئێران. لە دەرەوە هەرچەند کەمپیوتەری خوێندبوو، بەڵام دوو ساڵێکیش لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و چین خولی فێرکاری چریکی و پارتیزانی بینیبوو. یەکێک لە شارەزاییەکانی دۆزینەوەی بۆمبی کاتی و میکرۆفۆن و کامێرای نهێنی بوو. شارام و سەعید لە سەردەمی فێرگەوە پێکەوە دۆست بوون و من دوو سێ جار لە سەردەمی خوێندکاریی و جارێکیش پاش ڕاپەڕین لە ماڵی سەعید دیبووم. بە ڕێکەوت هەر لەوێش بوو کە شارام، لە سەر بۆچوونەکانی ئەمین دەربارەی ڕاپەڕین، بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز دوابوو و ئەمین، سەرەڕای خۆڕاگری و شارەزاییەک کە لە گاڵتەپێکردنی خەڵکیدا هەیبوو، نەیتوانیبوو وەڵامی بداتەوە و لە ئەنجامدا ئەو شەوە ئێمە زۆر زوو لە ماڵی سەعید ڕۆیشتن.

شارام، باڵای کورت بوو و بۆ خۆیشی وردیلە بوو. کاتی قسەکردن

چاوە قەڵەو و تیژەکانی ئەبڕییە بەرامبەرەکەی و هەموو جووڵەیەکی کۆنترۆڵ ئەکرد. ئەو چەند جارەی دیبووم هەمیشە گورج و دەم بە پێکەنین بوو، بەڵام ئەو ڕۆژە پێ ئەچوو تۆزێ لاواز بووە؛ ماندوو و هەندێکیش دڵنگەران دیار بوو. بە پێی ڕێکەوتنی پێشوو کە لەگەڵ سەعید دامان نابوو، هیچ قسەیەکمان پێکەوە نەکرد. شارام تەوقەی لەگەڵ کردم و بزەیەک کەوتە سەر لێوی. جانتا گەورەکەی پێی بوو بە ئارامی داینا و دەزگایەکی بچووک کە بە قەد ڕادیۆیەکی بچکۆلانە ئەبوو، لێی دەرهێنا.

لە هەمان ژووری دانیشتنەوە دەستی پێکرد. بە شێوەیەکی ورد و خێرا دەزگاکەی ئەهێنا بە هەموو شوێنێکا: بە دەور قاپەکان، بە فەراگەردی موبلەکان، ژێر مێزەکان و بە گردی ئاباژۆرەکاندا. پاش ژووری دانیشتن چوو بۆ چێشتخانە. بەو وردبینیەی پێشوو ئەوێش گەڕا. سەعید ئەوی برد بۆ پەرتووکخانە. لەوێ زیاتر مایەوە. بە وردی هەموو قەفەسەکان یەکە بە یەکە گەڕا و سەعید کاتێکە بینی شارام دەستی بە قەفەسەکانی سەرەوە ناگات، چوو بۆ چێشتخانە و پەیژەیەکی ئاسنی کورتی بۆ هێنا و شارام دواین قاتەکانی پەرتووکخانەی بە دەزگا پشکنی.

من بێکار و دڵنگەران لە لای مێزی نانخواردنەوە دانیشتبووم و جگەرەم ئەکێشا. خۆف و نیگەرانی ئەمی برد بۆ ڕابوردوویەکی دوور و تامێکی کۆنی بە خۆیەوە ئەگرت. هەر کاتەی کۆبوونەوەی نهێنیمان هەبوایە، دوو ڕادیۆمان لە سەر دوو ئێزگەی جیاواز هەڵئەکرد و دەنگمان بەرز ئەکردەوە. پاشان دائەنیشتین لە نزیکی ڕادیۆکانەوە و ئەکەوتینە سرتە کردن. هەر جارەی یەکێکمان تۆزێک دەنگی بەرز بوایەتەوە، میلان کە، هەموو پێیان ئەوت: «کۆندێرای بچوک» بە دەست ئاگاداری ئەکردەوە. سەرەڕای ئەوەش هەمیشە لەوە ئەترساین کە ماڵەکە میکرۆفۆنی لێ دانرابێ.

کاتێکە شارامم برد بۆ ژووری خەو، بیرکردنەوە لەوەی کە





ئەوێش میکرۆفۆنی لێ دانرابێ، موچڕکەی بە گیانمدا هێنا. سەعید، کە ئاگای لێم بوو، هاتە لامەوە و بە دەستێک شانی گرتم و گوشامی بە خۆیدا. شارام ژێر چرپا، دەوروبەری ئاوێنەی ئاڕایشت، ناو چەکمەجەکانی جلوبەرگ و ژێر تابلۆکان و تەنانەت ژێر ئینجانەکان گەڕا و هیچی نەدۆزییەوە.

پاشان چووین بۆ ژووری بەردیا. شارام ژێر چرپا و ناو دۆڵابەکان گەڕا. پاشان چوو بۆ لای مێزەکەی بەردیا و یەکەم چەکمەجەی ڕاکێشا؛ قفڵ بوو. هەروا کە دانیشتبوو، بە چاو بانگی کردم و لە بنی گوێمدا وتی: «کلیلی ئەم چەکمەجانەم ئەوێ.» بە ئاماژەی دەست وتم: «نیمە.» هەرگیز پێم وا نەبوو بەردیا چەکمەجەکانی قفڵ ئەکات. شارام ڕابوو و لە ژوورەکە چووە دەرەوە و پاش تۆزێک بە دەستەیەک کلیلەوە گەڕایەوە و کەمتر لە خولەکێک چەکمەجەکانی کردەوە. لە چەکمەجەی یەکەم و لە ژێر هەندێ کاغەزەوە، قوتویەکی هێنایە دەرەوە، لێی وردەوە بوو و پاشان چەکمەجەیەکی تری ڕاکێشا. دەزگایەک بە ئەندازەی ڕادیۆیەکی ترانزیستۆری لێبوو. دەزگاکەی لە سەر مێزەکە دانا و، وەکوو کەسێک ڕێگەیەکی دوورودرێژ ڕایکردبێ، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لە سەر کورسیەکەی بەردیا دانیشت. قوتوەکەی گرت بۆ لای ئێمە و بە دەنگێکی بەرز وتی:

ـ ئەمە ئەو میکرۆفۆنانەیە کە ساواک بەکاری ئەهێنا و ئێستە پاسدارانی ئەم حکوومەتە بە کاری ئەهێنن.

پاشان ئاماژەی کرد بۆ دەزگای سەرمێزەکە و وتی:

ـ ئەمەیش دەزگایەکە کە دەنگ لە میکرۆفۆنەکان وەرئەگرێ... تا مەیدانێکی نزیکەی حەوت کیلۆمەتر بڕشتی هەیە.

من بە سەرسووڕمانەوە لێی نزیک بوومەوە. لە ناو قوتوەکەدا نزیکەی بیست میکرۆفۆنی بچووکی ئاسن بە ئەندازەی قۆپچەی تیابوو.

بە دەنگێکی ئارام وتم:

ــ واتە لێرە میکرۆفۆنیان داناوە؟

سەعید سەری داخست. شارام وتی:

ــ نەء لە ماڵی ئێوە میکرۆفۆنیان دانەناوە.

ــ ئەی ئەمانە لێرە چی ئەکەن؟

ئەمبینی و باوەڕم نەئەکرد. ئاسان نەبوو ئەم شتانە پەیوەند بدەم بە بەردیاوە. سەعید وتی:

ــ ئەم میکرۆفۆنانە هەتا لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە کونترۆڵ نەکرێ، هیچ کەڵکێکیان نییە...

قسەکەی تەواو نەکرد. ئەو و نێرگز لە هەمان دوێنێوە زانیبوویان کێ ئەو میکرۆفۆنەی لە ماڵی ئەحمەد داناوە. من لە سەر لێواری چرپاکەی بەردیا دانیشتم و بە دژواری ئەم ڕستەیە لە دەمم هاتە دەرەوە:

ــ واتە بەردیا ئەم کارەی کردووە؟!

شارام هەڵسا. قوتوەکە و دەزگای وەرگرەکەی[٥٣] خستەوە ناو چەکمەجەکان و کاغەز و شتەکانی تری بە ڕێکوپێکی لە شوێنی خۆیان دانایەوە و لەسەرخۆ وتی:

ــ کوڕەکەت نابێ بەمە بزانێ. ڕنگە خەڵکێکی تر بکەونە مەترسییەوە. بۆ وێنە خۆت.

من هەر بەو جۆرەی کە دانیشتبووم و بە ترس و شەرمەزاریەوە سەیری شارامم ئەکرد، شتێکی کۆنە و ئاشنا لە سەرمدا ئەسووڕایەوە. شتۆرسا، بە ئاماژە، باوکمی بردبوو بۆ حەوشە. لە لای باخچەکە وەستابوو. قاچێکی باوکم لە سەر لێواری باخچەکە و دەستێکی بە ناوقەدی درەختی مەگنۆلیاکەوە[٥٤] گرتبوو ــ ئەو جێگایەی کە چەند

٥٣ــ وەرگر: receiver وەرگری ڕادیۆ و بێتەل و تلەڤیزیۆن. ع المتلقي د گیرندە.

٥٤ــ مەگنۆلیا: magnolia درەختێکی ڕازاندنەوەی گەڵا گەورەی هێلکەییە، گوڵی قەڵەوی سپی و ئەرخەوانی و زەرد و سووری بۆنخۆش ئەگرێ. ماگنۆلیا، هێمای متمانەبەخۆیی و دڵفراوانییە.

ساڵ پاشتر کاتێکە تەرمەکەیم دۆزیەوە، دەستی لە لای مەگنۆلیاکەوە کەوتبوو ــ من باوەشم کردبوو بە قاچی باوکمدا. شتۆرسا وتی: «ئەبێ ئاگات لە خۆت بێت. جرۆم لەگەڵیان رێککەوتووە. ئاگادار کراوم سیخوڕییان بۆ ئەکات. بەمزوانە نەهاتووە بۆ ئێرە؟»

«نەء. لەو کاتەوە مارتام بردووە بۆ ئاسایشگە، نەمبینیوە.»

«زۆر باشە. دیارە گومانیان لە تۆ نییە. سەرەڕای ئەمەش ئەبێ وریا بیت و بەوانی تریش ڕاسپێرە ئاگایان لێی بێت. لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە هەر کات «جولیا»ی کچی جرۆمم ئەبینی هەم لێی ئەترسام و هەم دلّم بۆ ئەسووتا. کچێکی شاد و چەتوون بوو. بەڵام مناڵەکانی تر یاریان لەگەڵ نەئەکرد. کوڕەکان پێیان ئەوت: «ئانەی زەرد». قژی زەرد و ڕوومەتی قەڵەو و گووپن بوو؛ بە دوو چاوی کارەبایی لە ڕەنگی قژی. کچەکان پێیان ئەوت: «کوولەکەی زەرد». بەڵام ئەو گوێی لەو قسانە نەبوو و خۆی ئەهاویشتە ناو یاری مناڵەکان و بە هەراوهوریا و پێکەنین و گاڵتەکردن وای لێ ئەکردن یاری لەگەڵ بکەن. من زۆر حەزم لەو هەستی بڕوابەخۆبوونەی ئەو هەبوو. لەوەی کە گوێی نەئەدایە قسە و بۆچوونی هیچکەس، خۆشم ئەویست و بەدڵم بوو. بەڵام لەو ڕۆژە بەدواوە ئەترسام لێی نزیک بکەومەوە. ئایە ئەویش وەکوو باوکی سیخوڕ بوو؟

لە سەعیدم پرسی:

ــ تۆ پێت وایە بەردیا بووە بە سیخوڕ؟

سەعید نیگای گواستەوە و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد و لە وەڵامدا وتی:

ــ ڕەنگە ئەو نەزانێ چی ئەکات. بەڵام ئەو کارەی کە ئەیکا سیخوڕییە.

بوغز گەرووی ئەگووشیم و بە دژواری خۆم ڕاگرتبوو کە نەگریم. وتم:

ــ ئەو بەس چواردە ساڵە... چواردە ساڵ! باشە لە کوێی دنیا باوە

منداڵی چواردەساڵان بکەن بە سیخوڕ؟

شارام جانتاکەی داخست و وتی:

ـ لێرە هەموو کارێک ئەکەن. هەر بەوجۆرەی کە ڕژیمی هیتلر هەموو کارێکی ئەکرد.

سەعید و شارام ڕۆیشتن و من گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی بەردیا. لە سەر قەرەوێڵەکەی بەرامبەر بە مێزەکەی دانیشتم. ژوورەکە وەکوو ئەو کاتە وابوو کە بەردیا ڕۆیشتبوو. هەر لەو ژوورەدا بوو کە پێش ڕۆیشتن باوەشم پیاکردبوو و وتبووم:

ـ بەڵێنم پێ بدە، ئاگات لە خۆت ئەبێ!

ئەویش لە کاتێکا لە خۆشی گەشتەکەی، جانتای هەڵگرتبوو و ئەچوو بەرەو دەرگاکە وتبووی:

ـ باشە.

بەر لەوەی من بگەڕێمەوە بەر دەرگای ماڵەوە ئەو چووبووە دەرەوە. نێرگز، بەوجۆرەی لەوێ وەستابوو، دەموچاوی تێک نا و وتی:

ـ تەنانەت ماڵاواییشی لێ نەکردم!

ـ ئەوەندە شادمان بوو، ئاگای لە خۆی نەمابوو.

نێرگز بە پارێزەوە وتی:

ـ من نیگەرانی ئەوم. ئەم خێوەتگەی فێرکاریانە کارێکی خراپ ئەکەنە سەر منداڵان. خۆزگە نەت ئەهێشت بڕوات!

هەر ئەو کاتە بیرم کردبوویەوە مەگەر من خۆم کاتێکە هاوتەمەنی بەردیا بووم نەئەچووم بۆ ئەو ئوردوانە؟ مەگەر هەموو ڕۆژێک چەندین کاتژمێر گوێم لە وتارەکانی ئەو خەڵکە ڕانەگرتبوو کە بە قەد و باڵای ستالین و سەرکردایەتی پارتی‌دا وتاریان ئەدا؟ مەگەر لە مەیدانەکانی شاردا نەوەستابووم و بۆ دروشمەکانیان هوڕڕام نەکێشابوو؟ مەگەر ئەوەندە داری ڕەنگنامە و ئاڵای سوورم لە ستادیۆمەکادا نەگێڕابوو، کاتێکە شەو ئەگەیشتمەوە ماڵەوە، ئەوەندە شەکەت و ماندوو بووم لە

سووچێکا ئەدرام بە عەرزا؟ دایکم هەمیشە لە بەر خۆیەوە ئەیوت: «کەی دەست لە سەر مناڵی خەڵکی هەڵئەگرن؟» من نەم ئەزانی دایکم بۆچی پێی ناخۆشە. بەس ئەوەندەم ئەزانی هەموو ئەو کارانە و بەتایبەت هەڵسووڕاندنی ئەو دار و ئاڵایانەم پێخۆشە. چەند بە خێراتر بگەڕایەتین، ئەوەندە ڕەنگینتر و ئەو وشانەی لە سەر پلوورەوارانەکەمان[٥٥] دەرئەکەوتن، جوانتر بوون.

بە نێرگزم وتبوو:

ـ ڕەنگە تۆ ئەم دیاردانە نەناسی. بەڵام سەرانسەری منالی و گەنجێتی منیش لەم خۆپیشاندان و ڕێژە و وتاردان و خێوەتگەی فێرکاری و ناچاریدا تێپەڕ بوو. بەڵام جگە لەوەی پاشتر لە هەموو ئەو شتانە بێزار ببم، هیچ سوودێکی هەبوو؟

نێرگز بزەیەکی کردبوو و وتبووی:

ـ مەبەستت ئەوەیە هەموو ئەو منالانەی تریش وەکوو تۆ بێزار بوون؟ ئەگەر ئەوانیش بێزار بوایەتن تۆ ئێستە لە وڵاتی خۆت ئەبووی!

بە بێئەڤان وتبووم:

ـ بەردیا هەروا نامێنێتەوە. ماوەیەکی تر ئەگۆڕێ.

ئێستاکانێ، چەند ڕۆژ پاش ئەو وتووێژە، لە ژوورەکەی بەردیا دانیشتووم و بیر لەوە ئەکەمەوە کە جگە لە ئەحمەد و نێرگز کێی تری تووشی ئەشکەنجە و زیندان کردووە و کێی تر بە هۆی ڕاپۆرتەکانی ئەوەوە چاوەڕوانی ئەو چارەنووسە ئەکەن؟ نەم ئەزانی چی لەگەڵ بکەم. شارام پێش ئەوەی بڕوات وتبووی: «هەڵیگرە و لە ئێران بیبە. ئەوە تەنها ڕێگەی ڕزگار بوونێتی.» بەڵام مەگەر من ئەمتوانی ئەو کارە بکەم؟ لە هەمان یەک مانگ و نیوەدا بۆم دەرکەوتبوو کە ئەو بە ئاسانی گوێی لە قسە و ویستی من ڕاناگرێ و چی پێخۆش بێت ئەوە ئەکات.

---

٥٥ـ پلوورەوارانە: rainbow دیاردە ناو تیرەژە، پەلکەزێڕینە، کۆڵەکەزێڕینە. ع قوس قزح
N regnbue د زرین کمان، قوس قزح.

لە ڕاستیدا من ملکەچی ئەو بووم و چی ویستبوو بە قسەم کردبوو و پاش ئەوەش نەم ئەزانی ئایە ئەتوانم بە قسەی نەکەم یان ناتوانم. بە شارامم وتبوو:

ـ من دەرەقەتی نایەم. بۆ گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە ناچار داوامان لە بەڕێوەبەر کرد. داوام لە باوەگەورەی کرد ئەو کارە بکات. بەڵام ئەکرێ بە بەڕێوەبەر بوترێ فەرمانی پێ بدات لە ئێران بڕوات؟

سەعید بە قەڵسی سەری ڕاوەشاندبوو و بە شارامی وتبوو:

ـ بەردیا زیاتر لەوەی کە بیری لێ بکەیتەوە گێرۆدەی حیزبوڵڵا بووە. ئەوانیش بە ئاسانی لە کۆڵی نابنەوە. پێویستیان بە خەڵکی وەکوو بەردیا هەیە.

ئینجا لە کاتێکا سەیری منی ئەکرد، وتبووی:

ـ من نیگەرانی تۆ و بارامم. من بە باشی نازانم تۆ و ئەو لە ئێران بڕۆن. لانیکەم بۆ چەند مانگ. ڕەنگە لەو ماوەیەدا زۆر شت بگۆڕێ...

من بە لۆمەوە سەیری سەعیدم کردبوو:

ـ بڕۆم؟ بەبێ بەردیا؟ ئەویش لە کاتێکا کە لە هەمیشە زیاتر پێویستی بە من هەیە؟ من ئەبێ ئەو ڕزگار بکەم. من ئەبێ ئەو کارە بکەم.

بەڵام لەو کاتەدا، لە ژوورەکەی بەردیا، بیرم لە هەموو ڕێگەیەک ئەکردەوە و ئەمبینی بۆ ڕزگارکردنی ئەو لە چنگی حیزبوڵڵاییەکان هیچ کارێکم پێ ناکرێ. قانوون، بە هەموو توانایەوە بە دەست ئەوانەوە بوو و هەر ئەو قانوونە هیچ دەسەڵاتێکی بۆ من، وەکوو دایک ڕەچاو نەکردبوو. هەموو کوڕێکی چواردەساڵان بە پێی قانوون سەربەست بوو؛ بە ئاسانی ئەیتوانی دایک و باوکی بەجێ بهێڵێ؛ ئەیتوانی دەنگ بدات. ئەیتوانی چەک هەڵگرێ. ئەیتوانی بچێ بۆ جەنگ. ژن بهێنێ. یان لە دەزگایەکی سیخوڕیدا کار وەربگرێ! نەء، من نەم ئەتوانی ڕزگاری بکەم. بەڵام ئەبوایە بە لایەوە بمایەتمەوە. ئەبوا لە کۆمەڵێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ شێت تر ئەبوو بەجێم نەهێشتایەت. ئەو کوڕە شیرین

و ئازیزەکەی من بوو. نەم ئەتوانی بە خۆمی بسەلمێنم بەردیا ئیتر جگە لە ئەندێشەی من‌دا، نەماوە!

بەرامبەرم، لە سەرووی مێزەکەیەوە، وێنەیەکی گەورەی پێنج ساڵی بەردیا بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. لە لای ئەمینەوە وەستابوو. نزیک قەفەسی شێرەکان. خۆم ئەو وێنەیەم لە باخچەی ئاژەڵی لەندەن هەڵگرتبوو. دەستی نابووە لاکەلەکەی و بە دفرەوە سەیری شێرەکانی ئەکرد. لە تەنیشتیەوە، وێنەیەکی یانزە ساڵی، لە لای کەیکی لەدایکبوونەوە. سەیری دوربینەکەی ئەکرد. سەیری من... چاوەکانی پاک و بێگوناح پێ ئەکەنین.



ئەحمەد لە زیندان مایەوە. هەوڵ و تێکۆشانی حاجی و دۆستانی، کە پاش هەڵبژاردنی بەنی سەدر هەموویان کاری گرنگیان وەرگرتبوو، نەیتوانی کاریگەر ببێ. دادیاری نوێ، کە ناوی نرابوو «قەسابی شۆڕش» لەو گرووپە بوو کە هەرچەندە بە ئاشکرا نەیان ئەوێرا دژایەتی حاجی و دۆستانی بکەن، بەڵام تەواو بە پێچەوانەی ئەوان ڕێیان ئەکرد. ئەو هەموو حەفتەیەک بە بیانوویەک بەردانی ئەحمەدی ئەخستە دواوە و بەڵێنی ئەدا حەفتەی داهاتووی ئەدا.

نێرگز پاش دوو حەفتە چوویەوە بۆماڵی حاجی. هەموان تەنانەت عیسمەت خانم پێی وابوو نێرگز لەگەڵ دۆستانی چووە بۆ باکوور. نێرگز پاش گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە، توانیبووی یەک جار بچێ و چاوی بە ئەحمەد بکەوێ. حاجی خۆی مۆڵەتی ئەو چاوپێکەوتنەی لە دادیار وەرگرتبوو. نێرگز لە بەرچاوی چەند پاسداردا ئەحمەدی بینیبوو. وای هەست کردبوو ئەحمەد نەخۆشە. بەڵام ئەحمەد وتبووی تەندروستی باشە و پاشانیش جگە لە «بەڵێ» و «نەء» هیچی نەوتبوو. نێرگز، جگەرە و شتەکانی کە بۆی بردبوو، دابووی بە پاسدارەکان و بە دارەتێکی خراپەوە لەوێ هاتبوویە دەرەوە.

بەردیا بە دەموچاوی خۆر بردوو و قەمسەڵەی زلی سەربازیی، کە

چەند ساڵ تەمەنی گەورەتر پیشان ئەدا، لە خێوەتگە گەڕایەوە. کاتێکە خەریک بوو وێنە تازەکانی لە شوێنی وێنە کۆنەکان دائەکوتا بە دیواردا، پێم وت:

ـ ئەزانی ئەحمەدی بێچارەیان گرتووە؟

بەبێ ئەوەی سەیەم بکات وتی:

ـ لێی ئەهات دژی شۆڕش بێت. بەهاییش بوو.

لە وێنەکەدا، بە جلی سەربازی و چەک بە شان، هیچ لە بەردیای من نەئەچوو. بە شێوەیەکی بێگەم وتم:

ـ ئەگەر ئەو دژی شۆڕش بوو ئەی بۆچی لەگەڵ بنەماڵەکەی نەچوو بۆ ئەمریکا؟

بەردیا ئاوڕی دایەوە و لە سەر کورسیەکەوە سەیری کردم و وەکوو باوکێک کە لەگەڵ کیژۆڵەکەی بدوێ، وتی:

ـ ئەوانەی ماونەتەوە بۆ ئەوەیە خراپکاری بکەن. تۆ ئەم شتانە نازانی. هەموویان سەریان بەستراوە بە ئەمریکاوە.

یەکەمجار بوو بەو جۆرە قسەم لەگەڵ بکات. وتم:

ـ بەڵام خوا بکات بەری دەن. ئەزانی مەتی نێرگز شووی پێکردووە؟

بەردیا لە کورسیەکە پەڕییە خوارەوە و لە کاتێکا وەکوو هەڕەشە چەکوشەکەی ڕائەوەشاند، وتی:

ـ لەگەڵ مەتی نێرگز؟ کەی؟

چاوی ئیتر چاوەکانی بەردیا نەبوون. گەردێکی تاڵ و بێبەزەیی بە سەری‌دا زاڵ ببوو. چاوم لێوەرگێڕا و بە دەم دانیشتنەوە وتم:

ـ بابە گەورە بۆ خۆی مارەی بڕیبوون.

ـ کەی؟

ـ ماوەیەک پێش زیندان. مەگەر نەت ئەبینی نێرگز زۆربەی شەوان ئەهات بۆ لای ئەحمەد؟

بەردیا بە خاوی چووە سەر کورسیەکە و لە کاتێکا چەکوشی ئەدا لە بزمارە گەورەکەی ئەبوایە وێنە گەورەکەی خۆی و خومەینی بە

دیوارەوە ڕابگرێ، وتی:

ـ من ئەبێ لەگەڵ بابە گورە قسە بکەم.

سەیرێکی وێنە تازەکەم کرد کە ئێستە ئیتر بە دیوارەکەوە بوو. خومەینی وەستابوو و دەستی لە سەر سەری بەردیا دانابوو کە هەندێ نووشتابوویەوە بۆ پێشەوە. «ڤالریانۆس» لە بەرمبەر شاپووردا[٥٦] وەستابوو.

چووم بەرەو دەرگاکە، دوو قاپەکەی وێنەی منالّی، کە ئەو لەبەر دەرگاکە دانابوو، هەڵمگرتن و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم لە ژوورەکە چوومە دەرەوە.

ئەوەی بە بەردیام وت، هەر ئەو شتانە بوو کە لەگەڵ نێرگز و حاجی پێکەوە لە سەری ڕێکەوتبووین. ئێستە ئیتر حاجیش ئەیزانی بەردیا سیخوڕی لە سەر ئەحمەد کردووە و، بڕیار وابوو کەسی تر لەو «نەنگـ»ـە ئاگادار نەکرێ. بەڵام ئایە ئەم ڕازەش، وەکوو ڕازەکەی تری بەردیا، بە شاراوەیی ئەمایەوە؟ یان یەکێک لە کەسانی ئەو گرووپە بچکۆلەیەی بریتی بوون لە عەبە، سورەییا، نێرگز، حاجی، سەعید و شارام ڕازەکەی ئەدرکێنێ؟ لە ماوەی مانەوەم لە ئێران بۆم دەرکەوەرتبوو زۆر کەم هەیە ڕازێک لە بن سەرپۆشدا بمێنێتەوە. لەوێ هەموو کەس ڕازاوی قسەت لەگەڵ ئەکەن و پاش هەر قسەیەکی سادە ئەڵێن: «ئەم قسەیە لە نێوان خۆماندا بێت.» بەڵام هەرگیز نەمبینی قسەیەک بۆ هەمیشە بە نهێنی و لە نێوان خۆیاندا بمێنێتەوە. هەر بەم هۆیەشەوە بوو وای بۆ ئەچووم پاش ماوەیەک بۆ هەر کوێ بچم هەموان بە پارێزەوە لەگەڵم ئەجووڵێنەوە. هەرچی چۆن بێ، دایکی سیخوڕێک بووم و ڕەنگ بوو لە لای کوڕەکەم قسەیەکم لە دەم دەربچێ! ئەمەش تازە کاتێک بوو کە گومانیان لە خۆیشم نەکردایەت!

جولیای دە ساڵ پاشتر، گەنج و دلڕفێن، تێکۆشەر و ماندوونەناس،

---

٥٦ـ ئاماژەیە بە کەندای ڤالریانۆس لە مەرقدەشت، کە لەبەردەم پادشای سەرکەوتوو، شاپووری یەکەمی ساسانیدا چۆکی داداوە. ☜ شاپوور و ڤالریانۆس

پەنجەکانی هێنابوو بە قژە کورتەکەیدا، کە ئێستە وەکوو گەنمی بەرتاو ئەدرەوشایەوە و پێکەنیبوو: «من خۆیشم لە خۆم ئەترسام. ئەترسام چاو ببڕمە چاوی منداڵەکانی تر. گوێم لە قسەی کەس ڕانەئەگرت، نەکا شتێک ببیستم کە نابێ گوێم لێ بێت. پرسیارم لە هیچکەس نەئەکرد، نەکا وەڵامێک ببیستم کە نەئەبوا گوێم لێی بێت. هەستم ئەکرد تەنهاترین مرۆڤی سەر ڕووی زەمینم.» و من ئەمزانی تەنهایی گەورەی منیش بە گەڕانەوەی بەردیا دەستی پێکردووە...



فێرکاری یەک مانگە، لەو شتانەی لە ماوەی چواردە ساڵدا فێری بوو، زیاتر کاری کردبوویە سەر بەردیا و ئەوی کردبوو بە گەنجێکی توورە و تۆسن، شەڕفرۆش و مڕومۆچ. خۆی بە پاسداری ئیسلام و شۆڕش ئەزانی و وەکوو میراتێک لە باوکی «شەهید»یەوە پێی گەیشتووە، ڕێزی لەم نازناوە ئەگرت. ئێواران بە پەلە لە فێرگە ئەگەڕایەوە و هەروا بە پەلە جانتا و پەرتووکی لە ژوورەکەی دائەنا و قەمسەڵەی سەربازی لەبەر ئەکرد و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک، تەنها بە ڕستەیەکی کورتی «من ڕۆیشتم.» ون ئەبوو. شەوانەش لە دەی شەو زووتر نەئەهاتەوە. هەندێجار تا نزیکی یانزەش لە دەرەوە مابوویەوە. کاتێکە لێم ئەپرسی «شەوانە ئەچی بۆ کوێ؟» ئەیوت: «مزگەوت.»

لەو سەردەمەدا زۆربەی مزگەوتەکان کرابوون بە بنکە بە ناوی «کومیتە». لەو کومیتانەدا بوو کە بۆ دەسبەسەراگرتنی دارایی، گرتنی دژی شۆڕش و سیخوڕی و کۆنترۆڵی خەڵک بڕیار ئەدرا، بە شەو خەڵکیان لە کۆڵان و شەقامان یان لە ماڵەکانیان ئەگرت و ئەیان هێنان بۆ ئەم کومیتانە. پاش لێپرسینەوەیەکی کورت، بەیانیەکەی ئەیانناردن بۆ زیندانی گەورە. ئەو زیندانانەی کە سەرەتای ڕاپەڕین نەیارەکانی شایان لێ هێنابوویەوە دەرەوە و گوڵبارانیان کردبوو. ئێستاکەش جارێکی تر پڕ کرابوون لە خەڵکی جۆراوجۆری تر.

سەرۆک کۆمار بە کردەوە دەسەڵاتی نەبوو. ناوێک بوو و دەمێک کە هەموو ڕۆژ بەڵێنی ژیانێکی باشتر و ئاسایشی ئەدا. بەڵام ئەم بەڵێنانە هەندێجار هەتا کۆتایی قسەکانی بڕیان نەئەکرد[٥٧]. ڕاپەڕینی ناوچەیی لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بەردەوام بوو. چەپکوژی بەشێوەیەکی بەردەوام لە پەرەسەندندا بوو. کوشتارەکان بە ڕواڵەت لە لایەن حکوومەت و دەوڵەتەوە نەبوو، بەڵام پاسداران و تێلا بەدەستان ئەیانکوشت، تالانیان ئەکرد و دڵیان ئاسوودە بوو، کە نەک لە سەر ئەو شتانە سزا نادرێن، ئەیانزانی تاوانەکانیان ڕەزامەندییەکی ڕانەگەیەندراویشی بە دواوەیە.

حیزبوڵڵا، بەبێ ئەوەی حیزبێکی فەرمی بێت یان بنکە و ناوەندێکی تایبەتی هەبێ، بە خێرایی و بە شێوەیەکی نادیار ئەندامی وەرئەگرت. هەر کەسەی چەکێکی هەبوو و خۆی بە لایەنگری هێڵی ئیمام ئەزانی، بە ئەندامی حیزبوڵڵا ئەژمێردرا و چی پێ خۆش بوایەت ئەیکرد. حیزبوڵڵایی کێیان پێخۆش بوایەت ئەیانگرت، ئەڕژانە هەر ماڵێک کە بیانویستایەت و، هەر کەسیان بویستایەت ناوی سیخوڕ و هاوکاری ئەمریکا و ئیسڕایلیان لێ ئەنا. بە شەو هاتوچۆ بە توندی کۆنترۆڵ ئەکرا. بەبێ ئەوەی ڕژیمی سەربازی ڕاگەیەندرابێ، بەکردەوە بەرگیراوی هاتوچۆی شەوانە بەرپا بوو. پاسدار و گۆپاڵ بەدەست لە کۆڵان و شەقامدا بەریان بەو ژنانە ئەگرت کە بەرگی ئیسلامیان لە بەردا نەبوو. ئەیانگرتن و ئەیانبردن بۆ کومیتەکان. ئەگەر لەگەڵ پیاوێکدا بوایەتن داوای ناسنامە و بەڵگەی هاوسەرێتیان لێئەکردن و ئەگەر پێیان نەبوایەت و نەیانتوانیایەت بیسەلمێنن کابرا، مێرد یان برایە، تووشی گیران و زیندان و قەمچی خواردن ئەبوون. بە شەو ئۆتۆمۆبیلەکانیان ڕائەگرت، نەفەرەکانیان دائەبزاند و بۆنیان ئەکرد بە دەمیانەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر بۆنی ئەلکولیان لێبێ، لە سەر تەختەی قامچیکاری ڕایانکێشن. لەو

٥٧ بڕکردن: چاوگی تێپەڕ گەیشتن، پێگەیشتن، درێژەکێشان، بەردەوامبوون. ن: بڕی نەکرد: بەرگەی نەگرت. ن: ئاوەزم بڕناکات: تێی ناگەم (عقلم قدنمیدهد.)

ڕۆژانەدا هۆنراوەیەکی چاپ نەکراوی هۆنەرێکی خۆشەویست، دەم بە دەم ئەگەڕا: «**بۆن بە دەمتەوە ئەکەن/ نەکا وتبێتت/ خۆشم ئەوێی!**» وردە وردە هەموو ئەو شتانەی بەرامەی شادی، ئەوین و ئاسایشی لێوە ئەهات، بەرگیراو کرا!

سالْی تازەی ئێرانی سەرەتای بەهار دەست پێ ئەکات. بەلاّم ئەو سالّە شەقامەکان چۆلّ و ساردوسڕ بوو. حەز و خۆشی و ئەو ئاگربازییەی هەموو سالێک لەو کاتەدا بەرپا ئەکرا، بەدی نەئەکرا. جەژنیش وەکو هەموو نیشانەکانی پێش ئیسلام بە چاوی سووکە سەیری ئەکرا و ئەوانەش کە هێشتا بڕوایان بەم دیاردانە هەبوو نەیان ئەوێرا خۆزگە و ئارەزووی خۆیان دەرببڕن. بەلاّم خەلّک لە مالّی خۆیاندا ئاسووتر بوون. ڕەستۆرانەکان و شوێنی سەرگەرمی گشتی چۆلّ ببوون و خوازیاریان لێبڕابوو. هەموو کەس پاش کارەکەی بە پەلە خۆی ئەگەیاندەوە مالّەوە و لە پەنای ئەو دیوارانەدا کە پاسدار و حیزبوللاّ نەیان ئەتوانی، یان بە ئاسانی نەیان ئەتوانی خۆیانی پیا بکەن، خۆیان حەشار ئەدا.

بەلاّم من کە خۆم یەکێک لەو حیزبوللاّییانەم لە مالّەوە هەبوو، هێشتاش نەمتوانیبوو پەی بەو ترسە مەزنە ببم کە حیزبوللاّ بەدی هێنابوو. بۆ من، هێشتاش پاسدار بریتی بوو لەو سیخوڕانەی سالّەکانی سەرەتای پێگەیشتن و گەنجێتی منیان پڕ کردبوو لە مۆتەکە و ترس و تۆقان. پاسدار کوڕی من بوو؛ ئەو بەردیا بچکۆلانەیەی کە لەپڕ یاخی ببوو. ئەو یاخیبوونەی بۆ من بە جیهانی پاش بالّقبوون ئەژمێردرا. ئەو شتەی کە خەلّکی تر لە بەرچاویان نەئەگرت. ئەو خەلّکەی کە وردە وردە دەوروبەریان چۆلّ ئەکردم و لێم ئەتاکانەوە. ئیتر کەس لێی نەئەپرسیم، جگە لە نێرگز و لەویش کەمتر عیسمەت خانم کە تەلەفۆنیان بۆ ئەکردم. تەلەفۆنەکانی نێرگز و سەعید جگە لە هەوالّپرسی هیچی تری تیا نەبوو. تێ ئەگەیشتم بە دووریان نەئەزانی تەلەفۆنەکانیان

لەگەڵ من گوێی لێ ڕابگیرێ. بەڵام عیسمەت خانم کە ئەتوت ئاگای لە دنیا نییە، هەموو ڕۆژێک تەلەفۆنی ئەکرد و لە سەر فرەوێژی خۆی بەردەوام بوو و من، بە پێچەوانەی جاران حەزم لەو درێژدادڕیانە بوو و هەندێجار بە پرسیاری بێسەروبن وام لێ ئەکرد نەی بڕێنێتەوە...

تەنهایی خۆم بە بچووک ئەزانی و، تەنانەت ئەو حەز و ئارەزووەی هەموو گیانمی پڕ کردبوو لە ئەوین و خۆزگەی باوەشی سەعید، وردە وردە دائەمرکایەوە و ئەبوو بە خۆبەدەستەوەدانێکی پارێزگەرانە. هەوڵم ئەدا ئەوەندەی بۆم ئەکرێ نەیبینم. لەو ڕۆژانەدا هەموو گیانم پڕ بوو لە سۆزێکی توند و بێسنوور، بەرامبەر بە بەردیا؛ ئەو بەردیایەی کە لە تەنهاییەکەیدا ئەوم بە هاوسان و هاوبەشی خۆم ئەبینی و هەستم ئەکرد ئەوە تەنها منم کە ئەتوانم ئەو ئەوین و سۆزەی کە پێویستیەتی پێشکەشی بکەم. بارامم لە بیر کردبوو. ئەو خۆی بوو، وانەکانی ئەنووسی و ئەوپەڕی شادمانیشی ئەو کاتە بوو کە بەردیا ئەهاتەوە بۆماڵەوە.

جا نازانم ئەگەر ئەو ڕوواوەی نیوەشەوی ناوەڕاستی ئاپڕیل ڕووی نەدایەت، من تا کوێ ئەمتوانی بچم بە دوای بەردیادا!

ئەو شەوە کاتژمێر لە دوانزەی شەو تێپەڕی و بەردیا نەهاتەوە بۆ ماڵەوە. لەو ماوەیەدا ڕێ نەکەوتبوو درەنگتر لە یانزە بێتەوە بۆ ماڵەوە. لە ماوەی ئەو یەک کاتژمێرەدا زیاتر لە سەد جار سەروبنی ژووری دانیشتن و چێشتخانەم کردبوو و هەموو جارێکیش لە باڵکۆنەوە سەیری شەقامم کردبوو. هەموو شەوێک جیبی کومیتە ئەیهێنایەوە بۆ ماڵەوە و من لە دەنگی ڕاگرتن و کرانەوە و داخستنەوەی دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکە ئەمزانی ئەوە هاتۆتەوە. بە پەلە هەڵئەهاتم و خواردنەکەم ئەخستە سەر گازەکە و تا خواردن گەرمەوە ئەبوو سەیرێکی مێزەکەم ئەکرد کە پێشتر ئامادەم کردبوو. پاشان دەرگاکەم ئەکردەوە و ئەوەستام تا ئەو بگاتە سەر.

کاتێکە کاتژمێر لە دوانزە تێپەڕی خۆم بۆ ڕانەگیرا. ڕووسەریەکەم دا بە سەرمدا و خۆم گەیاندە ئەو مزگەوتەی نزیکی شەقامی ئەلبورز بوو و ڕۆژێکیان پیشانی بارامی دابوو و بە دفرەوە وتبووی: «ئەمە کومیتەی ئێمەیە.» کاتێکە ئۆتۆمۆبیلەکەم لە نزیکی مزگەوتەوە ڕاگرت و بینیم کۆمەڵێک گەنجی چەکدار لە بەر دەرگای مزگەوت وەستاون، بە پارێزەوە چووم بۆ لایان. بەڵام پێش ئەوەی نزیک ببمەوە، یەکیان هات بەرەو ڕووم و لە کاتێکا چەکەکەی شانی ڕێک ئەکرد وتی:

ـ خوشکێ چ کارێکت هەیە؟

بێئەقان وتم:

ـ هاتووم بە دوای کوڕەکەمدا.

گەنجەکە کە پانزە شانزە ساڵ ئەبوو، بە شێوەیەکی تووڕە وتی:

ـ کوڕەکەت کێیە؟

گەنجەکانی تریش کە ڕوخساری مڕومۆچیان لە ژێر تیشکی چراکەی سەر دەرگای مزگەوتدا ترسناک خۆیای ئەکرد، ڕەنگە پێیان وابوو بە دوای کوڕەکەمدا چووم کە گیراوە، دەوریان گرتم. بە دژواریی توانیم بڵێم:

ـ بەردیا، بەردیای جەلالی.

بۆ یەک سات دەستەکانی ئەو مێرمنداڵەی بەرامبەرم وەستابوو کەوتە خوارەوە و ئەوانی تر کشانەوە. ئەوەی لەگەڵم قسەی ئەکرد، بە دەنگێکی مناڵانە وتی:

ـ ببوورە دایە، نەماننناسیت. هەر ئێستە بانگی ئەکەم.

هەڵات و خۆی کرد بە مزگەوتدا و پاش ساتێک لەگەڵ بەردیا گەڕایەوە. من کەو ماوەیەدا چاوم بڕیبوویە عەرزەکە و سەیری هیچکام لە گەنجەکانم نەئەکرد، بە بیستنی دەنگی پێیان سەرم بەرز کردەوە. بەردیا لە کاتێکا تفەنگێکی بە شانەوە بوو و سەری ڕاست ڕاگرتبوو، بەرەو ڕووم هات. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت بە ئارامی قۆڵی گرتم و لە نێوان گەنجەکانەوە بردمی بەرەو شەقامەکە. لەوێ، لە تەنیشت

ئۆتۆمۆبیلەکەوە، بە دەنگێک کە هەستم ئەکرد ئەستوورتر و گڕتر بوو وتی:

ــ بۆچی هاتووی بۆ ئێرە؟

قۆڵم لە دەستی دەرهێنا و لە کاتێکا دەرگای ئۆتۆمۆبیلەکەم ئەکردەوە، بە هێوری وتم:

ــ خەریک بوو دڵم ئەتۆقی. ئەزانی چ کاتە؟

هیچی نەوت. ڕاوەستا تا چوومە نا ئۆتۆمۆبیلەکە و لە کاتێکا دەرگای بۆ دائەخستم وتی:

ــ تا کاتژمێرێکی تر دێمەوە.

لەوێوە تا ماڵەوە پێنج شەش خولەک زیاتر نەبوو. بەڵام وەکوو ئەوە وا بوو من ئەو ڕێگەیەم بە چەند کاتژمێر بڕیبێ. ئەو کاتژمێرانەی کە هیچی تێدا نەبوو جگە لەو وێنانەی کە بەردەوام لە مێشکمدا پاتە ئەبوونەوە. وێنەی گەنجەکانی بەردەم مزگەوت. وێنەی بەردیا کاتێکە چەکبەشان لە مزگەوت هاتە دەرەوە و، وێنەی بەردیا کاتێکە من ئۆتۆمۆبیلەکەم خستبوویەوە ڕێ و ئەو ئەگەڕایەوە بۆ لای مێرمنداڵەکان. لەوێ وام هاتبوویە بەرچاو کە ئەو شانەی بەردیا، وا ئاگرپژێنەکەی پیاهەڵواسراوبوو، داکەوتبوو و شانەکەی تری بە شێوەیەکی نائاسایی ئەجووڵایەوە. وەکوو کەسێک کە قاچێکی کورتتر بێت. بە هەر هەنگاوێکی هەڵی ئەگرت کورتی ئەو شانەی کە بەتاڵە وەکوو خولانەوە ئەجوڵا. چوار ساڵ پاشتر کاتێکە بیستم بەردیا ئەژنۆی بریندارە و لە جەنگ گەڕاوەتەوە و قاچی بۆ هەمیشە ئەشەلێ، جارێکی تر ئەم وێنەیەم هاتەوە بەرچاو.

لە بیرم نییە ئەو شەوە بەردیا چ کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام تێکڕای ئەو ماوەیە بە قنچکان لە سووچێکی موبلەکە دانیشتبووم و سیگارم ئەکێشا ــ کارێک کە لەو ڕۆژانەدا لە هەموو کارێک زیاتر ئەمکرد ــ و لە خۆم ئەپرسی ئایە بەردیا ئەتوانێ ببێتەوە بە یەکێک لەو مناڵە ئاسایی و سروشتیانەی کە لەم جیهانەدا هەن؟ کەوتبوویە بیرم

کاتێکە بەردیا منداڵ بوو و لە لەندەن ئەژیاین، هەر جارەی کە گەنجێکی شڕۆڵە و تووشیارم[٥٨] ئەبینی لە سەر کەتێکی قەراخ شەقامەکە یان سووچێکی پارکەکە هەڵترووشکاوە، بە ترسەوە بیرم لە ئایندەی بەردیا ئەکردەوە. جارێکیان کاتێکە بە ئەمینم وت: «باشە چۆن دایک و باوکی ئەم منداڵانە بیر لە ڕزگارکردنیان ناکەنەوە؟» ئەو وەڵامی ئەدایەوە: «بۆ ئەمانە ئیتر ڕزگار بوون نەماوە؛ ئەمانە مردوون و تەنها ناویان لە لیستی زیندووەکان دایە!»

بەڵام من نەم ئەتوانی باوەڕ بکەم تەنانەت بۆ ئەوانەش هیچ کارێک ناکرێت. ئەو شەوەش تێکڕای ئەو ماوەیەی چاوەڕێم ئەکرد، بەردەوام لە خۆم ئەپرسی: «ئایە من ناتوانم کارێکی بۆ بکەم؟»

بەڵام کاتێکە بەردیا گەڕایەوە، پاش وتووێژێکی کورت و تاڵ لەگەڵمدا، چووە ژوورەکەی، بۆم دەرکەوت هیچ کارێک لە دەست من نایەت و بەردیا هەمان ئەو مردووەیە کە ئەبێ هەتا هەتایە تەرمەکەی بە سەر شانمەوە بێت.

بەردیا، مڕومۆچ و شەڕانی گەڕابوویەوە و پێش ئەوەی من هیچ بڵێم، وتی:

ـ مەگەر من منداڵم، کاتێکە دوا ئەکەوم، ئەکەویتە شوێنم؟

هەوڵم دا وەک هەمیشە کۆتا بێم:

ـ ئەگەر باوکیشت دوا بکەوتایەت ئەچووم بە دوایا. بیر لەوە ناکەیتەوە من چەندە نیگەرانم؟

بەردیا بە دەنگ و ڕووی ترشاوەوە وتی:

ـ بەڵام ئیتر هەرگیز بە دوای مندا مەیە. هەرچەندەش درەنگم پێ چوو، هەر مەیە بە شوێنمدا!

تۆزێ جەربەزەم خستە بەر خۆم و وتم:

ـ ئەوێ چ شوێنێکە بەردیا؟ مزگەوتە یان سەربازخانە؟ تۆ لە

---

٥٨ـ تووشیار: afflicted ڕەفتار ئاڵوودەیی ناوی لێکدراو ئاڵوودە، پاگر، قەتیس، گرفتار، گیرۆدە و دووچاربوو، تووشبوو بە شتێکەوە ع مبتلی N plaget د مبتلا.

تەمەنێکدا نیت چەک هەڵگری.

بە خەندەیەک کە زیاتر لە هیی شێتێک ئەچوو ڕووی لێوەرگێڕام و وتی:

ـ من لە تەمنێک دام کە ئەزانم چی ئەکەم.

بە هەمان ئارامی وتم:

ـ بڕوات هەبێ لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە چەک نادەن بە دەست منداڵێکی وەکوو تۆوە!

بەردیا، لێم نزیک بوویەوە، لە بەردەممدا وەستا و بە دەم ددان چیڕکردنەوە وتی:

ـ ئێرە لەگەڵ هەموو جیهان جیاوازیی هەیە. ئێرە وڵاتێکی موسڵمان و شۆڕشگێڕە. منیش هەر کارێکم پێخۆش بێت ئەیکەم. هەر کارێک؛ تێگەیشتی؟

روخساری ئیتر هیچ لە بەردیای من نەئەچوو و شتێکی تیابوو هەرگیز نەمبینیبوو و نەمناسیبوو. تەنانەت ئێستەش، لە پاش دەساڵ بیرکەوتنەوەی ئەو ڕوخسارەی بەردیا لام ترسناک و بە ئازارە. لە بیرمە چاوم داخستبوو و ئەژنۆم لە باوەش گرتبوو و بە دەنگێک کە بە دژواریی لە گەرووم ئەهاتە دەرەوە، وتم:

ـ چیت بە سەر هاتووە بەردیا؟ من دایکتم؟

سووڕایەوە و پشتی تێکردم. قاڵیەکە لە ژێر گۆشاری پۆستاڵەکانیدا نیشتبوو و سوورتری ئەکردەوە:

ـ بۆ من ئیسلام و شۆڕش لە هەموو شت گرنگترە.

بەبێ ئەوەی بمەوێ بزانم بۆچی، وتم:

ـ من لە بەر تۆ و بارام لێرە ماومەتەوە. ئەگەر ئەوە بۆ تۆ گرنگ نییە، من لێرە ئەڕۆم.

دیسانەوە ڕووی تێکردم. دەستی خستە سەر شانم. قورسایی دەستی زیاتر لەوەی بمترسێنێ، حەپەساندمی. سەرم بەرزەوە کرد تا دڵنیا بم کە ئەمە ئەوە دەستی ناوەتە سەر شانم. ڕوخساری تووڕە

بوو و چاوەکانی، کە ئیتر لە چاوی من نەئەچوون، سارد و بێبەزەیی، قیژاندی:

ــ بۆ هەر کوێ ئەچی بچۆ، من و بارام پێویستمان بە تۆ نییە!

ئینجا بە هەنگاوی خێرا ژوورەکەی جێ هێشت و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی. من کە هێشتا قورسایی دەستی ئەوم لە سەر شانی خۆم هەست پێ ئەکرد و وێنەی چاوەکانی لەرزینێکی بێبڕانەوەی ڕژاندبوویە دەروونمەو، لە شوێنی خۆمدا مامەوە. دەروونم وردە وردە بەتاڵ ببوو؛ وەکوو کەسێک وابووم چەند ڕۆژە دەمی نەداوە لە خواردن و دارەتێکی وەکوو برسێتی و هێڵنجدانی هەیە. مێشکم وەکوو ڕۆژەکانی سەرەتای ونبوونی ئەمین لەکار کەوتبوو. نە حەزم ئەکرد بگریم و نە بقیژێنم و نە گوتەیەک لە گەرووم ئەهاتە دەرەوە و نە بیرێک بە سەرمدا تێ ئەپەڕی. ئارام و وڕ لە بۆشاییەکی ڕەهادا ئەخولامەوە. چەند جار ویستم هەڵسم و بڕۆم بۆ ژوورەکەی خۆم، بەڵام نەمتوانی. هیچکام لە ئەندامەکانم لە دەسەڵاتمدا نەبوون. ویستم جگەرەیەک داگیرێنم، یان ئەژنۆم لە نێوان دەستمدا دەربێنم، یان دەستم لە سەر ئەژنۆم هەڵگرم، بۆم نەکرا. وەکوو ئاولەمەیەکی بێتوانا، ئەژنۆ لە باوەش و سەر لە سەر ئەژنۆ، دانیشتبووم و ئەخولامەوە، ئەخولامەوە، ئەخولامەوە...

کات وەستابو. شوێن درێژی وپانی و بەرزی نەبوو. دەنگ مردبوو و هەوا نەئەجووڵا. پاشان دەنگی سووڕانی کلیلێک لە قفڵی دەرگاکەدا هێنامیەوە بە خۆمدا. ئەژنۆم وشک ببوو و مۆغەرەی پشتم بە توندی ئازاری تێزابوو. بە زۆر توانیم ئەژنۆم بەردەم و پاڵ بدەم بە پشتیەکەوە و داوا لە فاتمە خانم، کە ئەهات بەرەو ڕووم، بکەم یارمەتیم بدات بۆ ئەوەی هەڵسم...



پاش حەفتەیەکی قەیرانی بڕیارم دا وەکوو نەخۆش بچم بۆ لای سورەییا. لەو حەفتەیەدا هیچ شەوێک لە کاتژمێرێک زیاتر نەخەوتبووم. قەفەسەی سینگم زۆر ئازاری هەبوو و لەرزێکی بەردەوامم لە دەروونمدا هەست پێ ئەکرد. ئەمتوانی دیسانەوە پەنا ببەمە بەر حەبی خەو؛ نێرگز، چەند مانگ پێش گەشتی باکوور، هەموو ئەوەی کە مابوو ڕژاندبوویە ناو زبڵدان. بەڵام ئەمتوانی وەکوو ڕابوردوو بچم بۆ دەرمانخانەیەک کە خاوەنەکەی ئەمی ناسی و بەبێ ڕەچەتە حەبی پێ ئەدام. سەرەڕای ئەوەش حەزم نەئەکرد دیسانەوە بگەڕێمەوە بۆ ئەو جیهانی ترس و سامە. وتم بەڵکوو سورەییا جگە لە حەبخواردن ڕێگەیەکی ترم بۆ بدۆزێتەوە.

سورەییا لەو ڕۆژانەدا خۆی ئامادە ئەکرد بۆ هەمیشە لە ئێران بڕوات. چاوەڕوانی مانگی مەی بوو فێرگەی کوڕەکەی تەواو ببێ. ڕەنگە ئەو ماوەیەشی بۆیە دانابوو بەڵکوو عەبەش تا ئەو کاتە بێتەوە بە خۆیدا و لەگەڵیان بڕوات. بەڵام عەبە لەو کاتەوە کە بیستبووی سورەییا ئەیەوێ لە ئێران بڕوات، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لێیان ئەتاکایەوە و خۆی ئەهاویشتە داوێنی حیزبی توودەوە.

حیزبی توودە لەو سەردەمەدا بە ئاشکرا نزیکترین هاوکاری حکوومەت و مەلاکان بوو. زۆر کەس پێیان وابوو ئەوان ئەیانەوێ لەو

هەلە کەڵک وەربگرن و خۆیان بخزێننە بەڕێوەبەرێتی و کارگەکانەوە و وردە وردە دەسەڵات لە مەلاکان وەربگرنەوە. هەر مەبەستێکیان هەبوو، ئەم خاڵە بۆ هەموان دەرکەوتبوو کە ئەوانە بۆ نزیکبوونەوە لە دەسەڵات هەموو کارێک ئەکەن و بەتایبەت چەپەکانی تر و موجاهیدین، کە لەگەڵ ئەو جۆرە هاوکارییە نەیار بوون، بە هەموو فێڵ و پیلانێک لە دامودەزگا و کارگەکان دەرئەکرد. دەسەڵاتیش پێی ناخۆش نەبوو و بە دەستی ئەوان خۆی دەرئەپەڕاند و خۆی ڕاستەوخۆ تووشی ئەم گرووپانە نەئەکرد کە هێشتاش جێگەی متمانەی خەڵک بوون.ئەو ڕۆژەی کە چووم بۆ لای سورەییا، وتی عەبە ڕۆژی ڕابوردوو جلەکانی خۆی هەڵگرتووە و چووە بۆ ماڵی باوکی. ئەو ماڵە هەژارانەی کە سەرهەنگ نووری هێشتاش لە سەر کورسییە چەخدارەکەی تیا ئەخولایەوە و وتاری توند و تیژی ئەدا و، تەنها کەسیش کە سەری لێ ئەدا هەمان حاجی بوو کە هەتا ئێستاش حەفتەی دوو جار ئەچوو بۆ لای. عەبە بە سورەییای وتبوو پێش ڕۆیشتن بەتەواوی لێک جیا ببنەوە و سەرەڕای ئەوەش سورەییا زۆر شادمان بوو کە عەبە پەژێرەی کردووە سەهەند بدات بە ئەو.

ئەو ڕۆژە سورەییا زۆر بە وردی گوێی لە قسەکانم ڕاگرت. هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە. سورەییا وەکوو بڵێی بۆ خۆی هەموو شتێک ئەزانێ، سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:

ـ لووبا... تۆ ئیتر ناتوانیی هیچ کارێک بۆ بەردیا بکەی. هیچکەسی تریش ناتوانێت. بیر لە خۆت و بارام بکەرەوە.

بە داماوی و کلۆڵی وتم:

ـ ناتوانم. ناتوانم دەست لە بەردیا بەردەم. بەردەوام بە خۆم ئەڵێم وا نامێنێ و ئەگۆڕێ. بەڵام هێشتا یەکساڵی پێ نەچووە ئەمین مردووە و ئەو بووە بە مرۆڤێک کە من تۆزقاڵێکیش نایناسم. ئەمە خۆ ئاسایی نییە. ئەو ئەبێ بگۆڕێ.

ـ ناگۆڕێ لووبا... ناگۆڕێ. پێت وایە من بۆچی لێرە ئەڕۆم؟ من

نامەوێ سەهەندیش چارەنووسی بەردیای بە سەر بێت. هەزارانی وەکوو بەردیا لە کۆڵان و شەقامەکانی ئەم شارەدا ئەگەڕن. بۆ هەر شوێنێک ئەچی چەندین بەردیای تفەنگ بە شان ئەبینی. ئەمانە پارێزەری ڕژیمێکن کە هەموو دەسەڵاتێکیان ئەداتێ. من و تۆ چیمان هەیە پێیان بدەین تا ئەوان، ئەم حکوومەتە و ئەو دەسەڵاتەی بۆ بەجێ بهێڵن؟! کام مناڵ ئەیەوێ ملکەچی باوک و دایکی بێت، کە تەنانەت کاتی خەو و خواردنیشی کۆنترۆڵ ئەکات؟

ـ واتە تۆ پێت وایە ئەم حکوومەتە بۆ هەمیشە ئەمێنێ؟

سورەییا بە مخابنەوە سەری ڕاوەشاند:

ـ من ناڵێم بۆ هەمیشە، بەڵام پێم وانییە بەمزوانە لە کۆڵمان بێتەوە. کێشەکە لەوەدایە تا چاو بتروکێنی بارام گەیشتۆتە تەمەنی ئێستەی بەردیا. پێت وایە بەو نموونەیەوە کە هەموو ڕۆژ و شەوێک بە بەر چاویا دێت و ئەڕوا، چی بە سەر دێت؟

بۆ یەکەمجار بیرم لە شتێک کردەوە کە بە درێژایی ئەو کاتانە سەرنجی ڕانەکێشابوو: دوارۆژی بارام؟ ئەو مناڵە بچووکە بێتاوانەی کە بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی هەبێ بەرەو ئەو جیهانە ڕائەکێشرا کە بەردیا بۆی دروست ئەکرد. بەو جۆرەی کە ئەوانی تر ئەو جیهانەیان بۆ بەردیا دروست کرد و ڕایانکێشا بۆ لای خۆیان. بەڵام ئایە من مافی ئەوەم هەبوو لەبەر بارام، بەردیا وێڵ بکەم؟ وتم:

ـ لە ڕاستیدا ئەبێ یەکیان بکەم بە سەرگەردی[٥٩] ئەوی تریان!

سورەییا بە خێرایی وتی:

ـ تۆ کەس ناکەی بە سەرگەردی کەس. بوون و نەبوونی تۆ لە ژیانی بەردیادا هیچ ڕۆڵێکی نییە. مەگەر خۆی ئەمەی پێ نەوتوویت؟ تۆ بارام ڕزگار ئەکەیت. پاشانیش... ڕەنگە نەبوونی تۆ زیاتر کار بکاتە سەر بەردیا. ڕەنگە ڕۆژێک بیەوێ بێت بۆ لاتان!

لە کاتێکا سورەییا لایەنە باشەکانی ڕۆیشتنی منی ئەژمارد، من

ـ ٥٩

زیاتر هەستم بە پێداویستی ڕۆیشتنم ئەکرد و زیاتریش بیرم لە بەردیا ئەکردەوە. دەسهەڵگرتن لە بەردیا وەکوو کارێکی نەگونجا وابوو. ئەو تەنها کوڕم نەبوو، ئەو تەنها یادگارێک بوو کە لە نیشتمانەکەم بۆم مابوویەوە. پێم وابوو ئەو تەنها هێڵی پەیوەندیمە لەگەڵ ڕابوردووم. بەجێهێشتنی ئەو، بەجێهێشتنی پارچەیەک لە گیانم بوو؛ بەجێهێشتنی هەموو ئەو یاد و بیرەوەریانە بوو لەگەڵ ئەودا لە نیشتمانەکەمەوە لەگەڵ خۆم هێنابووم.

بە سورەییام وت:

ـ ئەمە بڕیارێکی سادە نییە. من ئەبێ بیری لێ بکەمەوە. هەروا بە سانایی ناتوانم بڕیار بدەم.



ئەحمەد، پاش سێ مانگ زیندان، بە هەوڵ و تێکۆشانی حاجی و دۆستانی ئازاد بوو. کۆتایی ئاپریل بوو. ناوەڕاستی بەهار، بەبێ گوێدانە خەم و دڵمردوویی پەرەگری جەماوەر، وەکوو هەموو بەهارەکانی تاران، دڵڕفێن و شکۆمەند بوو. هەوا ڕوون و ساماڵ بوو. بەس هەندێ پەڵە هەوری بچووک وەکوو ئەو مەلانەی لە قەفەس بەر ئەدرێن، لە سەر لوتکەی ئەلبورزەوە، لەو شوێنەی ئێرانیەکان سیمورگی[٦٠] ئەفسانەییان لێ داناوە، جیا ئەبوونەوە و بەرەو شار ئەهاتن. کۆڵانەکان پڕ بوون لە بەرامەی درەختانی یاسەمەن کە بە دیوارەکاندا بڵاو ببوونەوە و سرووەیەکی بەهارانە، کە تایبەتمەندی تاقانەی باهارانی تارانە، بە سەر شاردا بڵاوی ئەکردەوە.

نێرگز لە بەر دەرگای زیندانی «قەسر» پێشوازی لە ئەحمەد کردبوو؛ لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا قسەیەکی پێ وتبوو کە ئەحمەد پێش چوونە زیندان ئارەزووی ئەوە بوو بیبیستێ: هێشتاش ئەتەوێ زەماوەندم لەگەڵ

---

٦٠ـ سیمورگ: ئەفسانە قەقنەس، مەلێکی ڕەنگاوڕەنگ و زۆر خۆش ئاوازی ئەفسانەییە. ئەڵێن هەزار ساڵ ئەژی و کە ئەگاتە ساڵی هەزار و کۆتایی تەمەنی، لەسەر کێوێکی بەرز ئێزنگێکی زۆر کۆ ئەکاتەوە و لەسەری دائەنیشێ، دەس ئەکا بە خوێندن و باڵ راوەشاندن کە لە ئەنجامدا سەرخۆش ئەبێ.. پزیسکەیەک لە باڵیەوە ئەکەوێتە ناو ئێزنگەکە، ئاگرێکی گڕەمەشخەڵان ساز ئەبێ.. سیمورگ خۆشی لەو ئاگرەدا ئەسووتێ. لە ژێلەمۆی بن خۆڵەمێشەکەی هێلکەیەک بەدی دێ و سیمورگێکی‌تر. سیمورگ یان قەقنەس، یان ع عَنقا جووتی نییە و ئەڵێن مووزیک لە ئاوازی قەقنەس وەرگیراوە.

بکەی؟» و ئەحمەد لە بری وەڵام وتبووی: «من لە زیندان، تابلۆیەکی گەورەی ڕوخساری خۆمەینیم بۆ کێشان!» نێرگز دیسانەوە قسەکەی دووپات کردبوویەوە و ئەحمەد تەنها سەری ڕاوەشاندبوو. نێرگز هەر لەوێوە بردبووی بۆ ئەو نووسینگەی مارەبڕینەی کە چاوەڕێیانی ئەکرد. لەوێ نێرگز نەیهێشتبوو گوتەی مارەبڕین بخوێنن و وتبووی: «خۆتان بە نوێنەرایەتی ئێمە ئەو کارە بکەن.» تەنها پەڕەی بەڵگەنامەکەیان واژۆ کردبوو و بەو بەڵگەیەوە کە وەریان گرتبوو، هاتبوون بۆ ماڵی ئەحمەد.

من، چەندین کاتژمێر بوو چاوەڕێیان بوو؛ حەزم ئەکرد بە زووترین کات ئەحمەد ببینم. ئەمویست پێی بڵێم دانووی من لە بەردیا جیا بکاتەوە. هەرچەند ئەمزانی بەردیا هێشتاش لکاوە بە منەوە.

کاتێکە هاتنە ژوورەوە، نێرگز بە ڕستەیەکی کورت تێی گەیاندم کە ئەو هەموو شتێکی وتووە و پێویست ناکا منیش بیڵێمەوە. چوو ژوورەوە و لەو ماڵەدا کە ئیتر هیچ شتێکی لە ماڵەکەی ئەحمەد نەئەچوو، بەرامبەری دانیشتم. چاوەکانی چووبوو بە قووڵا و هیچ شێوەیەکی لەو دوو کازیوەی بەیانە نەئەچوو، کە بینیبووم. سەیرم کرد و بینیم ئەگەر بڕیاریش بوایەت قسە بکەم، نەم ئەتوانی هیچ بڵێم.

تۆزی وێرانی لە سەر ماڵەکە نیشتبوو. قەفەسەی پەرتووک بەتاڵ بوو. تەنها لە قاتی سەرەوەی پەیکەری سمۆرەیەکی بۆر بەرچاو ئەکەوت کە ئێستە و لە تەنهایی ژوورەکەدا، بچووک و بێپەنا خۆیای ئەکرد. دیوارەکان هەموو ڕووت بوون و شوێنی تابلۆکان کە ڕەنگیان هەندێ ڕووناکتر لە شوێنەکانی تر بوو، ئەیدا بە چاوا. ئەحمەد لە سەر لێواری موبلێکی شین دانیشتبوو؛ وەکوو کەسێکە ئامادەی هەڵسان و ڕۆیشتنە. ئیتر ئەو ئاسۆ زەریاییە شینە و ئەو باڵندە زێڕین و گەمییە سوورەکە بە سەر سەریەوە نەبوو.

نێرگز بە ڕەنگی پەڕیو و پێکەنینێکی بە زۆر، بەردەوام قسەی ئەکرد و ئەحمەد، بە ڕوخساری ئەبڵەقەوە هەندێجار سەیری من و

هەندێجاریش سەیری ئەوی ئەکرد و هیچی نەئەوت. هەر جارەش کە من یان نێرگز پرسیارێکمان لێ ئەکرد، گۆنای ڕاستی بە ئاشکرا ئەلەرزی و جار بە سەر و جاریش بە وشەیەکی «نەء» یان «ئەرێ» وەڵامی ئەدایەوە.

هەمان ڕۆژ ئێوارە نێرگز هات بۆماڵەوە بۆ لام و وتی:

ــ پاش ڕۆیشتنی تۆ ئەحمەد دەسبەجێ خەوی لێکەوت. خەوەکەشی ئەوەندە قووڵە ئەڵێی ماوەیەکی زۆرە نەخەوتووە.

پاشان بە خەم و نیگەرانیەوە درێژەی دا:

ــ نازانم چییان بە سەر هێناوە! نە قسە ئەکات. و نە وەڵامی هیچ پرسیارێک ئەداتەوە.

وتم:

ــ ڕەنگە چەند ڕۆژێک تێپەڕی باشتر ئەبێ.

سەری وەکوو ئەرێ ڕاوەشاند:

ــ منیش وای بۆ ئەچم.

بەڵام ئەحمەد، نەک هەر باشتر نەبوو، بەڵکوو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەرەتر و بێدەنگتر ئەبوو. هەرگیز نەمزانی چییان لێکردووە. ڕەنگە کەسی تریش ئەو ڕازەی نەزانی. بەڵام هەرچییەکیان لێکردبوو، بۆ ئەوە بەس بوو تووشی بێدەنگی و تەرەبوونێکی کوشندەی بکات.

دوو حەفتە پاش بەربوونی ئەحمەد، بە بیانووی ئەوەی کاری نییە و ناتوانێ کرێکەی بدات، ماڵەکەی چۆڵ کرد. سەبارەت بە کارەکەی ڕاستی ئەکرد. کارەکەی زانکۆی هونەرە جوانەکانی پێ نەدرایەوە. بەڵام تابلۆیەکیان بە واژۆی ئەو بە سەر دەرگای سەرەکی زانکۆدا هەڵواسی کە وێنەی خومەینی بوو و لەبن ئەبرۆ پڕەکانیەوە لە خەڵک مۆڕەوە ببوو و ئەتوت بە هەموان ئەڵێ: بێدەنگ! سەبارەت بە کرێ ماڵیش هەرچەند هەوڵم دا و وتم پارەم ناوێ، پەژێرەی نەکرد و بەوەش بۆین نەبوو نێرگز کرێ ماڵ بدات. خانوویەکی بچکۆلە و تۆزێ دوورتر لە ماڵی ئێمە، لە کۆتایی شەقامی فەرهەنگ، گرت بە کرێ، کە سێ

ژوور و حەوشەیەکی بچووکی هەبوو. بنمیچێکی شووشەی بۆ سازکرد و نیوەی زۆری حەوشەی کرد بە گوڵخانە و کەوتە پەروەردەکردنی گوڵ.

چەندە ئەحمەد زیاتر خۆی تەرە ئەکرد، نێرگز بە پێچەوانەی ڕواڵەتی بێدەنگی زیاتر هەڵئەچوو و چالاکانەتر کاری ئەکرد. ساتێکیش ئارامی نەئەگرت. لە بەیانیەوە، کە بۆ چەند کاتژمێر ئەچوو بۆ شارەوانی بۆ کارکردن، هەتا شەو کە ئەگەڕایەوە بۆ ماڵە بچکۆلەکەیان، هیچکەس نەی ئەزانی لە کوێیە و کەی دێتەوە! مسۆگەر تەنها سەعید ئەیزانی کە ئەو وا لە یەکێک لەو ماڵانەی کە بە هۆی نهێنکارییەوە چەند ڕۆژ جارێک ئەیانگۆڕی، دانیشتووە و خەریکی ئامادەکردنی ئەو بڵاوکراوانەیە کە چەند مانگێک ئەبوو بەبێ مۆڵەت و بە شێوەی نهێنی دەرئەکرا. ئێستە خۆیشی لەم بڵاوکراوانەدا وتاری ئەنووسی و وتارەکانیشی کە هەر جارە و ناوێکی لە سەر بوو، هاندەر و ڕاستەوخۆ هەموو کردار و کردەوەیەکی حکوومەتی ڕەت ئەکردەوە. لە ڕاستیدا نێرگزیش پاش قامچی لێدان، دارەتێکی خەمۆکی پەیدا کردبوو و ئەو سووکەڵەیی شادییەی جارانی ونکردبوو.

بەڵام لە بری ئەو ئەدگارە ونبووانە جۆرێک تۆکمەیی و بێدەنگی جێی گرتبوویەوە. دوو هێڵی هاوتەریب لە قەراخی لێوەکانی خۆیان دەرئەخست و لە سەرەتای بیستونۆ ساڵیدا بوو، تەمەنی گەورەتر دیاری ئەکرد. ئەوانیتریش کەمتر ئەیانبینی. هەر کاتیش یەکێک هەواڵی ئەپرسی ئەیوت خەریکە لە سەر نامەی مەجستەرەکەی ــ کە لە ماوەی ڕاپەڕیندا پەکی خستبوو ــ کار ئەکات.

ڕۆژێکی هەینی لە ماڵی حاجی بینیم، لە وەڵامی مندا کە وتم: «تۆیش خەریکی وەکوو من دەرگای دنیا لە سەر خۆت دائەخەیت.»

دەستی کردە ملم و گۆنای ماچ کردم و بە زەمزەمە وتی:

ــ مەترسە، من دەرگای دنیا لە سەر خۆم داناخەم. ئێمە فێر بووین هەموو ڕۆژێک بدرێین بە عەرزا و هەر ئەو ڕۆژەش هەڵسینەوە. ئەمە

ئیتر بەشێکە لە ژیانمان. بووە بە ژیانمان. وەکوو مێژوومانین، بەردەوام سەر و خوار، بەرەوام چاڵ و بەرز... وەکوو شەپۆل، چارمان نییە جگە لەوەی لە کەوتنا ڕابینەوە.

هەر لەوێ پێم وت پێویستم بەوەیە چەند کاتژمێرێک بیبینم و ڕاوێژی لەگەڵ بکەم. ئەو وتی: «هەر کات بتەوێ، هەر کات!»

بەڵام ماوەیەکی پێچوو تا من ئامادەیی ئەوەم تیا دەرکەوێ لەگەڵی وتووێژ بکەم.



بەیانیەکی ناوەڕاستی مانگی جوون، چووم بۆ دیداری نێرگز و لە ماڵە بچکۆلەکەی چاوم پێی کەوت. ئەحمەد لە حەوشە دانیشتبوو و بە گوڵەکانی ڕائەگەیشت. ڕوخساری لە دواجار کە بینیبووم گەشتر خۆیای ئەکرد. پێ ئەچوو چەند کیلۆیەکیش هاتووەتەوە بە خۆیا، بەڵام نیگای هەروا بێڕەنگ و خەمبار بوو. بە بینینی من دەستی لە کار هەڵگرت و بە پێکەنینەوە هات بۆ لام. سڵاو و چاک و چۆنی کرد و دەسبەجێ، وەکوو یەکێک بانگی کردبێ، ئاوڕێکی لە ئینجانەکان دایەوە و بە لێبوردنێکی کورت گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی. نێرگز لە کاتێکا ئەیبردمە ژوورەوە، بە ئارامی وتی:

ـ لەگەڵ هیچکەس نادوێ!

وا پێ ئەچوو ئەم ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەوە بوو، کە من لە هەڵسوکەوتی ئەحمەد دڵم نەیەشێ. وتم:

ـ هەر چاک ئەبێت. کاتی ئەوێ.

ژوورێکی سادە و خنجیلانە بوو. بەو کەلوپەلانەوە کە نێرگز لە ماڵی حاجی هەیبوو. لە سەر یەکێک لە موبلە نارنجیەکان دانیشتم و نێرگز چوو تا چام بۆ بهێنێ. لە پەنجەرەوە ئەحمەدم ئەبینی کە بە وردبینی باخەوانێکی کۆنەکارەوە خەریک بوو چڵێکی بچکۆلانەی لە ئینجانەیەکدا ئەچاند. کردار و ڕەفتاری لەو کاتانە ئەچوو، پێش گیران، کە تابلۆیەکی

ئەخستە ناو قاپەوە. دڵم ئەلەرزا، کاتێکە سەیرم ئەکرد. هەستم ئەکرد منیش لە بەدیهاتنی ئەو دۆخەی ئەوی تێکەوتبوو، تاوانکارم. ئەگەر لە پاش مردنی ئەمین من بەردیام بەرەڵڵا نەکردایەت؟ ئەگەر لە پاش مەرگی ئەمین مناڵەکانم لە ئێران ببردایەت؟...

ئەحمەد هەڵسا و بەو ئینجانەوە کە ئامادەی کردبوو بەرەو گوڵخانە شووشەکە چوو. نێرگز کە هاتەوە بۆی گێڕامەوە ئەحمەد لە فرۆشتنی گوڵ و ئینجانەکانی داهاتێکیشی دەست ئەکەوێ. هەموو پێنجشەممەیەک هەشتی بەیانی پیکاپێک ئەهات و گوڵ و ئینجانەکانی ئەحمەدی ئەبرد بۆ فرۆشتن. نێرگز ئەیوت ئەحمەد ئیتر ئامادە نییە دەست بۆ ڕەنگ و فڵچە ببات. چەند جار داوای لێکردبوو بکەوێتە وێنەکێشان، ئەحمەد ئەوەندە بە زەلیلی گریابوو کە نێرگز خۆی ترێقەوە ببوو و داوای لێبووردنی لێکردبوو. بەڵام نێرگز ئامادە نەبوو بە ئاسانی بڕوا بەوە بکات، کە ئەحمەد دەستی لە بەهرە سەرەکیەکەی هەڵگرتبێ!

بە نێرگزم وت:

ــ من بڕیارم داوە و ئەمەوێ لەگەڵ بارام لە ئێران بڕۆم.

تەنانەت ئەو کاتەش کە قسەم ئەکرد، بیری دوورکەوتنەوە لە بەردیا ئازاری ئەدام. بەڵام چەندین حەفتە پاش چاوپێکەوتنی سورەییا و چەند ڕۆژ پاش ئەوەی ئەو و کوڕەکەی لە ئێران ڕۆیشتن، بەو ئەنجامە گەیشتم بۆ ڕزگارکردنی بارام و خۆم هیچ ڕێگەیەکم نییە جگە لەوەی لە بەردیا جیا ببمەوە و ئێران بەجێ بهێڵم.

لەو ماوەیەدا بەردیا ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر و ڕەقتر ئەبوو. زۆر کەم ئەمبینی. نەم ئەزانی بە شەو کەی دێتەوە و بەیانی کەی ئەڕوات. هیچ شتێکی بە من نەئەوت. ئیتر هەر بە چەکەوە ئەهاتەوە بۆ ماڵەوە و هەندێجار چەند پاسداری تریشی لەگەڵ خۆی ئەهێنایەوە. نێوانمان زۆر ساردوسڕ بوو. چەندە ئەمویست لێی نزیک ببمەوە لەمپەرێکی دژوارتر لە بەردەمما قیت ئەبوویەوە. هەوڵم دا ئەوەندەی بۆم ئەکرێ بارام لە لای بەردیا بەجێ نەهێڵم. بەڵام بەردیا گوێی لە بوونی من نەبوو.

چیرۆکی هاندەرانەی بۆ ئەگێڕایەوە کە پاڵەوانەکەی خودی ئەو بوو: هێرشبردن بۆ ماڵی دژی شۆڕش، گرتنی خەڵکی مەترسیدار، کەوتنە شوێنی ئۆتۆمۆبیلی خراپکارانی هەڵاتوو و؛ بارام بە سەرسووڕمان و شانازییەوە سەیری بەردیای ئەکرد و هەندێجار بە شێوەیەکی منداڵانە چەپڵەی بۆ لێ ئەدا و باوەشی ئەکرد بە ملیا. بەردیا چەندە لەگەڵ من سارد بوو، ئەوەندە لەگەڵ بارام گەرم و میهرەبان بوو. لەگەڵ هاتنەوەی باوەشی پیا ئەکرد و ئەیبردە ژوورەکەی. بەو پارانەی کە بەبێ ئەژمار لە منی وەرئەگرت و بەردەوام بڕەکەی زیادی ئەکرد، لەیستۆکی بۆ ئەکڕی کە زۆربەی تفەنگ و دەمانچە بوو. هەندێجاریش تفەنگەکەی خۆی بەتاڵ ئەکرد و ئەیدا بە دەستیەوە و فێری ئەکرد چۆن کار ئەکات.

جارێکیان هاتەوە بۆ ماڵەوە و بارامی نەدی. لە منی پرسی. کاتێکە وتم بردوومە بۆ ماڵی یەکێک لە هاوپۆلەکانی بۆ جەژنی لەدایکبوون، کردی بە قیژە و هەرا و وتی:

ـ ئەمە دوا جار بێت بەبێ ئاگاداری من بارام ئەنێری بۆ شوێنێک.

من هەموو ئەمانەم پەژێرە کردبوو و نەمتوانیبوو سەبارەت بە جیابوونەوە لە بەردیا و ڕۆیشتن لە ئێران بڕیار بدەم و بەس دوو ڕۆژ پێشتر بوو کە هەشتی بەیانی، کاتێکە بەردیا لە ماڵ چووە دەرەوە، تەلەفۆنم بۆ نێرگز کرد و وتم:

ـ بە زووترین کات ئەبێ بتبینم.

شەوی پێشوو هەتا بەیانی نەنوستبووم. بەردیا وەکوو هەمیشە پێنج و نیوی بەیانی لە خەو هەڵسابوو بۆ نوێژ خوێندن. پاش نوێژ ڕاهێنانی ئەکرد تا کاتی فێرگە. ئەم دوو کاتژمێرە تەنها کاتێک بوو کە لە ماڵەوە ڕاهێنانی ئەکرد.

باڵای، لەو بەیانە ڕوونەی ناوەڕاستی بەهاری تاراندا مەزنتر و بەرزتر دیاری ئەکرد. سەیرم ئەکرد هەرچەند تا چەند ڕۆژی تر ئەبێ بە پانزە ساڵ، بەڵام لە گەنجێکی حەڤدە هەژدە ساڵان ئەچوو.

چووم بۆ چێشتخانە، قاوەیەکم دروستکرد و لەوێوە چاوم تێبڕی. لە ژێر وێنەکەی خومەینی ــ کە ماوەیەکی زۆر بوو گوێزرابوویەوە بۆ ژووری دانیشتن ــ بە وردبینی پیرەمێردێکی ئاینی ئەنوشتایەوە و ڕاست ئەبوویەوە و وشەی نەناسراوی عەرەبی بە دەنگی بەرز لە دەمی ئەهاتە دەرەوە. حەزم ئەکرد هەر وەک ساڵێک پێشتر بە پێکەنینە پاک و چاوە ئارامەکەیەوە بێت و لە بەرامبەرمدا دابنیشێ و قسەم لەگەڵ بکات. حەزم ئەکرد وەکوو ڕابوردوو، کاتێکە دڵم ئەگیرا، دەست بکاتە ملم و لە سەر نووکی پێی بەرز بێتەوە و گۆنام ماچ بکات و بە زمانی چیکی بڵێ:

ــ کەروێشکە جوانەکان قەت پەژارەمەند نابن.

ئەم ڕستەیە، کاتێکە مناڵ بوو و کاتێکە پەژارە دای ئەگرتم، پێم ئەوت. ئەو ڕستەیە و چەندین ڕستەی تر کە بە زمانی چیکی فێرم کردبوو زۆر بە ڕەوانی فێری ببوو و ئەیوتەوە. کاتێکە مناڵ بووم، دایکم هەمیشە ئەم ڕستەیەی پێ ئەوتم. بەڵام کاتێکە پێی کەوتە نەخۆشخانەی دەروونی، ئیتر هەرگیز لێم نەبیستەوە و خۆیشم وەکوو زۆر شتی تری مناڵی لە بیرم چوویەوە. لەپڕ ڕۆژێکیان ئەو ڕستەیەم بە بەردیا وت کە چوار ساڵان بوو و لەوە شەمزابوو کە ئەمین چووبوو بۆ گەشتێکی دوو ڕۆژە. لە سووچێکا کڕ ببوو و ئامادە نەبوو نانەکەی بخوات.

بەردیا هات بۆ چێشتخانە و بە بینینی من لەوێ و لەو کاتەدا بۆ ماوەیەک حەپەسا. حەپەسان بۆ ساتێک دڕی و تۆسنی لە چاوەکانی ڕفاند. لە بەر خۆیەوە سڵاوێکی کرد و لە کاتێکا بۆ لای بەفرگرەکە ئەچوو، وتی:

ــ هەڵساوی نوێژ بخوێنی؟

دەراوێکی[٦١] تاڵ و ژەهراوی هەبوو و نیوڕوخی کە بۆ لای من

---

٦١ ـ دەراو: tone ناوی فەرمان شێواز و چۆنیەتی ئاخافتن؛ دەنگێک بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە؛ شێوەی دەربڕینی بابەتێک ✿: نامەکەی دەراوێکی دۆستانەی هەبوو ✿: بە دەراوێکی تووڕە وتی ✿: بە دەراوێکی ڕاماو و دەنگێکی نزم پاتەی کردەوە [ع] نبرة [N] tone [د] لحن ☜ ئایدیۆلێکت.

بوو، لە بەر تیشکی چرای بەفرگرەکەدا دیسانەوە بوویەوە بە نیورۆخی پاسدارە مڕومۆچەکە. قسەیەکەیم پشت گوێ خست و وتم:

ــ ئەتەوێ شتێکت بۆ دروست بکەم؟

شووشەی شیرەکەی دەرهێنا و هەندێکی کردە پەرداخێک و وتی: «نەء.» و بە پەرداخی شیرەکەوە لە چێشتخانە ڕۆیشتە دەرەوە و چوو بۆ ژوورەکەی خۆی.

نێرگز، ئەتوت چاوەڕێی بیستنی ئەو قسەی ئەکرد. پێکەنی و وتی:

ــ پێم وایە بڕیارێکی بەجێت داوە.

پێم وت هەرچەند بڕیاردان زۆر دژوار بوو، بەڵام دۆخی بارام و ئایندەی ئێرە ناچاری کردووم ئەو بڕیارە بدەم. باسی دۆخی بنەماڵەم بۆ کرد، هەرچەند ئەمزانی پێویست بەو قسانە ناکات و ئەو خۆی ئەتوانێ زۆربەیان هەست پێ بکات. ڕەنگە زۆربەی دۆستان و نزیکانمان ئەیانتوانی هەست بە باری ماڵەوەمان بکەن؛ بەتایبەت ئەوانەی کە ڕۆژانی هەینی بەردیایان بینیبوو و لە ژێر چاوەوە سەیریان کردبوو. ماوەیەک بوو بەردیا، تەنانەت ڕۆژانی هەینیش بەس بۆ نانخواردن ئەهات بۆ ماڵی حاجی. عیسمەت خانم بەردەوام خۆی ئەکرد بە قوربان و سەدەقەی و ئەویش لەگەڵی گەرم و ڕووخۆش بوو. بەردیا ئەو و حاجی ماچ ئەکرد و لە کاتێکا لە بەر خۆیەوە سڵاوی لە هەموان ئەکرد، دائەنیشت، بە پەلە پارووەنانێکی ئەخوارد و ئەڕۆیشت. لە ماوەی ئەو نیو کاتژمێرە یان لانی زۆر ئەو کاتژمێرەدا کە ئەو لەوێ بوو، جەوی ژوورەکە تەواو قورس ئەبوو. وردە وردە لە ژمارەی ئەو کەسانەی ڕۆژانی هەینی ئەهاتن بۆ بینینی حاجی و عیسمەت خانم، کەم ئەبوویەوە. سورەییا لەگەڵ کوڕەکەی، تا ئەو کاتەی لە تاران بوو، پاش نانخواردن و کاتێک ئەهات کە بەردیا لەوێ نەبوایەت. حومەیرا خوشکی عەبە و مناڵەکانی هەر نەئەهاتن. چەند خزمی تریش بە بیانووی جۆراوجۆرەوە بڵاوەیان لێکردبوو. لە ڕاستیدا سەر سفرەی نیوەڕۆی ڕۆژانی هەینی

تەنها ئێمە بوین و نێرگز و باوک و دایکی سەعید و عەبە. زۆربەشیان لە بوونی بەردیادا بێدەنگ بوون. تەنها حاجی و باوکی سەعید بوون کە لە سەر شتی ئاسایی ئەدوان و ئەوانی تریش وایان دەرئەخست گوێیان لەوێ ڕاگرتووە. تەنها عەبە بوو کە هەندێجار ئەچوو و لە لای بەردیاوە دائەنیشت و دەربارەی ڕووداوەکان پرسیاری لێ ئەکرد و هەندێجار وا گوێی لێ ئەگرت، ئەتوت گوێی لە کابرایەکی وریا و تێگەیشتوو ڕاگرتووە.

بە نێرگزم وت:

ــ ئێستە ئیتر ئەمەوێ بڕۆم. ئەبێ بڕۆم. بەڵام ئەترسم لە لای بەردیا باسی بکەم. ئەترسم نەهێڵی بارام لەگەڵ خۆم ببەم.

لە ڕاستی‌دا ئەمویست بزانم ئایە حاجی ئامادەیە ڕەزامەندی بەردیام بۆ وەربگرێ؟ بەردیا بە ڕێزەوە بەرامبەر بە حاجی ئەجووڵایەوە؛ هەندێجار هەستم ئەکرد ئەو ڕێز گرتنە تۆزێ ترسیشی تێکەڵە. حاجی هێشتاش جێگەی ڕێزی ئەو کەسانە بوو کە بەرپرسی بەردیا بوون. ئەیبینی زۆربەی بەرپرسانی کومیتەکان دێن بۆ ماڵی حاجی، وەزیران و دادیار ڕێزی لێ ئەگرن و سەرۆک کۆمار تەلەفۆنی بۆ ئەکات. ئەیبینی هەموو جارێک کە ئەیانەوێ بیناسێنن ئەڵێن نەوەی حاجی ئاغا جەلالی و پاشان ئەڵێن کوڕی شەهید «دکتۆر جەلالی» و ئەوە هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەهێشتبوویەوە جگە لەوەی ڕێز لە حاجی بگرێ. ڕەنگیشە حاجی بە خۆ تێ هەڵنەقرتاندن و چاوپۆشی کردن لە کارەکانی بە شێوەیەکی وشیارانە ڕێزی خۆی پاراستبوو. حاجیش وەکوو ئەمین حەزی نەئەکرد «نەء» ببیستێ. هەر بۆیەش بوو داوای شتێکی لە بەردیا نەکردبوو کە «نا»ی پێ بڵێ. ئەمویست ئەوە بزانم ئەگەر من یان نێرگز داوا لە حاجی بکەین نەهێڵێ بەردیا ڕێگە لە ڕۆیشتنی بارام بگرێ، ئایە حاجی بە قسەمان ئەکات. و ئایە بەردیا بە قسەی حاجی ئەکات؟!

ئەوەم لە حاجی‌دا ئەبینی داواکەی من پەژێرە بکات، تەنانەت ئەگەر بزانێ بەردیا «نا»ی پێ ئەڵێ و تەنانەت ئەگەر کار بگاتە جێگەی

دژواریش. حاجی، هەرچەند زۆر پارێزکار بوو، بەڵام بۆ خۆی هەندێ پڕنسیپی هەبوو و لە سەریان سوور بوو. پاش مردنی ئەمین، حاجی پێی وتبووم دەسەڵاتی بارام و بەردیا لە دەستی من دایە و ئەگەر بمەوێ لە ئێران بڕۆم، ئەو لە هیچ یارمەتیدانێک درێخی ناکات و من ئەمزانی ئەو لە سەر بەڵێنی خۆی ڕائەوەستێ.

بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو ژنانەی لە ژیانمدا دیبووم و بەتایبەت بە پێچەوانەی ئەو ژنانەی لە ئێران ناسیبوومن، نێرگز هەر لە خۆوە و بەبێ ئەوەی هەموو لایەنەکان لێک بداتەوە، قسەی نەئەکرد. ئەو ڕۆژەیش، ئەو دەسبەجێ وەڵامی نەدامەوە و ماوەیەک بێدەنگ بوو. ئەمزانی مێشکی تیژ و پشکنەری دیسانەوە کەوتۆتەوە کار و بۆ چارەسەرێکی ژیرانە ئەگەڕێ. پاشان لە کاتێکا بە پەنجە ناسک و بچووکەکانی قژی شانە ئەکرد، وتی:

ـ من پێم وایە ئەبێ بەبێ ئاگاداری بەردیا بڕۆیت. بەبێ ئەوەی هیچکەس بزانێ. تا ئەو کاتەش کە نەگەیشتوویتەتە ئینگلیز هیچکەس نابێ ئاگادار بکرێ. هەوڵدان بۆ ڕازیکردنی بەردیا بێسوودە. ئەو ڕەنگە بە ڕواڵەت بۆین ببێ. بەڵام تەگەرەی واتان ئەهێنێتە ڕێ کە نەتوانن دەربچن!

ـ تەنانەت ئەگەر داوای یارمەی لە بابە گیانیش بکەین؟

وەک بڵێی بیری لەم لایەنەش کردبێتەوە دەسبەجێ وتی:

ـ من لەگەڵ بابە گیان قسە ئەکەم. ئەو ئەتوانێ یارمەتی بکات بۆ ئەوەی بە بێدەنگ پاسپۆرتەکەت نوێ بکەیتەوە. لەم ڕۆژانەدا بە ئاسانی پاسپۆرت بە کەس نادەن. بەڵام باشترین کار ئەوەیە بەردیا ئاگای لێ نەبێ.

بە ترسێکەوە کە نەم ئەتوانی بیشارمەوە، وتم:

ـ بەڵام بەردیا لەمکارە زۆر تووڕە ئەبێ.

نێرگز چاوی تێبڕیم. هەستی بە ترسەکەم کردبوو:

ـ تۆ هەر کامیان بکەیت بەردیا هەر تووڕە ئەبێ. گرنگ ئەوەیە تۆ

بتوانی لێرە دەرباز ببی...

نێرگز قسەی ئەکرد و من هەستم ئەکرد چەندین ساڵ لە من گەورەتر و دنیادیدەترە. خۆمم لە بەرامبەری‌دا بە بچووک و نەزان ئەهاتە پێش چاو و لەوە سەرم سوورِ مابوو، لە وڵاتێکی ئاوا دواکەوتوو و لە بنەماڵەیەکی ئاینی‌دا، ئەو چۆن توانیویێتی تا ئەم ڕادەیە گەشە بکات. کاتێکە قسەکانی دەربارەی بەردیا و ئەو کارانەی کە من تا کاتی ڕۆیشتن ئەبوا جێبەجێی بکەم، تەواو بوو، بەبێ لەسەرڕۆیشتن لێی پرسیم:

ــ پێم بڵێ بزانم، ئەتەوێ پێش ڕۆیشتنت سەعید ببینی و قسەی لەگەڵ بکەیت؟

لە دوایین جارەوە کە من بە تەنها سەعیدم بینیبوو و قسەم لەگەڵ کردبوو، واتە لە شەوی پێش گرتنی نێرگز و ئەحمەد، زیاتر لە چوار مانگ تێپەڕ ئەبوو. پاش ئەو شەوە دوو سێ جار لەماڵی حاجی سەعیدم دیبوو و لە کاتێکا ئەترسام سەیری ناو چاوی بکەم، زۆر بە کورتی چەند ڕستەیەکم لەگەڵ وتبوو. لەوە زیاتر، ئەگەر بشم ویستایەت، لە بەردەم ئەو هەموو خەڵکەدا نەئەگونجا. وردە وردە ئەویش خۆی لە من دوور ئەخستەوە. پێشتر، هەندێجار ئەهاتە لامەوە دائەنیشت و وەکوو هەموو خزمانی تر هەواڵی ئەپرسیم و دەربارەی شتی جۆراوجۆر قسەی لەگەڵ ئەکردم. بەڵام لە حەفتەکانی ڕابوردوودا تەنانەت تەلەفۆنیشی بۆ نەکردبووم. سەرەڕای هەموو ئەمانەش هێشتا خۆشم ئەویست و دڵم بۆی ئەفڕی. بە نێرگزم وت:

ــ نەء، نامەوێ. با بگەمە ئینگلیز نامەیەکی بۆ ئەنووسم.

بزەیەکی کرد و وتی:

ــ ناتەوێ تەنانەت یەکجاریش بیبینی؟

ــ نەء. ئەترسم لەگەڵی ڕووبەڕوو ببمەوە. لە خۆم ئەترسم.

ــ ئەترسی لە ڕۆیشتن ژێوان ببیتەوە؟

ــ نەء، ئەترسم بەڵێنێکی پێ بدەم کە نەتوانم جێبەجێی بکەم.





نێرگز سەری بەرز ڕاگرت و چاوی بڕییە ئەحمەد کە نیوەی ڕوخساری لە پشت کۆمەڵێک گوڵی ئاکاسیای[٦٢] قەراخ پەنجەرەکەوە دیار بوو. تیشکی هەتاو، لە پەردە تۆڕییەکانەوە تێ ئەپەڕی و ئەیدا لە ڕوخساری نێرگز. لەو کاتەدا لە پەیکەرێک ئەچوو لە مۆزەخانەیەک لە ژێر پرۆژیکتۆر دایان نابێت. پەیکەری ماخوایەکی بێناو و ئەوەندە جوان، زۆر دژوار بوو چاوی لێ هەڵبگری. وتم:

ـ من نازانم بەیانی چی ڕوو ئەدا. نازانم سەعید ئایە ئەیەوێ هەرگیز لە ئێران بچێتە دەرەوە یان نا؟ نازانم کاتێکە لێرە ئەڕۆم چ ڕووداوێک چاوەڕوانم ئەکات. ئەزمون پیشانی داوەم هیچکەس توانای ئەوەی نییە چۆنێتی و هەلومەرجی دەروونی خۆی لە داهاتوودا پێشبینی بکات. هەق وایە مرۆڤ خۆی بە بەڵێنێکەوە نەبەستێتەوە کە هیی بەیانییە و هیی ئەمڕۆ نییە.

ڕوخساری پەیکەرەکە جووڵەیەکی کرد و زیندوو بوویەوە، خەندەیەکی قووڵ و دڵخوازی لێ نیشت:

ـ من ڕەخنەم لە تۆ نییە. تەنانەت حەزم لەو هەڵوێستەشت هەیە. ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمەی ژنانی ئەمبەری جیهان لە ئێوە جیا ئەکاتەوە. ئێمە خۆمان ئەکەینە پێبەندی ئەو شتانەی لە هەلومەرجێکی تایبەت و تەنها بۆ ساتێکی هەڵچوون، ئەکەوینە ناوی و تەمەنێکی دووروودرێژ سزاکەی ئەدەینەوە و، تەمەنێک بە ئازار و تەنانەت بە نەفرەتەوە ئەژین. بەڵام شادمانین، کە مرۆڤێکی بە ئەمەگ بووین. واتە ئەو درۆیەی بە خەڵکی و بە خۆمان وتووە، ناوی ئەنێین ئەمەگداری.

بێباکانە وتم:

ـ ئایە تۆ خۆت هەر لە بەر ئەوە نەبوو شووت بە ئەحمەد کرد و

---

**٦٢ـ** ئاکاسیا: acacia ڕووەک ناو درەختێکی گەورەی وەکوو بەڕووە، گوڵی هێشوویی زەردە، جەوتێکی لێئەگرن پێی ئەوترێ تانین Tannin یان جەوتی مازوو.

لەگەڵی ئەژیت؟

بە توندی سەری ڕاوەشاند و وتی:

ــ نەء. من هیچ بەڵێنێکم بە ئەحمەد نەدابوو. پێش زیندانیش هیچکات ئەمادە نەبووم بەڵێنی شووکردنی پێبدەم. پاشتریش من خۆم بڕیارم دا. خۆم داوام لەو کرد هاوسەرگیری بکەین و ئێستەش ئەمەوێ لەگەڵی بژیم. سورەییا ئەیوت سەبارەت بە ئەحمەد هەست بە تاوان ئەکەم. چونکە برازاکەم تووشی ئەم ڕۆژەی کردووە. ڕەنگە ئەو هەستەشم هەبێ. بەڵام تا ئەو کاتەی، کە بەم ئەندازەیەی ئێستە خۆشم ئەوێ و حەزم لە بوون و بینینیەتی، نە درۆم لەگەڵ ئەو کردووە و نە لەگەڵ خۆم.

پاشان وەکوو ئەوەی بیەوێ شتێک لە خۆی دوور بکاتەوە دەستی بە حەوادا ڕاوەشاند و وتی:

ــ باشتر وایە واز لەم قسانە بهێنین... تۆ کەی ئەتەوێ بڕۆی؟

دەسبەجێ وتم:

ــ بە زووترین کات. ئێستە کە بڕیارم داوە بڕۆم. چەندە زووتر، ئەوەندە باشتر.



حاجی لە بیستنی بڕیارەکەی من، نە هێدمە گرتبووی و نە پێی ناخۆش ببوو. فرمێسک ڕژابووبووە چاوەکانی و وتبووی: «وا باشترە، لانیکەم ئەو منداڵە بێتاوانە وەکوو بەردیای بەسەر نایەت.»

ئەو بە پێچەوانەی نێرگز و سەعید و ئەوانی تر، کە هیوادار بوون «هەلومەرج بگۆڕدرێ» ئەیوت: «لابردنی ئاخوندەکان لە سەر حوکم کارێکی نەگونجاوە.» هەندێک پاش بە دەسەڵات گەیشتنی بەنی سەدر، کە زۆربەی لیبراڵەکان و لایەنگرانی بەرەی نەتەوەیی و بە گشتی توێژی مام ناونجی و دەوڵەمەند دەنگی پێ دابوو، ئەویش وەکوو زۆربەی ئەوانی تر بۆی دەرکەوتبوو ئەم سەرۆک کۆمارەش دەرەقەتی ئاخوندەکان نایەت و ناتوانێت دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز پێکەوە بنێت. سەرەڕای ئەوە، حاجی هێشتاش لەم دەرگا و ئەو دەرگای ئەدا، بەڵکوو بە بەهێزکردنی باری ئابووری و دەروونی بەنی سەدر و هاوکارەکانی، ڕێگە لەوە بگرن دەسەڵات بە تەواوەتی بکەوێتە دەست لایەنی توندڕەو و ئاخوندەکان. ئیتر نەی ئەزانی ساڵێکی پێ ناچێ خۆیشی ئەکەوێتە بەر غەزەبی ئەو لایەنە توندڕەوە و ناچاری ئەکەن هەتاکوو ماوە خانەنشین بێ.

حاجی، لە هەمان ڕۆژەوە کە نێرگز بڕیارەکەی منی پێ وتبوو، کەوتبوویە شوێن کارەکەم و وەرگرتنی پاسپۆرتی تازە بۆ من و بارام.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەڵات هەڵاتە، مانگ و نیوێکی پێچوو تا پاسپۆرتەکەم وەربگرم. ئەو مانگ و نیوەی هەر ساتێکی مانگ و نیوێکی پێچوو.

بەردیا لە سەرەتای پانزە ساڵیدا، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر و ڕەقتر ئەبوو. من ئیتر لە بەرمبەر هیچکام لە کار و هەڵسوکەوت و قسەکانی ئەودا کەمترین قسە و کاردانەوەیەکم نەبوو. هەوڵم ئەدا ئەوەندی بۆم ئەکرێ لە بوون و سەیرکردنی ئەو چێژ وەربگرم. بەڵام هەستم ئەکرد تەنانەت لە سەیرکردنیشی ڕەنج ئەکێشم. وەکوو کەسێک وابووم ڕۆڵە ئازیزەکەی تووشی شێتیەکی کوشندە بووە. ڕۆژ نەبو لە خۆم نەپرسم: «ئایە ڕەوایە لەو دۆخەدا بڕۆم و بەجێی بهێڵم؟» بەڵام هەموو جارەش بوون و بیری بارام ئەهاتەوە پێشەوە و ای لێ ئەکردم بڕۆم.

کاتێکە پاسپۆرتەکەم وەرگرت نەمتوانی خۆم لە بەرامبەر ئەو ویست و حەزەی بۆ بینینی سەعید هەمبوو، ڕابگرم. بە نێرگزم وت ئەمەوێ سەعید ببینم. نێرگز بە داخەوە سەرێکی ڕاوەشاند و وتی:

سەعید دوێشەو چوو بۆ تورکمەنستان[٦٣] و تا کۆتایی حەفتەیەکی تریش لەوێ ئەبێ.

بەڵام تا ئەو کاتەی لە ئێران بووم، سەعید نەهاتەوە و نۆ دانە ساڵی تریشی پێچوو تا توانیم جارێکی تر بیبینمەوە؛ کاتێک کە لەڕ و نووشتاوە، تاڵە قژی سپی لاجانگەکانی داپۆشیبوو و بە پەڕەیەکەوە کە ئاوارەییەکەیانی تێدا نووسیبوو، لە دالآنە درێژ و باریکەکەی گەشتیاری تازەگیشتووی تورکیە بەرەوڕووی من ئەهات و بەو جۆرە باوەشی پیاکردم کە شەوەکەی پایز لە گوڵسەرا...

---

٦٣ـ تورکمەنستان: مەڵبەندێکی تورکماننشینە لە باکووری ئێران، لە سەرەتای ڕاپەڕینی ١٩٧٩دا هێزەکانی دەسەڵاتی مەلاکان پەلاماریان دا و هێزە چەپ و ئازادیخوازەکان و تەنانەت لە کوردستانیشەوە چوون بۆ یارمەتی شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە.



...حەوتی ئاگوستی ۱۹۸۰، سێ ڕۆژ پێش ساڵڕۆژی مەرگی ئەمین، بە بیانووی یارمەتیدانی عیسمەت خانم، لەگەڵ بارام چووین بۆماڵی حاجی. بە بەردیام وتبوو: «ئەم دوو سێ شەوە تۆش وەرە بۆ ئەوێ.» بەڵام ئەو سەری ڕاوەشاندبوو و نەی ئەزانی کە ئەو شەوە دواین جارە من و بارام ئەبینێ. ڕۆژی دوایی کاتژمێری یانزەی بەیانی کاتی فڕین بوو.

بەس ساکێکی بچکۆلەم پێ بوو کە جگە لە پاسپۆرت، بلووزێک بۆ خۆم و یەک بۆ بارام و هەندێ شتی وردە و لەوانە کاسێتەکەی دەنگی مارتای تیا بوو. ساکەکەم لە ژوورەکەی پێشووی نێرگز و لە ژێر چرپاکەدا شاردەوە. بڕیار وابوو جانتای گەورە لەگەڵ خۆم نەبەم بۆ ئەوەی ناچار نەبم لە هۆڵی خۆنووسین[٦٤] دوا بکەوم. حاجی لەگەڵمان هات بۆ فڕۆکەخانە بۆ ئەوەی ئەگەر کێشەیەکمان تووش بوو، یارمەتیمان بدات. ئەو ڕۆژانە زۆر کەسیان لە فڕۆکەخانەوە ئەگەڕانەوە یان هەر لەوێ ئەیانگرتن. حاجی وتبووی تەنانەت نێرگزیش لەگەڵمان نەیەت و پێی وتبوو: «ئەگەر پاشتر بەردیا یان هەر کەسی تر قسەیەکی کرد لە بیرت بێ هیچکەس نەیزانیوە کە لووبا و بارام ئەڕۆن.»

نێرگز پەشۆکابوو، پەشۆکاوییەک کە کەمتر پێوەم بینیبوو.

٦٤ـ هۆڵی خۆنووسین: registration hall هۆڵی سەرەکی تێرمیناڵی فڕۆکەخانە. [ع] قاعة التسجیل [N] registreringshall [د] سالن تشریفات.

بەردەوام قسەی ئەکرد و، هەر جارەی چاوی عیسمەت خانمی بە دوور ئەبینی دەستی ئەکردە ملم و ماچی ئەکردم. عیسمەت خانم خەریکی کاری خۆی بەو قەڵافەتە قورسەوە کە بە زۆر بەملا و ئەولادا ڕای ئەکێشا. هەندێجار زەمزەمەی ئەکرد. هەندێجار فرمێسکێکی دائەباران و هەندێجار فەرمانی بە سدیقە خانم ڕائەسپارد و خۆی بۆ بەرنامەکەی سێ ڕۆژی ئاینده ئامادە ئەکرد. من بیرم ئەکردەوە، سێ ڕۆژی تر شیوەن کردن و سینگکوتان، بە دوای ناوی ئەمیندا، ناوی بارام و ڕەنگە بەردیاشی ئەهێنا.

سدیقە خانم بە فەرمانی عیسمەت خانم وێنەیەکی گەورەی ئەمینی هێنا بۆ دیوەخان و بەرامبەری من لە سەر پایەیەکی بڵیند داینا. لەو وێنەیەدا ئەمین کراڤاتێکی شینی ڕێرێ و جاکەت و پانتۆڵێکی سورمەیی لەبەر بوو و لە ناو قاپە کەنداکەیدا پێ ئەکەنی. ماوەیەک ڕوانیمە وێنەکە و هەستم کرد ئیتر ڕقم لە ئەمین نییە. ئەو، وەکوو ڕابوردوویەکی لێڵ و دوور و نامۆی لێهاتبوو؛ ڕابوردوویەک کە تەنها تارماییەکی گشتی لێ بەجێ مابێ. کاتێکە ئەمەم بە نێرگز وت، سوورێکی دایەوە و بەرامبەرم دانیشت. قەڵافەتی کشاو و ڕازاوەی لە جلی سپی، بە قەراخی مەلیلەکراوی سوور و پەمەیی، زیندووتر و جوانتر لە هەمیشە ئەیدا بە چاوا؛ بزەیەکی بۆ کردم و وتی:

ــ تەنها ئەوین ئەتوانێ نەفرەت بسڕێتەوە.

کاتێکە ئەم قسەیەی ئەکرد، ڕوومەتی ئەدرەوشایەوە. دیسانەوە ببوو بەو پەیکەرەی لە ماخوایەک دایانڕشتبێ. حەزم نەئەکرد چاو لە تەماشای وەرگێڕم. بیرم لەوە ئەکردەوە ئەو هەمیشە نیشانەی میهر بوو بو من؛ ئاناهیتایەک کە بەس بۆ ئەوین و خۆشویستن لەدایک ئەبێت. ئێستە بیر لەوە ئەکەمەوە چەندە دژوار بووە لەگەڵ ئەونەفرەتانە ڕووبەڕوو ببێتەوە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر وڵاتەکەی گڵاو و ڕەش ئەکرد.

شەو، ئەوەندەی بەردیا دەرکەوت، بە بێئەقان بەرەوڕووی چووم و باوەشم پیاکرد. بۆ ساتێک لە ئامێزمدا خۆی شل کرد و پاشان

بە نەرمی کشایەوە و گۆنای عیسمەت خانمی ماچ کرد، کە هاتبوویە ناو ژوورەکەوە و خۆی ئەکرد بە قوربان و سەدەقەی. پاشان چووە لای وێنەکەی ئەمینەوە؛ ساتێک وەستا، سەیری کرد و ئەوسا سەری داخست و لە سەر کورسیەکە دانیشت. بارام خۆی گەیاندێ و باوەشی کرد بە قاچیا. من، وەکوو کەسێک کە لە خەودا ئەڕوا بە ڕێدا، چوومە لایەوە و لە سەر عەرزەکە دانیشتم و سەرم خستە سەر ڕانی و پرمەی گریانم وەکوو تریشقەیەکی لەپڕ ژوورەکەی پڕ کرد. نازانم چ ماوەیەک لەو دۆخەدا بووم، بەڵام لە بیرمە دەنگی نێرگز هێنامیەوە بە خۆمدا:

ــ تۆ و دایکیشم لە بەیانی زووەوە گریان و شیوەنتانە. لانیکەم بیر لە بارام بکەنەوە.

بەردیا، بارامی بە ئەسپایی لە من جیا کردەوە کە خۆی پێوە لکاندبووم و پێی ئەوت:

ــ وەرە بچین بۆ لای بابە گەورە. لەوێ سەیری تەلەڤیزیۆن بکەین.

کاتێکە سەرم بەرز کردەوە، خەریک بوو لە ژوورەکە ئەچووە دەرەوە. سەرنجمان لێک گیرا، خەمێک ڕوخساری داپۆشابوو. تەواو وەکوو ساڵێک لەمەوبەر، ئەو کاتەی کە تازە هەواڵی ونبوونی ئەمینیان پێ دابووین. چاوەکانی جارێکی تر لە چاوەکانی من ئەچوون و نیگای شێوەیەکی وەرگرتبوو کە من هەمیشە خۆشم ئەویست.

ئەو نیگایە تا کاتێکە فڕۆکە هەڵسا و کەوتە ئاسمانی تاران، کە تۆزێکی خۆڵەمێشی داپۆشابوو، هەر لەگەڵم بوو.

ئەوسا بوو کە چاوم لە عەرز و لە خانووە خشت و چیمەنتۆکان، کە لە بەرزاییەوە لەو ئێسکبەندییانە ئەچوون لە گۆڕەکانەوە سەریان دەرهێنابێت، هەڵگرت و ڕوانیمە ئاسمان. ئاسمان هەمان ڕەنگی پیرۆزەی هەبوو کە ئێران بەو ڕەنگە ئەناسن و، خۆر هەمان خۆری ئێرانیان بوو کە ڕۆژگارێک پێش ئەوەی موسڵمانانی عەرەب بە سەریدا زاڵ بن، ئێرانیەکان سوێندیان پێ ئەخوارد.



بەڵام ئەوە دوایین دیداری من لەگەڵ بەردیا نەبوو. دە ساڵ پاشتر، واتە سێ ساڵ پێش ئێستە؛ کاتێکە وەکوو نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری ئابووری‌دا هاتبوو بۆ لەندەن، ئەوم بینیەوە. خەریک بوو لە باڵوێزخانە ئەهاتە دەرەوە تا سواری ئوتۆمۆبیل ببێ. من و بارام چەندین کاتژمێر بوو لەوێ وەستابووین و چاوەڕێمان ئەکرد تا چاومان پێی بکەوێ.

خەڵکێکی زۆر بۆ دژایەتی و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی، لە بەرامبەر باڵوێزخانەدا کۆ ببوونەوە. شەپۆلی حەشامەتەکە بەردەوام پاڵی پێوە ئەنام و بەملا و ئەولادا ڕای ئەژەندم. بەڵام من لە لایەکەوە خۆم لکاندبوو بە بارامەوە و لە لایەکی ترەوە دەستم گرتبوو بەو لاجامەی کە پۆلیس لەوێ دانابوو و نەم ئەهێشت جەماوەر بم جووڵێنێ.

هات. بە قەڵافەتی بڵیند و ڕاوەستاو و سمێڵێکی کورت و ڕیشێکی زۆرەوە. لە نێوان گاردەکانی باڵوێزخانە و پۆلیسی لەندەن‌دا ڕێی ئەکرد؛ بە شەلەشەل، بەڵام هێمن و بڕوابەخۆ و زۆر لە بەردیای من نەئەچوو. چوو بۆ لای ئوتۆمۆبیلەکە. لەپڕ، هێلکەیەک لە ناو خەڵکەکەوە فڕی و خول خول دای بە سەریا و جۆگەلەیەکی باریکی زەرد و سپی بە ناوچاویا هاتە خوارەوە. بەردیا بۆ ساتێک وەستا، دەسڕێکی لە گیرفانی

دەرهێنا و بە شەڵەژانێک، کە لە شەڵەژانەکانی منالّی ئەو ئەچوو، هێنای بە تەویڵیدا و سەیرێکی جەماوەرەکەی کرد. لەمکاتەدا لە بەردیای من ئەچوو؛ چاوەکانی لە چاوی من ئەچوو؛ نیگای زیاتر حەپەسابوو، بەبێ ئەوەی ڕقیان تیا بێ.

حەزم ئەکرد لە ناو ئاپۆرەکەوە خۆم فڕێ بدەمە دەرەوە و باوەشی پیا بکەم و هاوار بکەم:

ــ کوڕم، کوڕەکەی من...

کچێکی گەنجی هەژدە نۆزدە ساڵە، کە لە لامەوە وەستابوو هاواری کرد: «تاوانکار، تاوانکاران!» بەردیا چووە ناو ئوتۆمۆبیلە ڕەشەکە و لە پشت شووشە ڕەشەکاندا ون بوو. سەیرێکی کچەی تەنیشتم کرد. چاوە ڕەشە گەشەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و گۆنا گووپنەکانی ئەلەرزین؛ نێرگز بوو. ویستم بیگرمە باوەش... بارام بە ئەسپایی قۆڵی گرتم و دای بە گوێمدا:

ــ دایە گیان ئەبێ بڕۆین!

ئوسلۆ ـــ ٢٠٠٥/١٢/١٥